# با لێبوردە بیت...

ئەسیر عەبدوڵڵا نەشمی

وەرگێڕانی هەڵکەوت عەبدوڵڵا



Scanned with CamScanner

| 162 | 11.8k | 5 |
| --- | --- | --- |
| posts | followers | following |

Promote | Edit profile

Ktebi_PDF

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsI...

Hawraman, Slemani, As Sulaymaniyah, Iraq

Ktebi_PDF



Scanned with CamScanner

ناوی کتێب: با لێبوردە بیت
ناوی نووسەر: ئەسیر عەبدوڵڵا نەشمی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا
بابەت: ڕۆمان
هەڵەبڕی و ڕێنووس: شکار بروسک
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٧
چاپخانە: ئەندێشە
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٧٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٧٦٢)ـی ساڵی (٢٠١٧)ـی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

Scanned with CamScanner

پێشکەشە بە:

هەردوو چاوم، عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا،
ئەو عەبدوڵڵایەی خوا منی لەو خوڵقاندووە و
ئەو عەبدوڵڵایەی خوا ئەوی لە من خوڵقاندووە.
خونچەی دڵم، نورە کەعید.
سعودی هاوڕێی هەمیشەییم.

ئەسیر عەبدوڵڵا نەشمی

Scanned with CamScanner

پێشکەشە بە:

خونچەی خۆشەویست و هاوسەرم
هاژیای کچم
هەموو ئەو عاشقانەی دەزانن
حەقیقەت زیاتر لە ڕوویەکی هەیە.

هەڵکەوت عەبدوڵڵا

Scanned with CamScanner

وەک منداڵێکی شـەکەت، ڕووخـاو، نەخـۆش، سسـت و بێدەنـگ لەسـەر کوشـنی ئوتومبیلەکـە لـە تەنیشـتمەوە دانیشـتوویت، یـاری بـە تاڵەکانـی پرچـی لوولـت دەکەیـت.

دەزانـم بیـر لـە چـی دەکەیتـەوە، بیـر لـە مـن دەکەیتـەوە! بیـر لـە ڕادەی نامەردیـم دەکەیتـەوە، بـەدوای هۆکانـی دەستخەڕۆکردنتدا دەگەڕێیـت.

دەسـتخەڕۆم کردیـت، دەزانـم دەسـتەخەڕۆم کردیـت و دڵڕەق بـووم لەگەڵتدا، ئەگەرچی دڵنەرمترین کەسی لەگەڵمدا... نازانـم چـۆن توانیـم ئـەوە بکـەم!

وازت لـە تاڵەکانی پرچـت هێنا، ئـەو ئەڵقەیـەت بـە دەسـتەوە گـرت، کـە بـە زنجیـرە ئاڵتوونییەکـەی ملتـدا هەڵواسـرابوو و وەک ئەسـتێرەیەکی گـەش لەسـەر گەردنـی ناسـکت خەوتبـوو. ئینجـا خەیاڵڕۆیشـتووانە کەوتیتـە یاریپێکردنـی، وەک ئـەوەی لـە شـوێنێکی دوور بیـت، شـوێنێک کـە ڕێگەکەیـم ون کـردووە، دەترسـم پـاش ئەمڕۆ پـەی بـە دەروازەکانـی نەبـەم.

تـۆ لـە نائومێدیـدا نوقـووم بوویـت، منیـش نوقوومـی تاوانـی خـۆم بـووم، بـەڵام خۆشـم دەوێیـت جومانـە، بـا لێبووردە بیـت!

***

جاكلین زۆر چەنەبازە. جاكلین چاپەزی ئەو قاوەخانەیەیە، كە بۆ یەكەمین جار لەویّ یەكتریمان بینی.

كتێبێكم دەربارەی مێژووی دەوڵەتی سعودییە دەخوێندەوە، تا یەكێك لەو وتارە نیشتمانپەروەرییانە بنووسم، كە خۆشی لە نووسینیان نابینم. جاكلین لێی پرسیم چی دەخوێنمەوە، پێم وت خەریكی خوێندنەوەی مێژووی سعودییەم، تا وتارێك بە بۆنەی ڕۆژی نیشتمانیمانەوە بنووسم. دەزانم جاكلین وەك سوارچاكی ڕۆژهەڵاتی تێی دەڕوانیم، كە لە حیكایەتەكانی *هەزار و یەک شەوە*دا دەربارەی خوێندبووەوە، بۆیە هەمیشە زۆربێز بوو لەگەڵم.

خانمە كەنەدییەكان بەو جۆرەن، وەك یەكێك لە دوو نموونە دەڕواننە گەنجە عەرەبەكان: تیرۆریست یان ئەسپسواری ئەفسانەكان. زۆر باش دەزانم، بەلای ئەوانەوە گەنجێكی وەك من، سەر بە نموونەكەی دووەمە.

بە هەزار حاڵ خۆم لە جاكلین دزییەوە، تاقەتی دڵنەواییكردنیم نەبوو. ئەو خانمانە بێتاقەتم دەكەن، كە لە كاتی نەگونجاودا دێن، تا خۆیان بەسەرمدا بسەپێنن.

بەبێزاری كتێبەكەم دەخوێندەوە، بەدوای سەرەداوێك یان سەرەتای بیرۆكەیەكدا دەگەڕام. نازانم چۆن دەربارەی نیشتمانێك بنووسم كە خۆشم ناوێت، سەبارەت بە مێژوویەك بنووسم كە سەرسامم ناكات، ئای هەوڵەكانم چەند بێتاقەتیان كردم!

لەو كاتەدا هاتیتە ژوورەوە، هاتیتە ژوورەوە و وات كرد هەموو كاتەكان گونجاو بن بۆ پێشوازیلێكردنت. وەك



Scanned with CamScanner

ماینێکی سەرکێش، بە هەنگاوی دڵنیا، گەردنێکی بەخشندە، ناوچەوانێکی بەفیز و پرچێکی یاخییەوە خۆت کرد بە ژووردا.

ئەو ڕۆژە، وەک نیشتمانێکی ئازاد، بەهێمنی خۆت کرد بە ژووردا. نیشتمانێک کە هەمیشە خەونم پێوە دیوە، نیشتمانێک کە بەردەوام بە شۆڕش و دڵنیایی و شێتیی خۆی سەرسامی کردووم.

بەنەرمونیانیی پشیلەیەک دانیشتیت، بە نازکردنێکی خۆڕسکەوە قاچێکت خستە سەر قاچەکەی دیکەت، لە کاتێکدا کە جامانەیەکی کچانە جوانپۆشانە دەوری ملی دابوویت.

ئەو پەلاماردانە نەرمونیانەت ئارەزووی بزووواندم! بە ڕادەیەک ئارەزووی بزووواندم، کە لە شڵەژاندا دەست و قاچەکانم تەزوویان پێدا هات.

بە شێوازی خۆم شەرم پێ فرۆشتیت، چەند بۆم کرا شەرم پێ فرۆشتیت، تۆش بە کورتییەکی لەخۆبایی وەڵامت دامەوە، کە دڵ و مێشک و ئەندامەکانی لەشمی ورووژاند.

ئەو ڕۆژە لێم پرسیت، ئاخۆ هاوڕەگەزبازیت. دێتەوە یادم چۆن سەرت بەرز کردەوە و نیگایەکی بڕندەی هاوشێوەی بۆمبایەکی ئاگرینت ئاراستە کردم... ئەگەرچی نیگاکەت بەتین و بەرەنگارخواز بوو، بەڵام حەزجوولێنیش بوو.

جومانە، نازانم چۆن بەو خێراییە سەرتاپات داگیر کردم، لەوە تێناگەم چۆن کاتێک بۆ یەکەمین جار چاوم پێت کەوت، دڵت ڕفاندم.

ئەو ڕۆژە زۆر هەراسانم کردیت، دوای هەر وشە و ڕستەیەک ئارەزووی هەراسانکردنت لام زیاتر دەبوو. تووڕەبوونەکەت بەتام بوو، سوورهەڵگەڕانی گوێچکەکانت

تینوێتیت کردم. لەبەر ئەوانە شەڕمان لەگەڵ یەکتر کرد، لەبەر نامە زۆرەکان و وردەکارییە لەڕادەبەدەرەکانت. ئەو ڕۆژە پێم وتیت ژنێکی زۆربڵێیت، تووڕە بوویت و بڕیارت دا کەڵلەڕەق بیت، بۆ زۆر ڕۆژ و ماوەیەکی درێژ لە نامەکانت بێبەشت کردم.

چاوەڕوان بووم بێزار بیت و دەست بکەیتەوە بە نامەناردن، کەچی وەک خووی هەمیشەت کەڵلەڕەقیت نواند و هیچت بۆ نەناردم.

تۆ بەو جۆرەیت، لەسەر چەندین شت ڕام دەهێنێت، تا کاتی تووڕەبوونت لەوانەم بێبەش بکەیت! وەک منداڵێکی بچکۆلە مامەڵەم لەگەڵ دەکەیت، بە بێبەشکردن لەو شتانە سزای دەدەیت کە حەزی لێیانە، لەو شتانە بێبەشی دەکەیت کە نازانێت چەند بەلایەوە گرنگن و چەند (هەندێک جار) حەزی لێیانە، تا دەربارەی بەهای شتەکان دەرسێکی دابدەیت!

هەر جارێک دەنگی گەیشتنی نامەیەکی تەلەفۆنەکەم بەرز دەبووەوە، زەردەخەنە دەیگرتم، ئاوازی سەرکەوتن لە ناخمدا بێدەنگ دەبوون. کاتێک دەر دەکەوت نامەکە هیی کەسێکی ترە، تۆپهاوێژەکان لە ناخمدا بێدەنگ دەبوون و چاوەڕوانی خۆبەدەستەوەدانت دەبووم.

کەڵلەڕەق بوویت، کاتێک ژنێکی وەک تۆش کەڵلەڕەقی دەنوێنێت، تەنیا بەداوای لێبوردنێکی سەرشۆڕانە و پاڕانەوەیەکی درێژخایان خاو دەبێتەوە، بۆیە هەرگیز لەبەر ئەو شتە داوای لێبوردنم نەدەکرد کە دەرم بڕیبوو.

ئەو ڕۆژە گەڕامەوە بۆ نامە کۆنەکانت، لە دوا چوار نامەتدا نووسیبووت، (ئازیزەکەم، لەگەڵ هەیفا لە قاوەخانەکەم، لە



Scanned with CamScanner

وروووژێنەر بوو. بەکورتی، ئاواتەکەی دڵم بوویت، نەدەکرا پاش دۆزینەوەت، دەستبەردارت بم.
جومانە، کاتێک قاوەخانەکەت جێ هێشت، بڕیارم دا بۆ من بیت، بڕیارم دا هەرگیز ڕێگە نەدەم جگە لە من بۆ کەسێکی تر بیت!

***

دەزانیت نامەکانت چیم بەسەر دێنن! ڕۆژانە دەیان نامەم بۆ دەنێریت، بۆم دەنووسیت چیت خواردووە و خواردووەتەوە، چیت خوێندووەتەوە و خەونت بە چییەوە بینیوە. دەربارەی هەموو ئەوانە بۆم دەنووسیت کە ئەنجامیان دەدەیت، هەموو شتێکم بۆ دەگوێزیتەوە، بە نامەیەک پلانی ڕۆژەکەتم بۆ دەنووسیت، تا ئاگاداری ژیانت بم، وەک ئەوەی بەردەوام لەگەڵتدا بژیم.

زۆر جار نامەکانت بێزارم دەکەن، لە نامەنووسیندا زیادەڕەویت، پیاوێکی وەک منیش حەزی لەوە نییە بەو هەموو وردەکاری و حیکایەتانە گەمارۆ بدرێت.

کاتێک شەرمان دەبێت و لێم زویر دەبیت، کاتێک بە خۆونکردن سزات دەدەم، دەگەڕێمەوە بۆ نامە کۆنەکانت، سەرەنجام دووریت هەلاهەلام دەکات. لەسەر نامەکانت ڕات هێناوم، وەک منداڵێکی بچووکم لێ هاتووە کە بە هۆی تۆوە دەژی، کاتێک لە نامەی دەبڕێتەوە، تووشی وشکهەڵاتن دەبێت.

بۆ زیاتر لە هەفتەیەک بەبێ وردەکارییەکان دووچاری

گەڕانەوە بۆ ماڵەوە دوا ناکەوم.. خۆشم دەوێیت)، (بەڕێوەم بۆ ماڵەوە، خۆزگە لەگەڵم بوویتایە)، (ئازیزەکەم، لە ماڵەوەم، ددانەکانی خۆم شتووە و جلوبەرگی خەوتنم پۆشیوە و چوومەتە ناو پێخەفەکەمەوە، کاتێک گەیشتیتە ماڵەوە بێدارم بکەرەوە، ئەمڕۆ زۆر بیرم کردوویت).

دەمبینی زیاتر لە پێویست ڕۆژەکەت ورد دەکەیتەوە، تا ئەو پەڕی سنوور ڕوونیت، لە هەموو کاتەکاندا ئامادەیت. هەمیشە ئەو هەستەم پێ دەبەخشیت، کە لە چواردەورمیت و لەگەڵمدایت. لەو ڕۆژەوەی تۆم ناسیوە هەستناکەم خاوەنی بڕیارم، ناچارم دەکەیت باسی بژاردەکانی خۆمت بۆ بکەم، تا پێکەوە بڕیار لەسەر هەموو ئەو شتانە بدەین کە پەیوەندییان بە ژیانمەوە هەیە، وەک ئەوەی موڵکی تۆ بن! دەمزانی تێکەڵ بە وردەکارییەکانی خۆتم دەکەیت، تا دەستبخەیتە ناو وردەکارییەکانمەوە... منیش ڕێگەم بەوە نەدەدا جومانە.

کاتێک نامەکانتم خوێندەوە، بیرکردنت هەژاندمی، بیری خۆڕسکی و هەڕەمەکیی نامەکانتم کرد، بیری بۆشاییە زۆرەکانی نێوان وشەکانتم کرد، هەروەها ئەو دوو خاڵەی بە هۆیانەوە کۆتاییت بە نامەکانت دەهێنا، وەک ئەوەی بەو دوو خاڵە، لەبریی ناوی خۆت، واژۆی هەر نامەیەک بکەیت.

بیری ئەو وردەکارییە بێبایەخ و بچووکانە دەکەم، بەڵام وەک خەڵک ناتوانم داوای لێبوردن بکەم، نازانم چۆن ئەوان دەوێرن ئەوە بکەن.

نامەیەکم بۆ ناردیت، تێیدا نووسیم، (تۆ زۆربلێیت، بەڵام پێم ڕانەگەیاندوویت چەند زۆر بلێیەکی باشیت!)

وەڵامت دامەوە:
- پێویستە دڵخۆش بم؟
- درێژی مەکەرەوە، لە کاتێکدا کورتە!
- مەبەستتە بەم شێوازە داوای لێبوردن بکەیت؟
- نەخێر، تەنیا ویستم مەسەلەکانت بۆ ڕوون بکەمەوە.
- کاتێک گەڕامەوە بۆ ماڵێ ڕێک دەکەوین، ئێستا لەگەڵ کچەکانم، پاش نزیکەی کاتژمێرێک لە ماڵەوە دەبم.
پاش دە خولەک بۆت نووسیم،
- شەربەتی پرتەقاڵەکەم بەدڵ نەبوو، لەڕادەبەدەر ترش بوو، ئەمشەو ڕیخۆڵەگەورەم ئازارم دەدات!
بەوە زانیم گەڕاویتەتەوە سەر خووەکانت، بۆیە پێویستی نەکرد ڕێک بکەوین!

***

جومانە، نازانیت چەند سەختە لەگەڵ ژنێک هەڵبکەیت، کە لەڕادەبەدەر مێ بێت، وەک تۆ. ژنێکی بێئەندازە مێی وەک تۆ پیاوەتیم ماندوو دەکات، شەکەتی دەکات و هەستی پەککەوتەییم پێ دەبەخشێت.
نازانم چۆن هەستی پەککەوتەییم پێ دەبەخشیت، بەڵام دەزانم پەرتەوازەکردنم لەلایەن تۆوە هەندێک جار ماندووم دەکات، وەک چۆن زۆر جار شادمانم دەکات.
سووک و لەسەرخۆ هاتیتە ناو حەوشەی زانکۆوە، پانتۆڵێکی کابۆی و کراسێکی ڕەشت پۆشیبوو، پاوانێکی ناسکیش لە پێتدا بوو.



Scanned with CamScanner

لە دوورەوە تێم ڕوانیت، لە ژنێکم ڕوانی کە لە بەردەم مێیەتیی بەهرووژمیدا ناچارم بڵێم: ژنێکی جوان و دڵبەر و بەپیتە! ژنێک کە بە ئیزیس، ئەفرۆدیت، ڤینۆس و عەشتار دەچێت، لە ڕووی هەموو ئەو شتانەی بە هۆیانەوە دەپەرستران.

تۆ نازانیت چەند عاشقی لەدوورەوە چاودێریکردنتم، دەبینم دەم بە زەردەخەنەیت بۆ هەموو ئەوانەی تووشت دەبن، بۆیە ئیرەیی بە ڕووخۆشیت دەبەم، لەسەر لە بەیانیانێکدا، کە زۆر کەس زەردەخەنە نایەتە سەر لێویان. زەردەخەنە لەسەر لێوەکانتە، منیش لەبەر ئەو زەردەخەنەیەی دەیبەخشیت ئیرەیی بە هەموان دەبەم... زەردەخەیەک زۆر باش دەزانم لەوە گرانبەهاترە، کە ڕێبوارەکان شایستەی بن.

ئەو ڕۆژە، وەک هەموو ڕۆژێک، سووک و بەهێمنی هاتیت و زەردەخەنەیەکت بە هەمووان بەخشی، کە ڕۆژەکەی ڕەنگدار و گوڵەکانی موتوربە کرد. بەنەرمونیانی سەرت بۆ هەموو ئەوانە دەلەقاند کە پێیان دەگەیشتیت، بەوەش هەموو شتێکی ڕەق لەناومدا دەتوایەوە و هەستی ئاوریشمی شوێنی دەگرتەوە.

لە سووچێکی دوور دانیشتبووم، هەستت بە بوونم نەدەکرد. لەگەڵ هەیفا و کۆمەڵێک دەستەخوشکتدا دانیشتبوویت، قوتوویەکی بچووک شەربەتت بەدەستەوە بوو.

هەمیشە کاتی دانیشتن قاچت دەلەرزێنیت، لەسەرخۆ دەیلەرزێنیت، لەگەڵیدا دڵم دەکەوێتە لەرزین و دەکەومە



Scanned with CamScanner

لەرینەوە، هەست دەکەم ڕۆحم لەگەڵ دەنگی دووری پاوەنەکەت، کە بەڕاستی گوێم لێی نەبوو، سەما دەکات.

لە هەردوو ئێسکی دەرپەڕیوی گەردنت ورد دەبوومەوە، پێم وا بوو گشت پیاوانی دنیا چاویان تێ بڕیوە، بۆیە ئاگری ئیرەیی دادەگیرسا و کڵپەی دەسەند.

تەلەفۆنەکەم دەر هێنا و نامەیەکم بۆ ناردیت، تێیدا نووسیم، (جوانکیلە، ماچم بکە!)

بینیم نامەکەم دەخوێنیتەوە، نیمچەزەردەخەیەک کەوتە سەر لێوەکانت، دەموچاوت سوور هەڵگەڕا، بە تەحەدداوە برۆیەکت بەرز کردەوە و نووسیت،

- بێئابڕوویت!

- بە برای خۆتم دابنێ.

دێتەوە یادم چۆن پێکەنیت، دەستت خستە سەر دەمت و پێکەنیت، نازانم بۆچی کریستاڵ دەشاریتەوە و دنیا لە پێکەنینەکەت بێبەش دەکەیت.

تاڵەکانی پرچی درێژی قاوەیت گرت بە دەستتەوە، هەمیشە کاتی ئاخاوتن یاری بە تاڵەکانی پرچت دەکەیت، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت، بە پەنجەکانت تاڵەکان لوول دەکەیت، سەری منیش لەگەڵ لوولکردنی هەر تاڵێکی قژت سووڕ دەخوات، وەک ئەوەی بە گەردووندا بمسووڕێنیتەوە و لە تەوژمی لوولبوونەکاندا هەرەس بێنم.

جومانە، دەزانیت لە ژیانی خۆمدا زۆر ژنم ناسیوە، بەڵام دواجار هەرکامێک لەوانە بەلای منەوە تەنیا نیوە ژنێک بوو، کەچی تۆ لە هەموو بارەکانتدا ژنێکیت گەیشتوویتەتە دواقۆناغەکانی پێگەیین، بەڵام هەرگیز سنوورەکانی پێگەیینت

جێ نەهێشتووە... تۆ ژنێکیت لە هەموو بارێکدا دڵبەرە.

پەیوەندیم پێوە کردیت: ئەی پاوەنم لێ قەدەغە نەکردیت؟ بەسەرسوڕمانەوە لێت پرسیم، چۆن زانیت پاوەنم لەپێدایە؟

- چۆلەکەیەک پێی وتم! ئەی ڕۆژێک پێم نەوتیت کاتی سەرپێچیکردنت هەستت پێ دەکەم؟

بەدەم چاوگێڕانەوە بە دەوروبەری خۆتدا پێدەکەنیت: دایکم وەبیر دێنیتەوە!

- چی دەربارەی دایکت؟

لە شوێنی خۆت هەستایتە سەرپێ و بەدوامدا گەڕایت: لە منداڵیمدا لەخشتەی بردم، بڕوای پێ هێنام کە دایک هەست بە کچەکەی دەکات، کاتێک سەرپێچی دەکات.

- بڕوات پێ کرد؟

- بێگومان!

- بۆچی هەمیشە باوەڕ بە دایکت دەکەیت، کەچی باوەڕ بە من ناکەیت؟

- هاندەری دایکم دایکایەتییە، ئەی هاندەری تۆ چییە؟

بە گاڵتەپێکردنەوە وتم، باوکایەتی!

پشتم تێ کردیت، لە ترسی ئەوەی بمبینیت بەخێرایی چوومە دەرەوە. دەزانم تا ئێستا نازانیت چۆن زانیم پاوەنێکی دەشتەکیت لەپێدایە، کە جگە لە تۆ هیچ کچێکی دیکە لە پێیدا نییە.

جومانە، خۆزگە دەزانیت چەند حەزم لەو ئاوێتەبوونەی تۆیە! چەند حەزم لە تێکەڵبوونی دەشتەکیبوون و ژیارە، کە جگە لە تۆ ژنێکی دیکە نمایندەی ناکات.



Scanned with CamScanner

تۆ گشت دژبەیەکەکان، سەرباری جێگیربوونیان، گشت جێگیرەکان و جیاوازییان، پێکەوە کۆ دەکەیتەوە. تۆی جوانی جێگیر و بە کەشخەیی ناکۆک، ئەو ژنەیت کە وەک خۆرێکی بێئابڕوو بە تیشکی خۆی دەمسووتێنیت، وەک مانگێکی سۆفیی خواپەرست شەوەکانم ڕووناک دەکاتەوە.

تۆ کە هیچ ژنێکی تر لێی ناچێت، ئەگەرچی نمایندەی گشت ژنەکانە. تۆی ئاسان و سەخت، نزیک و دوور، کە لێی دەترسم و حەزی لێ دەکەم.

تۆ کە بەزۆر خۆت خزاندە ناو ژیانمەوە، ژیانت ژێراوژوور کردم، ئەولەوییاتەکانت گۆڕیم، بە پەتێکی باریکدا هەڵتواسیم کە دەلەرێتەوە و دەشێت لە هەر کات و ساتێکدا بپچڕێت.

تۆ لەوە بەهێزتریت کە لافی پێوە لێ دەدەیت، لەوە پتەوتریت کە دەیخەیتە ڕوو. سەرباری وردی و نەرمونیانی و بە ئاسانی بریندارکردنت، کچێکی بەفیز و بەهێزی خاوەنرەگی قووڵ و دێرینیت، کچێکی ڕەسەنیت، کاتی سوکایەتیپێکردنی دەنەڕێنێت، کاتی لەقاڵبدان و پەراوێزخستنی خۆی بەزل دەزانێت.

تۆ باش دەزانیت، وەک منیش بەتەواوەتی دەزانم، من پیاوێکی نموونەیی نیم، دوورترین پیاوم لە نموونەییبوونەوە، بەڵام خراپترینیان نیم، تەنانەت ئەگەر سووریش بیت لەسەر ئەوەی بەو جۆرەم.

دەزانم وەک دڕندەیەکی چڵێس تێم دەڕوانیت، کە ڕاوی ژنان دەکات و دواتر بەبێ هیچ هەستکردنێک بە تاوان فڕێیان دەدات. بەو جۆرە نیم جومانە، تەنیا پیاوێکم، پیاوێک

بە هەموو چاکە و خراپەکانیەوە، پیاوێک کە خەوشییەکان سەرتاپایان داپۆشیوە، وەک چۆن خاوەنی زۆر لایەنی باشە کە نازانم بۆ تا ئێستا بەدیت نەکردوون، نە بە چاوەکانت و نە بە زرنگیت.

ئەوەی لێی تێناگەیت جومانە، من پیاوێکم لە بەدواداگەڕاندا نوقووم بووم. تۆ پێت وایە ئەوە پاساوە، بەڵام ئەوە ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆژێک درکت پێ نەکردووە.

زۆر جار چەندین پرسیارم هەبووە، گەلێک جار ژیانی دوودڵی و ترس و دۆشدامانم بەسەر بردووە، بۆچی لەسەر بەدواداگەڕانەکانم سەرزەنشتم دەکەیت! بۆچی بێهوودە و بێسوود خۆت لەم بارە هەڵدەقورتێنیت!

جارێکیان پێم وتیت، تۆ تاقە هەقیقەتیت کە دەرکی پێ دەکەم و خۆشم دەوێت، وا مەکە ئەو حەقیقەتە لە ڕێگەی گومانکردنەوە پەرتەوازە بێت، کەچی سوور بوویت لەسەر گومانکردن! تۆ بە سووربوونت لەسەر گومانکردنم بەوەی پێی گەیشتووم و حەزی لێ دەکەم، لەو حەقیقەتەت دوور خستمەوە.

پێویستم بەوە بوو وام لێ بکەیت زیاتر باوەڕم بەو حەقیقەتە هەبێت و دڵنیابوونەکەم جێگیرتر بێت، کەچی ئەوەت نەکرد، بۆیە سەرزەنشتم مەکە لەسەر ئەوەی بەدوای ماهییەتەکەیدا بگەڕێم، چونکە تۆ وات لێ کردووم گومان بەو ماهییەتە بکەم.

لەوە تێناگەم، چۆن ژنان ئەوە دەکەن! بۆچی لە حەقیقەتمان دوور دەخەنەوە، دواتریش لەسەر گومانپێکردنی سەرزنشتمان دەکەن!



Scanned with CamScanner

نەدەبووایە تۆی هەڵاوێرد، جیاواز، دەگمەن و بێوێنە ئەوە بکەیت، بەتایبەتی شیاو نەبوو تۆ ئەوە بکەیت. بۆچی پێش ئەوەی گومانم پێ بکەیت، گومان بە ناوازەبوونی خۆت و کاریگەریت لەسەرم دەکەیت؟

جومانە، کاتێک تۆم ناسی، متمانەبەخۆکردووترین کچ بوویت، ژنێک بوویت لە ڕووی بڕوابەخۆبوونەوە هیچ ژنێک شانی لە شانی نەدەدا، کەواتە بۆچی بڕوا بەخۆبوونت لەق بووە؟ بۆچی ئەو دڵنیاییەت لەدەست داوە؟

تکایە بانگەشەی ئەوە مەکە، کە من هەموو ئەوانەم بەسەر تۆ هێناوە. تۆ کچێکیت پیاو دەرەقەتی نایەت، کچێکیت هیچ مرۆڤێک ناتوانێت بەبێ ویستی خۆی شتێکی لێ زەوت بکات. بۆیە بانگەشەی ئەوە مەکە کە بڕوابەخۆبوونم لێ زەوت کردوویت، تۆ ئەوەت کردووە جومانە، بڕوام پێ بکە تۆ ئەو کارەت کردووە.

***

شەوێکی زۆر دڵڕەقانە بوو!

یەکێک بوو لە شەوەکانی مەیخواردنەوە لە ماڵی محەمەدی هاوڕێم، زیادیشمان لەگەڵدا بوو، کە لەبەر هەندێک هۆکاری "فەلسەفی و ئایینی" مەی ناخواتەوە... ئەو شەوە هەریەکێکمان بە هۆی برینەکانی ژیان و غەریبایەتییەوە زامدار بوو، ئەو برینانەی لە زۆر بار و دیمەندا هاوشێوە و جیاواز بوون. ئەو شەوە قسەی زۆرمان نەکرد، هەریەکێکمان لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، بەبێدەنگییەک لە دڵشکاویی خۆیدا



Scanned with CamScanner

نوقووم بوو، کە شایستەی سەرخۆشەکان و فەیلەسووفێکی وەک زیاد نەبوو، ئەو مرۆڤەی نوێژی بێدەنگیی دەکرد!

لەوێ، جگە لە دەنگی تەلال مەداح و ئەو ئاخ و ئۆفکردنەی کۆی کردبووینەوە، شتێکی تر نەبوو. ئەوساکە تەلال مەداح بە گۆرانی دەگریا، وەک ئەوەی بەشداریی کۆستکەوتنەکەمان بکات.

بەڵێنت پێ نادەم کێ هەلومەرجی ڕۆژگار مسۆگەر دەکات
بڕوا بەو کەسە مەکە کە پێی وتوویت دنیا دڵنیایە
کاتی دیاریکراومان بدەرە دەست ڕۆژگار
بە کات و شوێن بەگیرم مەهێنە
بەڵێنت پێ نادەم!
بەئەندازەی زۆریی شەو و ساڵەکان بیرت دەکەم
تۆ سۆزی تەمەنیت، هیچ کەسێکی تر سۆز نییە.

کاتێکم زانی زیاد بە هەردوو دەستی بەتوندی ڕام دەوەشێنێت، محەمەدیش بەنیگەرانییەوە سەیرم دەکات!

بەتوندی هەنسکم دەدا، نەدەگریام، ئەوەی ئەو شەوە ڕووی دا گریان نەبوو، بەڵکو هەنسکدان بوو... هەستم دەکرد ڕۆحم هەڵچووە و تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی لە جەستەی ماندووم بێتە دەرەوە.

نازانم ئەو شەوە چیم بەسەر هات، بەلام دەزانم بەشێک لە خەفەتە کەڵەکەبووەکانی ناو ناخم بەتاڵ کردەوە. هەستم دەکرد تەلال مەداح سەرزەنشتم دەکات! لەسەر ئەو بەڵێنانە



Scanned with CamScanner

سەرزەنشتم دەکات، کە داومن و نازانم ئاخۆ ڕۆژێک دەیانهێنمە دی.

ئەوساکە نەمدەتوانی وەڵامت بدەمەوە، وەڵامی تۆیەک بدەمەوە کە بە درێژاییی شەوەکە بەردەوام بە تەلەفۆنەکانت مۆبایلەکەمت وردوخاش کرد. نەمدەتوانی قسە بکەم، بۆیە تا کاتی خۆرهەڵهاتن لە ماڵی محەمەد لەسەر گریان بەردەوام بووم.

زیاد بە شەکەتی و نیمچەمردوویی منی لە ماڵی محەمەدەوە بردەوە بۆ ماڵەوە.

لاشەیەکی قورس و بارکراو بووم، نەمدەتوانی ڕێ بکەم، ئەوە ئاسەواری بێئومێدی بوو. بڕوام پێ بکە جومانە، بەو ئەندازەیە سەرخۆش نەبووم، بەڵکو ماندوو بووم، وەک بۆی دەچوویت لە سەرخۆشیدا نوقووم نەبووم!

کاتێک هاتمە ماڵەوە، چاوم پێت کەوت... لەگەڵ باتی و ڕۆبێرت، بە ڕوویەکی زەردهەڵگەڕاوەوە، دانیشتبوویت.

دێتەوە یادم بۆب شتێکی پێ وتم، بەڵام هیچی لێ تێنەگەیشتم. ڕۆیشتم تا گەیشتمە لای تۆ، لە بەرپێتدا کەوتمە سەر ئەژنۆکانم و سەرم خستە ناو کۆشت، پێم وتیت دەمەوێت بخەوم!

دێتەوە بیرم، بە دەنگێکی گوماناوی لێت پرسیم، لەکوێ بوویت؟

بەدەم گریانەوە قیژاندم بەسەرتدا: خۆشم دەوێیت، تکایە!

بەرزت کردمەوە و بردمت بۆ ناو پێخەفەکەم. تا خەوم لێکەوت، لەتەنیشتم بوویت و بەدڵنەرمی دەستەکانت گرتبووم. لەوە تێناگەم، چۆن ئەو دڵنەرمییەت بەسەرمدا باراند!



Scanned with CamScanner

جومانـە، [تەنیا شـتێکم کـەم بـوو، ئەویـش جەسـتە بچکۆلەکـەت بخزێنیتـە نـاو پێخەفەکەمـەوە. بـڕوام پـێ بکـە دەسـتم بۆ نەدەبردیت، سوێند دەخـۆم هیچم نەدەکرد، تەنیا پێویسـتم بـەوە بـوو بمگریتـە باوەش و لـە خەفـەت و تـرس و خۆمـم بپارێزیـت.]

کەچی ئـەوەت نەکرد، منیش نەموێرا داوای شـتێکی وەهات لێ بکـەم. تا نوقوومبوونم لە خـەودا بـەردەوام بوویت لەسـەر دەسـتگرتنم. بۆیـە ئـەو شـەوە خەوتنێـک خەوتـم، کـە هیـچ شـەوێکی تـر بـەو جۆرە نەخەوتبـووم!

***

ڕۆژێـک پێـت وتـم، خەونـەکان کتوپـڕ دەسـت پـێ دەکـەن! لـە چاوترووکانێکـدا دەخولقێـن، لـە سـاتەوەختێکدا لەدایـک دەبـن، کـە چاوەڕوانـی لەدایکبوونـی هیـچ شـتێک نیـن.

وتـت پڕیت لـە خەونـەکان، منیش جوانترینـی خەونەکانتم، منیـش هـەر جارێـک لـە بەردەمتـدا دادەنیشـم لـە سـەرتاپاتدا بـەدوای خۆمـدا دەگەڕێـم، تـۆش بـەو وزە گەرموگـوڕە سەرسـامم دەکەیـت کـە پەخشـی دەکەیتـەوە و ژیانـی پـێ دەوڵەمەنـد دەکەیـت.

جومانـە، تـۆ ڕەونـەق دەبەخشـیتە ژیـان، گوڵـەکان لەپێنـاو تۆدا دەکرێنـەوە، خـۆر لە شـارێکدا لەبـەر تـۆ هەڵدێت، کـە تەنیا لەبـەر ژنێکـی خەونبینـی وەک تـۆ هەڵدێـت.

[جومانـە، زۆر سەرسـامم بـەو خەونانـەت کـە دەسـتیان بـە ئەسـتێرەکاندا ڕادەگات، ئـەو خەونانـەی بـە ترسـەوە لـە

بەردەمیاندا ڕادەوەستم، نەوەکا شوێنێکیان بۆ من تێدا نەبێت.

لەوە تێناگەیت بۆچی ئەوە دەکەم، وا دەزانیت خەونەکانت سەرکووت دەکەم!

لەو بڕوایەدایت هەوڵ دەدەم تەنیا بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن لەقاڵبیان بدەم، لەوە تێناگەیت ئەوە دەکەم، تا تاقە خەون و تاقە ئاوات بم، تا جگە لە من هیچ ئاواتێکی ترت نەبێت.

جومانە، دەترسم، دەترسم سەرنجڕاکێشیی خەونەکان لەدەست بدەم، تۆش لەبەر خەونێکی سەرنجڕاکێشی تر جێم بهێڵیت. ئای خەونەکان چەند زۆرن!

ژنان لەوە تێناگەن، ژنی خاوەن مێیەتیی لەڕادەبەدەر بارگرانییە بەسەر پیاوەوە.

ئەم جۆرەی ژنان بەردەوام هەستی ترس دەبەخشێتە پیاو، هەمیشە نیگەرانی دەکات، لە باری چاودێرکردنی بەردەوامدا دەیهێڵێتەوە، وای لێ دەکات هەمیشە لە باری پێشبینیکردنی بەردەوامی خراپدا بێت.

جومانە، ئاواتەخواز بووم مێینەبوونت کەمێک سووکتر بووایە، هیوادار بووم کاریگەریت لەسەر من و ناخم کەمتر بێت.

لەبەر بەرهەڵستیکردنت سەرزەنشتم مەکە، گلەیی لە هەڵچوونەکانم مەکە. بڕوام پێ بکە، بەرهەڵستییەکانم تەنیا هەوڵی بێهوودەن بۆ ڕزگاربوون لێت، هەوڵدانن بۆ ڕێگەگرتن لەوەی بێیتە ناومەوە، سنووردانن بۆ چوونە ناو ناخمەوە.

پێتدا هەڵدەشاخێم، چونکە ڕقم لەوەیە ملکەچی ئەو



Scanned with CamScanner

خۆشەویستییە بم. دژی خۆشەویستییەکەت ڕادەپەڕم، چونکە دەترسم زیاتر لەوەی ئێستا گیرۆدەت بم.

کەچی تێکۆشان و بەرهەڵستی و ڕابوون نەیانتوانی سنوور بۆ گیرۆدەبوونم دابنێن، ڕێگەیان لەوە نەگرت زیاتر نوقمت بم، منێک کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و ساتەوەخت دوای ساتەوەخت تێتدا نوقووم بووم.

لەو کاتەوەی تۆم ناسیوە زۆر بیر دەکەمەوە، لەو ساتەوەی خۆشم ویستوویت ئەقڵم بەدەست کارکردنەوە شەکەت بووە!

بیرۆکەکان لەناو مێشکمدا لە بەربەرەکانێدان، بەڕادەیەک چوون بەناو یەکدا، کە شەکەت و هەناسەسوارم دەکەن، دوور فڕێم دەدەن، بێ ئەوەی وەڵام، یان سەرەنجامم دەست بکەوێت.

دێتەوە یادم ڕۆژێک پێت وتم، پیاوێکی شیکردنەوەخوازم، بە ڕادەیەک هەڵوێست و هەست و ئارەزووەکان شی دەکەمەوە، کە سەختە چێژ لە هیچ شتێک وەر بگرم.

وتت شیکردنەوەی زیادەڕۆیانە بەهای شتەکان لەناو دەبات، نازانم لەبەر چی ئەم بۆچوونەت هەبوو! تۆیەک لەبەر کتێبێکی مێژوویی حەزت لێ کردم، کە ڕۆژی یەکتربینینی بەڕێکەوت لە قاوەخانەیەکی بچووک بە دەستمەوە بوو! تۆیەک، ئەگەر بەدواداگەڕان، نووسین، شیکردنەوە و خوێندنەوە نەبووایە، ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆشت نەدەویستم.

جومانە، تۆ نازانیت لە ساتی ناسینتەوە چەند پشت بەو مەسەلانە دەبەستم، چەند زیاتر تینوویان بووم، چەند زیاتر چاوبرسیم بۆ هەرشتێک بتهەژێنێت.



Scanned with CamScanner

دەزانیت! جارێک لێت پرسیم بۆچی دەنووسیت؟

پێم وایە ئەو شەوە درۆم لەگەڵ کردیت، پێم وتیت بۆ هاوسەنگبوون دەنووسم، هەندێک لەوانە هەڵدەبرێژم کە هەستیان پێ دەکەم. ئەوساکە پێم نەوتیت، بۆ ئەوە دەنووسم تا لە ڕوانگەی تۆوە سەرنجڕاکێش و دڵبەر بم، پێم نەوتیت تا ئێستا ئەوە دەکەم تا سەرسامت بکەم، چونکە تۆ کچێکیت پیاوێک سەرسامی ناکات کە نەنووسێت!

لەوە تێناگەم، بۆچی بەو شێوەیە داواکارخوازیت! بۆچی وەک کچانی دی خەون بە گەنجێکی قۆز، دەوڵەمەند، خوێندەوار و سەر بە بنەماڵەیەکی وەجاخزادە و خانەدانی شانازییپێوەکراوەوە نابینیت، بۆچی داوای شتێک دەکەیت، کە سەختە هیچ کەسێک بۆتی دەستەبەر بکات!

تۆ تێناگەیت، بڕوام پێ بکە تێناگەیت! لەوە تێناگەیت، چەند سەختە پیاوێک بتپارێزێت بۆ خۆی، لەوە تێناگەیت چەند تاقەتپڕووکێنە یەکێک بەردەوام سەرسامت بکات.

زۆر ماندوو بووم جومانە، هەوڵدانە بەردەوامەکان بۆ ماوەی چوار ساڵ هیلاکیان کردووم، توانای ئەوەم نییە بەردەوام سەرنجت ڕابکێشم، دواجار من تەنیا پیاوێکی ئاساییی خاوەن چەند توانایەکی سروشتیم.

پیاوێک لەپێناو ڕازیکردنتدا کۆششی زۆر دەکات بۆ ئەوەی ئەفسانەیی بێت، بەڵام دەرەقەتی ئەوە نایەت، چونکە بەداخەوە وەک کەسێکی سەرووسروشتی نەخوڵقاوە.

خۆزگە دەتزانی چەند هەوڵەکانم بۆ سەلماندنی بێوێنەیی لە بەردەمتدا خەمبارم دەکەن! چەند ترسی لەدەستدانت خەمبارم دەکات، چەند ماندووبوونم ئەنجامی هەوڵەکانم بۆ

گەیشتن بە تۆ خەمبارم دەکات.

دەزانیت جیاوازیی نێوان خەمباریی من و خەمباریی تۆ چییە جومانە؟

خەمباریی تۆ خۆشگوزەرانانە و نازهەڵگرانەیە، لە بەردەم یەکەمین نیشانەکانی ڕەتکردنەوەدا هەرەس دێنیت، لووتبەرزیت دژی جەستەت ڕادەبێت، دووچاری خەمۆکییەک دەبیت، کە سەختە هیچ کەسێک بتوانێت ڕزگارت بکات لەدەستی.

لە کاتێکدا خەمباریی من حیکایەتێکی درێژە، حیکایەتێکە جگە لە خۆم کەسێکی تر پێی ئاشنا نییە و ڕۆژێک لە ڕۆژان هیچ کەسێک لێی تێناگات. من پیاوێکم کاتی خەمباری هەرەس ناهێنێت، پیاوێک توندوتۆڵتر دەبێت، لەگەڵ هەر پەتایەکی خەمباریدا دڵڕەقتر دەبێت، دڕتر و ڕقهەڵساوتر دەبێت، تۆش دەزانیت چارەنووسی هەر دارێکی وشک شکاندنە.

جومانە، خۆزگە فێری ئەوەت دەکردم، چۆن نەرمی و نەرمونیانیی خۆم بپارێزم، پێویستم بەوەیە وەک تۆ بم، کە وەک لقێکی ناسک و زیندوو و چاپووک زۆر سەوزیت.

خۆزگە فێرت دەکردم، چۆن وەک تۆ لە ناخەوە پێبکەنم، چۆن کاتی خەمباری هەرەس دێنم، چۆن کاتی پێویست بگریم، چۆن کاتی بیرکردن و ساتەوەختی ترسان و تامەزرۆبوون گوزارشت بکەم.

جومانە، دەزانیت زۆر پێویستم بەوەیە بگریم، ئێستا گەورەترین پێداویستیی ژیانم گریانە.

لەوانەیە درک بەوە نەکەیت، چەند ئازاربەخشە سواڵی گریان بکەیت و نەتوانیت بگریت، وێنای ئەوە بکە، کە چیی



Scanned with CamScanner

تر توانای گریانم نەماوە!

دەزانم باوەڕم پێ ناکەیت، ئەگەر پێت بڵێم ئامادەم هەموو شتێک ببەخشم لەپێناو بەدەستهێنانەوەی توانای گریاندا.

جومانە، وشکی ماندووی کردووم، وشکی شەکەتی کردووم، ژنێکی کامڵی وەک تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان لەوە تێناگات ژیانی پیاو بە درێژاییی تەمەنی لە دۆخی وشکیدا مانای چییە!

ئەمڕۆ نائومێدم، زۆر نائومێدم!

ئەو قوتووەی سەر مێزەکەی تەنیشتم چاوی تێ بڕیوم، ناوبەناوێک ئاوڕی لێ دەدەمەوە و ئارەزوویەکی بەهرووژم داوام لێ دەکات، لە ڕێگەی دەستەیەک دەرمانەوە، کۆتایی بە ژیانم بهێنم.

ڕۆژێک پێت وتم، ئەگەر دەستت پێوە بگرم لەدەستت نادەم، بەڵام زۆرباش دەزانم، ئەگەر خوا دەستبەردارم بوو، بەدەستت ناهێنم. هەرچەندە دەستت پێوە بگرم، ئەگەر خوا دەستبەردارمان بوو، ئەوا ڕۆژێک لە ڕۆژان بەدەستت ناهێنم. بۆچی بڕوا بەمە ناهێنیت؟

ئەی تۆ ئیماندار نیت، متمانەت بە خوا نییە، بە لەچارەنووسەکانیشی قاییل نیت؟

کەواتە بۆچی سووریت لەسەر بەرهەڵستیکردنی لەچارەنووسەکانی؟ بۆچی سووریت لەسەر ئەوەی خۆت بخەیتە ناو ئەو ژاوەژاوە خواوەندییە بەتینەوە؟

بڕوام پێ بکە، لەچارەنووسراوەکان دەتهاڕن، ژیان وەک هەویر دەتشێلێت، ڕۆژێک دێت بزانیت زۆر جار لەسەر هەق بووم.

دەزانم لە ڕوانگەی تۆوە "ناوبەناو" پیاوێکی زۆردارم و پێت وایە چێژ لە ئازاردانت وەر دەگرم. تۆ نازانیت چەند دڵم لاتە و چەند دەترسم بە هۆی منەوە، یان بێ من، تووشی بەڵایەک بێت.

هەرجارێک لێت دوور کەوتبمەوە، شتێک لە ناخمدا لە خوا پاڕاوەتەوە، بەپەرۆشەوە داوای لێ کردووە، بەتوندی تکای لێ کردووە، خۆی هەڵقورتێنێت و ڕێگە لەوە بگرێت لێت دوور بکەومەوە.

هەرجارێک "کۆششم کردبێت" بۆ لێکجیابوونەوە، لە خوا پاڕاومەتەوە ڕێگەم لێ بگرێت، تا نەتوانم ئەوە جێبەجێ بکەم، کە کۆششی بۆ دەکەم.

جارێکیان بەدەم پێکەنینەوە پێت وتم، ئەو تەمەنەی خەریکە بەفیڕۆ دەچێت لەگەڵ ئەو ناو و ناوبانگەی خەریکە لەکەدار دەبێت، قوربانی تۆ بێت... ئەو تەمەن و ناو و ناوبانگەی کە سەرمایەن!

ئەو ڕۆژە بەگاڵتەپێکردنەوە ئەوەت وت، بەڵام زۆر ئازاری دام جومانە، چونکە ئەوساکە زانیم بەئازارترین ئازارەکانمان ئەوانەن کە گاڵتەیان پێ دەکەین، ئەو ڕۆژە گاڵتەبەخۆکردنەکەت بەسوێ بوو، تەنانەت هەستم کرد خەریکە بە هۆی ئەو سوێ دووقاتەوە ژەهراوی دەبم!

دەزانیت!

هێشتا نازانم چۆن کچێکم خۆش دەوێت لە هەموو شتێکدا لەگەڵم جیاوازە و تەنیا یەک شت پێکەوە کۆمان دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە دوو خوێنەرین و چێژیش لە



Scanned with CamScanner

نووسین وەر دەگرین!

ئەمرۆ هەست دەکەم هیراکلیس لە ژیانێکی ترەوە نائومێدانە چاودێریمان دەکات، تا ئەوەم بۆ دووپات بکاتەوە کە ناکرێت شتێک، بەبێ وێناکردنی دژەکەی، وێنا بکرێت. بەلای منەوە، کە ڕۆژێک باوەڕم بەوە نەبووە، ئەوەی وێنا نەدەکرا، بوونی کچێکی وەک تۆ بێت لە ژیاندا.

ئەمرۆ دانی پێدا دەنێم کە تۆ دژە سپییەکەمی، تۆ تا پلەی بریقەداری بێگەردیت، تۆ سپییەکی ڕووناک، ڕووناکیبەخش، گەشاوە و گڕگرتوویت.

ئەمرۆ دانی پێدا دەنێم کە سپێتییەکەت برندەیە، پاکییەکەت خاوە، منیش زۆر ڕەشم، ناخم تاریکە و دلم ڕەشە.

ئەگەرچی شەو و ڕۆژ بەدوای یەکتریدا دێن، بەلام ئێمە هاوکات هەردووکیان بەسەر نابەین، نازانم چۆن لەگەلتدا دەژیم و لەگەلمدا دەژیت، لە کاتێکدا تۆ سپیت و منیش ڕەش، تۆ ڕووناکیت و منیش تاریک.

من لێوانلێوم لە هەموو شتێک: ترس، دلپیسی، خۆشەویستی، تامەزرۆبوون و ئەو لاوازییەی وام لێ دەکات توندوتیژ و دلڕەق و وشک بم لەگەلت.

جومانە، نازانم بۆچی هەموو شتێک ئاسان دەکەیت، بۆچی پێت وایە خۆشەویستی بەو ئاسانییەیە، بۆچی پێت وایە هیچ شتێک پەیوەندییەکەمانی شپرزە نەکردووە.

تۆ نازانیت زیاد چەند خەونی پێوە دیویت! ئەویش نازانێت کە ئەوە دەزانم!

ڕەنگ هەڵبزرکانی لە دووەمین دیدارماندا، لەو قاوەخانەیەی بۆ یەکەمین جار یەکمان بینی، ئەوەی بۆ پشتڕاست کردمەوە، کە ئەو کچە هاوڕێ سعودییەی بۆ ماوەی چەندین مانگ دەربارەی قسەی بۆ دەکردم تۆ بوویت!

کاتێک لەسەرخۆ و بەهێمنی لەگەڵ هەیفا خۆت کرد بە ژووردا، لە کاردانەوەی زیاد و شڵەژانی کتوپڕی، بەجێهێشتنی قاوەخانەکە پاش چەند خولەکێک و ڕاگرتنی باسکردنی کچەکە زانیم ئەو کچەی مەبەستی بوو تۆ بوویت، تۆ کە لە یەکەم نیگاوە کەوتبوومە داوتەوە، بەڵام ڕازی نەدەبووم زیاد لێمت بەرێت، تەنانەت ئەگەر پێش منیش خەونی پێوە دیبێت!

هەموو شتێکی ئەو دیدارە شپرزەکار بوو، هاتنی هەیفا لەگەڵ تۆ، دڵشکاویی زیاد و لەناوچوونی هیوای گەیشتن بە تۆ، سەرەتای هەستەکانت، کۆتاییی هەستەکانی هەیفا بەرامبەرم، ڕاڕاییی هەستە پێکناکۆکەکانم بەرامبەرتان و ئاشنانەبوون بەوەی چۆن لەچارەنووسراوەکان لەگەڵ ئێوە کۆی کردوومەتەوە!

کاتێک ئەو ڕۆژە تۆم لەگەڵ هەیفا بینی، لەو ساتەوەختەدا زۆر بیرم لەوە کردەوە "چ لەچارەنووسینێک تۆی کردووەتە هاوڕێی هەیفا!"

لە ناخمدا نەفرەتیم لە بەختی خۆم کرد، زۆر نەفرەتیم لێ کرد! چی وای لێ کردیت لە شارەکەدا هەزاران کچەخوێندکاری کەنداو وەلاوە بنێیت و تەنیا هەیفا هەڵبژێریت، بەڵکو "بەرێکەوت" لەگەڵ خۆت بیهێنیت بۆ دووەمین دیدارمان!

ئەو هەیفایەی چاوی بە هیچ شتێکدا هەڵنایەت و هەمیشە کاتێک ڕەخنەی لێ دەگرم بەرگریی لێ دەکەیت: هەیفا! خوا

بناسە، گوناهت دەگات.

پێت دەڵێم تۆ هیچ شتێک نازانیت، لەسەر سووربوونت بەردەوام دەبیت و هۆشداریم دەدەیتێ: خوا بناسە!

لە بەردەم هۆشدارییە ساویلکەکەت و سوێندخواردنە سادەکەتدا دەستەوسانم، ناتوانم قسەکانم بەو بەڵگانە پشتڕاست بکەمەوە، کە لە بەردەستدان و وام لێ دەکەن پێم خۆش نەبێت پەیوەندییەکەتان بەردەوام بێت.

دەزانم هەیفا ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەیە کە لە منت دادەبڕن، هەیفاش هەمان ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەیە دەیسەلمێنن بەو جۆرە نییە کە بانگەشەی بۆ دەکات، ئەو بەڵگانەی من و خۆیشی تاوانبار دەکات و وات لێ دەکات هەردووکمانت لەدەست بچێت، ئێمەش تۆ لەدەست بدەین! لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم هەیفا ڕۆژێک ناوێرێت ڕاستییەکان بدرکێنێت، چونکە ئەگەر ڕاستییەکان من بشێوێنن، ئەوا ئەو ڕووت دەکەنەوە، هیچ شتێکیش هێندەی ڕووتبوونەوەی حەقیقەت هەیفا ناترسێنێت!

جارێکیان لێم پرسیت، بۆچی سوێند دەخۆیت ئەو کەسێکی باشە؟

- چونکە کەسێکی باشە!

- لێت ناپرسم ئاخۆ کەسێکی باشە، بەڵکو دەپرسم بۆچی بەردەوام سوێند دەخۆیت؟

بەسادەیی وتت، ئەوەی سوێند بە خوا بخوات، بێگومان حەقیقەت دەڵێت.

دەربارەی ئەوە مشتومڕم لەگەڵ نەکردیت، بەدەم زەردەخەنەوە بیرم کردەوە چەند سادە و ڕاستگۆ و

ڕاستەقینەیت!

ئەو پاکییەتە، کاتی دەستگرتن بە سووچی هەر حەقیقەتێکەوە، فەلاقەم دەکات، پێتدا هەڵدەشاخێم و نکۆڵی دەکەم، چاوە فرمێسکتێزاوەکانت دەمکوژن، تۆش سووریت لەسەر ڕاستگۆییت و ئاواتەخوازیت دانی پێدا بنێیت و بڵێیت، سووێند دەخۆم کە درۆ ناکەیت!

بۆ ڕزگاربوونیش لە داوێنپیسیی خۆم سوێند دەخۆم: بە خوا!

لێم دەپاڕێیتەوە دووبارەی بکەمەوە: سوێندی تەواو دەخۆم بە خوای گەورە کە درۆ ناکەیت.

بەدرۆوە وەڵام دەدەمەوە: بەخوای گەورە!

تۆ ئارام دەبیتەوە، منیش شێت دەبم. [ئای چەند ناشرینە درۆ لەگەڵ ڕاستگۆیەک بکەیت!]

***

نەمدەزانی [متمانە جوانترین شتی خۆشەویستییە.]

[ئەو متمانەیەی وامان لێ دەکات هەموو شەوێک بخەوین و بزانین خۆشەویستی بەردەوام دەبێت لەسەر کۆکردنەوەمان، سبەینێش بێدار دەبینەوە و دەبینین لایەنەکەی تر عاشقمانە و نوقمی ئێمەیە، وەک چۆن هاوشێوەی عاشقێکی نوقوومبوو خەوی لێکەوتبوو.]

[جوانترین شتی خۆشەویستی متمانەبوونە بەوەی پێکەوە گەورە دەبین، پێکەوە دڵخۆش دەبین، پێکەوە دەگرین، پێکەوە نەخۆش دەکەوین و دڵسۆز دەبین بۆ یەکتری، تەنانەت ئەگەر



Scanned with CamScanner

یەکێکیشمان مرد.
ڕۆژێکیان پێم وتیت، داوایەکم هەیە.
- پێم بڵێ.
- ئەگەر پێش تۆ مردم! گریمان مردم، دوای من شوو مەکە.
بەگاڵتەجاڕییەکی ئازاربەخشەوە وتت، شووت پێ نەکەم، دوای تۆش شوو نەکەم. بەزەییت پێمدا نایەتەوە و ناهێڵیت خواش بەزەیی پێمدا بێتەوە؟
هەستم بەپەژارە کرد، ڕووم لێ وەر گێڕایت و وەڵامم نەدایتەوە، تۆش پەشیمانی بە ڕوخسارتەوە دیار بوو، بەبێدەنگی و بۆ دڵنەواییم بەپەنجەکانت کەوتیتە نیگارکێشان لەسەر پشتم.
پاش بێدەنگی وتت، باشە ڕازیم، چیی تر؟
وتم، شتێکی تر، ئەگەر لێرە مردم، ڕێگە مەدە بەتەنیا لێرە بنێژرێم، بمبەرەوە بۆ وڵات، لە شوێنێک بمنێژە نزیکی دایک و باوکم بێت!
هەستت بزوا و فرمێسک لە چاوەکانتدا درەوشایەوە: بەڵێنی ئەوەت پێ دەدەم. منیش دەتوانم داوایەکت لێ بکەم بۆ دوای مردنم؟
بەگاڵتەپێکردنەوە وتم، تۆ تەنیا بمرە و ڕزگارم بکە و مژدەی خۆشی بدە!
بە هەردوو دەستت کێشات بە دەستەکانمدا: خوا بم پارێزێت، گرنگ ئەوەیە داوایەکت لێ دەکەم!
ڕووی پەنجە تووتەم کردە دەموچاوت: تەنیا بە پەنجەت ئاماژە بکە.

- تەنیا یەک داواکاریم هەیە، ئەگەر مردم، دەمەوێت بەختەوەر بیت، تکایە خەفەت نەخۆیت!

ئەوساکە هەستم بە قورگگیران کرد و زۆر تووڕە بووم، تووڕە بووم لەبەر ئەوەی خوا کچێکی هێناوەتە ژیانمەوە کە دڵپاکییەکەی ئەشکەنجەم دەدات، کچێکی لەڕادەبەدەر نەرمونیان، بە ئەندازەیەک کە هەستەکان دەتوێنێتەوە و دەیانخنکێنێت، کچێک باش دەزانم بە ئەندازەیەک خۆشی دەوێم، کە شایستەی نیم.

ئەوساکە حەزم کرد بتخەمە ناو کراسەکەمەوە و بتشارمەوە، لەئامێزت بگرم، تا هەست بە ئێسکەکانم بکەیت و تێکەڵ بە خوێنهێنەرەکانم بیت، هەستم کرد زۆر تۆم مەبەستە، لەبەر ئەوەنا کە شەیداتم، بەڵکو لەبەر ئەوەی پێویستم پێتە.

لە بەردەمتدا هەستم بە خۆشەویستی، ترس، خەمباری و دەستەوسان کرد، بە دەنگێکی تاساو پێم وتیت، ناتوانم بەڵێنی ئەوەت پێ بدەم!

بەنازی کەسێکەوە، کە وەڵامەکەی دەزانیت، بەدەم زەردەخەنەوە وتت، بۆچی؟

- چونکە بێ تۆ هەرگیز بەختەوەر نابم.

- ژنێکی دی دەهێنیت؟

- پێم وایە وا دەکەم!

ناوچەوانت گرژ کرد و نارەزاییت دەر بڕی: گاڵتە دەکەیت؟

- نەخێر، ئەی تۆ دوای مردنی من شوو دەکەیتەوە؟

- بێگومان شوو ناکەمەوە. جیاوازیی نێوانمانت بینی؟ تۆ ئێستا دانت بەوەدا نا کە پاش مردنم ژن دەهێنیتەوە!

بەگاڵتەوە وتم، ئەگەر خوا کردی و مردیت، ئەوساکە خوا خۆی چارەسەرێکی بۆ دەدۆزێتەوە!

جارێکیتر کێشات بە دەستمدا، بە درێژاییی ڕۆژەکە بەپەرۆشەوە لە خوا پاڕایتەوە نەمریت، هەتاوەکو ژنێکی دیکە نەهێنم!

دەم بە زەردەخەنەوە چاودێریی توڕەبوونەکەتم دەکرد و بیرم دەکردەوە، ئەی بە مێشکتدا نەهاتووە، کە بێ تۆ بەڕاستی دەمرم!

***

پەیوەندیم لەگەڵ هەیفا خۆشەویستی نەبوو، تەنانەت بە پەیوەندیی خۆشەویستیش نەدەچوو.

ساڵێک پێش ناسینت هەیفام ناسی، ئەوساکە تازە لە کوەیتەوە هاتبوو، بەڵام وەک کچەخوێندکارە کەنداوییەکانی تر بە تازەگەیشتوو نەدەچوو، نە شەرمن بوو، نە لاواز، تەنانەت سڵی لە خوێندکارە کوڕە کەنداوییەکانی هاوەڵی نەدەکردەوە. ئەگەرچی وا باو بوو کچە هاوەڵەکان بەئەقڵییەتی وریاوە پەیوەندییان لەگەڵ کوڕە هاوەڵەکان دەکرد، بەپێی ئەو ئامۆژگاری و ڕاسپاردانە هەڵسوکەوتیان دەکرد کە دەیسەپاند بەسەریاندا، چەند دەکرێت لە هاوەڵە کوڕەکان دوور بکەونەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت و دوای تێکەڵاوبوون بە کۆمەڵگە نوێیەکە وریابوونیان کەمتر دەبێتەوە و باری سڵەمینەوە جێ دەهێڵن، کەچی هەیفا هەرگیز لەو بارەدا ژیانی بەسەر نەبرد.

کاتێک هەیفا هاتە نێو کۆمەڵگەی خوێندکارە کەنداوییەکانەوە، بە هەراوهوریایەکی بەرز و چوستی و هێزێکەوە هاتە ناوەوە، کە هیچ کەسێک نەیدەتوانی نکۆڵیی لێ بکات. ئەو بێباک بوو، چیی بوویستایە بەبێ گوێدانە هیچ کەسێک دەیکرد، ئەو سەری بۆ کەس شۆڕ نەدەکرد و لە بەردەم هیچ شتێکدا لاواز نەدەبوو، ئەو پێداگر، توندوتیژ، تووڕە و زمان درێژ بوو.

بۆیە هەمووان سڵیان لێ دەکردەوە و خۆویستانە دەستبەرداری هەرشتێک دەبوون ئارەزووی بکردایە، تا لەگەڵیدا نەکەونە مشتومڕەوە، بەڵام من وەک ئەوان نەبووم، لە هەموو شتێکدا کەللەڕەقیم لەگەڵ دەکرد، سەبارەت بە هەر بڕیارێک مشتومڕم لەگەڵ دەکرد، دەربارەی هەرشتێک بیویستایە بەدەستی بهێنێت بەرەنگاری دەبوومەوە. لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت، کە هێز و کەللەڕەقییەکەی بێزاریان دەکردم، یان زماندرێژییەکەیم بەدڵ بوو!

نازانم لەو کاتەدا ڕاستیی هەستم چۆن بوو و هەستم بە چی دەکرد، بەڵام دەزانم ئەوساکە دەمویست ملکەچی خۆمی بکەم، سەرنجی ڕابکێشم و بیخەمە داوی خۆمەوە، چونکە شتێک کە لێی تێنەدەگەیشتم بەرەو لای ئەوی ڕادەکێشام.

وردەوردە بینیم هەمان سیاسەتم لەگەڵ بەکار دێنێت و هەمان شتم لەگەڵ دەکات، ئەوانەی دەوروبەرمان بێزار بوون لە ڕقلێکبوونەوەی ئاشکرامان.

هیچ کەسێک، جگە لە من و ئەو، نەیدەزانی ئەوە شێوازی تایبەتیمان بوو بۆ جۆشدانی ئارەزووەکانمان بەرامبەر بە یەکتری. من دەمزانی هەیفا کەوتووەتە داومەوە، باشیش

درکم بەوە دەکرد کە دەزانێت ئەوم دەوێت، تەنیا کەللەڕەقیی من و لووتبەرزیی ئەو ئاستەنگی نێوانمان بوو، کارەکە پێویستی بەوە بوو یەکێکمان هەنگاو هەڵبێنێت.

لە ڕۆژێکی کۆتاییی هەفتەدا پەیوەندیم پێوە کرد، تا بەڕێوەچوونی چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی کەنداویی پێ ڕابگەیەنم، کە ڕۆژی دواتر بەڕێوە دەچوو. کۆبوونەوەکە گرنگ و دەستپێک بوو بۆ یەکێک لە چالاکییەکان. بۆیە سەرچڵیم نواند و پێشنیارم کرد سەرلەبەیانی بچم بەشوێنیدا، نابەدڵانە ڕازی بوو و ناوونیشانەکەی دامێ. ڕێک کەوتین کاتژمێر نۆ و نیو بچم بە شوێنیدا، بەڵام کاتژمێر نۆی بەیانی لە بەردەم باڵاخانەکەیدا بووم، کاتێک زەنگم بۆ لێدا، پێی وتم تازە لە خۆشتن بووەتەوە و هەندێک کاتی پێویستە بۆ خۆئامادەکردن، منیش پێم وت گرفت نییە، چاوەڕوان دەبم!

داوای لێ کردم بچمە سەرەوە، تا کاتی خۆئامادەکردنی، قاوەیەک بخۆمەوە. سەرم سووڕ ما لە بوێریی ئەو و بەدڵێکی لەرزۆکەوە سەر کەوتمە سەرەوە، دەمزانی چوونەژوورەوەم، وەک هاتنەدەرەوەم نابێت.

کاتێک دەرگاکەی لێ کردمەوە، دەرگای هەمان ئەو شوقەیەی ئێستا تۆی لێ نیشتەجێیت، کراسێکی خەوتنی درێژی پۆشیبوو، هیچ ئارایشتێکی نەکردبوو، تەنیا پرچی تەڕ بوو، ڕوخساری زۆر سادە بوو. یەکەمین جار بوو بەبێ ئارایشت بیبینم، لەگەڵ ئەوەشدا لە جوانترین بارەکانی خۆیدا بوو. تا ئێستا نازانم بەڕاستی جوان بوو، یان ئەوساکە ئەهریمەن بۆمی ڕازاندبووەوە!

پێم وت، بۆچی ئارایشت دەکەیت؟ ئاوەها جوانترە.
بەشپرزەیی دەرگاکەی لەدوامەوە داخست: دەزانیت چەند حەزم لە (ئاوەها)ی سعودییەکانە؟ لە کاتێکدا هیچ حەزم لە شێوە زاریان نییە.
بەدەم دانیشتنەوە وەڵامم دایەوە، واتا جگە لە (ئاوەها) هیچی تری سعودییەکانت بەدڵ نییە؟
کاتێک قاوەکەی لە بەردەممدا دانا وتی، (ژن) و (ئەوانی تریش)م خۆش دەوێت.
دەم بە زەردەخەنەوە پێم وت، تۆ ژنێکی بەبێ ئارایشت جوانیت.
پێکەنی: سوپاست دەکەم.
- هەروەها شێوەت هەستبزوێنە!
دەموچاوی سوور هەڵگەڕا، بۆ داپۆشینی شڵەژانەکەی وتی، لەبەر ئەوەی وتم ژن و ئەوانیتر وام پێ دەڵێیت!
دەستم درێژ کرد و هەردوو دەستیم خستە ناو دەستەکانمەوە، وەک ئەوەی شتێک گازی لێ گرتبێت، دەستەکانی ڕاکێشایەوە و بەدەم هاوارەوە هەستایە سەرپێ: شێت بوویت؟
پێم وت، چیتە هەیفا؟ چی ڕووی داوە؟
پەنجەی بۆ دەرگاکە ڕاکێشا و بەدەم هاوارەوە، پێشم بکەوە، بچۆرە دەرەوە.
ڕاوەستام و پێم وت، ئارام بەرەوە، خۆ هیچ ڕووی نەداوە.
قیژاندی، هەموو ئەوە و هیچ ڕووی نەداوە! بچۆرە دەرەوە، پێش ئەوەی پۆلیست بۆ بانگ بکەم.
پێم وت، بۆچی پۆلیسم بۆ بانگ دەکەیت؟ خۆت داوات لێ



Scanned with CamScanner

کردم بێمە ماڵەکەت.

- من داوام لێ کردی بێیتە ماڵەکەم؟

- دەتەوێت نکۆڵیی لێ بکەیت و خۆت بەڕێزدار پیشان بدەیت؟

- بتەوێت و نەتەوێت ڕێزدارم.

- ئەگەر ڕێزداربوویتایە، کاتێک لەو بارەدا بوویت، داوات لێ نەدەکردم بێمە شوقەکەت.

هەیفا کوپی قاوەکەی گرت بە دەستیەوە و قیژاندی، دەچیتە دەرەوە، یان بەم قاوەیە بتسووتێنم؟

پەنجەم خستە سەر دەمم و پێم وت، باشە بێدەنگ بە و هیچ مەڵێ، وا دەچمە دەرەوە.

هاتمە دەرەوە و وشەیەکم دەر نەبڕی، پێم وا بوو دەمرم، ئەگەر قسەی لەگەڵ بکەم... تا تۆ هاتیت!

***

پێش بڕیاردان لەسەر بەرنامەکانی ناردنەدەرەوە بۆ خوێندن هاتمە کەندا، باوکم چەندین ساڵ، پێش ناردنی خوێندکاران لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ خوێندن لە گشت ناوچەکانی دنیا و سوودمەندنەبوونم لە بەرنامەکە، خەرجییەکانی خوێندنەکەمی گرتە ئەستۆ.

ناردن بۆ خوێندن لەسەر شانی باوک تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەوەی دەوڵەت بتنێرێت بۆ خوێندن، چونکە دەرنەچوون لەسەر گیرفانی دەوڵەت نابێتە مایەی تووڕەبوون و سەرزەنشتکردنی خێزان، کەچی دەرنەچوونت



Scanned with CamScanner

کە سەدان هەزار لەسەر باوکت دەکەویت، وەک پەڵەیەک بە ناوچەوانتەوە دەمێنێتەوە و ناسڕێتەوە، هیچ کەسێکی خێزانەکەشت لێت خۆشنابێت.

بۆیە، ئەگەرچی مانگانەی خوێندن لە دەرەوە نیوەی ئەو خەرجییە نەبوو کە باوکم مانگانە بۆی دەناردم، بەلام ئەو بارگرانییە داراییەی هەموو کۆتاییی مانگێک بەدەستیەوە دەمنالاند، زۆر نەرمونیانتر و خۆشەویستتر بوو لە "منەتی" ئەو خۆشگوزەرانییەی بە هۆی یارمەتیدانی باوکمەوە بەسەرم دەبرد.

هەستم کرد بەدەستهێنانی مانگانەی خوێندن لەلایەن حکومەتەوە لە ئاسمانەوە بۆم هاتۆتە خوارەوە و زیندووی کردمەوە، بە هۆی ئەوەوە ڕوخسارەکانی غەریبایەتی لە بەرچاوەکانم گۆڕانیان بەسەردا هات، پاش ماوەیەکی خۆڵەمێشیی ڕەنگپەڕیو و درێژخایان ڕەنگاوڕەنگ بوون.

غەریبایەتی بێ لێکدانەوەیە و دۆخێکی دیاریکراو نییە. لە غەریبایەتی، بە هۆی ئازادی و ڕزگاربوونەوە لە گشت ئەو پەیوەندییانەی بە کۆمەڵگە و خێزان و نیشتمانەوەمان دەبەستن، زۆر بەرز دەبینەوە. لە غەریبایەتیش، بە هۆی تاسە و نالاندن و پێویستبوونمان بەوانەی خۆشیان دەوێین و بەپەرۆشن بۆمان، سەرسمی زۆر دەدەین.

کاتێک هاتم بۆ ئێرە، بڕیارم دا تەنیا وەک سەردانیکەر بگەڕێمەوە بۆ ڕیاز. بۆیە پاش تەواوکردنی خوێندن، هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی کەنەدی، مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگر بوو. کاتێک یاسەمینم ناسی، کە شەش ساڵی تەواو لە من گەورەتر بوو، بڕیاری ئەوەم دا!

یاسەمین نەخشەی نموونەییم بوو بۆ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە و مانەوەی خۆویستانە لە غەریبایەتی، بەڵام جومانە پاش ئەوەی تۆم ناسی هەموو نەخشەکانم پەرشوبڵاو بوونەوە.

کاتێک تۆم ناسی، تەرازووی بەرژەوەندییەکان و پێوانەکانی خۆشەویستی لاسەنگ بوون، بەڵام سەرباری شەیدابوونی بەتینم پێت پەیوەندیی خۆم لەگەڵ یاسەمین نەپچڕاند. پەیوەندییەکەمان پچڕپچڕ بوو، لە ڕۆژگارەکانی ڕازیبوونی تۆدا لێی دوور دەکەوتمەوە، کاتێکیش لێم توورە دەبوویت یان تووڕەت دەکردم ڕام دەکرد بۆ لای ئەو. یاسەمین دژی ئەوە نەبوو، تەواو بە پێچەوانەوە پەیوەندییە مەزاجییەکەمان بەلای ئەوەوە ئاسایی بوو و لەگەڵیدا هەڵی دەکرد.

هەندێک جار بەتەوسەوە لێی دەپرسیم، ئاخۆ شتێک هەیە سەرقاڵم بکات و لەوم دوور بخاتەوە، لە وەڵامدا دەموت زۆر کچی تر هەن سەرقاڵم دەکەن. ئەگەرچی ڕووالەتی قسەکەم گەڵتەکردن بوو لەگەڵیدا، لە ناخدا دەیزانی ژنێکی تر لە ژیانمدایە، بەڵام گوێی پێ نەدەدا. لەوانەیە لەبەر ئەوە بوویێت کەسی تر لە ژیانی ئەویشدا هەبوو، یان لەوانەیە لە بنچینەوە خۆشی نەویستووم. بۆیە بەبێ باسکردن لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین بە وردەکاریی بێبایەخی ئاوەها یەکتری بێزار نەکەین. بەو جۆرە چوار ساڵی یەک لەدوای یەک لەگەڵ تۆ و ئەودا ژیام، بێ ئەوەی تۆ بزانیت و ئەویش نارەزایی دەر ببڕێت!

***



Scanned with CamScanner

باشە...

دانی پێدا دەنێم، توانای ئەوەم نییە ئەو نیشتمانەم خۆش بوویت، ئەو نیشتمانەی زۆر لێمەوە دوورە، تەنیا لە ڕووی ماوەوە نا، بەڵکو لە دڵیشمەوە دوورە.

دەرفەتی تەواوکردنی خوێندن دوور لەو نیشتمانە، تەنیا دەرفەتی بەدەستهێنانی خوێندنێکی باشتر نەبوو، بەڵکو مانای ئەوە بوو لە هەموو ئەو کۆتوبەندانە ڕزگارم بێت، کە پێش هەردوو مەچەک و قاچم دەستیان نابووە بینەقاقام.

جاربەجار بیر دەکەمەوە، بۆچی ڕقم لەو نیشتمانەیە، بەڵکو بیر لەوە دەکەمەوە، بۆچی تۆ خۆشت دەوێت! ئەو هەموو توانایەت لەکوێ بوو، بەو هەموو ڕاستگۆییە خۆشت بوویت!

زۆربەی جارەکان ئەوە کچانن زیاتر ڕقیان لە وڵاتەکەمان دەبێتەوە، چونکە لەوێ لە هەموو شتێک بێبەشن و ڕێگەی هەموو شتێکیان لێ گیراوە، کەچی نازانم بۆچی بەو سادەیی و ساویلکەیی و لێبووردەییە خۆشت دەوێت!

جارێکیان پێم وتیت، جاربەجار هەست دەکەم لە نیشتمانێک ژیاویت کە جیاوازە لەگەڵ ئەو نیشتمانەی لێی دەژین!

وتت، بەڵکو هەمان نیشتمانە، بەڵام لە گۆشەنیگای ترەوە سەیری دەکەم.

لێم پرسیت، چۆن خۆشت دەوێت؟

- بۆچی خۆشم نەوێت؟

- چونکە دڵڕەقە!



Scanned with CamScanner

- ئەی باوکت جاروبار دڵرەق نییە لەگەڵتدا؟

گاڵتەجاڕانە پێکەنم: جاروبار!

پێکەنیت: سەرباری ئەوە زۆرت خۆش دەوێت.

زەردەخەنە کەوتە سەر لێوەکانم، تۆش درێژەت بە قسەکانت دا: ئەگەر دان بەوەدا نانێیت کوڕی ئەویت، بۆچی ڕازیت خەرجییەکانی خوێندنەکەت و بژێویت بگرێتە ئەستۆ، کە ساڵانە هەزاران دۆلارە؟

- ئەوە مافی منە!

- باوکت قەرزاداری تۆ نییە! قبوڵکردنی پارەکانی، مانای ئەوەیە دەبێت باوکایەتیی قبوڵ بکەیت، بۆیە نالەبار و نکوڵیکار مەبە.

وتم، دەزانیت!... هەستێکی زۆر بەهێزم هەیە.

بەبایەخەوە ناوچەوانت گرژ کرد: هەستی چی؟

- هەست دەکەم چقڵ و سیخوڕیت!

پێکەنیت، ڕۆحی منیش لەگەڵت پێکەنی!

***

بەڕێوە بووم بۆ مۆنتریال، پێداگرتنی یاسەمین و کێشەکانی ئەم دواییانەم لەگەڵ تۆ، هانی دام بچم بۆ لای ئەو.

پێویستم بەوە بوو لەدەست ژاوەژاوی ئیرەیی و هەراوهوریای گومانەکانت هەڵبێم. بۆیە لە جەژنی زیندووبوونەوەی گاوراندا شوێنی گەشتکردنی فڕۆکەم بۆ مۆنتریال بەدەست هێنا. زۆر توورە بوویت، کاتی ئامادەکردنی جانتا بچکۆلەکەم بە دەموچاوی سوورهەڵگەڕاوەوە چاوت

تێ بڕیبووم، بەڵام بەئەنقەست گوێم پێ نەدایت.

پاش تەواوبوون لە ئامادەکردنی جانتاکەم، زەرفێکت ڕادەست کردم و وتت، بیخەرە ناو جانتاکەتەوە، لە فڕۆکەکەدا بیخوێنەرەوە!

زەرفەکەم وەر گرت، ئەمە چییە؟ نامیلکەی هوشیارکردنەوەیە دەربارەی ئایدز؟

- چی؟

- ژنانی سعودی لەسەر ئەوە ڕاهاتوون، کاتێک مێردەکانیان گەشت دەکەن، نامیلکەیەک دەربارەی ئایدز دەخەنە ناو جانتاکانیانەوە، یان نامەیەکی نەناسراو بۆ ئیمەیلەکەیان دەنێرن، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەگەر بە مێشکیاندا هات!

بە مۆبایلەکەت کێشات بەسەر شانمدا: پڕوپووچ! لە فڕۆکەکەدا بیخوێنەرەوە!

دەم بەزەردەخەنە نامەکەم هەڵگرت و بیرم لەوە کردەوە، ئاخۆ کەی دەست لە خووی نامەنووسین هەڵدەگریت!

زۆر حەزت لە نامەنووسینە، هەمیشە نامەم بۆ دەخەیتە هەموو شوێنێکەوە: ناو ئوتومبیلەکەم، ناو گیرفانی چاکەتەکەم، گشت کونوقوژبنێکی ماڵەکەم. نامەکان بە تامەزرۆبوونی هەرزەکارێک و میهرەبانیی دایکێک و ترسی هاوسەرێک دەنووسیت.

جاربەجار سادەبوونی نامەکانت دەمخەنە پێکەنین، بەڵام لەگەڵ ساویلکەییباندا بە هەستە پاکیزەکانت لە دڵم دەدەیت. هەندێک جار ئەشکەنجەم دەدەیت، هەستی بێئابڕوویی و ڕادەی دڵڕەقیم بەرامبەر بە خۆت پێ دەبەخشیت.



Scanned with CamScanner

جاروبار هەست دەکەم خوا بە پاکیی تۆ سزام دەدات، وەک ئەوەی بیەوێت بە هۆی تۆوە ئەشکەنجەم بدات، تۆیەک کە دەترسم ئازاری بدەم یان ئازارم بدات. تۆ تەنگژە گەورەکەمی، کە نازانم چۆن و بۆچی دوچاری بووم!

خۆشم دەوێیت، بەڵام ناتوانم لەگەڵ تۆ خۆم بم. تۆ وێنەکەی منت خۆش دەوێت، کە بە من ناچێت و جگە لە تۆ کەسێکی تر نایبینێت. ئەو وێنەیەی تەنیا لە چاوەکانی تۆدایە، تۆ خوڵقاندووتە و کوششی زۆرت کردووە بۆ ئەوەی لەو بچم و ببم بەو، تەنیا بۆ ئەوەی ڕازیت بکەم. کەچی خۆڕاگرنە بووم، زۆر هەوڵم دا خۆڕاگر بم، بەڵام زۆر جار هەرەسم هێنا، هەوڵم دا هێز بدەمە بەر خۆم و پارچەکانی وێنەکەم کۆ بکەمەوە کە خۆشت دەوێت، بەڵام نەمتوانی لەوە زیاتر بکەم کە کردبووم.

جومانە، زۆر جار بڕوام بەوە هێناوە، ئەو پەیوەندیی خۆشەویستییەی داوامان لێ دەکات بگۆڕیین، پەیوەندییەکی ئەستەمە، تێکشکاوە، هێزڕەتێنە و ناتوانێت زۆر خۆی ڕابگرێت.

لەو بڕوایەدا بووم، ئەو پەیوەندییەی پێویستی بەوەیە ببمە کەسێکی تر، شایستەی ئەوە نییە خۆمی تێ فڕێ بدەم، تەنانەت هەوڵیش بدەم بچمە ناوییەوە. کەچی سەرباری بڕواکەم هەوڵی زۆرم دا کۆپیی ئەو وێنەیە بم کە حەزت لێیەتی و تەنیا دەمامکی ئەو بپۆشم، تا کاتی سەیرکردنم، شەیدابوون لە هەردوو چاوتدا ببینم!

جومانە، دەمەوێت بەو جۆرە بم کە ئارەزووی دەکەیت، خۆزگە بەو جۆرە بوومایە کە خەونی پێوە دەبینیت، بەڵام بەو جۆرە نیم، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشت ویستم، کەواتە بۆچی



Scanned with CamScanner

دەتەوێت بەفشارخستنەسەرم بم گۆڕیت بۆ کەسێک، کە بە من ناچێت و نایناسم؟

ئای خوایە! چەند ڕقم لێت دەبێتەوە، کاتێک ئەوەم لەگەڵ دەکەیت!

دەزانیت حەزم لە چ شتێکی یاسەمینە؟

لەگەڵ یاسەمین بە سروشتی خۆمم، هەموو گوناه و هەڵە و سەرپێچییەکانی خۆم دەکەم، یاسەمین حەزی لە خەوشییەکانمە، لەوانەیە خەوشییەکانی منی بەلاوە گرنگ نەبێت و بایەخیان پێ نەدات. ئەو چاوەڕوانی ئەوە نییە ڕەوشتبەرز و پیاوچاک بم، وەک خۆم منی دەوێت، بەڵکو لەبەر ئەو خراپییانەم خۆشی دەوێم! ئەو خراپییانەی تۆ ڕقت لێیانە و بە هۆیانەوە فەلاقەم دەکەیت.

سەرباری هەموو ئەوانە، ئەگەرچی یاسەمین هەموو شتێکم بێبەرامبەر پێ دەبەخشێت، کەچی ئەو هەستەی بۆ تۆم هەیە بۆ ئەوم نییە... لەگەڵ تۆ، وێڕای ئەو بێبەشکردنەی لەگەڵم دەینوێنیت، هەستێکم هەیە کە لەگەڵ هیچ کەسێکی تر نەمبووە.

لە فرۆکەخانە، نەک لە فڕۆکەکەدا، زەرفەکەم کردەوە. توێژینەوەیەکت بۆ نووسیبووم، کە دەبووایە پاش پشووەکە لە زانکۆ پێشکەشی بکەم.

بە نەرمونیانیت لە ناخی دڵت دام، ویژدانم ئازاری دام، خەریک بوو بگەڕێمەوە، سەیری خشتەی گەشتەکانم دەکرد، شتێک لە ناخمدا داوای لێ دەکردم بگەڕێمەوە، زۆر دوودڵ بووم، بەڵام پێم بە ویژدانی خۆمدا نا و بە ویژدانێکی ئازاردراوەوە سواری فڕۆکەکە بووم.

کاتی گەیشتن تەلەفۆنم بۆ نەکردیت، بەڵکو بە تەلەفۆنەکەم نامەیەکم بۆ ناردیت، تۆش سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر وەڵامت دامەوە. لە کاتێکدا نانی یەکەمین ڕۆژم لەگەڵ یاسەمین دەخوارد، نامەکەتم خوێندەوە کە تێیدا نووسیبووت، بەیانیت باش، سوپاس بۆ خوا بەسەلامەتی گەیشتیت، پێم وایە خەوتوویت، ئەم شەو خەوم پێوە بینیت، بەدەست دڵێکت دەگووشی، خوێن بە پەنجەکانتدا دەهاتە خوارەوە، چاوەکانت لە ئازاردا فرمێسکیان لێ دەچۆڕا، هەستم بە خەوەکە کرد، وەک ئەوەی دڵی من بگووشیت! لەترسا بێدار بوومەوە، مێردەزمەیەکی ترسناک بوو، زۆر ترسناک بوو! کاتێک بێدار بوویتەوە لە باری خۆت دڵنیام بکەرەوە.

چەند جارێک نامەکەم خوێندەوە، پیت بە پیت خوێندمەوە و سەرسام بووم بەوەی هەستم پێ دەکەیت، هەستکردنت پێم زۆر دەمترسێنێت! بە شێوازێک هەستم پێ دەکەیت کە بە مێشکدا نایەیت، ئەمەش دەمتۆقێنێت، زۆر دەمتۆقێنێت!

یاسەمین لێی پرسیم، What's Wrong baby?

وتم، هیچ نییە!

بەتوانجەوە وتی، بیری دەکەیت؟

بە گاڵتەکردنەوە: شتێکی لەو جۆرە!

پێکەنی: بەیارمەتیت دۆن خوان!

پێکەنیم: بەیارمەتیت دۆنا یاسەمین!

- باشە کازانۆفای سعودی، دەچم بۆ سەر کارەکەم، تەلەفۆن بۆ کچە هاوڕێکەت بکە و دڵنیای بکەرەوە!

- کاتێک گەڕایتەوە، بێدارم بکەرەوە!

ماچی کردم: بێگومان ئازیزەکەم بێگومان، سڵاو لە کچە

هاوڕێکەت بکە!

- I will!

کاتێک یاسەمین ڕۆیشت، زۆر هەستم بە پەژارەیی کرد، هەستم کرد گەدەم تێک چووە، لەبەر ئەوە نا کە هەندێک لە ئاماژەکانی یاسەمین بەرامبەرت ناشایستە بوون، یان زۆر سووکایەتیی پێ کردیت، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەشداریی ئەو شێوازە باسکردنەم کرد، هەست دەکەم بوونم لەگەڵ یاسەمین و پەیوەندیم لەگەڵیدا ناپاکی نییە دەرهەق بە تۆ، بەڵکو ڕازیبوونم بە باسکردنت بەو شێوازەی من و یاسەمین ناپاکی بوو.

ئەو ئاخاوتنە خێرا و ڕستە ناڕاستەوخۆیانەی نێوان من و یاسەمین تەنیا بێتاقەتی نەکردم، بەڵکو تەواوی ڕۆژەکەمی تێک دا، هەستم کرد گەدەم دەگوشرێت و تاڵاوی لێوە هەڵدەقوڵێت.

من بەو جۆرەم، کاتێک ویژدانم ئازارم دەدات، گەدەم هەڵدەچێت و دەشڵەقێت. بۆیە جاروبار لەو بڕوایەدام کە ویژدان لە ڕووی ئۆرگانییەوە گەدەیە، لە کاتێکدا تۆ لەو باوەڕەدایت کە کۆڵۆن لە ڕووی ئۆرگانییەوە گوزارشت لە هەستە نەرێنییەکان دەکات. بۆیە کاتێک گەدەم ئازارم دەدات، "پێت دەڵێم ویژدانکوشتەم،" کاتێکیش تۆ بێزار دەبیت، پێم دەڵێیت "قۆڵۆنکوشتەم!"

ئەمە زمانی قسەکردنمانە، جگە لە خۆمان کەسێکی تر تێی ناگات، زمانەکەمان دەیان وشە لەخۆ دەگرێت کە داممان هێناون، هاوبەشمان کردوون، خۆشمان ویستوون و هیچ کەسێکی ئەم جیهانە تێیاندا هاوبەشیمان ناکات.



Scanned with CamScanner

شیاو نەبوو، ڕازی بووم یاسەمین بە جۆرە باست بکات.
من کەسێکی خراپم، چونکە ڕازی بووم بەبێ هیچ تاوانێک بەو جۆرە گاڵتەت پێ بکات!
هەستم کرد ویژدانم ناڵەناڵیەتی، بۆیە زوو پەیوەندیم پێوە کردیت، دەستوبرد وەڵامت دامەوە. بەگاڵتەوە پێم وتیت، کەی دەستبەرداری ڕاچڵەکین دەبیت؟
- چ ڕاچڵەکینێک؟
- ڕێگە بدە تەلەفۆنەکە ئاهێکی پێدا بێت، یەکسەر وەڵام مەدەرەوە، کچێ تۆزێک خۆت قورس ڕابگرە!
بەگاڵتەپێکردنەوە وتت، چی بکەم! ترسام وەڕس بیت!
لە سادەییی وەڵامەکەت لە ناخەوە پێکەنیم، هیچ کەسێک وەک تۆ وەڵام ناداتەوە، بەبێ بیرکردنەوە لە وەڵامەکە، بەسادەیی وەڵام دەدەیتەوە، هەمیشەش بە شێوازێک وەڵامم دەدەیتەوە، کە دەمهێنێتە پێکەنین.
ئەو ڕۆژە باسی خەوەکەت بۆ گێڕامەوە، بەجۆشوخرۆشەوە خەوەکەت دەگێڕایەوە، وەک ئەوەی حیکایەتێک بێت.
- پانتۆڵێکی کاوبۆی و کراسێکی ڕەشت پۆشیبوو، ئەو کراسەی کاتی ڕۆیشتن بۆ کتێبخانە لە هەفتەی ڕابردوودا پۆشیبووت، ناسیتەوە؟ دوایی سەیرم کردیت، شتێک لەناو دەستدا بوو و خوێن لە پەنجەکانت دەتکا. لەوەی ناو دەستت ورد بوومەوە، بۆم دەر کەوت دڵە، دڵی مرۆڤێک.
بەجۆشوخرۆشەوە لەو سەرەوە گوێم لێ گرتبوویت و دووبارە دەموت، ئێ، دواترا! بەڵێ دواترا!
پاش تەواوکردنی گێڕانەوەی حیکایەتی خەوەکە وتت،

ئێجگار مرۆڤی دەترساند!

بەگاڵتەپێکردنەوە وتم، ڕاستە، بە جارێک مرۆڤی دەترساند!

- قسەی خۆمان بێت، هەیفا دەربارەی (بە جارێک) دەڵێت، ئێوەی سعودی قسەشیرین نین، جگە لە "ئاوا و بە جارێک!"

ئەوساکە هەستم کرد گەدەم زیاتر شڵەقاوە و ویژدانم ناڵەناڵیەتی، پێم وتیت، دەزانیت بە بازدان بەبێ هیچ بۆنەیەک، لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر، دەڵێن چی؟

- چی؟

- فەستەتە!

- تێگەیشتیت؟

- تۆ لێم تێگەیشتیت؟

هەرکاتێک زانیارییەکت بۆ "دادەهێنم"، پێم دەڵێیت "تێگەیشتیت!" کاتێک تۆ ئەوە دەکەیت، پێت دەڵێم "تۆ لێم تێگەیشتیت!". ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە "کەمە" هاوبەشەکانی نێوانمان. پاش چەندین ساڵ نووسینی هاوبەش، هەمیشە بڕواکانی خۆت دەگێڕیتەوە بۆ ئەفسانەکان، بەردەوام بڕواکانم دەگێڕمەوە بۆ لێکۆڵینەوە نوێکان. لە ڕاستیدا بەو ئەفسانە و لێکۆڵینەوە نوێیانە داکۆکی لە بڕواکانمان دەکەین، کە تەنیا لە مێشکی خۆماندا بوونیان هەیە.

ڕۆژێکیان پێت وتم، جارێکیان ئەفسانەیەکم دەربارەی باڵای پیاو خوێندووەتەوە دەڵێت، هەتاوەکو پیاو باڵابەرز بێت، دڵسۆزیی کەمتر دەبێت.

وتم، بە پێچەوانەوە، لێکۆڵینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە، پیاوی باڵابەرز دڵسۆزترە لە پیاوی کورتەبنە.

بۆ نزیکەی کاتژمێرێک لەسەر گفتوگۆکردن دەربارەی



Scanned with CamScanner

بیرۆکەکە بەردەوام بووین، لە کۆتاییی گفتوگۆکەدا، لە کاتێکدا کوپەکەت نا بە دەمتەوە، پێت وتم، لەوانەیە قسەکەی تۆ ڕاست بێت، بەڵام ئەفسانەکە دەستکردی خۆمە!

- ڕاشکاوانە بڵێم، گشت لێکۆڵینەوە زانستییەکان، لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆمن!

دەم بە پێکەنینەوە وتت، لە ڕاستیدا هەموو ئەفسانەکانی باسم کردن، ئەفسانەی تایبەتیی خۆمن.

زۆر بەئاشکرابوونی سەرچاوەکانمان پێکەنین، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامبووین لەسەر داکۆکیکردن لە قسەکانمان، بە هۆی ئەو سەرچاوە تایبەتییانەی تۆ ناوی "ئەفسانە"یان لێ دەنێیت، منیش ناوی "لێکۆڵینەوەی زانستی"یان لێ دەنێم.

جومانە، هیچ کەسێک سەرچاوەکانی توێژینەوەی تۆی نییە، هیچ کەسێکیش جگە لە تۆ ئاشنا نییە بە سەرچاوەکانم، کەواتە بۆچی سەرچڵیت پێوە بکەم؟

بڕوام پێ بکە نازانم!

***

دەزانم چەند پتەوم و چەند بە ئەسپی سەرکەش دەچم، دەزانم چەند ڕقت لە دڵڕەقی، کەللەڕەقی، سەرکێشی و توندوتیژیم دەبێتەوە، چەند خۆشت دەوێم، چەند ڕقت لێمە و تا چ ئەندازەیەکیش پێمەوە هەڵواسراویت، بەڵام منیش پێتەوە هەڵواسراوم و زۆر تێوەت گلاوم، لەم پەیوەندییەوە گلاوم، پەیوەندییەک کە بە ژانێکی سەخت، درێژخایان، لەسەرخۆ و ئازاربەخش دەچێت.

جومانـە، بێـزارم لـە دەسـتخەڕۆکردنت، بـەڵام سـەرباری پرگماتیبوونـم و بڕوانەبوونـی تەواوەتیـم بـە هیـچ شـتێک لـەم ژیانـەدا، بـڕوای تـەواو و یەکلاکـەرەوە و ڕەهـام پێتـە.

دەزانیـت پێـش ناسـینت بیـرم لـە پێکهێنانـی خێـزان نەکردووەتـەوە؟

دامـەزراوەی هاوسـەرگیری و بیرۆکـەی خێـزان هەڵی نەفریواندووم، ڕۆژێـک هەسـتم نەکردووە لـەو جۆرە پیاوانـەم، کـە هاوسـەرگیری بـە وێسـتگەیەکی سـەقامگیری دادەنێـن... وێسـتگەیەک کە لە کۆتاییی ڕێگـەی ئـازادی و بێهودەییدا پێی دەگەیـن.

هەمیشـە لـەو بڕوایـەدا بـووم، لـە دەرەوەی قەفـەس ئـازاد دەبم و ئازادیی خۆم بە هیچ ژنێک ناگۆڕمـەوە، بەڵام کاتێک هاتیت بڕواکانمت هەژاند و تێکت دان، تۆم ویسـت و دەمویست لـە پەیوەندییەکی هەتاهەتایی لەگەڵتدا ئارام بگرم... کەچی ئەو ژیانـەم دەویسـت کـە ئێسـتا بەسـەری دەبـەم، بۆیـە دۆشـداماو بووم، ئارەزووەکانـم ناکۆک بـوون، هەستەکانیشـم شـپرزە.

بیـرم دێتـەوە، یەکەمیـن جـار کـەی بـوو ئامـاژەم بـۆ ئـەوە کـرد کـە دەمەوێـت ڕۆژێـک هاوڕێـی ڕێگـە و خۆشەویسـت و هاوسـەرم بیـت، ئەوسـاکە تـازە لـە بەسـەربردنی پشـووی هاوینـە لـە ڕیـاز گەڕابوویتـەوە و هەشـت مانگـی خێـرا و پڕ دڵـداری و دڵخۆشـکەر بەسـەر یەکترناسـینماندا تێپەڕیبـوو. بانگهێشـتم کردیـت بـۆ خواردنـەوەی کوپێـک قـاوە، لـە کاتێکـدا چاوەڕوان بوویـن، پێـم وتیـت، شـوێنەکەت ڕووناک کـردەوە دایکـی سـاڵح!

چاوەڕوانی ئەوە بووم لێم بپرسیت بۆچی بە نازناوی دایکی سالّح بانگم کردیت، یان کاتێک بەکاربەریت بۆ هەڵهێنجانی مەبەستەکەم، بەڵام بەسەلیقە بوویت، دەموچاوت سوور هەڵگەڕا، خۆت بە کوپی قاوەکە و جووڵاندنیەوە خڵەفاند، بێ ئەوە سەیری دەموچاوم بکەیت وتت، مەبەستت ئەوەیە بە ناوی باوکتەوە ناوی بنێین؟

زەردەخەنە گرتمی، چونکە خێراتێگەیشتنتم بەدڵ بوو، حەزم لە بابەتی گفتوگۆکەمان بوو، پێم خۆش بوو، بەبێ خۆگێلکردن یان فەرامۆشکردن، کە خووی هەمیشەییی کچانە، وەڵامت دایەوە.

دەم بە زەردەخەنەوە وەڵامم دایتەوە، بۆچی دەتەوێت ناوی بنێین چی؟

- دەی کێشە نییە، با سالّح بێت!... خەزوورم شایستەی ئەوەیە.

دەم بە زەردەخەنەوە ئەوەت وت، زەردەخەنەکەت خۆرەوەزان و بەهاری و ڕەنگدار بوو. ئەو گفتوگۆیە لە جێی دوو ئەڵقەی ڕەونەقدار بوو، کە کردبوونمانە دەستمان، وەک بەڵگەی پەیوەندییەکەمان. ئەو ڕۆژە ئاڵۆزیی پەیوەندییەکەمان ڕەوییەوە، ڕوخسارەکانی دیاری کران، زیاتر لە جاران ئارامی گرت.

پێم وایە چارەنووسی نادیاری پەیوەندییە سۆزدارییەکان و تەماویبوونی مەرامەکانی بەربەستێکی بەفرین دەخاتە نێوان عاشقە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە، بۆیە پەیوەندییەکەمان گەرمتر بوو و ترسەکانمان ڕەوینەوە.

نازانم بۆچی لەگەڵ تۆ بەو شێوازە ئاماژەم بۆ هاوسەرگیری کرد، نازانم بۆچی ڕێگەی ڕۆمانسیترم نەگرتە بەر، لە ڕاستیدا پلانی ئەوەم دانەنابوو باسی ئەو مەسەلەیەت لەگەڵ بکەم، بۆیە ئەو ڕۆژە ئاماژەکردنەکەم بەو سادەییە ڕێچکەی گرت.

سەیر ئەوەیە، دواتر لە ڕێگەی ئەو هاوڕێیانەوە، کە ئەنجامی خۆشەویستی بەیەک گەیشتبوون، زانیم ئەوانیش بە شێوازی هاوشێوە باسی بابەتی هاوسەرگیرییان کردووە.

ئێمە پشت بەو منداڵانە دەبەستین کە هێشتا لەدایک نەبوون، بۆ دەربڕینی هەستمان بەرامبەر بەو خۆشەویستانەی خەون بەوەوە دەبینن ڕۆژێک لە ڕۆژان ببنە هاوسەر و دایکی منداڵەکانمان!

لەو بڕوایەدام تەنیا دەمانەوێت ئەو کچانە بکەینە هاوسەرمان کە وێنای شێوەی منداڵەکانمانیان تێدا دەکەین، تامەزرۆی ئەوەین منداڵیان لەگەڵ دروست بکەین و خۆشیی منداڵیان لەگەڵ هاوبەش بکەین.

جومانە، دەزانیت زۆر جار لە تۆدا وێنای کچەکەم کردووە! زۆر جار خەونم بەوەوە بینیوە ڕۆژێک کچێکمان هەبێت، کچێکی جوان کە ڕوخساری نەرمونیانی تۆی پێوە بێت، هەروەها ناوازەبوونی هەردوو برۆ باریکەکەت، لووتی ڕێک، پرچی لوول، پێستی گەنمڕەنگ و تاقە چاڵی چەناگەی تۆی بەمیرات بۆ مابێتەوە.

ئای چەند حەزم دەکرد جومانەیەکی بچکۆلەم هەبێت! چەند خەونم بەوەوە بینیوە منداڵەکانت ناوی منیان پێوە

بێت، تا ئێستا نازانم ئاخۆ خوا ئەوەم پێ دەبەخشێت، یان ژیان بەدەم زەردەخەنەی ناحەزانەوە خەونەکانم بەفیڕۆ دەدات.

ئای چەند دەترسم ژیان ئەوە بکات!

***

زۆر جار باوەڕم بەوە هەبووە کە دایکەکان نیشتمانی بچووکن، چونکە لە هەر دایکێکدا نیشتمانێک هەیە لێی نیشتەجێین، خۆشمان دەوێت و شانازیی پێوە دەکەین، ژنەنیشتمانێک، کە سەر بەوین و دڵسۆزین بۆی. دایکم ئەو نیشتمانە بوو کە لێوەی هاتووم جومانە، نیشتمانی من بوو، جگە لەو هەرگیز نیشتمانێکی ترم نەبووە.

دەزانیت هەمیشە دایکەکانم پیرۆز کردووە، لەو باوەڕەدا بووم، کە لە دواڕۆژدا بە ناوی دایکمانەوە بانگ دەکرێین و بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە. کەچی پاش ئەوەی گەورە بووم، بۆم دەر کەوت ئەو دوو فەرمایشتە لاوازن و دواڕۆژ بە ناوی خۆمان و باوکمانەوە بانگ دەکرێین. کاتێک بەو دوو حەقیقەتە ئاشنا بووم کە بیرۆکەکە سەرتاپامی داپۆشیبوو و بۆ چەندین ساڵ باوەڕم پێی هەبوو و لەو بڕوایەدا بووم کە ڕاستە.

لە ڕاستیدا بەهەشت لەژێر پێی دایکمدا نییە، دواڕۆژیش بە ناوی ئەوەوە بانگ ناکرێم، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم بەبێ ڕەزامەندیی ئەو ناچمە بەهەشتەوە، هەروەها دەزانم ئەگەر بە ناوی ئەویشەوە بانگ نەکرێم، هەر شانازیی پێوە دەکەم.



Scanned with CamScanner

هەمیشە حەزم لە ناوی دایکم بووە جومانە، ئەگەرچی ناوێکی ناسک یان ڕیزپەڕ نییە، بەڵام زۆر جار بەدڵم بووە و هەستم کردووە دەسەڵاتی بەسەرمدا دەشکێتەوە.

پێم وایە پیاوان زۆر زیاتر لە ژنان دایکی خۆیان خۆش دەوێت، لەوانەیە پیاوان وەک ژنان نەتوانن هەستی خۆیان بۆ دایکیان دەر ببڕن، بەڵام ژیان بۆ پیاو، پاش لەدەستدانی دایک، سەختتر دەبێت. جارێکیان وتەیەکم خوێندەوە کە دەڵێت، "پیاو تا کاتی مردنی دایکی، بەمنداڵی دەمێنێتەوە، بەڵام دوای مردنی دایکی کتوپڕ پیر دەبێت." من باوەڕم بەم وتەیەیە، بەڵام باوەڕم بەوەشە کە دەشێت مردنەکەی سمبولی بێت، چونکە لەوانەیە هەندێک جار تووڕەبوونی دایک بەلای کوڕەکەیەوە مردن بێت.

کاتێک دایکم لەسەر تۆ لێم تووڕە بوو، هەستم کرد مرد، هەروەها هەستم کرد زۆر پیر بووم جومانە. ئەگەرچی زویربوونەکەی ئەو تەنیا چەند ڕۆژێکی خایاند، بەڵام نەمتوانی بیبینم لێم دوور بکەوێتەوە و بەزیندوویی بمرێت و هەتیو بم، لە کاتێکدا دایکم هێشتا زیندووە.

ئەگەرچی زۆرباش دەزانم زویربوونی دایک لە کوڕەکەی، لەبەر هەڵبژاردنی ژنێک کە خۆشی دەوێت، جۆرێکە لە ڕووتاندنەوەی سۆزداری. ڕاستە من ڕووتاندنەوەی سۆزداریم ڕەت کردەوە، بەڵام نەمتوانی بەرگەی ڕووتاندنەوەکەی بگرم، ناچار بووم دڵی ڕابگرم و ئارەزووەکەی جێبەجێ بکەم.

کاتێک بابەتی پەیوەندییەکەمان لە ناخمدا یەکلا بووەوە، یەکەمین کەسێک کە بۆم باس کرد باوکم بوو.

دەزانم سەیرە باوکم یەکەمین کەس بێت باسی پرۆژەی

هاوسـەرگیرییەکەمانی بـۆ بکـەم، چونکـە پەیوەندییەکـی لەرزۆکمان هەبوو و هـەزاران هەسـتی دژ بەیـەک لێکیان جیا دەکردینـەوە، بـەڵام دڵنیـا بـووم کـە بـە ئەقڵانیبوونـی پیـاوان مامەڵـە لەگـەڵ پرۆژەکەمـان دەکات.

گەلێک جار باوکان بە زۆرێک لـە ئەقڵانییـەت و تێگەیشتن و نەرمونیانـی مامەڵـە لەگـەڵ هاوسـەری کوڕەکانیـان دەکـەن، بـە پێچەوانـەی دایکانـەوە کـە بەرامبـەر بـە هاوسـەرگیریی کوڕەکانیـان ڕادەوەسـتن و چاوپۆشـیی زۆر لـە شـووکردنی کچەکانیـان دەکـەن.

باوکـم هیـچ نارەزایییەکـی لەسـەر پەیوەندییەکـە یـان هاوسـەرگیرییەکەمان دەر نەبـڕی، بیرۆکـەی خۆشەویسـتیی نێوانمانی قبـوڵ کرد، یان با بڵێین بۆ دڵنەوایيکردنم چاوپۆشـیی لـێ کرد و پێشـوازی لـە خێزانەکـەت و ناوبانگی باوکت کرد.

بەکورتـی، باوکـم لـە ڕێگـەی ئاخاوتنێکی تەلەفۆنیی سیوسـێ خولەکییـەوە هاوسـەرگیرییەکەمانی پیرۆز کرد!

باوکـم، وەکـو مـن، پێشـبینیی ئـەوەی کردبـوو کـە دایکـم ڕەتت دەکاتـەوە. ئـەو، وەکو من، ڕاستەوخۆ ئـەوەی ڕانەگەیاند، بـەڵام پێش تەواوبوونـی پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکەمـان فەرمانـی پـێ کـردم کـە سروشـتی پەیوەندییەکەمـان بـۆ دایکـم بـاس نەکـەم. ئـەو وتـی،

- ئەگـەر دایکـت لێـی پرسـیت لەکوێـوە کچەکـە دەناسـیت، پێـی بڵـێ هاوەڵـی زانکۆمـە و لـە دوورەوە دەیناسـم، ڕەوشـتیم بەدڵـە و هەمـووان ستاییشـی دەکـەن.

سوپاسگوزارانە وتم، بەچاوان.

- تۆ دایکت دەناسـیت، نابێت بزانێت ئـەوت خۆش دەوێت،

ئەویش تۆی خۆش دەوێت!

- بێگومان.

- هەرگیز! لە دوورەوە دەیناسێت و هەمووان ستاییشی دەکەن، ڕەوشتبەرز و خانەدانە...

- پشت بە خوا، بەچاوان.

- وریا بە عەبدولعەزیز، بە دایکت نەڵێیت!

لە مەبەستەکەی گەیشتم و وتم، چی؟ چۆن پێی دەڵێم.

- خوا ئەوەت بۆ بکات کە باشە، ئەگەر خوا بە تۆی دابێت، ئەوا پێی دەگەیت، ئەگەر بە تۆشی نەدابێت، ئەوا کارئاسانیت بۆ دەکات بۆ کەسێکی لەو باشتر.

خەریک بوو بە باوکم بڵێم، دڵنیام هیچ کەسێک لە جومانە باشتر نییە، بەڵام ترسام بە هۆی پەرۆشمەوە بۆت، کە پەرۆشێکی بیانوداربوو، پشتگیریی باوکم لەدەست بدەم!

دەبووایە پاش ڕازیبوونی باوکم، دەربارەی هاوسەرگیرییەکەمان تەلەفۆن بۆ دایکم بکەم، بەڵام نەمکرد، دەنگی باوکم لە کاتی وریاکردنەوەمدا: "دایکت دەناسێت"، لە گوێیەکانمدا دەزرنگایەوە، ترسێکی شاراوە لە ناخمدا هەبوو. دەترسام لەسەر تۆ دەمەقاڵێم لەگەڵ بکات و ڕەتت بکاتەوە، پێت ڕازی نەبێت، گومان بە ئارەزووەکەم بکات. دەترسام سوور بێت لەسەر ڕازینەبوون و گومانکردن و سڵەمینەوە و دوودڵی. پێش هەموو ئەو شتانەش دەترسام بە ڕەتکردنەوە من و تۆش بکوژێت. بۆیە باسەکەم لەگەڵ نەکردەوە. ئەگەرچی دوو یان سێ جار بە تەلەفۆن قسەمان کرد، بەڵام نەموێرا باسی مەسەلەکەی بۆ بکەم.

دوای دوو هەفتە باوکم تەلەفۆنی بۆ کردم، سەرسام

بووم کاتێک ناویم لەسەر مۆنیتەری تەلەفۆنەکەم بینی، چونکە سەرباری بەسەربردنی چەندین ساڵی خوێندن لە غەریبایەتی، باوکم بەدەگمەن نەبوویێت و بۆ کاروباری بازرگانی نەبوویێت پەیوەندیی پێوە نەکردووم.

ئەو وتی، عەبدولعەزیز بۆچی باسی ئەو مەسەلەیەت بۆ دایکت نەکردووە کە بە منت ڕاگەیاند؟

- بەخوا نازانم بۆچی باوکە!

بڕیاردەرانە وتی، چۆن نازانیت بۆچی! دەترسیت؟

- نا نا، ناترسم. ویستم دەرفەتێکی گونجاو بدۆزمەوە بۆ باسکردنی مەسەلەکە.

- ئەو دەرفەتە کامەیە کە چاوەڕوانی دەکەیت؟ من چاوەڕوانبووم پێی بڵێیت و کارەکە ببڕێتەوە... ئەمڕۆ پێم سەریر بوو ئەو ئاگاداری مەسەلەکە نییە!

- ناشێت باسی مەسەلەکەت بۆ کردبێت!

- بەرەوەڵا پێم وت، چۆن بزانم ئەو ئاگادارنییە! قسە لەگەڵ دایکت بکە!... باسی مەسەلەکەی بۆ بکە و پێی بڵێ چیت دەوێت. پیاو بە، کاتێک بڕیار لەسەر شتێک دەدەیت، جێبەجێی بکە، مەسەلەکە دوا مەخە و لەگەڵ دایکت ئاژاوەمان بۆ مەنێرەوە!

کاتێک تەلەفۆنەکەم لەگەڵ باوکم تەواو بوو، عارەقەم لێ دەتکا و ترس دای گرتبووم، چونکە ئەگەرچی تەمەنم سی ساڵ بوو و سپیبوونی قژ ڕووی تێ کردبووم، بەڵام قسەڕەقەکانی باوکم بەسبوون بۆ ڕاچڵەکاندنم، بەتایبەتی کاتێک بابەتی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە دەربارەی شتێکی تایبەت بوو بە تۆ جومانە! ئامادە نەبووم پشتگیریی

باوکم بۆ هاوسەرگیرییەکەمان و بۆ خۆم لەدەست بدەم، وەک هاوپەیمانێک پێویستم پێی هەبوو بۆ پشتگیریکردنی خۆشەویستییەکەمان، چونکە باوکم هاوپەیمانێکی هاکەزایی نەبوو.

***

کاتێک لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئەوەی ئێمەدا کوڕێک دوای چەند کچێک لەدایک دەبێت، هاتنەکەی وەک هاتنی پێغەمبەرەکان وایە، وەک چاوەڕوانکراو پێشوازیی لێ دەکرێت. من بەو جۆرە هاتم، پاش سێ کچی یەک لەدوای یەک هاتم و جیاوازیی تەمەن لەنێوان من و خوشکە گەورەکەمدا چوار ساڵە. من وەک پاشای خێزانەکەم لەدایک بووم، پاشای دایک و باوک و سێ خوشک.

بەپاشایەتی لەدایک بووم، وەک پاشاش گەورە بووم. سزا نەدەدرام، بەرپرسیارێتیی هیچم نەدەگرتە ئەستۆ و هیچ داواکارییەکم ڕەت نەدەکرایەوە. تەنانەت پاش لەدایکبوونی وەلیدی برام، دوای حەوت ساڵ لە لەدایکبوونم، کە خێزانەکەم پێی دڵخۆش بوون و پێشوازییان لێ کرد، هەر کوڕە بەنازەکە بووم، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە یەکەمین نێرینەی چاوەڕوانکراو و یەکەمین شادمانی بووم.

هێشتا دێتەوە بیرم، چۆن لە منداڵیمدا هەموو شتێکم قبوڵکراو و نەرمونیان و پێکەنینبەخش بوو. ئەگەرچی ڕۆژێک هەستم نەکرد ئاژاوەگێڕیم ڕەتکراوەیە، یان کەللەڕەقیم ئاژاوەگێڕ و کەللەڕەق و سەرکردەخواز بووم، بەلام هیچ

دەبێتە ئاستەنگیی بەردەم ژیانی داهاتووم.

دایک و باوکم تەنیا بەشدارییان نەکرد لە خراپکردنمدا، بەڵکو بەدەستی خۆیان ئەو پیاوەی ئێستایان بەرهەم هێنا، ئەو خەسڵەتانەیان لەناومدا چاند، کە ئێستا خۆیان ڕەتی دەکەنەوە.

خۆڕسک لەدایک بووم، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە لەناو جینەکانمدا خەسڵەتەکانی سەرکردایەتیکردن و جۆرێک کەللەڕەقیم هەڵگرتبێت، بەڵام ئەوە دایک و باوکم بوون ئاوی ئەو دوو درەختەی ناویان دام و بە شێوەیەک گەورە بووم، کە ڕازی نابم کەس سەرکردایەتیم بکات و ناتوانم بەشداری لە کاری بەکۆمەڵدا بکەم. وەک پیاوێک گەورە بووم، کە دەبێت سەرکردایەتیی چواردەوری خۆی بکات و ڕازی نەبێت کەس هاوڕای بێت.

کاتێک باوکم خەوشییەکانمی بینی و ڕقی لێیان بووەوە، کە پێش چەند ساڵێک پەیوەندیی نێوانمان تێک چوو.

ئەوساکە تەمەنم بیستودوو ساڵ بوو و لە زانکۆی شا سعود کارگێڕیی بزنزم دەخوێند. خوێندنەکەم لەسەر قاچێک ڕاوەستابوو، لە ڕاستیدا هەرگیز حەزم لە کارگێڕی و لقەکانی نەبووە، بەڵام ویستم پیاوەکەی باوکم بم، دەستەڕاست و هاوبەشی بم، ئەو کوڕە بم کە لە بەردەمی خەڵکدا شانازیی پێوە بکات.

ئەو ماوەیە، وەک هەر گەنجێکی هاوتەمەنم، کچی زۆرم ناسی، زۆر جار پەیوەندیم بەو کچانەوە تەنیا لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بوو و پاش چوونەدەرەوەش لە زانکۆ توانیم تەنیا کەمینەیەک لەوانە ببینمەوە.



Scanned with CamScanner

ریما بۆ چەندین مانگ سەرتاپای داگیر کردم، لەگەڵ ئەودا دەمتوانی خۆم بم، ئەو نەیدەبەستمەوە بە کۆتوبەندی خۆشەویستیی ئاساییەوە، هاوڕێیەتییەکانی منی لەگەڵ کچانی تر قبوڵ دەکرد، بە سادەیی و نەرمونیانیی ڕۆژئاواییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرد. بەو جۆرە، وەک ئەو خۆرسک بووم، سەرباری خۆشەویستیی کلێپەسەندووم بۆی، ڕێزم لە هاوڕێیەتیی ئەو لەگەڵ پیاوان دەگرت، توانیم خۆشەویستی و هاوڕێیەتی لێک جیا بکەمەوە و خۆم لە دڵپیسیی ڕۆژهەڵاتییەکان ڕزگار بکەم، کە لەو بڕوایەدا بووم تەنیا دابونەریتێکی ئەوانە.

پەیوەندییەکەم لەگەڵ ریما زۆر هەژاندمی، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە یەکەمین خۆشەویستیم بوو، یان لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە یەکەمین ژنی جیاوازی ژیانم بوو، چونکە لە کۆمەڵگەکەماندا گشت ژنەکان لەیەک دەچن، بیروباوەڕ و دابونەریت و خەونەکانیان لەیەک دەچێت، تەنانەت ڕوخساریان پێک دەچێت! ئەو لەوانی دیکە نەدەچوو، بۆیە کەوتینە داوی خۆشەویستیی یەکترییەوە و جیاوازییەکەیم قبوڵ کرد، سەرباری ناوازەیی زۆری کۆمەڵایەتی ڕێزم لێ گرت.

نازانم ئاخۆ ئەوساکە بیرم لە هاوسەرگیری لەگەڵ ریما کردبووەوە یاخود نا، بەڵام بەڕوونی دێتەوە یادم، حەزم دەکرد ژیانی خۆمی لەگەڵ بەسەر بەرم.

ریمام زۆر خۆشویست و هەڵەکانیم قبوڵ کرد، لەگەڵ ئەوەدا بڕوام بەوە هێنا کە سێکسکردن پێش هاوسەرگیری مانای بەدڕەوشتی نییە، پەیوەندیی هاوڕێیەتیمان لەگەڵ

لەو ڕۆژگارەدا زۆربەی پەیوەندییەکان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بوو، بەدەگمەن دوو خۆشەویست یەکتریان دەبینی و پەیوەندییە سۆزدارییەکەیان تەلەفۆنکردنی تێدەپەڕاند.

کچە هاوڕێیەکم بە کچە هاوڕێیەکی خۆی ناساندم، کە ناوی ڕیما بوو و تەنیا دوو ساڵ لە خۆم بچووکتر بوو.

ڕیما بە هیچ کامێک لەو کچانە نەدەچوو، کە لەو ڕۆژگارە و لەو کۆمەڵگەیەدا پێیان ئاشنا بووم. ئەگەرچی ئەو خەڵکی نەجد بوو، بەڵام زۆر ئازاد بوو، بەڵکو بەپێوانەکانی ئەو ڕۆژگارە زۆر بەرەڵا بوو.

ڕیما دەموچاوی خۆی نەدەپۆشی، جگەرەی دەکێشا، بەتەنیا دەچوو بۆ وڵاتە جۆربەجۆرەکان، لە هەمووی سەیرتر، پەردەی کچێنیی لەدەست دابوو.

دێتەوە بیرم چۆن بە سادەیی و وەک باسکردنی فیلمێکی بێبایەخ ئەوەی پێ ڕاگەیاندم! پەردەی کچێنی بەلای ئەوەوە گرنگ نەبوو، وەک ئەوەی سەر بە کۆمەڵگەکەمان نەبێت و لێی نەژی.

پێم وایە ئەوە یەکەمین شت بوو بەلای خۆیدا ڕای کێشام، هەموو خراپییەکانی و ڕیزپەڕی و ئازادبوونەکەی بەلای خۆیدا ڕای کێشام. ئەو بە کچەکانی تر نەدەچوو، بۆیە بەخێرایی لەگەڵیدا کەوتمە پەیوەندییەوە. ئەو یەکەمین کچ بوو بەڕاستی خۆشم ویست، ئەوە یەکەمین پەیوەندیی سۆزداریی تەواو بوو لە ژیانمدا بەسەرم بردبێت.

بۆ یەکەمین جار لەگەڵ ئەودا تامی سێکسم کرد، زیاتر لە جارێک پەیوەندیی سێکسیمان هەبوو، حەزم لە بیرۆکەی پێکەوەژیان بوو لە دەرەوەی وڵات.

ڕەگەزەکەی تر بەپێویست مانای ناپاکیکردن نییە لەگەڵ خۆشەویستەکەمان، مانای ئەوە نییە هەرکەسێکمان خۆش بوویێت کە دەبێتە هاوڕێمان. لەگەڵ ئەودا باوەڕم بەوە هەبوو، تەنیا لەگەڵ ئەو کەسەدا هاوسەرگیری بکەین کە خۆشمان دەوێت، هاوسەرگیریشمان مانای کۆتاییهێنان نییە بە هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەگەزەکەی تر.

بەخێرایی پرنسیپ و بڕواکانی ڕیمام وەر گرت، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە لە چەند مەسەلەیەکدا هاوبەش بووین، لە زۆر شت و ئارەزوو و خەوندا لێک دەچووین، زۆر سەرشێت بووین بەئازادی و ژیان لە ڕۆژئاوا، هەردووکمان حەزمان لە پەیوەندی بوو لەگەڵ ڕەگەزەکەی تر، بۆ ئەمەش پشتمان بە تێگەیشتن و شیکردنەوە و فەلسەفەی ئەخلاق دەبەست.

ئێمە تەواو جیاواز بووین لەگەڵ کۆمەڵگەکەمان، بۆیە جیاوازی، سێکس، ئازادی، هەوەسی ناسینی ڕەگەزەکەی دیکە و بیروڕاکانی، هەستەکانی، هەڵسوکەوتەکانی و سروشتەکەی پێکەوەی کۆ کردینەوە.

ڕۆژێک باسی ڕیمام بۆ کردیت، بەڵام حەزت نەکرد بچینە ناو وردەکارییەکانەوە، زیاتر لە جارێک هەوڵم دا باسەکە بکەمەوە، کەچی هەموو جارێک ڕەتت دەکردەوە. ئەوساکە لێم پرسیت، بۆچی حەز ناکەیت وردەکارییەکانی دەرکەوتووترین پەیوەندیی هەرزەکاریم بزانیت؟

لە وەڵامدا وتت سروشتی پەیوەندییەکە قێزەون بووە و وا دەکات ڕقت لێم بێت، لەبەر دڵپیسی نا، بەڵکو لەبەر قێزهاتنەوەت!

وتت، ئەو جۆرە پەیوەندییانە وام لێ دەکەن لێت دوور بکەومەوە، ناتوانم ڕێزی پەیوەندیی لەو جۆرە بگرم عەزیز.

لەو ماوەیەدا زۆر لە خۆم پرسی، ئاخۆ لەبەر پەیوەندییەکی وەهای سەردەمی هەرزەکاری لێم دوور دەکەویتەوە، کە وردەکارییە گیانی بە گیانییەکانیم لەبیر چووەتەوە. ئەی چی دەکەیت ئەگەر وردەکاریی پەیوەندییەکانی دواتر و پەیوەندیم لەگەڵ یاسەمین بزانیت!

دەزانم ناتوانیت لەوە تێبگەیت، ناشتوانیت لە هۆکانی تێبگەیت.

هەندێک جار بیر دەکەمەوە، ئەگەر تەرازووی هێز و مەسەلەکان لاسەنگ بوو، ئەگەر تۆ ڕیما بوویتایە، واتە ڕیما تۆ بیت لە ئێستادا، ئاخو چەند ئازاد دەبووم، چەند لە ترسی لەدەستدانت ڕزگارم دەبوو، چەند ڕێزی پەیوەندییەکانی منت دەگرت! هەروەها بیر دەکەمەوە، ئایا بەردەوام دەبم لەسەر خۆشەویستی بۆ ماوەی چوار ساڵ، وەک چۆن تۆم خۆش ویست و تا ئێستاش خۆشم دەوێیت! ئایا بیرم لەوە دەکردەوە ببیتە دایکی منداڵەکانم؟ ئایا خەونم بەوەوە دەبینی لەگەڵ ئەودا پیروخەڕۆ بم؟ ئایا، ئایا و ئایا...

لەوانەیە هاتنی ڕیما لە سەردەمی هەرزەکاریدا لە بەرژەوەندیی مندا نەبووبێت، لەوانەیە خەسڵەتەکانی ئەو و هاتنی و قبوڵکردنی پەیوەندییەکانی ترم پابەندنەبوونی لەمندا دروست کردبێت.

باش دەزانم توانای پابەندبوونی تەواو و گشتیم نییە، دەزانم ڕاهاتنم بە درێژاییی ژیانم وا دەکات پابەندبوونم لە ئێستا و داهاتوودا کارێکی سەخت بێت، ئەگەر ئەستەم نەبێت.



Scanned with CamScanner

بڕوام پێ بکە، هەوڵ دەدەم پابەندی ئەم پەیوەندییە بم، بەڵام چۆن دەتوانم پابەندی مەسەلەیەک بم، لە کاتێکدا دەزانم پابەندنەبوونیش هیچ لە سروشتی پەیوەندییەکەمان و هەستم بەرامبەرت ناگۆڕێت!

ناتوانم پابەند بم، تۆش قبوڵی ئەوە ناکەیت، دەرەقەتی لەدەستدان نایەم، تۆش ناتوانیت بەبێ پابەندبوون بەردەوام بیت لەگەڵم. بەو جۆرە هێشتا پەیوەندییەکەمان لەسەر ڕێککەوتنێک ڕاوەستاوە، کە دەشێت ڕۆژێک پێی بگەین، یان هەرگیز پێی نەگەین.

دەزانیت، پەیوەندییەکەم لەگەڵ ڕیما تەنیا ژیانی وێران نەکردم، بەڵکو پەیوەندیی منی لەگەڵ باوکم تێک دا. سەیرە ڕۆژێک لێت نەپرسیووم، بۆچی پەیوەندیی من و باوکم ساردە، هۆکاری ناکۆکیی ساردی بەردەوامی چەندین ساڵی دوورودرێژ چی بووە، ئەو ناکۆکییەی بەستەڵەکەکەی بەردەوام دەبێت، تا یەکێکمان دەمرێت، یان هەردووکمان دەمرین.

پەیوەندیم لەگەڵ باوکم کاتێک مرد، کە ئێوارەیەک خۆی کرد بە بەشەکەی ئێمەدا لە ماڵەوە، لە کاتێکدا ڕیما هاتبووە سەردانیم!

باوکم لە دەرگاکەی نەدا، یان لەوانەیە لە دەرگای دابێت!... لە ڕاستیدا نازانم ئەوەی کرد یاخود نا، گرنگ ئەوەیە گوێم لە دەنگی دەرگای ئەو دەستەیەی ماڵەکەمان نەبوو کە لێی دەژیام، ناشزانم چۆن بیرم چووبوو دەرگاکە دابخەم، ئەگەرچی لەوەوبەر بەردەوام دام دەخست. پێم وایە چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد کەسێک سەردانیم بکات.



Scanned with CamScanner

ئەو کاتە ئێوارەیەکی هێمنی زستان بوو، خێزانەکەم لە خێوەتگەی زستانە بوون لە دەرەوەی شار، باوکیشم وەک نەریتی هەمیشەیی شەو درەنگانێک دەهاتەوە بۆ ماڵەوە. نازانم بۆچی ئەم جارە نەریتەکەی خۆی گۆڕیبوو و وەها زوو هاتەوە.

کاتێک باوکم لەسەرخۆ خۆی کرد بە ژوورەکەدا ڕیمام لەئامێز گرتبوو، کە دە خولەک پێش باوکم گەیشتبوو. کتوپڕ باوکم بە باڵابەرزەکەیەوە لە بەردەممدا ڕاوەستا، بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر هەموو شتێکدا، جەستەم بێدەنگ بوو، دڵم لەکار کەوت، تەنانەت کاردانەوەم ئیفلیج بوو!

هیچ نەجووڵام، وشەیەکم نەدرکاند، چاوم بڕییە دەموچاوی باوکم کە بێدەنگ و تووڕە بوو، چاوەکانی بە دوو تۆپی ئاگرین دەچوون.

ڕیما هەستی بە من کرد، سەیری دەموچاوی کردم و بەتوندی ڕووی وەر گێڕا، تا باوکی پەنجا ساڵەم، بە چرچییە شکۆدارەکان و قژی سپیی ڕێزدارییەوە، بیبینێت.

باوکم بەسەر عەباکەی ڕیمادا چەمایەوە کە لەسەر زەوی کەوتبوو، دایە دەستی و بڕیاردەرانە وتی، پشت بە خوا ببەستە، خوا ئابڕووی ئێمە و تۆش بپارێزێت!

چاوەڕوان بووم ڕیما شتێک بڵێت، هەرشتێک، چونکە کچێکی بوێری وەک ئەوە لە دۆخێکی وەهادا بێدەنگ نەدەبوو، بەڵام بینیم بوێریی لە بەردەم قسەکانی باوکمدا پووکایەوە، بەبێدەنگی عەباکەی دا بە سەری خۆیدا و جانتای دەستەکەی هەڵگرت و چووە دەرەوە، بێ ئەوەی باوکم گوێی لە دەنگی بێت، یان شێوە زاری نەجیددیی ئەوی بەرگوێ بکەوێت.

بینیم ڕیما جێمان دەهێڵێت، دڵم لە ناهەمواری دۆخەکەش خەریک بوو لە لێدان دەکەوت. باوکم بە هەنگاوی لەسەرخۆ و هەژێنەوە لێم نزیک بووەوە، هەستم کرد ڕۆژگارێکی درێژ لێکمان جیا دەکاتەوە، بەو پەڕی توورەبوونەوە زللەیەکی لێ دام!

دەستی دایە یەخەم و بەرەو خۆی ڕای کێشام، لەژێر ددانەکانیەوە و بە دەنگێک، کە هەرگیز توندوتیژییەکەیم بیر نەچووەتەوە، وتی، ئاوا دەتەوێت بخوێنیت!... ون بە! لەمڕۆوە ئەمە ماڵی تۆ نییە، ئەمە ماڵی دایکت و براکەت و خوشکەکانتە، چیی تر نامەوێت لە ماڵەکەم بیت، کاروباری مامەڵەکەت تەواو بکە و سەرم سووک بکە، لەناو بچیت!

باوکم یەخەی بەردام و بە دوو چاو سەیری کردم، کە نائومێدیی هەموو جیهانم لەناویاندا بەدی کرد... ئینجا چووە دەرەوە!

باوکم ڕۆیشت، منیش بەهەناسەسواری چاودێریم دەکرد. ئەوە یەکەمین و دواهەمین زللەلێدانی باوکم بوو، ئەو زللەیەی لە ڕێگەیەوە بێبەری بوو لێم.

نەڕەی باوکم لەو ڕۆژەدا بیر نەچووەتەوە، شەڕی کڵپەسەندووی ناو چاوەکانیم بیر نەچووەتەوە، ئەو توورەبوون، سەرشۆڕبوون، قێزهاتنەوە و ڕقلێبوونەوەیەم بیر ناچێتەوە کە بە ڕوخسارییەوە بینیم.

ئەگەرچی زۆر جار خەوم بەوەوە دەبینی لە دەرەوەی وڵات خوێندنی زانکۆ تەواو بکەم، بەڵام خەوم بەوەوە نەدەبینی باوکم بەو شێواز و شێوەیە ڕازی بێت!

لەو ڕۆژەوە باوکم تەنیا لە باوکایەتیی بۆ من و لە

کوڕبوونی من بۆ خۆی بێبەشی نەکردم، بەڵکو لە هەر پەیوەندییەک بە خێزانەکەمەوە دای ماڵیم، بە شێوەیەکی نارەسمی و بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت بێبەری بوو لێم.

بڕیاری دەستهەڵگرتن لە خوێندنی زانکۆ و گەشتکردن، پاش سێ ساڵ سەرکەوتن، مەسەلەیەکی کتوپڕ بوو بۆ هەمووان. لەسەرەتادا دایکم بڕوای بەوە نەکرد کتوپڕ دەستبەرداری ئەو چەند ساڵەی خوێندنی زانکۆ دەبم کە نزیکی تەواوبوون بوو، لەوە تێنەگەیشت بۆچی باوکم کتوپڕ و پاش چەندین ساڵ ڕەتکردنەوەی حاشاهەڵنەگر ڕازی بوو بە ڕۆیشتنم.

بە دایکم وت، ئەگەرچی بەردەوام نامەم ناردووە، بەڵام تا ئەمساڵ هیچ زانکۆیەکی کەنەدی وەری نەگرتووم. بڕوام بەو هێنا کە جارێکی تر ئەو دەرفەتەم بۆ نارەخسێتەوە و دەرچوون لە زانکۆیەکی کەنەدی یەکسان نییە بە تەواوکردنی خوێندن لە هەر زانکۆیەکی سعودی.

لە کاتێکدا باوکم، ئەوەی بەبێدەنگی تووڕە بوو، لە بەردەم ئەواندا هیچ بایەخێکی بە مەسەلەکە نەدا، لەبەر چاوی ئەوان وا دەر دەکەوت، وەک هەر باوکێکی تر ـ کە کوڕەکەی لێی دوور دەکەوێتەوە – ڕۆیشتنەکەی بەنابەدڵی قبوڵ کردووە.

باوکم خەرجییەکانی پەیمانگەی زمانی ئینگیزی دا، کە قبوڵیان کردبووم، یارمەتیی دام بۆ وەرگرتنی ڤیزە و ژیاندنەوەی ژمارەی بانکی و دانانی بڕێک پارە بۆ بەسەربردنی ژیانێکی ئاسوودە لەوێ.

ئێستا تێدەگەم، باوکم بەدوورخستنەوە سزای داوم. ئەو پێی وا بوو ژیان بۆ ماوەی پێنج یان شەش ساڵ لە



Scanned with CamScanner

غەریبایەتی فێری ئەوەم دەکات چۆن ڕێزی دابونەریتەکان بگرم و خۆشم بووێن، ئەو پێی وا بوو بە داخ و پەشیمانییەوە دەگەڕێمەوە و بڕوا ناکەم بۆ ساتەوەختێکیش بیری لەوە کردبێتەوە کە مانەوەکەم درێژە دەکێشێت و لەوانە هەرگیز بیر لە گەڕانەوە نەکەمەوە.

سەرەتا چوومە مۆنتریال و دایکێکم لەدوای خۆم جێ هێشت کە لە ترس و خۆشەویستی و تامەزرۆبووندا کوڵەواری دەردی دڵ بوو، خوشکەکانم جێ هێشت کە چاوەڕوانی ئەوە بوون ڕۆژێک بە سەرکەوتوویی و هەڵکەوتوو بگەڕێمەوە، برایەکم جێ هێشت کە دەزانم لە من باشتر دەبێت بۆ باوکم.

کەچی بە تووڕەیی و حەپەساوی و دەستخەڕۆکراوی باوکم جێ هێشت. ئەگەرچی لە سالانی ڕابردوودا زۆر جار سەردانیم کردووە، بەڵام هەمیشە وەک ئەوساکە بوو کە جێم هێشتبوو. نازانم بۆچی باوکم لەسەر ئەو ڕووداوە لێم خۆش نابێت، بۆچی لەبەر ئەو ڕووداوە لەدەستی دام.

سەبارەت بە ڕێماش، کە بەخێرایی سوێی بەسەرداهاتنی ئەو شەوەی باوکمی نۆشیبوو، پاش تەواوبوونی ئامادەکارییەکانی ڕۆیشتنەکەم و چەند ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنم ئاگاداری کردمەوە کە دەچێتە ئوسترالیا بۆ تەواوکردنی ماجستێر. هەوڵم دا بڕوای پێ بهێنم دوای من بێت بۆ کەنەدا، بەڵام حەزی کرد خۆشەویستی لە دوورەوەڕا تاقی بکەینەوە و بەڵێنی دا بە درێژایی سالانی خوێندن بەنۆرە سەردانی یەکتری بکەین.

پاش گەشتەکەم، پەیوەندییەکەمان بەکردەوە بەردەوام بوو. لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە پەیوەندیمان دەکرد و



Scanned with CamScanner

هەندێک جاریش بە تەلەفۆن زۆر قسەمان دەکرد، بەڵام دوای دوو-سێ مانگ هەستم کرد ساردە لەگەڵم و وردەوردە خۆی لە ژیانم ڕادەکێشێتە دەرەوە. ئەوە بۆ من ترسناک بوو، چونکە بەڕاستی خۆشم ویستبوو و زۆر جار وێنای ئەوەم دەکرد خۆشی و هەژانەکانی ئاوارەیی پێکەوە بەسەر دەبەین.

ئەگەرچی کشانەوەکەی ڕیما بەدکارانە بوو، بە ئەندازەیەک خەمگین و دڵڕەقانە بوو، کە بە هۆیەوە نەخۆش کەوتم، بەڵام بەخێرایی هێز و هەستەکانی خۆم کۆ کردەوە و کۆستکەوتنەکەم تێپەڕاند.

ئەمڕۆ دەزانم کە ڕیما لەبەر یەکێکی تر منی جێ هێشتووە و تەنیا یەکێک بووم لە پیاوە زۆرەکانی، وەک چۆن یەکەمین پیاوی ژیانی ئەو نەبووم، دواپیاویش نەبووم. بەو جۆرە باوکم لەپێناو کچێکدا لەدەست دا، کە ئەڵقەیەکی زنجیرەی یاخیبوونی بەردەوامی ژیانی بووم.

لەبەر ئەوە زۆر دەترسام باسی مەسەلەی هاوسەرگیرییەکەم بۆ دایکم بکەم، دەترسام تۆ و ئەویش لەدەست بدەم، نەمدەتوانی هەتیو بم، لە کاتێکدا دایک و باوکم لە ژیاندان، نەشمدەتوانی بێ تۆ و دوور لە تۆ ژیان بەسەر بەرم.

دوای تەلەفۆنەکەی باوکم پەیوەندیم بە دایکمەوە کرد، کەچی وەڵامی نەدامەوە، زانیم بە وەڵامنەدانەوە سزام دەدات.

ئەوان بەو جۆرەن، بە دوورکەوتنەوە سزامان دەدەن، دوورمان دەخەنەوە، چونکە دەزانن دوورکەوتنەوە ژیانمان لە بەرچاو ناشرین دەکات.

سێ جار پەیوەندیم پێوە کردەوە، جاری سێیەم بە

دەنگێکی سەرزەنشتکارانە وەڵامی دامەوە، بە تەوس و گلەیییەوە وتی، خوا زاوا بپارێزێت!

- خوا تۆ بپارێزێت، چۆنی دایکی عەبدولعەزیز؟

- باشە لەبیرت ماوە تا ئێستا دایکتم.

- چ باسە ئازیزەکەم، تۆ خۆشەویستی دڵیت.

- ستاییش بۆ خۆا کە چوویتەتەوە سەر باوکت، تەنیا قسەت هەیە!

دایکم زۆر سەرزەنشتی کردم، پێی وتم بە خەیاڵیدا نەدەهات بەو شێوازە هاوسەرگیری بکەم، چاوەڕوانی ئەوە نەبووە سەرەتا باسەکە لای باوکم بکەمەوە. ئەو پێی وتم، بە درێژاییی ژیانی خەوی بەوەوە بینیوە خۆی ژنەکەم بۆ هەڵبژێرێت، بەتایبەتی کاتێک "لە ڕوانگەی ئەوەوە" لە ژنهێنان دوا کەوتووم.

چەند بۆم کرا هێورم کردەوە، ماوەیەکی درێژ قسەمان کرد، تۆزێک ئارام دەبووەوە و سەرلەنوێ هەڵدەچووەوە، بەڵام دواجار توانیم ئاشتی بکەمەوە و پاساو بۆ هۆکانم بهێنمەوە. پاش کاتژمێر و نیوێک سەرزەنشتکردن، لە کۆتاییی ئاخاوتنەکەدا پێی وتم، هیچ لەنێوان تۆ و کچەکەدا هەیە؟

- نەخێر، لە دوورەوە دەیبینم و دەربارەی دەبیستم.

- تۆ کچێکت بۆ چییە کە لەگەڵت دەخوێنێت و هاوەڵەکانت دەیناسن؟

- کچەکە خوورەوشت باشە، لە هەموو بارێکیشدا ئەگەر بیرم لە هاوسەرگیری کردەوە، کچێک ناهێنم بە چاوەکانی خۆم نەمدیبێت و ئاشنای ئەخلاقی نەبم. هاوسەرگیریی "بەختی خۆت تاقی بکەرەوە"م بەدڵ نییە و نامەوێت.



Scanned with CamScanner

دایکم پێی وتم، ئەو بەو شێوازە هاوسەرگیریی کردووە، سیان لە خوشکەکانم بەو جۆرە شوویان کردووە، هەردوو خوشکە شوونەکردووەکەشم ڕۆژێک بە هەمان شێواز شوو دەکەن. زۆر درێژەی بە باسەکە دا، منیش بەنابەدڵی قبوڵم کرد. ڕێک کەوتین قسەی لەگەڵ نەکەم تا کاتی گەڕانەوەم بۆ ڕیاز لە هاویندا، ئەو هاوینەی زۆری مابوو پێی بگەین.

***

لە ساڵی دووەممدا لێرە ترس بەردەوام سەری تێ دەکردم، ئەگەرچی ژیان لێرە و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگەکەمان بە گشت تویژەکانیەوە گەورەترین خەونی هەرزەکاریم بوو، بەڵام ناوبەناو ترس لە مردن بەتەنیایی هەڵمەتی بۆ دەهێنام، تا ئێستاش لە ساتەکانی خەمباری و بێهیواییدا هەڵمەتم بۆ دێنێت.

زۆر بیرم لەوە دەکردەوە، ئەگەر مردن کتوپڕ لەم غەریبایەتییە سەردانی کردم، چەند بەمردوویی دەمێنمەوە، پێش ئەوەی کەسێک پێی بزانێت، لاشەکەم چەند بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە، پێش ئەوەی باڵوێزخانە کاروبارەکانی بردنەوەم بۆ ڕیاز تەواو بکەن.

ڕیاز، ئەو شوێنەی حەز دەکەم لێی بمرم!

نامەوێت لە ڕیاز بژیم، ڕۆژێک لە ڕۆژان حەزم نەکردووە لەوێ لەدایک بووم و لێی ژیاوم، بەڵام بێگومان دەمەوێت لەوێ بمرم! هەندێک جار هەست دەکەم ڕیاز خاکی مردنە نەک ژیان، خاکێکە پێویستە دوور لەو ژیان بەسەر بەرین،

بەڵام بۆی بگەڕینەوە، تا دواهەناسەمان لەوێ بدەین.

لەبەرئەوە شوقەکەم جێ هێشت، تا لە ماڵی باتی و ڕۆبێرت بژیم. حەزم دەکرد لە ماڵێکدا بخەوم کە یەکێکی تر هەناسەی تێدا بدات. ژیانی هاوبەشم لەگەڵ هاوەڵێکی کەنداوی لە شوقەدا بەدوور گرت، چونکە دەزانم ئارەزووەکانی خوێندکاران سەبارەت بە شێوازی ژیان جیاوازن، ئەمەش ڕۆژێک دووچاری ناکۆکیی گەورەمان دەکات، ترسام لەوەی پەیوەندی لەگەڵ هاوەڵێکدا بپچڕم. بۆیە پێم باشتر بوو لەگەڵ دوو بەساڵاچووی کەندیدا بژیم، کە زۆرم خۆشم ویستن و بارگرانیی غەریبایەتیی زۆر شەویان بۆ سووک کردم.

دەزانیت پاش ناسینت نۆبەکانی ترسە زۆرەکان کەم بوونەوە. تۆ هاتیت و لەدەست ترس و دڵەڕاوکێ ڕزگارت کردم، ئارامیت بەخشییە دڵم، وام لێ هاتووە ئاسوودە و گەشبین و دڵنیا دەخەوم.

کەچی پاش چوار ساڵ دڵنیایی، ترسەکە ڕووی تێ کردوومەتەوە، زۆربوونی ناکۆکییەکانمان بەم دواییانە سەرلەنوێ نۆبەکانی ترسلێنیشتنیان بۆ گێڕاومەتەوە، وەک ئەوەی هەرگیز جێی نەهێشتبم.

هەندێک جار هەست دەکەم خراپتر لە جاران گەڕاوەتەوە، پێم وایە ڕۆژێک دەمکوژێت و لە تینی ترسەکە گیان لەدەست دەدەم.

یەکەمین جاری گەڕانەوەی ترسەکەم - پاش ماوەیەک دابڕان - دێتەوە یاد، کاتێک ئاگادارت کردمەوە لەگەڵ هەیفا یەکێک لە نێردەکانی خوێندنی ئیماراتت لە قاوەخانەکەی نزیک زانکۆ بینیوە و ئەو پارەکەی بۆ داون و تۆش زۆر

بە هەیفا پێکەنیویت، ئەوەش وای لە کەسەکە کردووە لەو پیاوەتییە بێپاساوە پەشیمان بێتەوە کە لەگەڵی کردوون و هیچ بۆنەیەک نەبووە بۆ ئەنجامدانی.

پاش مانگێک ئاگادارت کردمەوە، کاتێک لە قاوەخانەکە چاوەڕوانی کاتی وانەکەت بوویت، لەگەڵ کچەکەیدا بینیوتە و پێکەوە قسەتان کردووە. بەجۆشوخرۆشەوە باسی دیدارەکەت کرد، ئەوەش دڵپیسیی وروژاندم. ئەگەرچی متمانەی تەواوم هەبوو، ئەستەمە کەسێک بتوانێت لە دڵت دەرم بهێنێ یان سەرنجت ڕابکێشێت، بەڵام ئەو دوو ڕێکەوتە بەلای منەوە ئاسوودەبەخش نەبوون.

بۆیە زۆر تووڕە بووم و سەرزەنشتم کردیت، داوام لێ کردیت بەڕێکەوتیش لە هیچ شوێنێک قسەی لەگەڵ نەکەیت.

لە قاوەخانە تایبەتەکەمان دانیشتبووین، چاپەزەکەی باش دەماناناسێت هات و پارچە کاغەزێکی بچکۆلەی بۆ ڕاگرتیت و پێی وتیت، پیاوێک هاتووە و هەواڵی پرسیویت و داوای لێ کردووە ئەو پارچەکاغەزەت ڕادەست بکەم.

نازانم چی وای لێ کردم بەبێ مۆڵەتوەرگرتن کاغەزەکە لە چاپەزەکە و تۆ ڕابکێشم، دەستخەتی ماجد زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوو، بۆنی پیاهەڵدان لە پیتەکانیەوە دەهات، دیار بوو مەبەستی بووە دەم و دووانت تاقی بکاتەوە.

نامەکە کورتبوو، بەڵام ڕوون بوو: (جومانە... سەری قاوەخانەکەم دا و نەمبینیت... زۆر بیرت دەکەم... ماجد عاتکی).

ئەوساکە هەستم کرد هەزاران لیتر خوێنی گەرم بەرەو خوێنهێنەرەکانم هاتووە، خوێنم قوڵپی دەدا، بەڕاستی قوڵپی دەدا! هەستم کرد هەناسەکانم گەرمن و ماسولکەکانم گرژ

بوون، ناڵێم تووڕە نەبووم، بەڵام توانیم کپی بکەمەوە. لەترسی ئەوەی کارێک دەرهەقت نەکەم، شوێنەکەم جێ هێشت.

کاغەزەکەم بە ڕووتدا فڕێ دا و بەخێرایی بەرەو ئۆتومبیلەکەم ڕۆیشتم، دەمویست بەوپەڕی خێرایی لێت دوور بکەومەوە، ترسام شتێک بەرامبەرت بکەم، ترسام لەوەی تووڕەبوونەکە کوێرم بکات و ئازارت بدەم، بۆیە بەخێرایی سواری ئۆتومبیلەکەم بووم، بێ ئەوەی ئاراستەکەم دیاریکراو بێت کەوتمە ڕێ.

لە ڕێگەم بەرەو شوێنێکی نادیار، هەستم کرد بەبێ ویستی خۆم تووشی چۆقەچۆقی ددان و هەناسەسواری بووم، لەشم نیشتە سەر ئارەقە، هەستم بە خنکان کرد، هەستم کرد خۆم دەکێشم بە ئۆتومبیلێکدا، یان پیادەیەک دەکەم بەژێرەوە. لە کاتێکدا بەرەنگاری هەستی گەیشتنە کۆتایی بوومەوە، ئۆتومبیلەکەم ڕاگرت.

هەنسکهەڵدان ئەقڵی داگیر کردم، بەسەختی هەناسەم دەدا، کاتێک گوێم لە هەناسەدانی شڵەژاوم دەبوو، ترسم زیاتر و زیاتر دەبوو. پشتێنی دڵنیاییم کردەوە، بە دەستی لەرزیو جامی ئۆتومبیلەکەم داگرتە خوارەوە، هەوڵم دا هەناسە بدەم و مردن لە سەرم بکەمە دەرەوە و خۆم بە ژیاندا هەڵواسم.

گوێم لە دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەم بوو، زیاد بوو، بەهەڵلەرزینەوە وەڵامم دایەوە، کاتێک گوێی لە دەنگم بوو وتی، خۆ شتێکی خراپ ڕووی نەداوە!

– هەست دەکەم دەمرم.

بەنیگەرانی وتی، چی ڕووی داوە، چیتە؟



Scanned with CamScanner

بەهەناسەسواری وەڵامم دایەوە، ئۆتومبیلم لێدەخوڕی، هەستم کرد تووشی پێکدادان دەبم.

زیاد بە تێگەیشتنەوە وتی، تێگەیشتم... تێگەیشتم، ئارام بە و هەناسە بدە، هیچت نییە، تۆ لەگەڵ من قسە دەکەیت، هەموو شتەکان باشن.

زیاد هەوڵی دا درێژە بە ئاخاوتنەکەی بدات و چەند دەکرێت ئاسوودە بێت، لە کۆتاییی ئاخاوتنە تەلەفۆنییەکەدا، پاش دڵنیابوون لەوەی ئارامترم، بە پێکەنینەوە وتی، مەسەلەکە گەورە مەکە، تەنیا panic attack بووە، ئەویش ڕۆیشتووەتەوە بۆ ماڵەوە!

هەستم کرد تەلەفۆنەکەی زیاد بەکردەوە لەناو ئەو ترسە دەری هێنام، نازانم چیم بەسەر دەهات، ئەگەر زیاد پەیوەندیی پێوە نەکردمایە، یان نەمتوانیبایە وەڵامی بدەمەوە.

لەوانەیە لە ئۆتومبیلەکەمدا بمامایەتەوە تا لەترسدا دەمردم، ئەگەرچی هەموو ئەو پزیشکانەی لەوەوبەر دەربارەی ترسەکە ڕاوێژم پێ کردوون جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە هیچ کەسێک لە ترسدا نامرێت، بەڵام دەزانم هیچ کامێک لەوانە هەستی بە هەستەکانم نەکردووە. پزیشکەکان هەمیشە ئەوە دەڵێن کە فێری بوون، نەک ئەوەی تێیدا ژیاون و ئەزموونیان کردووە.

ئەو ڕۆژە زۆر ڕقم لێت بوو جومانە، ڕقم لێت بوو، لەبەر ئەوە نا کە چۆن ماجد ئاشنا بوو بە قاوەخانەکەمان، یان بۆچی تەنیا بەدوای تۆدا دەگەڕێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە هۆی تۆوە لە ترس ڕزگارم بوو، بە هۆی تۆشەوە بۆم گەڕایەوە.

بە خەیاڵمدا نەدەهات ڕۆژێک سەرلەنوێ ترسەکەم بۆ بگەڕێتەوە، پێم وا بوو بۆ هەتاهەتایە ڕزگارم بووە لەدەستی و ترس لە مردن تەنیا لە کاتی مردندا بۆم دەگەڕێتەوە.
بۆچی ئەو ترسەت بۆ گێڕامەوە؟

پاش تەواوبوونی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی زیاد بە شەقامەکاندا گەڕام، پێویستم بەوە بوو لەو شوێنانە دوور بکەومەوە کە دەمناسن و دەیانناسم، ئەوساکە بەرامبەرت هەستم بەتووڕەبوون کرد. دەمزانی هیچت نەکردووە و هەڵەتێگەیشتنێک هەیە کە دەستی تۆی تێدا نییە، بەڵام پێویستم بەوە بوو لێت تووڕە بم، هەست بکەم ئازارت داوم... پێویستم بەوە بوو هەست بەوە بکەم، چونکە زۆر جار ئەوە من بووم کە تووڕەم کردوویت و ئازارم داویت.

لەوانەیە لە نائاگاییمدا ئارەزووی ئەوەم کردبێت ناپاکیم دەرهەق بکەیت تا یەکسان بین، یان لەوانەیە بۆ ئەوە بووبێت لە ویژدانئازاردان ڕزگارم بکەیت، کەچی سەرباری ئارەزووی شاراوەی ناو ناخم، ئەنجامی کارەکەت هەستم بە ڕیسوابوون و نشوستیهێنان کرد.

دەزانم تۆ هیچ لەم هەستانە تێناگەیت، لەو بڕوایەشدام سەختە کەسێک لێی تێبگات، بۆ خۆم نەمتوانی لێی تێبگەم، پاش چەندین مانگ ئینجا توانیم بگەمە شیکردنەوەی.

نازانم چۆن باسی ئەوەت بۆ بکەم، کە هەستم پێ کرد و ئارەزووم دەکرد!

ویستم باوەڕ بەوە بکەم کە ناپاکیم دەرهەق دەکەیت، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە شایستەی تۆ نیم، بەڵام بڕوام بە خۆم هێنا تۆ ناپاکیت کردووە، هەستم بە ئازارێک

کرد کە دەرەقەتی نەدەهاتم، هەستم بە ترسی لەدەستدانت کرد، زۆر ئازارم چەشت، زۆر بە توندی ئازارم چەشت!

پاش چەندین کاتژمێر گەڕانی بێئامانج، یان بێئاراستە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، هەوڵم دا هەستەکانم شرۆڤە بکەم و بیروڕاکانم ڕێک بخەم، بەڵام بێئاکام بوو، بۆیە پاش داخستنی تەلەفۆنەکەم، کە بەدەست تکای پەیوەندییەکانتەوە دەیناڵاند، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

کاتێک چوومە ماڵەوە بینیم ڕۆبێرت و باتی سەیری بەرنامەیەک دەکەن، بەپەلە سڵاوم لێ کردن، ڕۆبێرت ڕای گرتم و بە کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنەکە ئاماژەی کرد: عەزیز، پێش چەند کاتژمێرێک جومانە هات و دەیویست بتبینێت.

- سوپاس بۆب، پەیوەندیی پێوە دەکەم.

باتی بە دوو ناوچەوانی گرژەوە وتی، ئەگەر بۆب ئەوە بە من بکات کە تۆ بە جومانەت کردووە و دەیکەیت، ئەوا چەند ساڵێک لەمەوبەر جێم هێشتبوو.

منیش بەگاڵتەوە وەڵاممدایەوە، [لەوەتەی دەتانناسم هەڕەشەی جێهێشتنی لێ دەکەیت، بۆچی لەبریی ئەو ترساندنە جێی ناهێڵیت؟]

ڕۆبێرت بەوە شادمان بوو کە بەرگریم لێ کرد، باتیش قۆریی چاکەی هەڵگرت و بەدەم بۆڵەبۆڵی بێزارییەوە چوو بۆ چێشتخانەکە.

چوومە ژوورەکەم و لەسەر پێخەفەکەم ڕاکشام، هەستم کرد هەوری دەستخەڕۆیی بەسەر سەرمەوەیە. بیرم لەوە دەکردەوە ئەو هەستانە چەند ئازاربەخشە، بیرۆکەی ناپاکیکردن زیاتر و زیاتر زاڵ دەبوو بەسەرمدا، ململانێیەکی

خوێناوی لەناو ناخی شپرزەمدا ڕووی دەدا.

شتێک لە ناخمدا هاواری دەکرد و هەوڵی دەدا لەو دڵشکاوییە بێدارم بکاتەوە، دەیوت ئەستەمە شتێکی لەو جۆرەم دەرهەق بکەیت، لەبەر ئەوە نا کە خۆشت دەوێم، بەڵکو چونکە ڕەفتاری وەهات لێ ناوەشێتەوە. تۆ ئاشنای بیرۆکەی وەها نیت و ئەو جینەت هەڵنەگرتووە، تۆ ژنێکیت هەرگیز ناپاکی دەرهەق بە کەس ناکەیت، چونکە بەسادەیی ئاشنای ناپاکی نیت و هەست بە چێژلێوەرگرتنی ناکەیت.

لەو بەرەوە شتیک بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەو کارەت کردووە و ڕای دەوەشاندم و دەیوت، سووکایەتیت پێ کراوە، هەڵخەڵەتێنراویت، ئەو گاڵتەت پێ دەکات!

ویستم باوەڕ بە هەردوو دەنگەکە بکەم، ویستم ناپاکیم دەرهەق بکەیت و نەشیکەیت، ویستم متمانەت پێ بکەم، بەڵام ویستم گومانیشت لێ بکەم. باوەڕم پێ بکە، نازانم بۆچی ئەو هەستەم هەبوو و هەیە! من نەخۆشم، گومانم بەرامبەر بەوە نییە، بەڵام نازانم هۆکارەکە چییە.

بیروڕاکان لەناو سەرمدا دەچوون بەگژی یەکتردا، هەستم کرد سەرم گەورە دەبێت، قورس دەبێت و سەرسم دەدات، چەکمەجەی تەنیشت پێخەفەکەم کردەوە، دوو حەبی ئارامبەخشم خوارد، کە چەند ساڵێک لەوەوبەر پزیشکێک بۆی نووسیبووم، [چۆکم دادا بۆ بانگەوازی گریانی پێویستی ناو ناخم.]

پێم وایە بۆ هەموو شتێک گریام، بۆ هەموو ڕووداو و کەسێک گریام، پێویستم بەوە بوو پاش ماوەیەکی درێژ

لە لەدەستدانی توانای گریان بگریم، هۆکارێکی گریانم بۆ هەموو هەڵوێستەکانی ڕابردوو دەست کەوت، زیاتر لە هەرشتێکی دیکە ترس دای گرتبووم، جارێکی دیکە ترسانی ناو ئۆتومبیلەکە تۆقاندمی، هەستم کرد تۆ هۆکارەکەیت و سەرلەنوێ دوچاری دووبارەبوونەوەی بەردەوامی ئەو ترسە دەبمەوە.

دەستم دایە تەلەفۆنەکەم و پەیوەندیم پێوە کردیت، دوای یەکەم زەنگ وەڵامت دامەوە، قیژاندم بەسەرتدا و جنێوم پێ دایت. پێم وتیت دوو حەبم خواردووە، ئەگەر دان بەوەدا نەنێیت کە نەتکردووە، ئەوا باقیی حەبەکانی ناو قوتووەکە دەخۆم، لەپێناو ئارامکردنەوەمدا ئەوەت کرد، کاتێکیش کردت هەرەسم هێنا!

کاتێک گوێم لەوە بوو کە دەمویست بەرگوێم بکەوێت، کۆتاییم بە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە هێنا و گوێم بەوە نەدا کە دەپاڕایتەوە، تا گوێت لێ بگرم. ڕام کرد بۆ تەوالێتەکە و دەستم کرد بە قوڕگمدا، بۆ ئەوەی بڕشێمەوە. هەردوو حەبەکەم هێنایەوە، بەڵام نەمتوانی خەفەت و ترس و تووڕەیی بهێنمەوە!

***

بەردەوام دەڕوانمە ئەو وێنەیەی پێکەوە کۆمان دەکاتەوە، سەرسام دەبم بە ئاسەوارەکانی پێکەوبوون، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەسەر ڕوخسارمان دەنەخشا. سەیری وێنەکانی چوار ساڵی ڕابردوومان دەکەم، هەندێکیان بە شەیدابوونی

ئاشکراوە، هەندێکیان بە گیانیبەگیانیی لەڕادەبەدەرەوە، هەندێکیش بە هۆگربوون، ئاشنابوون، خۆشەویستی، دڵپیاچوون، پەیوەندی و تێکەڵبوونی درێژخایانەوە.

هەمیشە پێم دەڵێیت، ئەگەر پێش چوار ساڵ هاوسەرگیریمان بکردایە، لەوانەیە ئێستا منداڵێکمان هەبووایە. بە خۆم دەڵێم، لەوانەیە دوو منداڵ، یان سێ منداڵمان هەبووایە!

بەسەربردنی چەندین ساڵ پەیوەندیی خۆشەویستی، مانای ئەوەیە مەدالیای یادەوەریی هەتاهەتایت پێ ببەخشرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو پەیوەندییە کۆتاییش هات.

سەختە پەیوەندییەکی درێژخایان لەبیر بکەیت، چونکە لەوانەیە بەشێکی زۆری تەمەنی تۆی داگیر کردبێت، یان ئەگەر پەیوەندیی خۆشەویستییەکە ڕاستەقینە نەبووایە، ئەو هەموو ساڵە بەردەوام نەدەبوو.

لە هیچ پەیوەندییەکدا پێنج مانگ زیاتر بەردەوام نەبووم، جگە لەگەڵ تۆ و یاسەمین. پەیوەندییەکەم لەگەڵ یاسەمین چەندین ساڵەیە، بەڵام پەیوەندییەکە خۆشەویستی نییە، پەیوەندییەکی بەردەوامیش نەبووە، بەڵکو پچڕپچڕ بووە، پەیوەندییەک بووە مەزاج و پێداویستی جڵەوی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژێک ئەو پەیوەندییە لەیاد ناکەم، چونکە زۆر ساڵی تەمەنی بردووم و یادەکەی ڕۆژێک ئازارم نادات.

کەچی تۆ جومانە، ئەگەر لەدەستم دایت، حەز ناکەم بیرم بکەویتەوە، تۆیەک دەزانم خاڵێکی دەشتەکیت لە دڵمدا دروست کردووە کە لەناو ناچێت و ناسڕێتەوە. خاڵەکەت خۆشەویستییە لە دڵمدا، منیش تۆم وەک خاڵێک لەسەر



Scanned with CamScanner

نەخشاندووە.

لە مۆنتریال لەگەڵ یاسەمین بووم، چووینە دوکانێکی تایبەت بە کوتانی خاڵ، دەیویست دوو باڵی فریشتە لەسەر دەفەی شانی بکوتێت.

مایەی گاڵتەجاڕی بوو دوو باڵ هەڵبژێرێت، لە کاتێکدا ئەو زۆر دوورە لە فریشتەوە، بەڵام زۆر گوێم پێ نەدا، لەبەر ئەوەی حەزیشی لێ بوو، لەگەڵیدا چووم و دوو باڵەکەی بەدەست هێنا!

سەیریناملیکەیەکمان کرد کە شێوە و پیت و نیگاری زۆری خاڵکوتانی تێدا بوو، ئاماژەی بۆ خاڵێک کرد کە پیتی (ل)ی ئینگلیزی بوو.

وتی، دەڵێی چی ئەم خاڵەت بۆ بکوتن؟

سەرم سووڕ ما بە هەڵبژاردنی پیتەکە، پێم وا بوو مەبەستی تۆیە، لە کاتێکدا ڕۆژێک لە ڕۆژان باسی تۆم بۆ نەکردووە، بەڵام دەیزانی ژنێکی تر لە ژیانمدایە، ئەوەم لەیاد کرد کە ناوەکەی بە ئینگلیزی (Jasmin)ـە.

بەسەرسووڕمانەوە وتم، بۆچی بەتایبەتی (ل)؟

بەدەم پێکەنینەوە وتی، چونکە یەکەمین پیتی ناوەکەمە.

زەردەخەنە گرتمی، شتێک لە ناخمدا پێکەنی، دەمزانی ئەو لە دواکارییەکەیدا جیددی نییە و تەنیا گاڵتەم لەگەڵ دەکات، چونکە ئەستەمە پیاو کارێکی وەها بۆ ژنێک بکات کە پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی لەگەڵیدا نییە.

بەخێرایی بیرم کردەوە، هەستم کرد کوتانی خاڵێک بە یەکەم پیتی ناوەکەت لەسەر سنگم سەرسامت دەکات، تۆیەک کە شانازی بە ناوەکەتەوە دەکەیت، ئەو ناوەی تا سەر

مۆخی ئێسکان ڕۆمانسییە.

سڵم لە بیرۆکەی هەتاهەتاییبوون دەکردەوە، دەترسام خاڵێک بکوتم هەتاهەتایە لەگەڵم بمێنێتەوە. بیرم کردەوە، ئەگەر مردم، دەتوانم بە شتێکی نەفرەتلێکراوەوە ڕووبەڕووی خوا ببمەوە، بەڵام ئەهریمەن لە ناخمدا هەڵی فریواندم، لەبەر خاتری تۆ کردم جوانە.

یاسەمینم سەرسام کرد، هەروەها تۆم سەرسام کرد... لە هەردوو بارەکەشدا بەختەوەر بووم!

دوو ڕۆژ دوای ئەوە پەیوەندیم پێوە کردیت، داوام لێ کردیت لەگەڵ هەیفا بێن بۆ قاوەخانەکە، چونکە سوپرایزێکم بۆ ئامادە کردوویت، هەروەها پەیوەندیم بە زیاد و محەمەدیشەوە کرد.

کاتێک کۆ بووینەوە، لێت پرسیم، سوپرایزەکەت چییە؟

قۆپچەکانی کراسەکەم کردەوە، هەیفا بەگاڵتەپێکردنەوە وتی، چییە؟ خۆت فڕێ دەدەیتە ناو کوپێک ئاوەوە؟

فەرامۆشم کرد، چاوەکانم لەسەر تۆ بوون، چاوەڕوانی واقوڕمان و سەرسامبوونی تۆ بووم، کە چاوەڕوانم دەکرد. شاشەکەم لە سەر خاڵەکە لابرد و چاوەکانم خستە سەر تۆ، تا بیبینیت و دڵخۆشیتم لەدەست نەچێت.

زۆر حەپەسام، کاتێک لێت پرسیم، ئەی ئەگەر کەسێک بینی... پێم وتیت جگە لە تۆ هیچ کەسێکم بەلاوە گرنگ نییە. هەستم بە ڕۆحت کرد لە خۆشیدا باڵەفڕەی بوو، دوور فڕی، زۆر دوور.

پاش ئەوەی لەگەڵ هەیفا ڕۆیشتن، زیاد وتی، برا گوناهت دەگات گەمە بەو کچە دەکەیت!



Scanned with CamScanner

هەستم بە سەرشۆڕی کرد، لەبەر خۆم نا، بەڵکو لەبەر تۆ، وتم، کێ دەڵێت من گەمەی پێ دەکەم؟

محەمەد وتی، دەڵێی چی گەمە بە ئێمەش بکەیت؟ ئێمە دەزانین لەکوێوە هاتوویت و بۆ کوێ دەچیت.

وتم، نەوەڵا، لەبەر خاتری جومانە کردوومە، نەک یاسەمین.

زیاد بەبێزاری وتی، گوناهت دەگات، بەخوا ئەو کچێکی باشە.

محەمەد بۆ پشتگیریکردن سەری لەقاند، دەمزانی شتی زۆریان لایە دەربارەی پەیوەندییەکەمان بیڵێن، بەڵام لەپێناو پاراستنی پەیوەندییە دێرینەکەی نێوانمان هیچیان نەوت.

بە ئەندازەی ئەوەی دڵخۆشیت بە خاڵەکە شادمانی کردم، بە هەمان ئەندازە قسەکانی زیاد و محەمەد شادمانییەکەیان لێ تێک دام.

زۆر ئازاربەخشە نزیکترین کەسەکان پێیان وا بێت من هەڵت دەخەڵەتێنم، گومانکردنەکەیان ئازاری دام، دیمەنی فشۆڵی تۆ لە زەینی ئەواندا ئازاری دام.

گەمەت لەگەڵ ناکەم و گەمەشت پێ ناکەم، تۆ کچێکی گەمژە و تەنانەت ساویلکەش نیت، ئەوان لەوەی نێوانمان تێناگەن، بەڕاستی نازانن من کێم و تۆ کێیت، نازانن پەیوەندییەکەمان بەرەو کوێ دەڕوات.

ئازاردانت بەبێ ئاگاداریی خۆت ئازارم دەدات، ئازاربەخشە بیبینم، لە ڕوانگەی ئەوانی دیکەوە، فریو دراویت و خەڵک بە هۆی من و بێ ئەوەی مەبەستم بێت بەزەییبیان پێتدا بێتەوە. باوەڕم پێ بکە جومانە، هەرگیز هەوڵم بۆ ئەوە



Scanned with CamScanner

نەداوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان مەبەستم ئەوە نەبووە، هەرگیزیش مەبەستم نابێت.

***

دەترسم ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خۆشویستنت بکەوم...

ئەگەرچی عاشقەکان هەمیشە دەترسن لە خۆشویستنی ئەوانە بکەون کە عاشقیانن، یان کۆتایی بە خۆشەویستییەکەیان بێت، بەڵام من لەوانە نیم، لەوە ناترسم لە خۆشویستنم بکەویت، بەڵکو دەترسم من ئەوە بکەم.

دەمەوێت بۆ هەتاهەتایە خۆشم بووێیت، لەبەر ئەوە نا کە بە هەموو بوونتەوە خۆشت دەوێم، بەڵکو لەبەر ئەوەی جگە لە تۆ نامەوێت کەسێکی ترم خۆش بووێت.

هاوسەرگیریی یەکێک لە هاوڕێکانم بە تەڵاق کۆتایی هات، بەخۆشەویستی هاوسەرگیریی کردبوو، هاوسەرگیرییەکەی سێ ساڵ بەردەوام بوو، بەرهەمەکەی فریشتەیەکی بچکۆلە بوو.

جارێکیان لێم پرسی، بۆچی تەڵاقتان هەڵبژارد؟

لە وەڵامدا وتی، چونکە چیی تر یەکترمان خۆش نەدەویست.

- ئەی ئەو هەموو خۆشەویستییە چیی بەسەر هات؟

بە خەمبارییەک وەڵامی دامەوە، کە هەستم بە گەرمیی کرد: پێم وایە ئەوە سەختترین شتی لێکجیابوونەوەیە، نەک شکستخواردن، یان دابەشبوونی منداڵ لەنێوان هەردوو هاوسەرەکەدا و ناسەقامگیریی لە داهاتوودا، سەختترین شتی



Scanned with CamScanner

لێکجیابوونەوە ئەوەیە، لە خۆشویستنی ئەو کەسە بکەویت کە پێت وا بوو لەو زیاتر کەسێکی ترت خۆش ناوێت.

ئەو ڕۆژە بیرۆکەکە زۆر منی ترساند، ترسام لەوەی خۆشەویستیم بۆت لەدەست بدەم و سەرلەنوێ بچمە ناو گێژاوی بەدواداگەڕانەوە[ من دەتوانم هەزار هاوڕێی کچ بدۆزمەوە و سەد پەیوەندی دروست بکەم، بەڵام توانای ئەوەم نییە کەسێک بدۆزمەوە وەک تۆ تەواوم بکات.]

جوانە،(لەدەستدانت مانای سەرلەنوێ گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر، دووبارە گەڕانە بەدوای ژنێکدا کە خۆشم بوویت، وەک چۆن تۆم خۆشویست و خۆشم دەوێیت، لەوانەیە گەڕانەکە چەندین ساڵی دریژ بخایەنێت و هەرگیز ئەو ژنە نەدۆزمەوە.]

ڕۆژێک پێم وتیت، حیکایەتەکانی خۆشەویستیی جوان، بە هاوسەرگیری کۆتایی دێت، وەڵامی تۆ ئەمە بوو:

- نامەوێت خۆشەویستیم بۆت بە هاوسەرگیری کۆتایی بێت، دەمەوێت خۆشەویستییەکەمان پیر بکات، گەورە بێت، قەبە بێت، بۆ هەتاهەتایە بەردەوام بین لەسەر یەکترخۆشویستن.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە ئەندازەی ترسم لە ڕاوەستانی خۆشەویستیت، دەترسم ساردیی واقیع تووشی ڕاچڵەکینت بکات.

هەمیشە هەوڵ دەدەم تێت بگەیەنم کە ئەم ژیانە سەختە و چۆن پێکەوەژیانمان واقعیانەیە، ئاوەهاش ڕۆمانسیبوونەکەت هەندێک جار دەمترسێنێت. باش دەزانم ناتوانم لەو ژیانە پەمبەییەدا هاوبەشت بم کە دەیخوازیت.

هەمیشە پێت دەڵێم، هاوسەرگیری تەواو جیاوازە لەگەڵ خۆشەویستی، هاوبەشبوونی دوو کەس لە ژیاندا بە تاڵ و شیرینییەوە و ئارامیبەخشین بە یەکتری جیاوازە لەگەڵ ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی جوانترین شتی خۆمانی تێدا دەخەینە ڕوو.

ئەو ڕۆژە گاڵتەت پێ کردم و لێت پرسیم، مەبەستت ئەوەیە، لە خۆشەویستیدا تەنیا جوانترین دۆخەکانی خۆمان دەخەینە ڕوو؟

وەڵامم دایتەوە، بێگومان!

- واتە تۆ ئێستا لە باشترین بارەکانی خۆتدایت؟

- بەدڵنیاییەوە، ئەمە باشترینی ئەوەیە کە بەدەستمەوەیە!

بە گاڵتەپێکردنەوە هەنسکت دا: ئاخ!

دووپاتم کردەوە، ئەوە باشترین شتە کە بە کردەوە لە منی دەبینیت، بەڵام قسەکەی منت بە جیددی وەر نەگرت. دەزانیت!

لە یەکەمین بینینەوە لە قاوەخانەکە زانیم تۆ ئەوەی کە وێڵم بەدوایدا. ئەگەرچی ڕۆژێک باوەڕم بە خۆشەویستی لە یەکەم نیگاوە نەبووە، بەڵام بە دڵ و ئەقڵ و ڕۆحم پێکەوە زانیم تۆ ئەو کەسەیت کە بەدواتدا دەگەڕام، منیش ئەو کەسەم کە تۆ بەدوامدا گەڕاویت. لەگەڵ ئەوەشدا دەترسم هاوسەرگیری تووشی ڕاچڵەکینت بکات، دەترسم خۆشەویستی لە بەردەم هاوسەرگیریدا ڕووت ببێتەوە و گشت خەوشییەکان دەر بکەون، سەرەنجام خۆشەویستی بمرێت و هاوسەرگیری هەرەس بهێنێت، من و تۆش لەناو بچین.

تۆ دەتەوێت شوو بە یەک بکەین، پێکەوە بین، بۆ

هەتاهەتایە یەکترمان خۆش بوویێت. تۆ سڵ لە خۆشەویستی ناکەیتەوە و لە گۆڕانەکانیشی ناترسیت، بەڵام من زۆر سڵی لێ دەکەمەوە و لە گەشەکردن و پاشەکشەکانی دەترسم.

دەڵێیت من هەموو شتەکان دەفەلسەفێنم و بێتامیان دەکەم، پێت وایە دەبێت بچینە ناو ئەزموونەکەوە و پێکەوە هەموو ئەو شتانە بدۆزینەوە کە لەخۆی گرتوون و شاردوونیەتەوە، بەڵام من ناتوانم سەرچڵیت لەگەڵ بکەم... دەمەوێت هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم و دەشترسم گرەو لەسەر تۆ و بە تۆوە بکەم، نامەوێت لەگەڵ تۆ شکست بخۆم... لەگەڵ تۆ نا جومانە، لەگەڵ تۆ نا!

***

دوای حیکایەتەکەی ماجد و دەمەقاڵێیەکەی ئەو ڕۆژە، هەستم کرد شارەکە شوێنی منی تێدا نابێتەوە، دەموچاوت هەموو گۆشەکانی تەنیوەتەوە، لە گشت شەقامەکان و هەموو کونجێکدا تۆم بینی، لە ڕوخساری هاوڕێکانم و وردەکارییەکانی شەقامەکاندا بوویت، کاتی بارانبارین بۆنەکەت هات بەسەرمدا، زەردەخەنەکەتم لەناو کوپی قاوەدا بینی، تارماییتم بینی لەگەڵ تیشک و تاڵەکانی خۆر خۆی دەخزاندە ناوەوە.

بڕیارم دا تۆزێک لێت دوور بکەومەوە، لە شوێنێک هەناسە هەڵمژم، کە لە ئۆکسجیندا هاوبەشیم ناکەیت. تەلەفۆنم بۆ یاسەمین کرد، جانتاکەم کۆ کردەوە و چووم بۆ فڕۆکەخانە، تا بچمە لای یاسەمین و لێت دوور بم. کەچی لە مۆنتریالیش

تۆم بینییەوە، لە هەموو شوێنێک بەر تۆ کەوتم، لەنێوان من و یاسەمینیشدا ئامادە بوویت، نەمتوانی لە مێشکی خۆمت دەر بکەم و لە هەردووکمانت دوور بخەمەوە.

شەوێکیان یاسەمین لەگەڵ دەستە خوشک و هاوڕێکانی چوونە دەرەوە. من خەمبار بووم، پێم باشتر بوو لە ماڵەوە بمێنمەوە و چاوەڕانی بم. ویستم نامەیەک بۆ زیاد بنووسم، بەڵام کاتێک بەدوای ناوەکەیدا دەگەڕام، ژمارەکەی دایکتم لەسەر مۆنیتەری تەلەفۆنەکە بە ناوی "پوورم دایکی جومانە"وە بینی!

دوو یان سێ ساڵ لەمەوبەر، کاتێک لە ڕیاز بووین و تەلەفۆنەکەت لە تۆڕدا نەبوو، بە تەلەفۆنەکەی دایکت پەیوەندیت پێوە کردم. نازانم بۆچی ژمارەی تەلەفۆنەکەیم پاراستووە، لەوانەیە هەستم کردبێت ڕۆژێک پێویستم پێی دەبێت، یان ترسابم لێرە شتێکت بەسەر بێت و نەزانم چۆن پەیوەندی بە کەسوکارتەوە بکەم، یاخود لەوانەیە بۆ ئەوە پاراستوومە تا بیدەم بە دایکم، ئەگەر بیەوێت قسەت لەگەڵ بکات، یاخود بۆ ئەوەی ئازارت بدەم! لە ڕاستیدا نازانم بۆچی ژمارەکەم پاراست، بەڵام پاراستم.

کاتێک ژمارەکەی دایکتم بینی، زۆر بیرم نەکردەوە، شتێک لەناو سەرمدا لەکار کەوت، هەستم کرد پەنجەم دەست دەنێت بە زەنگدا بۆ پەیوەندیکردن، نازانم چۆن بەبێ بیرکردنەوە ئەوەم کرد.

تۆ کەسێکی زۆر میهرەبان و ڕاستگۆ و ڕوونیت، چاوەڕوانی ئەوە نیت کەسێک ناپاکیت دەرهەق بکات. تۆ نازانیت ناپاکی چییە، ناشزانیت بۆچی خەڵک ناپاکی دەکەن



Scanned with CamScanner

و چۆن دەیکەن.

کاتێک پەیوەندیم بە دایکتەوە کرد، ناپاکیم دەرهەق نەکردیت، مەبەستم ئازاردانت نەبوو، بەڵکو شتێک لە ناخمدا پاڵی پێوە نام پەیوەندیی پێوە بکەم. کاتێک ژنێک ئازاری پیاوێک دەدات، تەنیا دەنگی سووکایەتیپێکردن لە ناخیدا بەرز دەبێتەوە، ناتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئارەزووی تۆڵەکردنەوەدا، کە لە ناخیدا هاوار دەکات. نازانم ئاخۆ هەموو پیاوان بەم شێوازە بیر دەکەنەوە و هەمان هەستیان هەیە، بەڵام بێگومان من ئەو پیاوەم.

دایکت بە دەنگێکی پڕ لە تامەزرۆبوون و دڵخۆشییەوە وەڵامیدایەوە، پێی وا بوو تۆیت پەیوەندیی پێوە دەکەیت.

- خوا تەمەنی ئەم دەنگە درێژ بکات!

- ئێوارەت باش!

بە دەنگێکی سەرسام و ترسەوە وەڵامیدایەوە، ئێوارەت ڕۆشەن، کێم لەگەڵە؟

- دایکی خالیدی؟

- بەڵێ، کێم لەگەڵە؟

- باڵوێزخانەی سعودییە لە کەنەدا.

بە دەنگێک کە خەریک بوو هەرەسی دەهێنا: جومانە! جومانە چییەتی؟

- ئەو باشە، نیگەران مەبە.

بە گومانەوە و بە دەنگێکی لەرزۆک: ئەگەر باشە، بۆچی پەیوەندیم پێوە دەکەن؟ چی ڕووی داوە؟

- نازانم دەتوانم چی بڵێم، مەسەلەکە زۆر لەڕوودامانە.

- تکایە مێشکم ماندوو بووە، پێم بڵێ چیت لایە!



Scanned with CamScanner

- وەک وتم، ئەو باشە، بەڵام هەندێک تێبینیمان لەسەری هەیە، ویستمان ئێوەی لێ ئاگادار بکەینەوە.

تێبینی! چ جۆرە تێبینییەک؟

- هەندێک لە هاوەڵانی زیاتر لە جارێک بە باڵویزخانەیان ڕاگەیاندووە کە پەیوەندیی لەگەڵ نێردەیەکی خوێندنی ئیمارات هەیە، وەک تۆش دەزانیت ئەو کچێکی سعودییە و نیگەرانین بۆ ناوبانگ و وێنەکەی لە دەرەوە.

بەنکوڵیکردنەوە قیژاندی، ئەستەمە! ئەستەمە کچەکەم کارێکی وەها بکات، ئەستەمە.

- ئەوە ڕووی داوە، هاوەڵەکانی بەبێ هۆ هەوڵی ئازاردانی نادەن.

- باوەڕ بەوە ناکەم! ئەستەمە، من زۆر ئاشنای ئەخلاقی کچەکەمم، دەزانم چۆن پەروەردە بووە، ئەستەمە ئەوەی باسی دەکەیت ڕاست بێت.

- وەک پێم وتیت، ئەوە ڕووی داوە، بۆیە پەیوەندیمان پێوە کردوون، تا پێش دەستوەردانمان کێشەکە چارەسەر بکەن.

- دەستوەردانی ئێوە چۆن دەبێت؟

- بێگومان لە هاوکاریی دارایی خوێندن بێبەش دەکرێت.

- ئای خوایە گیان، ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە وتت، جومانە کاری وەها ناکات.

- هیوادارین بە شێوازی خۆتان کێشەکە چارەسەر بکەن، نامانەوێت هیچ گرفتێکی ئاشکرا بۆ کچەکە دروست بێت.

- ئای خوایە گیان، خوایە بمانپارێزە، خوایە بمانپارێزە!

بە چەند وشەیەکی بڕیاردەرانە دڵنەواییم کرد، قسەکانم



Scanned with CamScanner

بۆ دووبارە کردەوە، سوپاسی کردم و بە دەنگێکی لەرزۆک بەڵێنی پێ دام کێشەکە بە شێوازی خۆی چارەسەر بکات.

کاتێک تەلەفۆنەکەم داخستەوە، هەستم بە هەموو شتێک کرد، کە دەشێت مرۆڤێک هەستی پێ بکات، سەرکەوتوو و سەرشۆڕ بووم، بەد و ڕەنجەڕۆ بووم، هەستم کرد شایستەی ئەوەیت کە کردم، هەروەها هەستم کرد تاوانم دەرهەقت کردووە.

سەرلەنوێ "ویژدانم" شڵەژا، هەستم کرد گەدەم بچووک دەبێتەوە و گرژ دەبێت، بەڵام ئارەزووی کڵپەسەندووی تۆڵەسەندنەوە لە ناخمدا سەمای سەرکەوتنی دەکرد، بە ماندووبوونێکی زۆرەوە سەمای دەکرد.

تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، بە هەڕەشە و بەدییەوە بۆم نووسیت، لەوەوبەر پێم وتیت، ئەگەر بۆ من نەبیت، بۆ کەسێکی تر نابیت، سەرەنجامەکان بگرە ئەستۆ!

بە ویژدانێک نامەکەم بۆ نووسیت کە ئازار شەکەتی کردبوو!

***

هەمیشە پێم وا بووە کە ژنی ئاڵۆز سەرنجم ڕادەکێشێت، بەردەوام حەزم لەو ژنە کردووە کە چاوەڕوانی هیچی لێ ناکرێت، بەڵام لەگەڵ تۆ بڕواکان گۆڕانیان بەسەردا هات.

باش دەتناسم، بە شێوەیەک تێت دەگەم کە لە کەسێکی دیکە تێناگەم، دەزانم حەزت لە چییە و ڕقت لە چی دەبێتەوە، چیت دەوێت و چیت ناوێت، هەموو شتێکت لێ چاوەڕوان



Scanned with CamScanner

دەکەم، زۆر ئەوەم پێ خۆشە.

دەزانیت لەوەدا لە من ناچیت، تۆ وەک پێویست نامناسیت، دەزانیت حەزم لە چییە و حەزم لە چی نییە، کەچی لەوە تێناگەیت بۆچی حەزم لێیە و حەزم لێ نییە.

چۆن لە هەموو شتێکدا جیاوازیت لەگەڵم و لە هیچ شتێکدا لە من ناچیت؟ بەڕاستی نازانم چۆن سەرباری جیاوازیمان یەکتری ڕادەکێشین!

دێتەوە یادم هەمیشە ئەو ژنانە سەرنجیان ڕاکێشاوم کە لە خۆم دەچن: خوێڕی، بەهێز، کەللەڕەق، هەوەسباز و نابەرپرسیار.

ڕۆژێک لە ڕۆژان ژنێک سەرنجی ڕانەکێشاوم کە لە تۆ بچێت، هیچ ژنێک هێندەی تۆ سەرنجی ڕانەکێشاوم، تۆ دژە سەرسەختەکەی منیت و تەواو جیاوازی لەگەڵمدا.

هەندێک جار بیر دەکەمەوە، بە هۆی جیاوازیمانەوە یەکتری تەواو دەکەین، بۆیە هیچ کامێکمان ناتوانێت دەستی لەوی دیکە ببێتەوە. ئێمە یەکتری تەواو دەکەین، ئەو کەموکوڕییە پڕ دەکەینەوە کە لە ناخماندا هاوار دەکات. بە ڕادەی پێویستبوونم بە ژنێک کە هەستی بۆ کەسێک نەکردبێتەوە و لەگەڵ من دەست پێ بکات، پێویستت بە پیاوێک هەیە ئەزموونەکان ماندوویان کردبێت و لەگەڵ تۆ کۆتایی بە ئەزموونەکان بهێنێت. من سەرەتاکانتم دەویست، تۆش حەزت لە کۆتاییەکانم بوو، بۆیە حەزەکانمان یەکتریان نەبڕی جومانە.

دەزانیت؟

هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە، لە چ شتێکت کەمە تا پیاوێکی

وەک منت خۆش بوویێت، دواجار سەرەنجامی بیرکردنەوەی بەردەوام و نەگۆڕ ڕام دەچڵەکێنێت.

تۆ لەم ژیانەدا لە هیچ شتێکت کەم نییە، لە خێزانێکی خانەدان و خۆشەویستدا لەدایک بوویت، هەرشتێکت ویستبێت بەدەستت هێناوە، نازیان هەڵگرتوویت، خۆشیان ویستوویت، منداڵییەکی خۆشگوزەرانت بەسەر بردووە، لە هەموو بارێکدا لەناو خێزانەکەتدا قبوڵکراو بوویت، سەربارى هەموو ئەوانە وەک کچێکی میهرەبان و قووڵ پەروەردە بوویت کە ڕووالەتە درۆزنەکان هەڵی نافریوێنن، ڕیاکاریی کۆمەڵگە سەرنجی ڕاناکێشێت، دڵرەق نییە بەرامبەر بەوانی دیکە و ڕۆژگار هەرشتێکی کردبێت سەرەڕۆیانە ڕەفتاری نەکردووە.

دەزانم ڕۆژێک چاوەڕوانی ئەوە نەبوویت بەم شێوەیە پەیوەندی بە دایکتەوە بکەم، چاوەڕوان نەبوویت بەمەبەستەوە ئازارت بدەم، بەڵام پێویستم بەوە بوو. ڕێگە بە کەس نادەم ئازارت بدات، بەڵام ڕێگە بە تۆش نادەم ئازارم بدەیت، بۆ ئەوەش لێت خۆشنابم.

زۆرم خۆش دەوێیت، زۆر نیگەرانم بۆت، بەڵام بەم جۆرە گەورە بووم، یان با بڵێین بەم جۆرە خولقاوم. من نازانم خەڵک چۆن لەوانی دیکە خۆش دەبن و لێبوردەن، نازانم چۆن دەتوانن ئازاردانیان لەلایەن ئەوانی دیکەوە تێپەڕێنن، چۆن دەتوانن لەسەر ژیان بەردەوام بن، بێ ئەوەی تۆڵەی خۆیان بسەننەوە.

پێم وایە زۆر بێوەیم، چونکە تەنیا ئازاری ئەو کەسانە دەدەم کە ئازارم دەدەن. تۆ دەڵێیت بێوەیبوون مانای ئەوەیە ئازاری کەس نەدەین، جا ئەوانی دیکە هەرچییەکمان پێ

بکەن: سووکایەتیمان پێ بکەن و خراپە بەرامبەرمان بنوێنن. پێم وایە ئەمە لەگەڵ خۆڕسکی مرۆڤانەدا نایەتەوە، بە بڕوای من جوامانە، ئەو کەسەی بەرگری لە خۆی نەکات مرۆڤێکی نەخۆشە، مرۆڤێکە ڕێزی خۆی ناگرێت و وەک پێویست خۆی خۆش ناوێت.

چ مانایەکی هەیە ئەوانی دیکە ئازارمان بدەن، بریندارمان بکەن، بەسووک تەماشامان بکەن، ئێمەش چاوپۆشی لە هەموو ئەوانە بکەین و بەرەو پێشەوە بڕۆین!

ئەمە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا ناکۆکە، ئەوە ناوازەبوونی فیکری و سۆزداری و ئاکارییە، کە ناتوانم پیادەی بکەم و بڕوای پێ بهێنم!

من مرۆڤێکم بە شێوازێک گەورە بووم، ئەوەی دەرزییەکی پێدا بکات سوژنێکی پێدا دەکات، ئەوە لەناو دەبات کە هەوڵی ڕووشاندنی دەدات. من ناتوانم پیاوێکی تر بم، نامەوێت پیاوێکی تر بم.

دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەم بەرز بووەوە، ئاوازەکەی ئەوە بوو کە تایبەتە بە تۆ، بینیم تەلەفۆنەکەم لەسەر مێزەکە دەجووڵێتەوە و دەنگی بە هێزی Josh Groban باوەشی بە وێنە نەرمونیانەکەتدا کردووە.

You raise me up, so I can stand on mountains
You raise me up, to walk on stormy seas
I am strong, when I am on your shoulders
You raise me up, to more than I can be



Scanned with CamScanner

ماوەیەک سەیری وێنەکەتم کرد، دەنگی جۆش شانەکانی لەشمی ڕادەوەشاند، ئەوەی بیر دەهێنامەوە کە تۆ بەتەنیا بەرزم دەکەیتەوە، زیاتر لەوەی دەرەقەتی دێم بەرزم دەکەیتەوە.

بەتووڕەبوونەوە وەڵامم دایتەوە، بەڵێ!

لێت پرسیم ئاخۆ پەیوەندیم بە دایکتەوە کردووە، سەرسووڕمان و پاڕانەوە و نکوڵیکردن دەنگیان پڕ کردبوویت، هەستم کرد تۆنی قسەکانت تکام لێ دەکات نکوڵی لێ بکەم، بەڕاستی دەترسایت ئەوە من بم کە پەیوەندیم پێوە کردووە، دەترسایت وێنەکەم لە بەرچاوت بشکێت، بۆیە بە نەرێ پرسیارەکەت لێ کردم و وتت، ئەوە تۆ نیت کە پەیوەندیت بە دایکمەوە کردووە! لێت نەپرسیم ئاخۆ پەیوەندیم پێوە کردووە، بەڵکو بە پرسیارەکەت ڕەتت کردەوە پەیوەندیم پێوە کردبێت، هانت دەدام بۆ نکوڵیکردن، نکوڵیکردن و درۆکردن.

دەمزانی ڕاستییەکە زیاتر ئازارت دەدات، دەتویست بە درۆکردن لەگەڵت ئاسوودەت بکەم، ڕازی بوویت هانم بدەیت بۆ درۆکردن، تا بەڕاستی ئازارت پێ نەگەیەنم، بەڵام من ویستم بەو ڕاستییە تاڵە ئازارت پێ بگەیەنم، منێک کە ڕۆژێک لە ترسی دڵڕەقی حەقیقەت باسی حەقیقەتێکم بۆ نەکردوویت ئازارت پێ بگەیەنێت.

بە ساردی و بڕیاردەرانە و دڵڕەقیی هەموو دنیا وەڵامم دایتەوە، با، منم!

قیژاندت، درۆ دەکەیت!

بەوە دەتویست بڵێیت، دەرفەتێکی نوێی نکوڵیکردنت دەدەمێ، تۆ درۆ دەکەیت و ئەوەت بڵێ تۆ درۆ دەکەیت!



Scanned with CamScanner

بەڵام ویستم بە ڕاستییەکە تێکت بشکێنم، بۆیە پێم نەکردووە، سەبارەت بە ئازاردانم هۆشداریم داویتەتێ، وتیت لەوەوبەر هەرەست هێنیا، وتت من نەخۆشم، ڕق و گومان ئەقڵ و مێشکیان کوێر کردووم، لێت پرسیم چۆن دەتوانم کتوپڕ ببم بە دڕندە. وتم بتەوێت و نەتەوێت دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ڕیاز، من وازم لێ هێناویت.

لە کاتێکدا قسەت دەکرد، تەلەفۆنەکەم داخستەوە، دوگمەی کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکە و داخستنی دەمت بەدەست منەوە بوو، ویستم بۆ هەتاهەتایە دەمت دابخەم!

***

لە بەردەمی قەنەفەکەدا ڕاکشابووم، یاسەمین بە مۆبایلەکەی قسەی دەکرد و بەناوماڵەکەدا دەهات و دەچوو، دەمبینی هەندێک جار بەبێزاری قسە دەکات، هەندێک جاری تریش بەتووڕەیی، زۆربەی کاتەکە بە ئینگلیزی و کاتێک دەنگی بەرز دەبووەوە و تووڕە دەبوو دەیکردە عەرەبی. هات لە تەنیشتمەوە دانیشت، قاپی گەنمەشامییەکەی لە دەست سەندم و بە تووڕەییەکەوە، کە بۆی دانەدەمرکایەوە، دەستیکرد بە خواردن.

لێم پرسی، چییە؟

- ئەوە دایکم بوو؟

- دایکت چۆنە؟

بە گاڵتەپێکردنەوە وتی، دایکم سپییە.

- نا بابە!

- بۆچی دەڵێن "چۆنە"، ڕەنگ پەیوەندیی بە باری کەسێکەوە چییە؟

- بۆچی ئێوە دەپرسن "مەزاجت چۆنە،" مەزاج چ پەیوەندییەکی بە باری کەسێکەوە هەیە؟

- مەزاج باری کەسەکەیە.

بەبێئارامی وتم، خانم ئێمە ئازادین چۆن شتەکان دەر دەبڕین، گرنگ ئەوەیە دایکت چییەتی؟

- هیچی نییە.

تۆزێک بێدەنگ بوو، ئینجا وتی، دەیانەوێت بگەڕێمەوە بۆ بەیروت.

- بەسەردان؟

- سەردانی چی، یەکجارەکی بگەڕێمەوە.

- بۆچی، چی ڕووی داوە؟

- هیچ ڕووی نەداوە، هەرکاتێک بزانن تۆ لای منی بابەتەکە دەکەنەوە.

- هۆکارەکەی چییە؟

- نازانم چۆن پێت بڵێم، دایکم حەزی لە بیرۆکەی هاوژینی نییە، نایەوێت هاوژینم هەبێت، دەیەوێت بگەڕێمەوە و لە وڵات جێگیر بم، شوو بکەم و منداڵ بخەمەوە.

- تێگەیشتم.

- من منداڵ نیم، بەڵام دەشزانم پەیوەندیی فرەئارەزووە، کەسێک نازانێت کەی بە هاوسەرگیری دەگات.

- واتە بە شووکردنت ئاسوودە دەبێت؟

- بەڵێ! بێگومان ئاسوودە دەبێت. دایکم بەلایەوە گرنگ نییە شوو بە کێ دەکەم، بەڵکو تەنیا بەلایەوە گرنگە شوو

بکەم، بەلایەوە گرنگە بە کەسوکار و دراوسێکان بڵێت یاسەمین شووی کردووە، ئەو حەزی لە بیرۆکەی هاوژینیی بەردەوام و بێ هاوسەرگیری نییە.

بەگاڵتەوە لێم پرسی، ئەی بۆ شوو ناکەیت؟

پێکەنی: وەرە با شوو بە یەکتر بکەین!

پێکەنیم، سەیری یاسەمینم کرد، چوونەتەمەنەوە بە ڕوخسارییەوە دیار بوو، ئەگەرچی هەر نیو ساڵ جارێک دەرزی بوتکس (دژی چرچییەکانی دەموچاو) بەکار دێنێت، سەیری ئەو پەناگەیەم کرد کە بەردەوام هانام بۆ بردووە، دەزانم ئەو هیچ ڕۆژێک منی خۆش نەویستووە و لەبەر خۆی نەک لەبەر من لەگەڵمدایە، بەڵام هەستم کرد سەرباری هەموو شتێک قەرزاری ئەوم.

دەموچاوت هاتە بەرچاوم، تۆیەک کە زۆر جار خەونم بەوەوە بینیوە هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم. گەلێک جار وێنای شەوی هاوسەرگیریمانم کردووە، بە چەند ساتەوەختێکی خێرا ئەوەم بیر هاتەوە کە لەنێوانماندا ڕووی دابوو، هەستم کرد بە هۆی تۆوە تێک شکاوم. لە بەردەم دەرفەتەکەدا هەستم بە ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە کرد، پێویستم بەوە بوو تۆڵەت لێ بکەمەوە، پاش چەندین ساڵیش چاکەیەک لەگەڵ یاسەمین بکەم.

بەبێ بیرکردنەوە لە ئاکامەکان پێم وت، دەتەوێت شوو بە یەک بکەین؟

پێکەنی، وای دەزانی گاڵتەی لەگەڵ دەکەم، پێم وت، بە جیددیمە، با شوو بە یەک بکەین.

– شوو بە یەک بکەین؟ چۆن؟



Scanned with CamScanner

- وەک چۆن خەڵک شوو بە یەک دەکەن.

- شوو بە یەک بکەین و منداڵ بخەینەوە؟

- زۆر مەخرۆشێ، بۆ ماوەیەک شوو بە یەک دەکەین، تا لە بۆڵەبۆڵی دایکت ڕزگارت بێت.

- گاڵتە دەکەیت!

- بەخوا گاڵتە ناکەم.

بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، ئینجا بەگومانەوە لێی پرسیم، سوودی ئەوە چییە بۆ تۆ؟

- هیچ سوودێکی نییە، زیانیشی نییە.

- باوەڕ ناکەم، چ شێتێکی!

لە کاتێکدا بە حەپەساوی و ترسەوە تێی دەڕوانیم، زەردەخەنە گرتمی، هەستم کرد گوێم لە دەنگی بیرکردنەوەکانیەتی، پێی وتم، با بیری لێ بکەمەوە.

- چەند ڕۆژێکی کەمم بەدەستەوە ماوە و دەڕۆمەوە، کاتی بیرکردنەوەمان نییە.

- ڕاستە دایکم دەیەوێت شوو بکەم، بەڵام بەو جۆرەش نا، جوان نییە پەیوەندی بە دایکمەوە بکەم و پێی بڵێم دایکە شووم کرد. دەمەوێت دڵخۆش بێت، نەک جەڵتە لێی بدات.

- نامەیەک بۆ دایکت بنووسە، پێی بڵێ عەبدولعەزیز نیشانەی کردووم و بەخێرایی شوو بە یەک دەکەین، پاش دوو هەفتەش ئاگاداری بکەرەوە کە هاوسەرگیریمان کرد.

تۆزێک بێدەنگ بوو و کتوپڕ پێکەنی، بە هەردوو دەستی دەموچاوی خۆی شاردەوە و وتی، دەی با بیکەین! چ شێتێکی!

- دەڵێی چی؟

بەدەم زەردەخەنەوە وتی، وای دابنێ ڕازیم، ئەوانەی

شوو بە یەک دەکەن پێویستیان بە ئەڵقە هەیە، چۆن بەبێ ئەڵقە شوو بە یەک بکەین!

چاکەتەکەم لەسەر قەنەفەکە هەڵگرت، لە جزدانەکەی گیرفانم ئەو ئەڵقەیەم دەر هێنا کە پێکەوە کڕیبوومان، بەرزم کردەوە بۆ یاسەمین و پێم وت، ئەوە ئەڵقەکەی منە، تۆش بڕۆ ئەڵقەیەک بکڕە.

ئەڵقەکەی لێ وەر گرتم و کەوتە ماچکردنی، بەسەرسووڕمانە لێی پرسیم، بۆچی ئەڵقەیەک لە جزدانەکەی گیرفانتدایە؟

بە گاڵتەپێکردنەوە وتم، بۆ کاتی فریاکەوتن!

پێکەنی: بەجیددی قسە دەکەم، ئەم ئەڵقەیەت بۆ کێ هەڵگرتووە؟

ئەڵقەکەم لە دەست سەند: چیت داوە لەوەی بۆ کێیە و لەکێوەیە، بڕۆ ئەڵقەکەی خۆت بکڕە و تەواو.

لە شوێنی خۆی هەستایە سەرپێ و بە جۆشوخرۆش و خۆشییەوە وتی، هێ ی ی شوو بە یەک دەکەین، وەرە با بچین پێکەوە ئەڵقەیەک هەڵبژێرین.

کارتی بانکەکەم دایە دەستی و پێم وت، زەوقم نییە بێمە دەرەوە، خۆت بچۆ ئەو ئەڵقەیە هەڵبژێرە کە بەدڵتە.

کارتی بانکەکەی لێ وەر گرتم و بەشادمانییەوە ماچی کردم، چوو تا بەجوشوخرۆشەوە جلوبەرگی خۆی بگۆڕێت، ڕام گرت: جاسەمین!

- ژیانەکەم!

بە پەنجەم ئاماژەم کرد: نەچیتە ناو تیفانی، کارتییر و شوباردەوە!

- مەبەستت چییە؟!
- مەبەستم ئەوەیە it's prohibited buy from these stores.
- چ ڕەزیلێکی! دەی بای، زۆرم پێناچێت.

یاسەمین ڕۆیشت، تەلەڤزیۆنەکەم کوژاندەوە و کەوتمە بیرکردنەوە لەم شێتییە! بیرم لەم ژیانە بێهودەیە کردەوە کە چەند ڕۆژێکە دەیگوزەرێنم، بیرم لە هەڵسوکەت و بیروڕا و هەستەکانم کردەوە، هەستم کرد هیچ دەسەڵاتێکم بەسەریاندا ناشکێتەوە.

ئەوەی دەمکرد شێتی بوو، بەڵام پێویستم بە جۆرێک شێتی هەبوو، پێویستم بە گێنگڵدان هەبوو، تا هەرس بهێنم و بکەوم.

بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێستا دەیکەیت، چی دەکەیت ئەگەر بزانیت خەریکی چیم، دەزانم ئەم ڕۆژانە سەرچڵیم زۆرە، بە شێتییەکی سەیر سەرەڕۆیت پێوە دەکەم، لە دەستم دەر دەچیت، دەستبەردارت دەبم، دوور لە من تیادەچیت، بەڵکو دوور لە تۆ تیادەچم.

جومانە، توانای ئەوەم نییە جڵەوی ئەو ئازارە هرووژمهێنە بکەم کە لە ناخمدایە، تیپی مۆسیقای ئازار پارچەمۆسیقایەکی نۆتە بەرز لە ناخمدا دەژەنن، ڕۆحم بە خەمباری و بێهیوایی و بێدەرەتانییەکی قەرەجانەی وەهاوە سەما دەکات، کە وەسف ناکرێت.

تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، نامەیەکم بۆ یاسەمین نارد و پێم وت، پرسیار دەربارەی ڕێکارەکانی هاوسەرگیری بکە و هەموو شتەکان ڕێک بخە. ئینجا تەلەفۆنەکەم لە خۆم دوور

خستەوە و بیرم کردەوە: چەند بە کردەوە شێتم!

***

ئەمڕۆ هاوسەرگیریم لەگەڵ یاسەمین کرد، بۆ ئەوەی بیر بکەمەوە، بۆ ئەوەی ئەویش بیر بکاتەوە!

هاوسەرگیرییەکی ڕاستەقینە نەبوو، بەڵکو هاوسەرگیرییەکی یاسایی بوو، بەڵام ڕوخسارەکانی هاوسەرگیریی ڕاستەقینەی پێوە نەبوو. من و یاسەمین بە شێوازی خۆمان ئاهەنگمان گێڕا، لەگەڵ هاوڕێکانی لە خواردنگە تایبەتییەکەی کۆ بووینەوە و وەک هەر ئاهەنگێکی تر ئاهەنگمان گێڕا!

هەستم نەکرد ئەوە هاوسەرگیرییە، دڵنیام ئەویش، سەرباری ئەو جۆشوخرۆش و بەختەوەرییەی کاتی ئامادەبوونی هاوڕێکانی دەری بڕی، هەستی بەوە نەکرد.

ئەو شەوە لە خەومدا لە ماڵی خێزانەکەتان بووم، پڕ بوو لە خەڵکێک کە نەمدەناسین، بە ڕوخساری منداڵێک لە بەردەممدا دانیشتبوویت و قردێلەیەکی پەمەیی پرچی لوولی درێژتی ڕازاندبووەوە، بەبێ ئاگاداریی خەڵکەکە لێوەکانم جووڵاند و بەبێدەنگی وتم، "خۆشم دەوێیت،" سەیرت کردم و بەگلەیی ڕووت لێ وەر گێڕام.

لە خەوەکە بێدار بوومەوە، بینیم یاسەمین لە تەنیشتمەوە خەوتووە، لەو کەسە ڕامام کە لە تۆ هەڵهاتووم بۆ لای. ئای خوایە چەند ئازاربەخشە بە شەوق بیت بۆ ژنێک و لەتەنیشت ژنێکی دیکەوە بیت!

زۆر جار بیرم لەوە کردووەتەوە، لەو کاتەوەی دەتناسم،



Scanned with CamScanner

هەموو شەوێک کاتێک بێدار دەبمەوە و یاسەمین لەتەنیشت خۆمەوە دەبینم، بیر دەکەمەوە چۆن پیاو هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکدا دەکات و یەکێکی تری خۆش دەوێت! چۆن پیاو بەردەوام دەبێت لەسەر ژیان، کاتێک خۆشەویستەکەی شوو بە یەکێکی تر دەکات؟ چۆن خەوی لێدەکەوێت، کاتێک دەزانێت ئێستا لەگەڵ کەسێکی تر دەخەوێت!

ئەمڕۆ هاوسەرگیریم لەگەڵ ژنێکی دیکە کرد، بەڵام لە شەوی هاوسەرگیریدا خەوم بە تۆوە بینی. ئەوەتا لە شەوی هاوسەرگیریدا بەرهەڵستیت دەکەم، بەرهەڵستیی خۆشەویستییەکەم بۆ تۆ دەکەم، بەرهەڵستیی تامەزرۆبوونم دەکەم، کە خەریکە ئەمشەو بەدەستی خۆی دەمخنکێنێت.

پێخەفەکەم جێ هێشت و چووم بۆ چێشتخانەکە، تۆزێک ئاوم خواردەوە، مۆبایلەکەم گرت بە دەستمەوە، کە چەند ڕۆژێک بوو بە هۆیەوە هیچم لە تۆوە پێ نەگەیشتبوو، تۆزێک دوودڵ بووم، بەڵام بێ سڵاو و خواحافیزی نامەیەکم بۆ ناردیت، بۆم نووسیت خەوم بە چییەوە بینیبوو، تەنیا باسی خەوەکەم بۆ کردیت و نامەکەم نارد.

لە چێشتخانەکە چاوەڕوانی وەڵامەکەت بووم، بیرۆکەکان لەناو سەرمدا سەمای جەنگی بە هەراوهوریایان دەکرد، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە شوێنی خۆم مامەوە و هیچ وەڵامێکم لە تووە بۆ نەهات. تەلەفۆنەکەم گرت بە دەستمەوە، نامەیەکم بۆ هاوڕێ نزیکەکانم لە تورینتۆ نارد: مەزەندەی بکەن ئەم شەو چیم کردووە؟ هاوسەرگیریم لەگەڵ یاسەمین کرد.

نامەکەم نارد، گەڕامەوە بۆ ناو پێخەفەکەم و لەتەنیشت یاسەمین پاڵ کەوتمەوە. بەتووندیی تامەزرۆبوونم بۆت



Scanned with CamScanner

باوەشم پێدا کرد و بیرم لەوە کردەوە هاوڕێکانم چی دەکەن، کاتێک نامەکە دەخوێننەوە. بە درێژاییی شەوەکە بیرم لەوە کردەوە کە کردبووم!

***

باوەڕت بەوە هەیە کاتێک ناپاکی ڕوو دەدات، کە دەبێتە "بیرۆکەیەک!"

پێت وایە بیرکردنەوە لە ناپاکی، ناپاکییەکی تەواوە، تەنانەت ئەگەر بەکردەوەش هیچ ڕووی نەدابێت. من و تۆ گفتوگۆی زۆرمان دەربارەی ئەم بابەتە کردووە. ڕۆژێک پێت وتم، ناپاکی کاتێک ڕوو دەدات، کە مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەنجامیشی نەدات.

وتم، ئەگەر خوا لەسەر ئەو بیرۆکانە لێپرسینەوەمان لەگەڵ نەکات کە نابنە کردار، چۆن تۆ لەسەر ئەوە لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکەیت؟

- ناپاکی بەلای تۆوە چییە عەزیز؟

- بەلای منەوە ناپاکی تەنیا ناپاکیی جەستەیە.

- ئەی مرۆڤ بە سەیرکردن ناپاکی ناکات؟ بە ئاخاوتن؟ بە پەیوەندییەک بەبێ سێکس؟ بە بیرۆکە؟

- نەخێر، نەخێر. مرۆڤ بەو شێوەیە ناپاکی ناکات، ئەگەر مرۆڤ جگە لە هاوسەرەکەی لەگەڵ لایەنی سێیەمدا پەیوەندیی سێکسی نەکات، بە ناپاکی ناژمێردرێت.

بەتووڕەیی وتت، ئەمە چ خۆشەویستییەکە عەزیز؟

- ئەمە خۆشەویستیی پیاوە، وەک چۆن تۆ باسی



Scanned with CamScanner

خۆشەویستیی ژن دەکەیت.
- ئای چەند ڕقم لەم جیاوازییەیە؟
- جیاوازیی نێوان نێریتی و مێیەتی؟
- نەخێر، جیاوازیی نێوانمان.
- کێ دەڵێت ئەو جیاوازییە تەنیا لەنێوان من و تۆدایە؟
ئەم جیاوازییە ڕەگەزی و ڕیشەییە، ژنان بەو جۆرەن و پیاوانیش بەو جۆرە، مەسەلەکە تەنیا من و تۆ ناگرێتەوە جومانە.

تۆزێک بێدەنگ بوویت و وتت، لەوانەیە عەزیز، لەوانەیە!

خەیاڵت دوور ڕۆیشت، چاودێریم دەکردیت، کاتێک لە ژن و پیاوانی دەوروبەرمان ڕامابوویت، وەک ئەوەی جیاوازیی نێوان جووتەکانی دەورمان بپشکنیت، بەدوای جیاوازییەکان و ناکۆکییەکانیاندا دەگەڕایت، وەک ئەوەی بوونیان لای ئەوانی دیکە ئارامی ببەخشێتە دڵت و دڵنەواییت بکات.

دەزانم لەناومدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێیت کە بە تۆ بچێت، دەتەوێت لێک بچین، هاوجووت و هاوتەریب بین.

پێت وایە ئەمە ژیانمان ئارامتر و سەقامگیرتر دەکات. لەو بڕوایەدایت، ئەگەر لێک بچین، بەختەوەرتر دەبین. ئاخر ئێمە وا نین جومانە، ئێمە لێک ناچین.

دێتەوە یادم باسی ترسم لەم بیرۆکەیە بۆ زیاد کرد، دانایانە پێی وتم، لە هەر پەیوەندییەکدا جیاوازی و لێکچوون هەیە، بەدوای جیاوازییەکاندا مەگەڕێ، بەڵکو بەدوای ئەوەدا بگەڕێ کە لەسەری ڕێک دەکەون و تێیدا هاوشێوەن.

جومانە، لە ڕاستیدا جیاوازییەکان بۆ خۆیان نامترسێنن، ئەوەی بەڕاستی دەمترسێنێت، ترسانی تۆیە لەو جیاوازییانە!

گەڕانی بەردەوامت بەدوای لێکچوونەکانماندا دەمترسێنێت، دڵشکاویت بە هۆی جیاوازییەکانمانەوە دەمترسێنێت، دەترسم ڕۆژێک کەسێک بدۆزیتەوە لە تۆ بچێت، ئەوساکە بە هۆی جیاوازبوونم لەگەڵت لەدەستت بدەم!

ئەوە زۆر دەمترسێنێت جومانە!

***

ئەم جارە دیارنەبوونت درێژەی کێشا!

وەڵامی نامەکەت نەدامەوە، پەیوەندیت نەکرد، دیار نەبوویت، منیش بڕیارم دا هاوسۆزی دیارنەبوونت بم، چۆن چاوەڕوان بم دانبەخۆداگرتن لەدەست بدەیت و بێ ئەوەی داوات لێ بکەم بگەڕێیتەوە، کەچی ئەوەت نەکرد، تا ڕادەی ئومێدبڕان دیارنەبوونت درێژەی کێشا، دەربەستنەبوونیشم بە ڕادەی چاوەڕوانبوون کورت بووەوە.

هەموو ڕۆژێک دەچووم بۆ زانکۆ، لەناو دەموچاوەکاندا بەدوای دەموچاوتدا دەگەڕام، کەچی جار لەدوای جار نائومێد دەبووم، لە کۆتاییی هەموو ڕۆژێکی شەممان دەگەڕامەوە، تا بە زەردەخەنەیەکی کەمتەرخەمانەی ترساو ڕووبەڕووی گاڵتەپێکردنی باتی و ڕۆبێرت ببمەوە.

نکۆڵی لەوە ناکەم کە دیارنەبوونت ترساندمی! من ئامادە نەبووم بۆ ئەو لەکیسچوون و لەدەستدانە کتوپڕە، دەزانم سەرەڕۆیم پێتەوە کرد و قومارم بە خۆشەویستییەکەتەوە کرد، بەڵام دڵنیا بووم لە تۆ و باوەڕم بەوەی نێوانمان هەبوو، ئەگەر نا گرەوم لەسەر خۆشەویستییەکە و تۆش

نەدەکرد، کەواتە بۆچی بە دیارنەبوونت دەستخەڕۆت کردم.

پاش زیاتر لە هەفتەیەکی بێزارکەر و درێژخایان زیاد بە دەموچاوێکی شپرزەوە هات بۆ لام و پێی وتم، تۆزێکی تر جومانە دێت، تکایە بێزاری مەکە!

لێم پرسی، سەیر نییە تۆ دەنگوباسی جومانەم بۆ دەگوێزیتەوە و تکام لێ دەکەیت بێزاری نەکەم!

بەشڵەژاوی وەڵامی دامەوە، هەیفا ئەوەی پێ وتم.

بڕیاردەرانە وتم، بە هەرحاڵ، دەزانم چۆن لەگەڵی پێک دێم، پێم وا نییە هیچ کەسێک وەک من بیناسێت.

دەمزانی هەرگیز بەو شێوازە قسەم لەگەڵ زیاد نەکردووە، بەڵام مەسەلەیەک دەربارەی زیاد هەبوو کە زۆر جار فەرامۆشم کردووە، کەچی ئێستا وای لێ هاتووە زۆر بێزارم دەکات و زیاتر دەمشڵەژێنێت.

زیاد شێوازی قسەکردنەکەمی بەدڵ نەبوو، قسەکانی ئەویش بەدڵی من نەبوون، بە بێدەنگییەکی گەزندە بۆ چەند خولەکێک لە یەک مۆڕ بووینەوە، هەوڵم دا خۆم بە یاریکردن بە پێنووسەکەمەوە سەرقاڵ بکەم، ئەو پێنووسەی ڕۆژێک بەدیاری بۆت هێنام، بەڵام زیاد یاریی بە تاڵەکانی قژی نەرمی خۆی دەکرد، وەک خووی هەمیشەیی لە کاتی بێزاربووندا. ئەوە تا کاتی هاتنت بەردەوام بوو!

ئەو ڕۆژە هاتنەکەت ئاسایی نەبوو، دڵم وەک ئەو جارە بە دیتنت نەکەوتە ترپەترپ، هەستم کرد هەنگاوەکانت لە دڵمدا گرمەیان دێت و پێ بە دڵمدا دەنێن، هەنگاوەکانت لێدانەکانی دڵم بوون، هەر هەنگاوێک لێدانێک، هەر لێدانێک هەنگاوێک!

کاتێک من و زیادت بینی بە دەستت سڵاوت لێ کردین،

بە لووتبەرزی و بڕوابەخۆبوونەوە دەر کەوتیت، زیاد دەستی بۆ تۆ و هەیفا ڕاوەشاند، بینیم هەیفا ڕادەکێشیت و بەرەو لای ئێمە دێن.

نزیک بوویتەوە، خەریک بوو بە هۆی هەناسە خێرا و قورسەکانمەوە دەخنکام، زیاد ئاماژەی بۆ دوو کورسی بەرامبەرمان کرد و وتی، فەرموون!

هەیفا بەکورتی وتی کە چاوەڕوانی وانەی خوێندنەکەتانن، زیاد وەڵامی دایەوە کە هێشتا زووە بۆ کاتی دەستپێکردنی وانەکە، ئینجا چەند نوکتەیەکی بێبایەخیان دەربارەی پرۆفیسۆری وانەبێژ گێڕایەوە، تۆش لە کاتی گوێگرتندا زەردەخەیەکی زەردی دەستکرد و لووتبەرزانە لەسەر لێوەکانت بوو.

قسەکانم پێ بڕین: چۆنی جومانە؟

وەڵامت دامەوە، باشم عەبدولعەزیز، تو چۆنیت؟

بۆ یەکەمین جار ناوی خۆم لە دەمی تۆوە بیست، بەردەوام بە عەزیز بانگت کردووم، منیش زۆر جار بە جومان بانگم کردوویت. دەمزانی بە ناوەکەم بێزارم دەکەیت، بە بانگکردنم وەک چۆن خەڵک بانگم دەکەن سزام دەدەیت. بەگلەیی لێم پرسیت، عەبدولعەزیز!... لەکەیەوە بە عەبدولعەزیز بانگم دەکەیت جومان!

سەیری چاوەکانتم دەکرد، تووڕەبوون، زۆرلێکردن، دەستخەڕۆکردن و گلەییم تێدا بینین، بینیم چاوەکانت تەڕ دەبن، وەک ئەوەی بە پرسیارەکەم زوڵمم لێ دابێت، کتوپڕ کەوتیتە سەر کورسییەکە، بە هەردوو دەستت دەموچاوت شاردەوە و بۆ هەموو شتێک دەستت کرد بە گریان!

گریانەکەت ئاسایی نەبوو، گریان نەبوو، بەڵکو خنکان بوو بە هۆی گریانەوە... گریانی خۆشەویستی، لەدەستدان، تامەزرۆبوون، یان غەمباری نەبوو، بەڵکو هەموو ئەوانە بوو. وەک ئەوەی بڕیارت دابێت ئاشکرا پرسە بۆ خۆشەویستییەک دابنێیت، کە غەدری لێ کراوە و شەهید بووە.

هەستم بە خۆم نەکرد، ئەو کاتە نەبێت کە باوەشم پێدا کردبوویت و لەئامێزم گرتبوویت و دەتگریاندم، منێک کە زۆر جار حەزی کردووە بەدڵخۆشی لەئامێزت بگرێت. دوای چوار ساڵ لەئامێزم گرتیت، لە کاتێکدا دڵشکاو بوویت لێم و خەفەتت بۆ دەخواردم!

چرپاندم بە گوێچکەتدا: داوای لێبوردن دەکەم! بەخوا داوای لێبوردن دەکەم.

لەناو فرمێسکەکانتەوە، لە کاتێکدا پاڵت پێوە دەنام، لێت دەپرسیم، بۆچی! بەس پێم بڵێ بۆچی!

بە هۆی گریان و پرسیارکەتەوە، کە نەمدەتوانی وەڵامی بدەمەوە، هەستم بە ژاوەژاوی دەوروبەرم دەکرد، هەستم بە هەیفا دەکرد کە دەیقیژاند و داوای دەکرد بتبەین بۆ نەخۆشخانە، هەستم بە زیاد دەکرد، کە هەوڵی دەدا ئارامت بکاتەوە!

نەمدەتوانی هیچ بکەم، بەتوندی باوەشم پێدا کردیت، لێت دەپارامەوە و بەردەوامبووم لەسەر چرپاندن بە گوێتدا و ئەوانەی دەوروبەری خۆمانم فەرامۆش کرد. هەستم کرد ترپەکانی دڵت ئارام دەبنەوە و هەناسەدانت ئاسایی دەبێتەوە، وەک منداڵێک کە جگە لە باوەشی دایکی ئاشنای هیچ شتێکی دنیا نییە باوەشم پێدا کردیت. لەسەر سنگم ئارامت گرت،

چاوەکانت لێک نا و لەهۆش خۆت چوویت. لەگەڵ زیاد و هەیفا هەڵمان گرتیت و چووین بۆ نەخۆشخانە. دەمارەکانت و ئەزموونی کورت و خۆشگوزەران و ڕووالەتکارانەت بەرگەی ئەوەی نەگرت کە لەنێوانماندا ڕووی دابوو، من گەورەترین لەدەستدانەکانت بووم، گەورەترین کۆستکەوتن و خەمباریی ژیانت بووم.

کاتێک هۆشت هاتەوە، لێت پرسیم بۆچی ئەو کارەم پێ کردیت، داوام لێ کردیت ئارام بیتەوە و بخەویت، قیژاندت بە ڕوومدا: بۆچی!

پێم وتیت هیچوپووچ و شێت و کوڕی شەستوشەش سەگم، بەگەرمی تکام لێ کردیت کە تووڕە نەبیت لێم، بەدەم فرمێسک ڕشتنەوە دەموت زوویر نەبیت. هەوڵم دا بە ترسەکەم پاساو بۆ کارەکەم بهێنمەوە، بەڵام ئەو جارە سنووردانەر بوویت، ڕازی نەبوویت گوێ لە پاساوەکانم بگریت، وتت ماندوویت و دەتەوێت پشوو بدەیت. تکام لێ کردیت گوێم لێ بگریت، سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە و ڕۆژێک شوو بە یەکتری بکەین.

بە سەرزەنشتکردنێکی تووڕە و دڵشکاوەوە لێت پرسیم، بۆچی چاوەڕوانی ڕوودانی ئەو هەموو شتە بوویت تا بیر لە هاوسەرگیری بکەمەوە. داوات لێ کردم ژوورەکە جێ بهێڵم تا بخەویت، لێم پرسیت ئاخۆ دەتوانم پەیوەندیت پێوە بکەم بۆ دڵنیابوون لە تەندروستیت. بەکورتی و بڕیاردەرانە، کە لە تۆ نەدەوەشایەوە، داواکەت ڕەت کردمەوە.

کاتێک خەریکی ڕۆیشتن بووم، هەیفا بە گاڵتەپێکردنەوە ئاماژەی بۆ پەڵەی کلی چاوەکانت لەسەر کراسەکەم

کرد و وتی، لەبیرت نەچێت پێش گەڕانەوە بۆ لای ژنە بەستەزمانەکەت، کراسەکەت بگۆڕیت!... زۆری ماوە بەدەستتەوە بیچێژێت!

ئەو جارە وەڵامی هەیفام نەدایەوە، هەستم دەکرد هەرەسهێنانەکەت شەکەتی کردووم. لەگەڵ زیاد نەخۆشخانەکەمان جێ هێشت، بێ ئەوەی بە پیتێک قسە لەگەڵ یەکتر بکەین. هەستم دەکرد دڵ و هەست و بیر و پیتەکانم لای تۆ جێ هێشتووە، هەستم بە ڕەشیی کلی چاوەکانت لەسەر کراسەکەم کرد، بۆنەکەتم هەڵمژی کە جەستەم پێش جلوبەرگەکەم هەڵی مژیبوو. بیرم کردەوە: بۆچی لەدەستم دایت!

***

[وای لێ هاتووە ڕۆژەکانم لە یەک دەچن، چیی تر ڕۆژەکانم لێک جیا ناکەمەوە. هەموو ڕۆژێک بێدار دەبمەوە و چاوەڕانی ئەوەم خوا بە گەڕانەوەت چاکەم لەگەڵ بکات، کەچی چاوەڕوانیم درێژە دەکێشێت، بێ ئەوەی بگەڕێیتەوە یان بە دەنگمەوە بێیت. بۆیە هەموو شەوێک بێهیوا دەخەوم، هەموو بەیانییەکیش بە ڕووی هیوا و پاڕانەوەدا بێدار دەبمەوە.]

[چاوەڕوانیکردنی گەڕانەوەت وای لێ کردووم ڕقم لە هەموو شتێک بێتەوە، هەموو شتێک تووڕەم دەکات، ڕۆژێک لە ڕۆژان چاوەڕوانی دیارنەمانتم نەکردووە. ئەگەرچی زۆر جار لێت دوور کەوتوومەتەوە، بەڵام زانیومە لە کۆتاییی هەر جارێک دوورکەوتنەوەمدا، جا چەند درێژەی کێشا بێت،

چاوەڕوانم دەبیت.}
بە دیارنەمانت هەموو شتێکت دا بەسەر یەکدا، هەرگیز ئەوەت نەکردووە، ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرچڵی ئەوەت نەکردووە ماوەیەکی درێژ دیار نەمێنیت. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی پێکەوە بووین هێندەی ئەم جارە نائامادە نەبوویت، ئەگەرچی ناکۆکی و دەمەقاڵێشمان بووە و دوورکەتنەوەشم لەئارادا بووە.

چاوەڕوانی ئەو دلڕەقییەم لێ نەدەکردیت جومانە، ئەی ئەو ژنەی لە لێخۆشبوون خولقاویت، چۆن بەو هەموو توانای لاوێتییەوە تۆڵەم لێ دەکەیتەوە؟

هەر جارێک تووڕەم دەکەیت، دەگەڕێمەوە بۆ ئۆشۆ-ی دانا، تا لە ڕێگەی بیروڕاکانیەوە تۆڵەت لێ بکەمەوە. تۆ زۆر ڕقت لە ئۆشۆیە، پێت وایە جادووبازە، خاوەنی ئارەزووی ناوازەیە، بە بیروڕاکانی گەمە بە مرۆڤ و هەستەکانی دەکات، ئەوەش لە ڕێگەی فریودانیانەوە بە ئاشتی و ڕۆحانیبوون. دێتەوە بیرم ڕۆژێک لە دوورەوە گفتوگۆمان دەکرد، پێم وتیت باوەڕم بەوەیە کە ئۆشۆ دەربارەی لە (دوورەوەڕا) نووسیویەتی و پێی وایە وەهمی جوان دووری دەیخولقێنێت، نزیکیش حەقیقەت و ناوەڕۆکی مرۆڤ ڕیسوا دەکات.

لێت پرسیم، تەنیا باوەڕت بەوەیە کە جادووبازەکان دەیڵێن؟

- ئەو دانایە و جادووباز نییە.

- بەڵکو گەورەترین جادووبازە، ئۆشۆ نەخۆشە، بانگەشەکارە، درۆزن و شێتە. ئۆشۆ وەک ڕاسپۆتین و ئەحمەد قدیانی جادووبازە، هەموویان جادووبازن و جیاوازی

لەنێوانیاندا نییە.

- بەلامەوە گرنگ نییە باوەڕت پێیەتی یان نا، گرنگ ئەوەیە قسەکانی دەربارەی دووری ڕاست و واقعین.

بەناڕەزاییەدەربڕینەوە وتت، کێ دەڵێت ڕاستەقینەیە؟

- باوەڕت بەوە نییە کە دووری وامان لێ دەکات جوانتر بین، نزیکیش کڵپەی سۆز کەم دەکاتەوە و خەوشییەکانمان ئاشکرا و ڕیسوا دەکات؟

کەڵلەڕەقانە وتت، نەخێر، پێم وا نییە.

بە گاڵتەپێکردنەوە پێم وتیت، تۆ سڵ لە بیرۆکەی ماوەکان و دیارنەمان و دووری دەکەیتەوە، بۆیە ناتەوێت دان بە ڕاستیدا بنێیت.

- باوەڕم وایە دووری وامان لێ دەکات لەسەر دیارنەمان ڕابێین، لەوانەیە لە سەرەتادا بمانخاتە بارێکی تامەزرۆبوونەوە، بەلام لە کۆتاییدا لەسەری ڕادێین، بۆیە باوەڕم بەو دوورییە نییە کە وامان لێ دەکات جوانتر بین.

- تۆ بە ئەقڵییەتی ژنان بیر دەکەیتەوە، زۆر چەمک هەن کە ناتوانین لەسەریان ڕێک بکەوین. تۆ لە کونێکی تەسکی مێیینەوە دەڕوانیتە مەسەلەکان، منیش لە گۆشەنیگایەکی فراوانی نێرینەوە سەیریان دەکەم، مەسەلەکان کاروباری نێرینەی رووتن.

بە پەژارەییەکەوە، کە نەتتوانی بە چاوبڕینە دوور بیشاریتەوە، وتت، کاروبارە پیاوسالارییەکانت پڕوپووچن! هەموو مەسەلە خراپەکان دەکەیتە کاروباری پیاوسالارانە، هەر گوناهێک ئەنجام دەدرێت کاروبارێکی پیاوسالارانەیە، هەر هەڵسوکەوتێکی چەوت، ڕەفتارێکی ناشایستە،

بیرۆکەیەکی ناشرین و تێڕوانینێکی ئابڕووبەرانە کاروبارێکی پیاوسالارانەیە، دەبێت تێی بگەم و ڕێزی بگرم و ڕابێم لەسەری.

هەوڵم دا بابەتەکە بگۆڕم، بە گاڵتەپێکردنەوە وتم، بە هەرحاڵ نیگەران مەبە، ئەگەرچی دووری جوانترە، بەڵام ڕۆژێک دێت هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم و بتپارێزم!

لە تووڕەبووندا دەموچاوت سوور هەڵگەڕا، لە کاتێکدا بەرەنگاری فرمێسکڕشتن دەبوویتەوە وتت، سوپاس بۆ خوا لەپێش ناسینتەوە پارێزراو بووم.

جانتاکەت هەڵگرت و بەخێرایی ڕۆیشتیت، هاوارم لێ کردیت، بەڵام ڕانەوەستایت. دەزانم وەک خووی هەمیشەییم بریندارم کردیت، بەڵام لە ڕاستیدا نازانم ئاخۆ بە ئەنقەست و گاڵتەیەکی گەزندەوە سەرزەنشتم کردیت، یان بە کردەوە مەبەستم نەبوو سووکایەتیت پێ بکەم!

هەندێک جار هەست بە هێزێکی ناوەکیی شاراوە دەکەم، کە هانم دەدات بریندارت بکەم، زۆر بیر لە هۆکارەکانی سووکایەتیپێکردنت دەکەمەوە و ناگەمە بڕوا یان هۆیەک.

هیچ ڕۆژێک ئەو هەستەی بۆ تۆم هەبووە بۆ کەسێکی ترم نەبووە، شتێکت تێدایە ئارەزووی بریندارکردنت لەناومدا دەوروژێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە بریندارکردنت پەشیمان دەبمەوە، جاربەجار هەست دەکەم نەخۆشم، ئەو ئارەزووە زۆرەی ناوبەناو هەمە بۆ ئازاردانت بە قسە هەرگیز سروشتی نەبووە و تا ئێستاش نازانم سەرچاوە و هۆکەی چییە!

هەندێک جار لە نائاگاییمدا حەز دەکەم ڕقت لێم بێت،

هەندێک جاری تر پێم وایە کەسێکی سادیم و چێژ لە سووکایەتیپێکردنی ئەو کەسە وەر دەگرم، کە خۆشم دەوێت و پێویستم پێیەتی. لە هەموو بارێکدا دەزانم، بە شێوە و شێوازێک کە تێی ناگەم، شێتم.

جارێکیان لێت پرسیم، بۆچی بە خۆبەزلزانینەوە مامەڵەم لەگەڵ دەکەیت؟

وەڵامم دایتەوە، چونکە من پیاوم و تۆش ژن.

وتت. با واش بێت! تۆ پیاوێکی لافی دیموکراسیی ڕەگەزی لێ دەدەیت و باوەڕت بە یەکسانییە، بۆچی پێت وایە لەبەر ئەوەی پیاویت لە من باشتریت؟

بە کەمتەرخەمییەوە وەڵامم دایتەوە و هەوڵم دا بابەتەکە بگۆڕم: ئەوە بۆماوەیەکی کۆمەڵایەتیی دەروونییە، ناتوانم لەدەستی ڕزگارم بێت.

بە گاڵتەپێکردنەوە وتت، ئەوەی بە خۆبەزلزانینەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوانی دیکە بکات، هەست بە بچووکبوونی خۆی دەکات.

- مەبەستت ئەوەیە لەئاست ژندا هەست بە بچووکی دەکەم؟

- بە پێویست نا، بەڵام هەست دەکەیت بە بچووک سەیر دەکرێیت، بۆیە خۆبەزلزانین لەگەڵ ئەو کەسەدا پیادە دەکەیت، کە دەسەڵاتت بەسەریدا دەشکێتەوە.

ویستم هەراسانت بکەم، بۆیە پێم وتیت، سەبارەت بە ژن و پیاو، ئۆشۆ باوەڕی بەوەیە کە لەناو هەر پیاوێکدا ژنێک و پیاوێک هەیە، هەروەها لەناو هەر ژنێکدا پیاوێک و ژنێک هەیە. ئەو باوەڕی بەوەیە کە هەموومان ئادەمی و حەوایی،

حەوایی و ئادەمین!
وتت، باوەڕی بەوەشە کە دووری وامان لێ دەکات جوانتر بین.
- ڕاستە!
بە گلەییکردنێکی گاڵتەجاڕانەوە وتت، سەربارى ئەوە هاوسەرگیریم لەگەڵ دەکەیت و دەمپارێزیت!
دوو مانگ بەسەر ئەو قسانەمدا تێپەڕی، کەچی هێشتا بریندارییت، بە مەبەستی گاڵتە لەگەڵ کردنت وتم، تەواو قینلەدڵ، زوویرمە بە، هاوسەرگیریت لەگەڵ ناکەم و ناشتپارێزم، نازانم چۆن ئەوەم لە دەم دەر چوو، لە بنەڕەتدا من پیاوی ژنهێنان نیم!
لە تووڕەبووندا گوێچکەکانت سوور هەڵگەڕا، لە جێی خۆت هەستایتە سەرپێ و جێگەکەت جێ هێشت، منیش پێدەکەنیم!
تیۆرییەکەی ئۆشۆ دەربارەی دووری بەلاتەوە سەرچاوەی ئازار و ئامرازێکی بێزارکردن بوو، بە هۆیەوە فەلاقە و بێزارم دەکردیت، بەڵام چیی تر لایەنگری ئەو تیۆرییەی دووری نیم، وام لێ هاتووە لە دووری دەترسم جومانە، پاش تۆ دیوارێک نەماوە پاڵی پێوە بدەم، بە دوورکەتنەوەت خۆپارێزیت لێ داماڵیوم.
ئیتر دەترسم لەسەر دووری ڕام بهێنیت، وام لێ هاتووە لە دووری و ماوە و دیارنەمان دەترسم، باوەڕم بە ئۆشۆ نەماوە، ئایا دەگەڕێیتەوە بۆ ئەوەی باوەڕت پێم هەبێت و بمپارێزیت!

***

هەریەکێکمان حیکایەتێکی لەگەڵ خەونبینین هەیە.

لە سەرەتای یەکترناسینەکەماندا لێم پرسیت، ئەو شوێنە کامە بوو کە خەونت پێوە دەبینی بۆ بینینی شۆڕەسوواری خەونەکانت؟

بەبێ بیرکردنەوە وتت، کتێبخانە.

- بەڕاستی؟

بە جۆشوخرۆش و بیری ڕێکوپێک و ڕێکخراوەوە، وەک ئەوەی لەوەوبەر هەزار جار سیناریۆکەت دووبارە کردبێتەوە، وتت، خەونم بەوەوە دەبینی شۆڕەسوواری خەونەکانم لە کتێبخانە ببینم، کاتێک دەستم بەرز دەکەمەوە بۆ ڕەفەیەکی بەرز، کاتێک سەیری هەندێک کتێب دەکەم، کتێبێک بە دەستەوە دەگرم و لە دەستم دەکەوێتە خوارەوە، گەنجێکی قۆزی ڕووناکبیر و میهرەبان و باڵابەرز لێم نزیک دەبێتەوە، کتێبەکە لەسەر زەوییەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیداتە دەستم، چاوەکانمان پێک دەگەن، یەکترمان خۆش دەوێت، دواتریش شوو بە یەک دەکەین.

- ئاشکرایە لەژێر کاریگەریی فیلمەکانی هۆلیوددایت.

- ئەی تۆ چۆن بە کچی خەونەکانت دەگەیشتیت؟

- لەناو فڕۆکەدا، لە گەشتێکی درێژدا، زۆر جار گەشتەکە لە ڕیازەوە بۆ تۆرنتۆیە، کچێکی جوان لە تەنیشتمەوە دادەنیشێت و لە یەکەمین ساتەکانی فڕینەوە یەکتر دەناسین و بە درێژاییی گەشتەکە چەنەبازی دەکەین، بێ ئەوەی هیچ شتێک بمانپچڕێنێت، جگە لە ترانزێت کە پێکەوە نانی نیوەڕۆی لێ دەخۆین و لەسەر چەنەبازییەکەمان بەردەوام

دەبین.

- بەم پێیە بێت، لەو بڕوایەدام هەموو ئەو کچانەت ناسیوە کە لە گەشتەکاندا لە تەنیشتەوە دانیشتوون!

- بەدبەختانە تەنیا پیاو و منداڵ و بەساڵاچووان لە تەنیشتمەوە دادەنیشن.

- بەدبەختی تۆ و بەخت باشیی من.

- حەز دەکەیت شۆڕەسوواری خەونەکانت چۆن بێتە داواخوازیت؟ دیمەنەکەم بۆ وەسف بکە.

- دیمەنەکان لە سەرمدا زۆرن، بەڵام جوانترین دیمەن ئەوەیە ئامادەی کۆڕێک یان ئێوارەبۆنەیەکی خۆشەویستەکەم بم، تا لەکۆتاییەکەیدا و پاش سوپاسکردنی پیاوان و خانمان لەبەر ئامادەبوونیان دەرفەتەکە بقۆزێتەوە بۆ دەربڕینی خۆشەویستیی زۆری و ئاگادارکردنەوەم لەوەی لە ژیانیدا جگە لە من کەسێکی دیکەی خۆش نەویستووە، بۆیە هیوادارە ڕازی بم بەوەی شووی پێ بکەم، ئینجا ئامادەبووان هەستنە سەر پێ و لە خۆشیدا چەپڵەمان بۆ لێبدەن.

- ماشەڵا، بیرت لە هەموو شتێک کردووەتەوە و پلانت بۆ داناوە، دیمەنێکی ئاسانتر لە مێشکتدا نییە!

پێکەنیت: سوپاسی خوا بکە، کە ئاسانترین دیمەنم بۆ وەسف کردوویت!

- کێشەیە! لەکوێ کۆڕ و جەماوەرت بۆ پەیدا بکەم؟

دەم بە زەردەخەنە وتت، گوێ مەدەرێ، باسی دیمەنەکەی خۆتم بۆ بکە.

- بیرم لەوە کردووەتەوە ئەڵقەت لە "کێکێک"دا بۆ دابنێم.

- تەقلیدییە، بەڵام ناسکە!



Scanned with CamScanner

- بە هەرحاڵ، کاتێک خەونەکانت بێفیز دەبن، ئاگادارم بکەرەوە، لەماڵەوە ئاوێتەیەکی کێکی (بیتی کویکەر)م هەیە، کە لە ماوەی ساڵێکدا بەکارهێنانی بەسەر دەچێت.

پێکەنیت: ئایا دەبێت بە جۆشوخرۆش بم؟

- بێگومان، کچان بەردەوام خەون بە هاوسەرگیرییەوە دەبینن.

- بەڵام من یەکێک نیم لەوانە.

بە هەراسانکردنەوە پێم وتیت، بەڵکو تۆ شاژنیت، شاژنی ئەوانەیت کە خەون بە هاوسەرگیرییەوە دەبینن، ڕۆژێک ئەوەت بۆ دەسەلمێنم.

بە تەحەداوە وتت، دەبینین چۆن ئەوە دەسەلمێنیت عەزیز!

دوای سێ مانگ ئاخاوتنەکەمانم بیر کەوتەوە، کێکوچکەیەکم بۆ دروست کردیت و داوام لێ کردیت بچین بۆ باخچەکە، جلوبەرگێکی ڕەسمیم پۆشی، کە هەمیشە جەژنان لە ئاهەنگەکانی باڵوێزخانەی سعودییەدا دەمپۆشی، لەسەر کورسییەک چاوەڕوان بووم تا هاتیت.

دیمەنم تەنیا بەلای تۆوە نامۆ نەبوو، بەڵکو بەلای هەموو ئەوانەوە نامۆ بوو کە لە باخچەکە بوون. بینیم نزیک دەبیتەوە و لە سەرسامیدا برۆکانت بەرز کردبووەوە. کاتێک نزیک بوویتەوە وتت، ئەو هەموو کەشخەییە چییە؟

- ڕوخساری منت بەدڵ نییە؟

لە کاتێکدا لە تەنیشتمەوە دانیشتبوویت بەناسکی وتت، نا نا، بە پێچەوانەوە، بەڵام ئەگەر بم زانیبایە بەم کەشخەییە دەبیت، ئەوا جلوبەرگێکی شاییستەم دەپۆشی.

- بە هەموو شێوەیەک کەشخەیت، چاوەڕوان بە شتێکم

هەیە بۆت.

لە کیسێکی تەنیشتمدا کێکێکی بچکۆلەم دەر هێنا و بۆم ڕاگرتیت: فەرموو.

وەرت گرت و بەسەرسامی زەردەخەنە کەوتە سەر لێوت، دەموچاوت سووری گەش هەڵگەڕابوو، وتم، فەرموو بیخۆ.

بەشەرمەوە پێکەنیت: ئێستا؟

- ئێستا!

بەشەرمەوە و بە وردەگاز دەستت بە خواردنی کێکە بچکۆلەکە کرد، تا تەواو بوو، بەسەرسوڕمانەوە و لە کاتێکدا یاریت بەو کاغەزە دەکرد، کە کێکە بچکۆلەکەی پێ پێچرا بووەوە، وتت، ئممم؟

وتم، بەدڵت بوو؟

- بەڵێ!

بە گاڵتەپێکردنەوە و دەم بە زەردەخەنەوە وتم، نۆشی گیانت بێت!

- خوا پاداشتت بداتەوە، ئێ دواتر؟

- دواتر نییە!

بە توورەبوونەوە وتت، حیکایەتەکە چییە؟

- نە حیکایەت هەیە، نە ڕۆمان، ترسام ماوەی بەکارهێنانی کێکەکە تەواو بێت، بۆیە بڕیارم دا دانەیەکت بۆ ئامادە بکەم.

- ئاوەها!

بەدەم پێکەنینەوە وتم، دەبینی چەند خەون بە هاوسەرگیرییەوە دەبینێت!

بە توورەبوون و ڕوخسارێکی شڵەژاوەوە وتت، دەبینێت چەند پرووپووچیت؟

هەستایتە سەرپێ و جێت هێشتم، منیش بەدەم پێکەنینەوە بانگم کردیت، بەڵام ئاوڕت لێ نەدامەوە. سواری ئۆتومبیلەکەت بوویت و بەخێرایی ڕۆیشتیت. بە مۆبایلەکەم نامەیەکم بۆ ناردیت، تێیدا نووسیم، گاڵتەم لەگەڵ کردیت!

وەڵامت دایەوە، گاڵتەکەت گەمژانە و بێبایەخ بوو.

وەڵامم دایتەوە، گاڵتەبازی بوو، حەزت لە گاڵتەبازی نییە؟

چاوەڕوانبووم وەک هەمیشە بە "گاڵتەبازیی چی؟" وەڵام بدەیتەوە، کەچی ئەم جارە نەتوت، وەڵامی دوانامەت نەدامەوە، زانیم بەڕاستی لێم زوویر بوویت.

ڕۆژی دواتر ئاشتم کردیتەوە و دڵم دایتەوە، بڕیارم دا ڕۆژێک قەرەبووی ئەوەت بۆ بکەمەوە و لەناکاو تووشی سوپرایزت بکەم!

***

ئەمڕۆ تەنیام لە قاوەخانەکەمان، کوپێک قاوەم لە بەردەمدایە لەگەڵ دیوانی نیچە و ئەو جگەرانەی لێم بێزار بوون و لێیان بێزار بووم.

ئەمڕۆ لە ناوچەکە هەست بە بوونت دەکەم، بە کردەوە هەستت پێ دەکەم! هەست بە تۆی زۆر دوور، زۆر تووڕە و ئەوپەڕی دەستخەڕۆکراو دەکەم.

تۆ بێئەندازە تێک شکاویت، دەزانم ڕادەی تێکشکاویت چەندە، بەڵام دەشزانم تێکشکاویم زۆر سنووری تێکشکاویی تۆی تێپەڕاندووە. من ئەو پیاوەم کە لەدوای تۆ خاوەنی هیچ نییە و لەگەڵ تۆدا خاوەنی هەموو شتێک بوو.

تێناگەم چۆن ئەوەت بە من کرد، چۆن بەو هەموو هێزە داگیرت کردم، چۆن بەو دڵڕەقی و جێگیرییە مێخەکانی خۆشەویستیت بە دڵمدا داکوتی.

نیچە لە تەنیاییەکە لەگەڵمدایە، هەمان ئەو نیچەیەی خۆشت ناوێت و ڕۆژێک وتت وەک ئەو بە تەنیایی و شێتی دەمرم.

جومان، ئایا بڕوات بە پێشبینییەکەت هەیە و وەک ئەو دەمرم! ئایا وەک ئەو پیاوە دەمرم کە بەبێدەنگیی مردووەکان لەگەڵم دەژی، تا بڕوام پێ بهێنێ کە بوون پێش ماهیەت دەکەوێت. منێک کە ڕۆژێک لە ماهیەتی سەیری تۆ نەگەیشتووم و نەمتوانیوە لوغزی بوونت لێک بدەمەوە، لوغزی جەوری ئامادەبوونت کە هیچ ئامادەبوونێک لە ڕووی جەورەوە پێیدا ڕاناگات.

ئەمڕۆ نازنم چۆن بەفیڕۆمدایت و بۆچی ئەوەم کرد. ئەوەی دەیزانم جومان ئەوەیە، بە ئازاردانەکەت تۆقابووم، تۆ تەنیا باوەڕت بە پەیوەندیی نەمر هەیە. تۆیەک کە پەیوەستبوونی بە منەوە دەیکوژێت، وەک چۆن دابڕانم لێی دەمکوژێت... تۆیەک کە منت خستۆتە تەنگەژەی هەڵبژاردنەوە: هەنگاونان بەرەو نادیار، یان هەڵهاتن.

من لە گۆڕانی پەیوەندییەکەمان دەترسام جومان، دەمویست وەک هەیت بتپارێزم، بەبێ کۆتوبەند، یان گۆڕانی شێوازی پەیوەندییەکە.

دانی پێدا دەنێم، پێداویستیی جەستەییم بە تۆ، بە هۆی خۆشەویستییەوە کڵپە دەستێنێت، بەڵام دەتوانم گشت ئارەزووەکانم بچەپێنم، لەپێناو ئەوەی بە هۆی

هاوسەرگیرییەوە لەدەستت نەدەم.

دەزانم سەختە کچێکی وەک تۆ لەگەڵ ئارەزووەکانی پیاوێکی وەک مندا هەڵبکات، ژنێکی تا ئەو پەڕی سنوور داوێنپاک لە پێداویستییەکانی پیاوێکی وەک من تێناگات، بەلام ئەوە سووچی من نییە! سووچەکە هیی من نییە جومان.

تۆ درەنگ هاتیتە ژیانمەوە! کاتێک هاتیت کە لەسەر تێرکردنی پێویستی و پێداویستییەکانم ڕاهاتبووم، کاتێک هاتیت کە ڕۆژگار خووی شڕ کردبووم و گشت چەکەکانی بەرگریکردنی لێ سەندبووم، کاتێک هاتیت کە ڕاهاتبووم بە چۆکدادان بۆ هەر ئارەزوویەک زۆری بۆ هێنابم، جا بچووک بووبێت یان گەورە. جومانە من پیاوێکم توانای جڵەوکردنی ئارەزووەکانی نەماوە، توانای کۆنترۆڵکردنی نەماوە، بۆیە لەسەر گەمژەییەکانم سەرزەنشتم مەکە.

باوەڕم پێ بکە جومان، هیچ ڕۆژێک ناپاکی هەستی بەختەوەریی پێ نەبەخشیوم، لەبەر چێژوەرگرتن لە ناپاکی، ناپاکیت دەرهەق ناکەم، من لەسەر ئەو شێوازەی ژیان ڕاهاتووم، لەبەر کەموکوڕییەک نییە کە لە تۆدا بێت، بەڵکو لەبەر خەوشییەکە کە لە مندایە.

کچێکی وەک تۆ دەزانێت ئێمە ئالوودەی خووین، من لەسەر ئەم ژیانە ڕاهاتووم و ناتوانم بەئاسانی دەستبەرداری بم، یان ڕیشەکێشانە خۆمی لێ بدزمەوە.

دەمەوێت بەحەوسەڵە بیت لەگەڵم، کێ دەزانێت! لەوانەیە ڕۆژێک لەم ژیانەدا چاک ببمەوە.

***

وەک هەموو سەرلەبەیانییەک ئیمەیلەکەم کردەوە، لەناو هەزاران نامەی ڕیکلامی ڕۆژانەدا بەدوای نامەیەکدا دەگەڕام ناوی تۆی پێوە بێت، بە ماوسەکە بەدوای پیتەکانی ناوەکەتدا دەگەڕام، بەڵام نەبوونی ناوەکەت سەرلەنوێ دڵشکاوی کردم.

بینیم نامەیەک لە پێگەی بەناوبانگی Future Me وە چاوەڕوانمە، ئەو پێگەیەی ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات نامەی داهاتووخواز بۆ خۆیان بنێرن.

نامەکە بەم ناونیشانە هاتبوو: "نامەیەک لە ڕابردووەوە بۆ بەڕێز عەبدولعەزیز،" کە چوار ساڵ لەمەوبەر لە قاوەخانەی Mash نووسی بووم... نامەکەم کردەوە و هەوڵم دا ئەوە بیهێنمەوە بیری خۆم کە نووسیبووم. تێیدا هاتووە، لە قاوەخانەکە لەگەڵ تۆ دانیشتووم، هەریەکێکمان نامەیەک بۆ داهاتوو دەنووسێت، بەپێی ڕێککەوتنەکەشمان دەبووایە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨دا، بە دیارکراوی لەم ڕۆژەدا، بە دەستمان بگات!

نامەیەکی درێژم بۆ خۆم نووسی، تێیدا وتوومە لە باشترین، بەڵکو بەختەوەرترین، باردام و هیچ ڕۆژێک بە ئەندازەی خۆشویستنی تۆ، ژنێکی دیکەم خۆش نەویستووە. نووسیومە کە تۆ بە ئیرەییت دەمخنکێنیت و دڵنیام لە کاتی بەدەستگەیشتنی ئەم نامەیەدا لەو خووە ڕزگارت بووە. لە نامەکەدا بەڵێنم داوە هەرشتێک ڕوو بدات دەستبەردارت نابم و وازت لێ ناهێنم. نووسیومە، ئەگەر ئێستا لەگەڵی ماویت بیپارێزە، ئەگەر ڕۆژگاریش لێکی دابڕیون بەدوایدا بگەڕێ و بیگێڕەرەوە. لە کۆتاییی نامەکەدا تێبینییەکی بچکۆلەم بۆ جێ

هێشتوویت: جومانە، ئەگەر ڕۆژێک حەقیقەتت ونکرد، ئەوا بگەڕێرەوە بۆ پیتە هاوپێچەکان!

نامەکەم خوێندەوە، وەک ئەوەی هەرگیز نەمنووسیبێت، تەواو لەبیرم کردبوو، ئەو نامەیە لە ڕابردووەوە و لە کاتێکی سەخت و هەستیاردا هاتووە، وەک ئەوەی ئاماژەیەک بێت لە خواوە بۆ من تا هەوڵ بدەم بتگێڕمەوە، بانگەوازێک بێت بۆ تۆ تا لە دڵی خۆت بپرسیت!

ڕیک کەوتبووین دەستوبرد کاتی گەیشتنی نامەکان ئاڵوگۆڕیان بکەین، تەنانەت ئەگەر لە یەکتریش جیا بووبووینەوە. نامەکەم بۆ ناردیت، بێ ئەوەی بە تاقە پیتێکیش کۆمێنتی لەسەر بنووسم. بە درێژاییی ڕۆژەکە چاوەڕوانی ناردنی نامەکەت بووم، کەچی بەڵێنەکەی خۆت نەبردە سەر.

لە کاتی چاوەڕوانیدا بیرم دەکردەوە، چۆن بەڵێنەکەت دەشکێنیت؟ چۆن بەو کتوپڕییە ئەوەندە دڵڕەق بوویت!

[من "وەک بەزمەکەی تۆ" تێک شکاوم، تۆش "وەک بەزمەکەی من" دڵڕەقیت!]

***

مانگێکی تەواو بەسەر هەرەسهێنانەکەتدا تێپەڕی، مانگێکی تەواو تاسەی دووری نەیگێڕایتەوە و بەشداریی ژیانت نەکردم.

نازانم چۆن بەرگەی دیارنەمانت گرت، چۆن توانیت بەو ڕادەیە دڵڕەق بیت! هەندێک جار بیر دەکەمەوە کە سزا لە توخمی کارکردنە، بەڵام کۆترە کێویلە وەک تۆ ئاشنای

ڕێگەی ڕق نییە، نازانم چۆن توانیت بچیتە دەرەوەی پۆلەکە؟ ئەو پۆلەی تەنیا من و تۆ پێکی دەهێنین... من و تۆ جومان، تەنیا من و تۆ.

لە زانکۆ چاوم پێت کەوت، لەناو قەرەباڵغیدا دانیشتبوویت، بە چاویلکەیەکی زۆر ڕەش چاوەکانت دەشاردەوە، وەک خووی هەمیشەییت قاچت دەجووڵاند و یاریت بەو ئەڵقەیە دەکرد کە پێکەوە کڕیومانە، ئەو ئەڵقەیەی لەو کاتەوەی کڕیومانە بە زنجیرەکەی ملتەوەیە و چاوەڕوانی ئەوەیت ڕۆژێک بیکەمە پەنجەت.

هەر کە تۆم بینی سووکە موچڕکەیەک بە جەستەمدا هات، بە بینینت شڵەژام، بۆیە لە سووچێکی دوور دانیشتم و سەیری قاچتم دەکرد، کە بە شێوازێک دەیجووڵێنی لە هیی کەسی تر ناچێت، هیچ کەسێکیش وەک من جیای ناکاتەوە. تۆ وەک خەڵک بەشپرزەیی قاچ ناجووڵێنیت، بەڵکو بە بێهودەیییەکی لووتبەرزانە و نەرمەنازکردنەوە، بەهێواشیی کەسێکی خۆبەزلزان دەیجووڵێنیت، وەک ئەوەی لە ڕێگەیەوە هەموو جیهان بجووڵێنیت.

بینیم بە چاویلکەکەت قژت لا دا و چاویلکەکەت کرد بە سەرتەوە تا سەیری مۆبایلەکەت بکەیت، لە مۆبایلەکەتدا شتێکت دەنووسی، شتێک کە زانینخوازی و ئیرەیی و ترس وایان لێ کردم بە پەرۆش بم بۆی!

بیرم لەوە دەکردەوە، تۆ بڵێیت تۆش منت بینی بێت و بزانیت چاودێریت دەکەم، ئاخۆ چاویلکەکەت بۆ ئەوە لابرد تا یارمەتیم بدەیت سەرلەنوێ بە ڕوخسارت شاد بمەوە.

دەزانم شـارەزای خەڵەتانـدن نیـت، بـەڵام ئاواتەخـواز بـووم دیارنەمانـی ئـەم جارەت خەڵەتانـدن بێت، لـە خوا دەپاڕامـەوە دوورکەوتنـەوەت سـزایەک بێت بـەم نزیکانـە کۆتایی بێت، تـا دوای "سـزای دابڕانەکـە" بگەڕێیتـەوە، چونکـە خوا لـە کەسێک خۆش دەبێت کـە گوناهـی کردبێـت.

بیـرم کـردەوە، ئەگـەر سـەرت بـەرز کـردەوە و سـەیرت کردم و زەردەخەنـە کەوتـە سـەر لێوەکانـت، چیت پێ بڵێـم و چی بکەم، بەڵام نەتکرد. جاریکی تر چاوەکانت بە چاویلکەکە شـاردەوە، کاغەزەکانـت کـۆ کـردەوە، جانتاکـەت هەڵگـرت و لـەدوای خۆتـەوە جێـت هێشـتم و ڕۆیشـتیت.

بـە درێژاییـی کاتـی دیارنەمانـت لـە خـوا دەپاڕامـەوە بەخشـندە بێـت لەگەڵـم و بـە بینینـی ڕوخسـارت شـادم بـکات، ئەگەر بۆ چەنـد سـاتەوەختێکیش بێت، بەڵام نەمدەزانی بینینت بـەو شـێوەیە زیاتـر دەمسـووتێنێت و ئـازارم زیاتـر دەکات.

نامەیەکی تەلەفۆنیـم پێگەیشـت، لـەو دڵپێوەبوون و ئازارەی دەر هێنـام، وام زانـی تـۆ نامەکـەت نـاردووە، کاتێک بە پەنجە و هیواخوازانـە کردمـەوە، نـاوی یاسـەمین کەوتـە بەرچـاوم، کـە نووسـیبووی، Hello Husband did you miss your wife? She missed you.

لـە ناخمـدا بۆڵەبۆڵێکـم کـرد و ئـاوڕم دایـەوە بـۆ گـەڕان بەدوای خەیاڵـی گەڕانەوەتـدا: خـوا لەنـاوت بەرێـت یاسـەمین، هەمیشـە هۆکارەکـە بوویـت! ئـای چ بەڵایەکیت!

وەڵامـی یاسـەمینم نەدایـەوە، تـۆش پـاش ڕۆیشـتنت نەگەڕایتـەوە، منیـش لـە حەوشـەی زانکـۆ لەنێوان بیرکردنـی

ئـەو و سـتـەمی تـۆدا بەهەڵواسـراوی مامـەوە.

***

بیـری گۆرانییەکانـت دەکـەم! بیـری ئـەو زەوقـەی گۆرانیت دەکـەم کـە هیـچ پەیوەندییەکی بـە تەمەنتـەوە نییـە، تۆیەک کە حـەزت لـە ڕەسـەنایەتیی گۆرانییـە، چا عەرەبی بێت یان بیانی. ئـەوەی دەتبینێت بـاوەڕ بـەوە نـاکات چیت پێ خۆشـە و گوێ لـە چـی دەگریـت، ناکۆکییەکـی تونـد لەنێـوان سـەردەمیبوونی ڕووالـەت و کلاسـیکیبوونی زەوقتـدا هەیـە، جگـە لـە مـن بـە خەیاڵـی هیـچ کەسـێکی دیکـەدا نایـەت و پێـی ئاشـنا نییـە.

[پاش دیار نەمانت وام لـێ هاتـووە گـوێ لـە گۆرانییەکانت دەگـرم، نازانـم بۆچـی ڕۆژێـک لـەوە تێنەگەیشـتم کـە گۆرانییەکانت چەنـد بـە تـۆ دەچـن، چەنـد تۆیـان تێدایـە و چەنـد ئـەوان لەنـاو تـۆدان.]

گوێـم لـە "جوانترین گوڵـم بـۆ هەڵبژێـرە" و "خانمـە عاشقی گـوڵ"ی زەکـی ناسـیف دەگـرت و بیـرم لـەوە دەکـردەوە، ئـەو دوو گۆرانییـەی زۆر حـەزت لێیانـە بـە تـۆ دەچـن! نازانـم بۆچی حـەزت لـەو دوو گۆرانییەیـە، لەوانەیـە لەبـەر ئـەوە بێت گوڵێکیان تێدایە شاییسـتەی ژنێکە کە عاشقی زەنجەفیلـە.

دێتـەوە یـادم لـە سـەرەتای یەکترناسـینماندا لێـم پرسـیت ئاخـۆ حـەزت لـە شیعرە، وتـت، بەڵـێ، حـەزم لـە شـیعرە، بـەڵام هـەر شـیعریک نـا.

لێم پرسیت، حەزت لە چ جۆرە شیعرێک نییە؟

بەسادەیی وەڵامت دامەوە، خشـەی دێت و خرەی دێت!

بە سەرسوورماوییەوە لێم پرسیت، چی؟

- شیعری فۆلکلۆری.

- مەبەستت شیعری ئاخ و داخە.

- ئاخ و داخ، میللی، فۆلکلۆری... هەموو ڕێگەکان دەگەنە ڕۆما.

- شیعری میللی و ڕۆما! مەبەستت ئەوەیە گشت ڕێگەکان دەگەنە سعودییە!

پێکەنیت: خۆیەتی!

- دەشتەکیت و حەزت لە شیعری ئاخ و داخ نییە!

- لەبەر ئەوەی کاتی یەکەمین بینین جلوبەرگی نەرمونیانم پۆشی بوو!

- دەزانیت زماندرێژیت!

- گوناهت دەگات.

- دەزانیت فەتوا دەر دەکەیت، شت حەرام و حەڵاڵ دەکەیت.

بە نکۆڵیکردنەوە وتت، گوناهت دەگات!

دامە پرمەی پێکەنین، تۆش پێکەنیت! هەمیشە بەو جۆرەیت، بێمەبەست یان بەئەنقەست دەمهێنیتە پێکەنین، لەوانەیە ئەوەم لە هەموو شتێکی تری تۆ پێ خۆشتر بێت، حەز دەکەم بمهێنیتە پێکەنین، تەنانەت بێ ئەوەی هەوڵیش بدەیت و خۆت بە هەوڵدانەوە ماندوو بکەیت.

بیری هێنانەپێکەنینەکەت دەکەم، بیری ئەو گۆرانییانە دەکەم کە ڕۆژانە بۆت دەناردم، ئەو گۆرانییانەی زۆر گاڵتەم پێیان دێت و لە کاتی دیارنەمانتدا بۆم دەر کەوت زۆر لەوە جوانترن کە مەزەندەم دەکرد.

یەکەمین جاری ژەنینی پارچەمۆسیقایەک بە عودەکەم دێتەوە یاد، ئاوازی "شەوی دەستگیرکردنی فاتمە"ی (عومەر خیرەت)م بۆ ژەنیت. ئەوە یەکەمین سەردانیت بوو بۆ لام لەماڵی ڕۆبێرت و باتی. ئەو سەردانەی بە نابەدڵی و وریاییەکی زۆری ڕۆژهەڵاتییەوە ئەنجامت دا.

گاڵتەم پێ کردیت، کاتێک بە ئیرەیییەکی ژنانەی شپرزەوە دەربارەی پارچەئاوازەکە لێت پرسیم، فاتمە کێیە!

بە گاڵتەوە وەڵامم دایتەوە، ئیشکەرەکەمانە کە هەڵهات!

بە ساویلکەییەوە لێت پرسیم، بۆچی پارچەئاوازێک دەربارەی دادەنێیت؟

زۆر پێکەنیم و زۆریش گاڵتەم پێ کردیت، لە شەرما دەموچاوت سوور هەڵگەڕا و بە پێکەنینەکەم شڵەژایت، ساویلکەیی پوختت، پوختیی ساویلکەت زۆری هێنامە پێکەنین جومانە! بەڵام دواتر تۆڵەت لێ کردمەوە. پاش تەواوبوون لە ژەنینی پارچەئاوازەکەی خیرەت ئاوازی "شنەبای خۆشەویستی هەڵی کردە سەرمان"م ژەنی، پاش تەواوبوونم لێم پرسیت، چۆن بوو؟

بە گاڵتەپێکردنەوە وتت، ماشەڵا، عەبادیت!

لەوە بەدوا، هەر جارێک دەستم بە عودەکەمەوە گرتبێت، پێت وتووم عەبادی، بۆیە بە دەنگ و ژەنینی خۆم هەندێک گۆرانیی عەبادیم بۆ تۆمار کردیت و خستمە سەر سیدییەک و لە ڕۆژی لەدایکبوونتدا بۆم کردیتە دیاری. سەرەتا لە ئۆتومبیلەکەمدا بۆم لێ دایت، گۆرانییەکە بە ناوی "گوڵدان"ەوە بوو.



Scanned with CamScanner

[نە تۆ گوڵێت و نە دڵی منیش گوڵدانێک لە فەخفوری.]

[ڕێکەوتێک پێکەوەی کۆ کردووینەتەوە، بزانە چ ڕێکەوتێکە!

لەناو شاردا پێکگەیشتین و هەزار بەندەر لێکی جیا کردینەوە]

[لە شنەبا و شەپۆل و پاپۆڕەکە ببورە.

بەداخەوە... گەشتەکە خەمبار بوو!]

دێتەوە بیرم لەم بڕگەیەی گۆرانییەکەدا دەستت برد و ئامێرەکەت کوژاندەوە، لێم پرسیت، سەرسامی کردیت؟

بەبێزاری وتت، جوانە، بەڵام ئەو شیوەنە لەپای چی!

- ڕەشبین بوویت؟

- زۆر! تۆ باش دەزانیت ئەو شتە بچووکانە ڕەشبینم دەکەن.

ئەو ڕۆژە گاڵتەم بە شتە بێماناکان و ڕەشبینیت دەهات، بە سەرقاڵی و بایەخدان و بەدواداچوونەکانت بۆ ئاماژەکانی قەدەر، بەڵام ئەمڕۆ پێم وایە ترسەکەت لە جێی خۆیدا بوو، لە ڕێگەی وزەی نەرێنییەوە، کە ئەنجامی بیرکردنەوەمان ئاراستەی یەکتری دەکەین، ڕووداوی خراپ بەسەر یەک دێنین. هەریەکێکمان جۆرێک خەمباری بۆ پەیوەندییەکە هێناوە، تۆ بە گومانکردنت بە من، منیش بە ترسم لەوەی خوا لە تۆم بێبەش بکات. ئەگەر تۆ متمانەت بە من هەبووایە، منیش باوەڕم بەوە هەبووایە کە خوا تۆم پێ دەبەخشێت، لەوانەیە هەموو ئەوانە ڕوویان نەدابایە. تەنیا لە متمانە و باوەڕمان کەم بوو جومانە، بەڵام تۆ بێمتمانە بوویت، منیش بێباوەڕ. بۆیە ئەمڕۆ تەنیا چەند گۆرانییەکم لە تۆوە بۆ



Scanned with CamScanner

ماوەتـەوە کـە ڕقـم لێیانـە، تراویلکەیەکی هیـوای درۆزنانـەم بۆ ماوەتـەوە، کـە دڵنیـام دەکاتـەوە ڕۆژێـک دەگەڕێیتـەوە.

***

جاربەجـار هەسـت دەکـەم خـوا بـە خۆشەویسـتی سـزامان دەدات.

خەڵـک پێیـان وایـە خۆشەویسـتی خەڵاتێکـی مـەزن و پاداشـتێکی خواوەنـدە، ئاواتەخوازیـن و لـە خـوا دەپاڕێنـەوە پێیان ببەخشێت، ئەگەر پێی بەخشین سوپاسی دەکەن، بەڵام لەو بڕوایەدام کە خوا بە خۆشەویستی گرفتارمان دەکات و پاداشتمان ناکات. خۆشەویستی گرفتاربوونە، منیش گرفتاری خۆشەویستییەکەی تـۆم، بۆیـە زۆر لـە خـوا دەپاڕێمـەوە ئـەو خۆشەویستییەم لـێ بسـەنێتەوە و بەپیر پاڕانـەوەی یاخییەکی وەک منـەوە نەیـەت، تـا زیاتـر نەترسـم، نوقـووم نەبـم تێتـدا، عاشـقت نەبـم، نەخـۆش نەکـەوم، نەترسـم، بـە هـۆی تـۆوە تووڕەییـی خـوا بەسـەرمدا دانەبارێت!

دوودڵـی خەریـک بـوو لەنـاوی دەبـردم، خەمۆکـی لـە ماڵەکـەی خـۆم زیندانیـی کردبـووم. ئـەم جـارە نەمتوانـی لەدەسـتت هەڵبێـم بـۆ لای یاسـەمین، بـە دیارنەمانـت زیاتـر لـە دیاربوونـت کۆنترۆڵـت کـردووم جومـان. نازانـم ئاخـۆ ئەگـەر سـوێی دووریـت نەبووایـە درکـم بـە خۆشویسـتنت نەدەکـرد، یـان پیاوێکـم دیارنەبـوون زیاتـر لـە دیاربـوون ئـارەزووم دەجووڵێنێـت. لـە هەمـوو بارێکـدا نەمتوانـی لـە مێشـکی خۆمـت دەر بهێنـم، لەنـاو سـەرمدا دەهـۆڵ دەکوتیـت، لەنـاو شـانەکانمدا



Scanned with CamScanner

سەما دەکەیت و دەخولێیتەوە، لەناو هەردوو چاومدا دەتبینم، بۆنەکەت بەر لووتم دەکەوێت، وەک پیاوێکی شێتۆکە هەست بە ئامادەبوونت دەکەم، تۆ هەستەکانت شێواندووم، وەک چۆن دڵ و مێشکت شێواندووم جومانە. بۆیە وەک کەسێکی ئالوودە، کە هەوڵی ڕزگاربوون لە ئالوودەبوونەکەی دەدات، لە ماڵەوە گۆشەگیر بووم. چوومە ناو تۆڕی ئینتەرنێتەوە، تاوەکو هەوڵ بدەم سەرقاڵی هەرشتێک بم، جگە لە تۆ. بەرنامەی ماسنجەری بەناوبانگم کردەوە، بەشکم بەزەییت پیامدا بێتەوە و لە ڕێگەیەوە پەیوەندیم پێوە بکەیت. لە کاتی چوونەناو بەرنامەکەوە دڵم بەتوندی لێیدەدا، لە خوا دەپاڕامەوە پەیوەندی بکەیت، لە چرکەکانی چوونەناو بەرنامەکەدا بیرم کردەوە، ئەگەر بە بەرنامەکە پەیوەندیت کرد، سڵاوت لێ بکەم، یان چاوەڕوان بم تۆ دەستپێشکەر بیت؟ بیرم لەوە کردەوە کە دەیڵێم، لەوەش کە تۆ دەیڵێیت. ماوەی چوونەناو بەرنامەکە تەنیا چەند خولەکێکی پێچوو. جومان بیرم لە هەموو شتێک کردەوە کە بە مێشکتدا دەهات یان نەدەهات، کەچی پەیوەندیت نەکرد، گشت بیرۆکەکان بە هەڵم بوون، تۆش بە دیارنەماوی مایتەوە.

چەندین کاتژمێر چاوەڕوانی هاتنت بووم، وەک بانک کارێکی شارەزا دەمڕوانییە مۆنیتەرەکە، تا بینیم ئاخۆ ناوی خۆت گۆڕیوە، بەڵام لە بەرنامەکەدا دەر نەکەوتیت، ئەوساکە زانیم بلۆکت کردووم و خۆت پەردەپۆش کردووە تا نەتبینم. ئەگەرچی هەمیشە لە کاتی دەمەقاڵێیەکانماندا ئەوەمان دەکرد، بەڵام خۆڕاگریت و پەیوەندینەکردنت وایان لێ کردم زیاتر و زیاتر هەست بە لاوازی بکەم، هەستم کرد بێهیوایی کنە

کتوپڕ بینیم ناوەکەت لەسەر مۆنیتەری مۆبایلەکەم دەدرەوشێتەوە، ئەوە دوو ڕۆژ دوای پەیوەندیی ماسنجەرەکە بوو، وەک ئەوەی هەستت کردبێت ئەحمەدم لەگەڵە. ئێمە پێکەوە لە بارێکی بچووکی شەوانە دانیشتبووین، من تووڕە بووم و دەمویست بە هەراوهوریا و پەرداخێک بیرە تۆزێک خۆم بەتاڵ بکەمەوە.

دەزانم باوەڕم پێ ناکەیت، بەڵام لەوێ بەدوای کەسێکدا نەدەگەڕام جومانە، پێویستم بە شوێنێک بوو تا بە هۆیەوە تۆڵەت لێ بکەمەوە و هیچی تر.

دەزانم تۆ نازانیت ئەوە چۆن و بۆچی دەبێت، بەڵام ئەوە کارێکی پیاوانەی ئاڵۆزە، وەک زۆرێک لەو کارانەی پیاوان، کە ڕقت لێیانە و لێیان تێناگەیت!

هەر کە چاوم بە ناوەکەت کەوت، بەبێ بیرکردنەوە لەوەی کاریگەریی مەی لەسەر دەنگم چییە و هەراوهوریای دەوروبەرم چ کارێک لە تۆ دەکات، وەڵامم دایەوە. بە شەوقەوە وتم، سڵاو.

دەنگت دەلەرزی: چۆنیت عەبدولعەزیز؟

هەستم کرد بەو پرسیارە زەبرم لێ دەوەشێنیت، پرسیارەکەت سەرزەنشتکەرانە بوو جومانە، توانای بەرگەگرتنیم نەبوو. وەڵامم دایەوە، چۆنم! تۆ چۆنیت؟ چی منی وەبیر هێنایەوە!

دێتەوە یادم شتێکت دەربارەی لەبیرکردن باس کرد و وتت کە منت لەبیر نەچۆتەوە تا وەبیرت بکەومەوە. ئەوساکە هەموو شتەکانی ناخم بە ڕووتدا تەقینەوە، کاتێک هەستم بە خۆم کرد، بینیم گریان قوڕگی پڕ کردووم و فرمێسک

دەکاتە ناو ناخمەوە و زیاتر گومانم بە توانای لێخۆشبوونت کرد.

چاوەڕوان بووم پەردەپۆشکردنەکەت لا بەریت، بەڵام نەتکرد. بۆیە ناوی خۆم گۆڕی، تا ناوم بەرچاوت بکەوێت و نامەکەم ببینیت: جەژنت پیرۆز جومانە، پێش ئەوەی ڕێگەکە قەرەباڵغ بێت! ئینجا بەرنامەکەم داخست. تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و پاش دوودڵییەک نامەیەکم بۆ ناردیت: دەزانم بلۆکت کردووم، ویستم پێش قەرەباڵغی پیرۆزبایی جەژنی لەدایکبوونت لێ بکەم. لەسەر پێخەفەکەم ڕاکشام، بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ کاتی خوێندنەوەی نامەکە بیر لە چی دەکەیتەوە و چۆن وەڵام دەدەیتەوە، بەڵام ئەم جارە لێت بردمەوە و وەڵامی نامەکەت نەدامەوە... فەرامۆشکردنم خنکێنەر بوو و بەرگەم نەدەگرت. پاش کاتژمێرێک چاوەڕوانی نامەیەکی دیکەم بۆ ناردیت: ئەوە تەنیا پیرۆزباییکردن بوو و هیچی تر، جلوبەرگم گۆڕی وماڵەوەم جێ هێشت، بڕیارم دا بە گاڵتەپێکردن سزات بدەم.

***

لەگەڵ ئەحمەدی هاوڕێم بووم کە خۆشت ناوێت، پێت وایە ئەحمەد خووی شڕ کردووم، هەر جارێک لەگەڵ ئەو بچمە دەرەوە تووڕە دەبیت، بەسووکایەتیپێکردنەوە سەیری دەکەیت، توانجی ڕەق دەربارەی ڕەوشتی لێ دەدەیت، بێ ئەوەی گوێی پێ بدەیت چۆن لێکی دەداتەوە. تۆ بەو جۆرەیت، دڵپیسی خۆتم لە کۆڵ ناکەیتەوە، وەک ئەوەی بە کردەوە مێردت بم!



Scanned with CamScanner

بە چاوەکانمدا دێتە خوارەوە، بێئاگایانە دەمقیژاند، بۆچی پەیوەندیت کرد! هەوڵ دەدەم لەبیرم بچێتەوە، بۆچی ئێستا پەیوەندی دەکەیت؟

بۆ پەیوەندییەکەت داوای لێبوردنت کرد و ویستت تەلەفۆنەکە دابخەیتەوە، پێدەچێت کاردانەوەکەم تۆی تۆقاندبێت، بەڵام بەهەڕەشەوە هۆشداریم دایتێ، هێی! تەلەفۆنەکە دامەخەرەوە، قسەم لەگەڵ بکە، قسەم لەگەڵ بکە!

هەستم کرد لە ترسی بەرامبەرەکەت هەناسەسوار بووبوویت، لە کاتێکدا ئەوانەی بارەکە بەترسەوە چاویان تێ بڕیبووم، چونکە ئەگەرچی ژاوەژاو شوێنەکەی داگیر کردبوو و تاریک بوو، بەڵام بینینی گەنجێکی خاوەن ڕوخساری عەرەبی لە ساڵی ٢٠٠٨دا، کاتێک بەدەم تەلەفۆنکردنەوە دەگری و هاوار دەکات، دڵنیاییبەخش نەبوو.

ئەنجامی بیرکردن و تووڕەبوون و مەستی قسەی زۆرم کرد، هەموو ئەوانەم بیر نایەتەوە کە دەرم بڕین، بەڵام دێتەوە بیرم کە وتم یاسەمین تەلاق دەدەم، یاخود تەلاقم داوە! داوام لێ کردیت شوو بە یەکتر بکەین، پێم وتیت ئامادەم هەرشتێک بکەم بۆ ڕازیکردنت.

بەگلەیی وتت ئێستا بیر لە هیچ ناکەیتەوە و پێت باشترە لێ گەڕێیت شەوەکەم بەسەر بەرم!

دەمزانی بە شێوە و شێوازی خۆت، کە سەرباری دیارنەمانت گۆڕانیان بەسەردا نەهاتبوو، ئێرەیی خۆت و گلەیی خۆتم ئاراستە دەکەیت. پێم وتیت ئێستا دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە و لەناو پێخەفەکەمەوە پەیوەندیت پێوە دەکەم، داوام لێ کردیت پێش پێکەوەقسەکردن نەخەویت، تکام

لێ کردیت ئەوە نەکەیت، ئینجا تەلەفۆنەکەم داخستەوە و بەڕاکردن بەرەو ئۆتومبیلەکەم ڕۆیشتم، لە کاتێکدا ئەحمەد گاڵتەی پێ دەکردم!

نازانم چۆن و کەی گەیشتمەوەماڵەوە، گەیشتنەوەم بە خەو دەچوو، دێتەوە بیرم چوومە ژوورەکەم، پێڵاوەکانم داکەند و بە جلوبەرگەکەمەوە لەسەر پێخەفەکەم ڕاکشام تا تەلەفۆنت بۆ بکەم، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دواتر بەتەواوی جلوبەرگەکەوە بێدار بوومەوە و تەلەفۆنەکە بە دەستمەوە بوو، بێ ئەوەی قسەم لەگەڵ کردبێت!

نازانم چۆن بەو خێراییە خەوم لێکەوتبوو، وا بزانم تەلەفۆنەکەی ئەو شەوەت وەک هۆشبەر وا بوو، گشت ئازارەکانی لێ داماڵیم، خەوتنێک لێی خەوتم کە ماوەیەک بوو بەو شێوەیە خەوم لێنەکەوتبوو.

هەستم کرد بە پەیوەندینەکردنم هەموو شتێکم تێک داوە، دەمزانی تۆ باوەڕ بە خەولێکەوتنم ناکەیت و خەیاڵت بۆ چەند دنیایەکی قێزەون دەڕوات، بۆیە بە تەلەفۆنەکەم نامەیەکی خۆگێلکردنم بۆ ناردیت، تێیدا نووسیم، جومانە، دوێنێ شەو لە خەومدا تەلەفۆنت کردبوو، هەمیشە لە خەوەکانمدا جوان بوویت.

نامەکەم نارد و دەمزانی وەڵامم نادەیتەوە، ئاواتەخواز بووم ئەو جارە بەدرۆم بخەیتەوە و وەڵامم بدەیتەوە، کەچی وەڵامت نەدامەوە و بارەکە ئاڵۆزتر بوو!

***



Scanned with CamScanner

Look into my eyes, you will see

What you mean to me
Search your heart, search your soul
And when you find me there
You'll search no more

Don't tell me it's not worth trying for
You can't tell me it's not worth dying for
You know it's true
Everything I do, I do it for you

بە ئۆتومبیلەکەم بە شەقامەکاندا دەگەڕام و گوێم لە گۆرانی براین ئادەمز (Everything I do, I do it for you) دەگرت و زەردەخەنەکەت یادی دەتواندمەوە و بیرازی دەکردم... دوو مانگ زیاتر بەسەر لێکجیابوونەوەماندا تێپەڕیوە و هێشتا هەست دەکەم لەنێوان دوو شتدا گیرم خواردووە کە لێکدانەوەیان بۆ نادۆزمەوە، لەوە تێناگەم کە هەستی پێ دەکەم و ئەوەی دەمەوێت ڕوو بدات!

دەمەوێت بگەڕێیتەوە، جا بە هەر ناوێکەوە بێت، نامەوێت بیر لە ناوەکانی پەیوەندییەکەمان بکەمەوە، هەروەها نامەوێت بیر لە داهاتوومان بکەمەوە، تەنیا دەمەوێت بگەڕێیتەوە و لەو باری ونبوونە ڕزگارم بکەیت، بەبێ بیرکردنەوە لە هیچ شتێک، جگە لە ئێستا و خۆمان.

چیی تر بەرگەی دیارنەمانت ناگرم، ژیانم دوور لە تۆ



Scanned with CamScanner

دادەڕمێت و بێ بوونت ناتوانم بنیاتی بنێمەوە جومانە!

پێچم کردەوە بۆ لای ماڵەکەت، بەبێ بیرکردنەوە لەوەی دەیکەم و دەیڵێم ئوتومبیلەکەم بۆ لای تۆ لێخوڕی، هەستم بە دەستی براین ئادەمز دەکرد، کە دەیکێشا بەسەر شانمدا و گۆرانی دەچڕی:

Don't tell me it's not worth trying for

بە درێژاییی ڕێگەکە دووبارەم دەکردەوە:

It's worth a try, it's worth a try!

لە ڕاستیدا ئامادەی هەوڵدانی زۆر بووم جومانە، تۆ تەنیا شایستەی هەوڵدان نەبوویت، بەڵکو بە درێژاییی ژیان شایستەی گێڕانەوە بوویت. ئوتومبیلەکەم لە بەردەم ماڵەکەتدا ڕاگرت و لەگەڵ براین گۆرانیم دەچڕی:

Don't tell me it's not worth fighting for
I can't help it, there's nothing I want more
You know it's true
Everything I do. I do it for you

There's no love, like your love
And no other, could give more love
There's nowhere, unless you're there



Scanned with CamScanner

## All the time, all the way

نەمدەزانی چی بکەم، بەڵام دەمزانی مەسەلەکە شایانی ئەوە بوو لەپێناویدا بجەنگم. لە ئوتومبیلەکە دابەزیم و سەر کەوتم بەرەو شوقەکەت. زەنگی دەرگاکەم لێدا، گوێم لە هاواری هەیفا بوو کە لە چاوی تەلیسماوی دەرگاکەوە سەیری دەکردم، بەڵام دەرگاکەی نەکردەوە. بە دەست لە دەرگاکەم دا و بە تەلەفۆنەکەم هەوڵم دا پەیوەندیت پێوە بکەم، کەچی بێوەڵام بوو.

دەمزانی دەرکەوتنی لەناکاوم لە بەردەم دەرگای ماڵەکەدا تۆ و هەیفاش دەترسێنێت، بۆیە نەڕۆیشتم، دەمزانی ماوەیەکتان پێویستە بۆ قبوڵکردنی هاتنەکەم. لە بەردەرگاکەدا ڕاوەستام و چاوەڕوانی ئەوە بووم ئارام ببنەوە. پاش چەند خولەکێک تەلەفۆنت کرد، بەبێ سڵاوکردن وتم، لە بەردەرگام، بیکەرەوە!

به دەنگێکی نیگەران و خەواڵووەوە وتت، چیت دەوێت؟

وتم، بیکەرەوە جومانە.

دوو سێ خولەکی پێچوو تا دەرگاکەت کردەوە، جلوبەرگێکی خەوتنی پەمەیی بە نیگاری منداڵییەوەت پۆشیبوو و قژت بە شێوەی کاتی خەوتن بەستبوو، هەیفا لە پشتتەوە ڕاوەستابوو و بە ڕوویەکی ترساو و تووڕەوە سەیری دەکردم.

بەسەرسوڕمانەوە لێت پرسیم، عەزیزا! چیتە؟ چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

- جومانە، پێویستە قسەت لەگەڵ بکەم، تۆزێک لەگەڵم



Scanned with CamScanner

وەرە خوارەوە.

- خوارەوە بۆ کوێ؟- شوێنێک بەتەنیا قسە بکەین.

بەلووتبەرزییەوە: هیچ شتێک نییە باسی بکەین.

- تکایە جومانە، بە پێیەکانی خۆم هاتووم بۆ لات، هاتنەکەم شایستەی ئەوە نییە تۆزێک گوێم لێ بگریت؟

بەدوودڵی وتت، باشە، لە سەر شۆستەکەی بەردەم باڵاخانەکە چاوەڕوانم بە.

چوونەخوارەوەم وەک سەرکەوتنم نەبوو، ماوەی نێوان سەرکەوتن بۆ شوقەتەکەت و دابەزینە خوارەوە تەنیا چەند خولەکێک بوو، بەڵام بینینت بە خێراییەکی باوەڕپێ نەکراو دڵی شتمەوە!

لەتەنیشت کورسییەکی سەر شۆستەی بەرامبەر بە شوقەکەت ڕاوەستام و جگەرەیەکم داگیرساند و بە دەنگێکی نزم لەبەر خۆمەوە گورانییەکەم دەوتەوە:

Don’t tell me it’s not worth trying for
You can’t tell me it’s not worth dying for

هەوڵم دەدا بیرکردنەوەم ئارام و دڵنیا بکەمەوە. بینیم بە قژێکی تەڕ و چاکەتێکی خوریی گەورەوە، کە زستانی ڕابردوو پێشکەشم کردبوویت، لێم نزیک بوویتەوە. لەسەر قەراغی کورسییەکە دانیشتیت، جگەرەکەم کوژاندەوە. پاش ساتەوەختێک بێدەنگی لێت پرسیم، لەسەر بێدەنگی بەردەوام دەبیت؟

بەبێ قسەکردن لە تەنیشتتەوە دانیشتم، شانم بە



Scanned with CamScanner

شانتەوە نووسابوو، هەستم کرد دەمەوێت بۆ هەتاهەتایە ئەو ساتەوەختە بۆ خۆم بپارێزم. لە بێدەنگیم بێزار بوویت و وتت، هاتوویت تا بێدەنگیی خۆتم پیشان بدەیت؟

حەزم دەکرد منیش گلەییت لێ بکەم، بەڵام بڕیارم دا ئەم جارە دەستبەرداری کەللەڕەقی و لووتبەرزیم بم، لە وەڵامدا وتم، نەخێر! هاتووم بۆ لات، چونکە بیری بۆنەکەتم کردووە!

بە سەرزەنشتکردن و تووڕەیییەوە وتت، ئەی تۆ هەمیشە ناڵێیت بۆنی ژنان وەک یەکە؟

- ئاخر تۆ ژن نیت، فریشتەیت... تامەزرۆی بۆنی ئاسمان بووم، کە سەرتاپای داگیر کردوویت.

پێکەوە بێدەنگ بووین، سەیری ڕێبوارەکانمان دەکرد و بێدەنگ بووین. پاش بێدەنگبوونێکی درێژخایان پێم وتیت، لێک جیا بووینەوە!

ئاوڕت دایەوە: چی؟

- تەڵاقم دا، یاسەمینم تەڵاق دا.

بە دوو چاوی بەگومانەوە سەیرت دەکردم. بەردەوام بووم لەسەر قسەکردن: ناڵێم ئەوەی نێوانمان کۆتایی هاتووە، چونکە لە بنچینەدا هیچ شتێک لەنێوانماندا نەبووە.

- هاتوویت بۆ ئەوەی پێم بڵێیت تەڵاقت داوە!

- هاتووم، چونکە هەرچەندە لێک جیا بینەوە، ڕێگەکەمان هەر پێک دەگاتەوە.

بەدەم ڕوانینە دوورەوە وتت، ئەگەر پێم وتیت کەسێکی تازە لە ژیانمدایە؟

هەستم کرد ماسولکەی دڵم گرژ دەبێت، دەمزانی ویژدانت پاڵت پێوە دەنێت شتێک بدرکێنیت، کە لەو ساتەوەختەدا

نەمدەویست گوێم لێی بێت.
جومانە، ئەو کاتە زانیم ئاماژە بۆ زیاد دەکەیت، بەڵام حەزم نەدەکرد بیبیستم، دەمویست نکۆڵی لێ بکەم و تۆش لەبیری بکەیت. هەوڵم دا بابەتەکە بگۆڕم، لێم پرسیت ئاخۆ دێتەوە بیرت ڕۆژێک وتت، کاتی خۆشەویستی، دڵی خوا جێگەی هەموومانی تێدا دەبێتەوە. لە وەڵامدا وتت جوبران ئەوەی وتووە، پێم وتیت کاتێک خۆشت ویستم دڵی خوا لە خۆی گرتم، تۆش پیامدا هەڵشاخایت و وتت ئەوە کفرکردنە، ئەگەرچی گەیەنەری کفر کافر نییە.
وتم، دەتوانم دوو پرسیارت لێ بکەم؟
- فەرموو.
- لەو بڕوایەدایت دەتوانیت لێم خۆش بیت؟
- پرسیاری دووەمت چییە؟
بە دەستم ئاماژەم بۆ پەنجەرەی شوقەکەت کرد، هەیفا لە پەنجەرەکەوە چاودێریی دەکردین، پرسیم، هەیفا بۆ بە پەنجەرەکەوە نووساوە؟
بە سەرسوورمانەوە سەیری پەنجەرەکەت کرد و داتە قاقای پێکەنین. هەستم کرد خەڵک لە دەورم سەما دەکەن، دەنگی خوێندنی باڵندەکان بەرز بووەوە، هەستم کرد ڕەنگەکان ڕەونەقی خۆیان بەدەست دێننەوە و دواجار ئۆکسجین بەناو جەستەمدا کەوتە هاتوچۆ.
دەستت کرد بە سڕینی فرمێسک کە بە هۆی توندیی پێکەنینەکەتەوە بە چاوەکانتدا دەهاتە خوارەوە، سەیری هەیفات دەکرد و هەوڵت دەدا پێکەنینەکەت ڕابگریت. حەزم کرد بەتوندی لەئامێزت بگرم و لەناو خۆمدا بتشارمەوە،

دەستم هێنا بە قژی تەڕتدا: قژت تەڕە، سەرمات نییە؟

- تۆزێک.

هەستامە سەرپێ و چاکەتەکەم داکەند و بۆم ڕاگرتیت: لەبەری بکە.

جارێکی تر سەیری پەنجەرەکەت کرد و بەناڕازیبوونەوە سەرت لەقاند: نا، سوپاس.

تێگەیشتم کە دەترسیت هەیفا بتبینێ چاکەتەکەم لێ وەر دەگریت، نەمویست تووشی لەڕوودامانت بکەم. کاتێک چاکەتەکەم لەبەر کردەوە لێم پرسیت، جومانە، دەڵێی چی ببینە هاوڕێ؟

- دەکرێت هاوڕێیەتی ببێتە خۆشەویستی، بەڵام ئەستەمە خۆشەویستی ببێتە هاوڕێیەتی.

- ماوەیەک تا خۆشەویستی و متمانەت بەدەست دێنمەوە، هاوڕێ دەبین.

بەواقوڕماوی لێم ڕامابوویت، ترسم لە چاوەکانتدا دەبینی، ترس لە دڵشکانێکی تازە و دەستخەڕۆبوونی بێکۆتایی، وتت، دەکرێت!

بۆت پێکەنیم، تۆش پێکەنیت، لە شوێنی خۆت هەستایتە سەرپێ، بەبێ خواحافیزی چوویتە ناو باڵاخانەکەوە، منیش بیرم دەکردەوە چ ڕۆژێکی مەزن بوو! سەرم بەرز کردەوە، بینیم هەیفا هێشتا لە شوێنی خۆیەوە چاودێریم دەکات! لەو ساتەوەختەدا ئاواتەخواز بووم هەیفا بمرێت، یاسەمین بمرێت، زیادیش بمرێت!

***

بەشەرمەوە گەڕایتەوە، لە ڕۆژانی سەرەتای گەڕانەوەتدا جاربەجار بەلووتبەرزی مامەڵەت لەگەڵ دەکردم، جاربەجاریش بەگلەیی، بەڵام گەڕایتەوە!

بە گەڕانەوەت دەرزیی بووژاندنەوەی ژیانت لێ دام، ئۆکسجینت دا بە جەستەم، سەرەنجام دڵم بووژایەوە، پاش ململانێ و گیانەڵاش ژیانم بۆ گەڕایەوە.

تۆ وەک منیت جومانە، تۆ وەک من ترسنۆکیت و لە ڕاستی دەترسیت. پاش گەڕانەوەت هیچت دەربارەی یاسەمین لێ نەپرسیم، لێت نەپرسیم چۆن هێنام و کەی ناسیومە، ئاخۆ خۆشم دەوێت یان تەنانەت لەگەڵیدا خەوتووم! تاقە پرسیارێکیشت دەربارەی ئەوە نەکرد کە ڕووی دابوو! وەک ئەوەی دوو مانگی دوایی ژیانی خۆت و منت سڕیبێتەوە، وەک ئەوەی ئەو بەشەی کتێبی ژیانت بەتەواوەتی دەر هێنابێت، دڕاندبێتت، سووتاندبێتت و سووتووەکەیت دوور فڕێ دابێت.

حەزت لە حەقیقەتێک نەبوو کە ئازارت دەدات، من و ئەوەی نێوانمانت ویست، پێت باشتر بوو حەقیقەتی ئەوە هاوبەش نەکەین کە ڕووی دابوو، لە من زیاتر بیرچوونەوەت ویست، سوور بوویت و سوور بوویت، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت.

هیچ شتێک تێتدا نەگۆڕابوو، بەڵام گومانەکانت دووقات بووبوون، ئەوەش بێزاری نەکردم، چونکە بەڕاستی دەمویست لەبەر خاتری تۆ و خۆم بگۆڕێم. باوەڕم پێ بکە جومانە بەڕاستی ویستم بگۆڕێم، حەزم نەکرد جارێکی دیکە لەدەستت بدەم، هەرگیز لەدەستت بدەم جومانە، هەرگیز!

ئـەوەی گۆڕانـی بەسـەردا هـات، پەیوەندیـی مـن و زیـاد بـوو، ئەگەرچـی نازانـم بـە کـردەوە چـی لەنێوانتانـدا ڕووی داوە، ئاخـۆ هیـچ ڕووی داوە یـان ڕووی نـەداوە، بـەڵام چیـی تـر نەمدەتوانـی لـەوە زیاتـر هەسـتەکانی زیـاد بەرامبـەرت فەرامـۆش بکـەم، حـەزم نەدەکـرد ڕووبـەڕووی ببمـەوە، وەک چۆن حـەزم نەدەکرد فەرامۆشـی بکـەم، بۆیـە پێم باشتر بوو چەنـد دەکرێـت زیـادت لـێ دوور بخەمـەوە.

ئاسـان نەبـوو زیـاد لەدەسـت بـدەم جومانـە، زیادێک کـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان خراپەی بۆم نەبووە، سـەرباری ئـەوەی بە درێژاییی سـاڵانی ڕابردوو ئـەوم تێوەگلانـدووە، کەچـی ڕۆژێک پشـتی تـێ نەکـردووم و دەسـتبەردارم نەبـووە. زیـاد بـە هـۆی تـۆوە نەبێـت هەرگیـز دەسـتخەڕۆی نەکـردووم، بۆیـە ناتوانـم سەرزەنشـتی ئـەو، یـان تـۆ، یاخـود خـۆم بکـەم.

چەنـد ڕۆژێـک پـاش گەڕانـەوەت سـەردانی ماڵـی محەمـەدم کـرد، چاوەڕواننەکـراو زیـاد لـەوێ بـوو، بەشـپرزەیی سـڵاوی لـێ کـردم و داوای لێبووردنـی کـرد کـە دەبێـت بـڕوات، چونکە کاتـی لای پزیشـکی ددان هەبـوو، پـاش ڕۆیشـتنی زیـاد، محەمەد لێـی پرسـیم، چیتـە لەگـەڵ زیـاد؟

- مەبەسـتت چییە؟

- ڕوونە کە دەمەقاڵێتان بووە!

- هەرگیز، هیچ شتێک لەنێوانماندا ڕووی نەداوە.

محەمـەد دەسـتی خسـتە سـەر سـنگی و بەناڕەزاییـە وتـی، دەتەوێـت لـە منـی بشـاریتەوە؟

- بەخـوا هیـچ ڕووی نەداوە!

- باشە! کەواتە چیتانە؟



Scanned with CamScanner

- هیچمان نییە، هەموو شتێک باشە.

محەمەد لەسەر قەنەفەکە پاڵی دایەوە و باوەڕی بە قسەکانم نەبوو، دەستی هێنا بە قژیدا و وتی، سوپاس بۆ خوا، ئەی تۆ چۆنیت؟

- سوپاس بۆ خوا.

- ئەی جومانە چۆنە؟

بڕیادەرانە وتم، سوپاس بۆ خوا، سەرقاڵی تاقیکردنەوەکانیەتی، دەزانیت کاتێک کەسێکساڵێکی خوێندنی دەمێنێت، بەجۆشوخرۆش دەبێت بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی.

- وایە، خوا یارمەتیی بدات و سەرکەوتووی بکات.

- ئامین.

محەمەد قوتوویەک پسکیتی بۆ ڕاگرتم، لە کاتێکدا چای بۆ تێ دەکردم، بێ ئەوەی سەیرم بکات، پرسی، ئەی تۆ بەتەمای چیت؟

- دەربارەی چی؟

- دەربارەی خۆتان، تۆ و جومانە؟

- پشت بە خوا هەموو شتێک باش دەبێت.

محەمەد سەری بەرز کردەوە و کەوتە سەیرکردنم، ئەو سەرسووڕماو بوو لە شێوازی قسەکردنم دەربارەی تۆ، منێک کە کەمتەرخەم نەبووم لە باسکردنی وردەکارییەکانی پەیوەندییەکەمان، تەنانەت بێ ئەوەی پرسیارم لێ بکرێت. محەمەد تێگەیشت کە حەز ناکەم مەسەلەکەی لەگەڵ باس بکەم و بڵێم شتێک گۆڕاوە، بۆیە سەرباری دیاربوونی سەرسووڕمان بە ڕوخسارییەوە، ڕێڕەوی ئاخاوتنەکەی

گۆڕی و وتی، خوا چی چاکە بۆ ئێمە و ئێوەشی بکات. دوای دوو هەفتە براکانم لە ڕیازەوە دێن، هیچت پێویست نییە لە ڕیازەوە بۆت بهێنن؟

بە گاڵتەپێکردنەوە وتم، ئەو شتە تەلیسماوییە چییە، کە تەنیا لە ڕیاز هەیە، تا بۆم بهێنن؟

محەمەد بەناڕەزاییدەربڕینەوە وتی، گوناهت دەگات برا، بەخوا حەز دەکەم بە زووترین کات تەواو بم و بۆی بگەڕێمەوە.

- خوا بە یەکتان شاد بکاتەوە.

- گرنگ ئەوەیە، ئەگەر شتێکت ویست، وەک قاوە، خورما، پەنیری کرافت و هەر شتێکی تر زوو ئاگادارم بکەرەوە.

- سوپاست دەکەم باوکی حەمید، درێخیت نەکردووە!

دەنگی زەنگی تەلەفۆنی محەمەد بەرز بووەوە، مۆڵەتی لێ وەر گرتم تا قسە لەگەڵ دایکی بکات. لە ڕوخساری محەمەد ڕامابووم، کاتێک هەواڵی خوشک و براکان و داپیرە و باپیرەکان و کەسوکار و ڕیازی دەپرسی! بیرم لەو شارە دوورە دەکردەوە، کە سەرباری دڵڕەقی خۆشیان دەویست. بیرم لەو ڕیازە دەکردەوە کە تۆم لێ دەستێنێت، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن پاش هەشت مانگ جێم دەهێڵیت، چۆن دوور لە تۆ ژیان بەسەر دەبەم و دوور لە من دەژیت!

***

نازانم ئاخۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبمە باوک!

لە ڕاستیدا هیچ ڕۆژێک منداڵ بەلامەوە خەون یان



Scanned with CamScanner

ئارەزوویەک نەبووە، ڕۆژێک وێنای شێوەی منداڵەکانم و تەنانەت ناویانم نەکردووە، تەواو بە پێچەوانەوە، هەمیشە وتوومە لەم ژیانەدا بیر لە منداڵخستنەوە ناکەمەوە، لەوانەیە دواجار هاوسەرگیری بکەم، بەڵام هاوسەرگیرییەکی بێ منداڵ دەبێت.

نازانم بۆچی لە بیرۆکەی منداڵخستنەوە دەترسام. دڵنیام حەزم لە بیرۆکەی خێزان و بەرپرسیاریتی و پەیوەستبوونی چارەنووسی چەند کەسێک نییە، بیرۆکەی سازش، قوربانیدان، پابەندبوون، پەیوەستبوون و بەرپرسیاریتی دەمتۆقێنێت، هەروەها ئەو لێکدابڕانەی دەشێت ڕۆژێک تووشی ببین.

کەچی کاتێک خۆشم ویستیت جومانە باوەڕەکانم گۆڕانیان بەسەردا هات، وام لێ هاتووە بەردەوام وێنای دەموچاو، سروشت، دەنگ و بۆنی منداڵەکانمان دەکەم، وێنای ئەو ئاوێتەیە دەکەم کە لە من و تۆ بەرهەم دێت، سەرەنجام جوانی وێناکردنەکە و چاوەڕوانی سەرسامم دەکات، بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕۆژێکم منداڵێک بخەمەوە، کە بە تۆ یان خۆم بچێت.

باوەڕی تەواوم بەوەیە کە تەنیا لەگەڵ تۆ دەبمە باوک و لەگەڵ ژنێکی تر بیر لە بیرۆکەی بەباوکبوون ناکەمەوە، تۆش لە ناخی خۆتدا ئەوە دەزانیت، بۆیە کاتێک داوای شتێک یان مەسەلەیەکم لێ دەکەیت و ڕەتی دەکەمەوە پێم دەڵێی، باوکی ساڵح، لەبەر خاتری من.

هەمیشە بە ناوی منداڵی "خەونەکەمان"ـەوە پرسیارم لێ دەکەیت و دەزانیت دەرەقەتی مەستی نایەم و ڕازی دەبم. دەزانم بە "باوکی ساڵح" دەمرووتێنیتەوە، بەڵام

ڕووتاندنەوەکەتم بەدڵە، بۆیە دوای بەکاربردنی ناوەکە دەکەوم و بە هۆیەوە مەست دەبم.

جاربەجار بیر لە "حەلا و ساڵح" دەکەمەوە، ئەو دوو منداڵەی لەناوماندا خولقاون، بێ ئەوەی لە ئێمە خولقابن. بیر لەوە دەکەمەوە، ئەگەر پێش هاتنیان لەدەستم دان، ئەگەر ئەنجامی دەستخەڕۆکردنت بەفیڕۆم دان و بە لەدەستدانت ئەوانم لەدەست دا. هەست دەکەم لەگەڵ تۆ گیرۆدەی ئەو منداڵانەم کە هێشتا لەدایک نەبوون، ئەمەش زۆر دەمترسێنێت، ئەگەرچی زۆر بە شەوقەوە چاوەڕوانیانم.

لە خۆشەویستیدا ئەو شتانەی دەمانەوێن و ئەوانەی نامانەوێن دژی یەکتر دەوەستنەوە، بە هۆی ئارەزوو و پێداویستی و خودی شتەکانەوە دەترسین، ئاواتەخوازین و کۆشش دەکەین و هەڵدێین، بۆیە کردارەکانم لەگەڵ تۆ دژ بە یەکن، لەبەر ئەوە نا کە دژبەیەکبوون خەسڵەتێکی تاکەکەسییە، بەڵکو لەبەر جۆرێکی خۆشەویستی و یەکێک لە ڕووە زۆرەکانی.

تۆ زۆرت دەوێت و منیش زۆر، خۆشەویستیش زۆرتر و زۆرتر و زۆرتری دەوێت!

***

ماوەیەکی درێژە هیچم نە نووسیوە، وازم لە نووسین هێناوە، یان ئەو وازی لێم هێناوە. ناڵێم جێم هێشتووە، یان بجێی هێشتووم، بەڵکو دەڵێم پاش گەڕانەوەت لێک جیا بووینەتەوە. نازانم چیم بەسەر هاتووە، هەست دەکەم توانای

نووسینم لەدەست داوە، لە ڕاستیدا بۆ ئەوە دەنووسم تا بەدۆشداماوی بتهێڵمەوە، بەڵام لەو کاتەوەی گەڕاویتەتەوە توانای بەرهەمهێنانم نەماوە، وەک ئەوەی ڕاوەستانی نووسین نرخی گەڕانەوەت بێت و دەبێت بیدەم.

نووسین زۆر شت لەناومدا دەڕووتێنێتەوە، پێم وا نییە دەتوانم ئەوەی پێ ببەخشم کە لەم ماوەیەدا شایستەیەتی یان پێویستی پێیەتی. نووسین وردبوونەوە و کۆششێکی سۆزداری و دەروونی و مەعنەوی و جەستەیی پێویستە، کۆششێک کە توانام نییە بیکەم، چونکە ئێستا تەنیا خۆم بۆ تۆ تەرخان کردووە، پێویستم بەوە نییە جگە لە تۆ خۆم بۆ شتێکی تر تەرخان بکەم، تەنانەت ئەگەر ئارەزووشی بکەم.

سەیری ئیمەیلی تایبەت بەو سایتە دەکەمەوە کە تێیدا دەنووسم، دەبینم هەفتانە دەیان نامە لەلایەن خوێنەرانی گۆشەکەمەوە چاوەڕوانن، جا ئەوانە هاوەڵی خوێندن بن، یان هاووڵاتی بایەخدەر و کچانێک کە لە ژیانمدا بوون و هێشتا زانینخوازانە و بەپەرۆشەوە، یان تەڵەکەبازانە سەیری نووسینەکانم دەکەن.

قێز لەو جۆرە نامانە دەکەمەوە، ئەو کچانەش دەمهێننە پێکەنین کە پاش ماوەیەک دابڕان، لەبەر سامانێک بەدەستیان هێناوە، یان ناوبانگێک پێی گەیشتوون، یاخود تێکچوونی پەیوەندییەکی سۆزداری، لە ژیانتدا دەر دەکەونەوە!

وەبیرهێنانەوەی هەندێک لەو کچانەی بە ژیانمدا تێپەڕیون جاربەجار چێژبەخش بوون، وەبیرهێنانەوەی هەڵوێستەکان، یادەکان، مەترسییەکان، ڕووداوەکان، سەرەتا و کۆتاییەکان، هەموو ئەوانە چێژبەخش بوون، بەڵام چیی تر ئێستا بەو

جۆرە نییە.

ئێستا هەوڵ دەدەم هەموو بیرۆکەیەک لەبیر بکەم کە بەرەو ژنێکی ڕابردووم دەبەن. نازانم بۆچی وام لێ هاتووە! نازانم بۆچی یادەکان وایان لێ هاتووە بێزارم دەکەن، بۆچی وایان لێ هاتووە ئازارم دەدەن!

دێتەوە یادم، دوو ساڵ لەمەوبەر لە سینەمایەک بووین، نیو کاتژمێری مابوو بۆ دەستپێکردنی فیلمەکە، لە دەرەوە دەستمان بە قاوەخواردنەوە کرد. بەجۆشوخرۆشەوە باسی ڕۆمانی ئەو فیلمەت بۆ دەکردم کە هاتبووین بۆ بینینی، لەو کاتەدا چاوم بە (غادە) کەوت، یەکێک لەو کچانەی تەنیا ساڵێک پێش ناسینت پەیوەندیم لەگەڵی هەبوو.

غادە چەند مەترێک دوور لە من و تۆوە لەگەڵ دەستەخوشکەکانی ڕاوەستابوو و ڕاستەوخۆ چاوی تێ بڕیبووم، بە ڕادەیەک کە لەبەر قورسیی سوپرایزەکە و بە هۆی لەخۆبابیبوون و ڕاستەخۆبوونی تەماشاکردنەکەیەوە موچڕکە بە جەستەمدا هات.

شڵەژانەکەم بە ئەندازەیەک ئاشکرا بوو کە ئاوڕت لێ دایەوە. مەسەلەکە پێویستی بە بلیمەتیی زۆر نەبوو، تا لە تەماشاکردنە ڕاستەوخۆکەیەوە تێبگەیت شتێک ڕوو دەدات. ناوچەوانی خۆت گرژ کرد و پرسیت، ئەوانە کێن؟

- مەبەستت کێیە؟

بە توورەبوونەوە وتت، خۆت گێل دەکەیت؟ ئەو کچانە؟

- نازانم!

- چۆن نازانیت؟ لەو بڕوایەدایت کوێر یان گەمژە بم؟

- نە کوێریت و نە گەمژە، ڕوخسارە ڕۆژهەڵاتییەکەیان

سەرنجی ڕاکێشام، لەوانەیە ڕوخساری ڕۆژهەڵاتیی ئێمەش سەرنجی ئەوانی ڕاکێشابێت.

بە تووڕەبوون و گاڵتەپێکردنەوە: ئاوەها!

- سروشتییە، زانینخوازیی سعودییەکانە.

- هەست دەکەم درۆم لەگەڵ دەکەیت.

دەستم ڕاکێشایت و وتم، واز لەو بیرۆکە شێتانە بهێنە، دوا کەوتووین بۆ بینینی فیلمەکە.

چووینە هۆڵی نمایشکردنی فیلمەکە، بەڵام پێم وا نییە هیچ کامێکمان بەکردەوە فیلمەکەی بینیبێت. تۆ لە گومان و دڵپیسیی خۆتدا نوقووم بوویت، منیش لەوە دەترسام غادە سڵاوم لێ بکات، یان کارێک بکات لە بەردەمتدا تاوانبارم بکات. بە درێژاییی نمایشکردنی فیلمەکە دڵم گوشرابوو. لە خوا دەپاڕامەوە کاتی چوونەدەرەوە تووشی غادە نەبین و ڕۆژێک تووشی هیچ کچێکی تر نەبین.

پاش تەواوبوونی فیلمەکە دەستم گرتیت و بەخێرایی چووینە دەرەوە، لە ڕێگە لێت پرسیم ئاخۆ ئەو کچانە یان یەکێکیان دەناسم، نکۆڵیم لەوە کرد و پیاتدا هەڵشاخام لەسەر ئەوەی گومانت پێ کردم. سوێندت دام کە هیچیان ناناسم، منیش بەدرۆ سوێندم بە خوا خوارد، باوەڕت پێ کردم، چونکە باوەڕ بە کەسێک دەکەیت سوێند بە خوا بخوات. ڕۆژانێکی زۆر بەدەست درۆکردنم لەگەڵت و سوێندخواردنی درۆوە تلامەوە.

ئەو شەوە ماسجێکم لە ژمارە تەلەفۆنێکی نەناسراوەوە بۆ هات: ئێوارەت باش عەبدولعەزیز، چۆنیت؟

خاوەنی ژمارە تەلەفۆنەکەم نەدەناسی، بۆیە وەڵامم

دایـەوە، باشـم، کێـم لەگەڵدایـە؟
- بەو خێراییە لەبیرت چوومەوە؟ غادەم.

کاتێک نامەکـەم خوێنـدەوە هەسـتم کـرد تێـوەگلاوم. بیرم کـردەوە چ کچێکـی سـووکە نامـە بـۆ پیاوێـک دەنێرێـت کـە لەوەوبـەر پەیوەندیی لەگەڵی هەبووە و ئێسـتا لەگـەڵ کچێکی تـر دەیبینێت. بڕیاردەرانـە بـۆم نووسـی، پەشـیمان دەبێتـەوە جارێکـی دیکـە نامـە بنێرێتـەوە.

پاش چەند خولەکێک وەڵامـی دامـەوە، پێدەچـوو وەڵامەکە بـۆ ئـەو چاوەڕواننەکراو بـوو: ئـەو هەمـوو هەڕەشـەیە لەپای چی! بە هەرحـاڵ تەنیا ویسـتم هەواڵـت بپرسـم.

وەڵامـی نامەکەیم نەدایـەوە، لێگـەڕام لـە بێدەنگیمـەوە تێبگات قسـەکانم جیددین، وەک چۆن هەڕەشـەکەم جیددییـە.

ئەو شـەوە زۆر بیرم کـردەوە لـەوەی، ئەگـەر تووشـی کچە خۆشەویستێکی ڕابردوو بووم، یـان سـڵاوم لـە کچێکیان کرد، یاخود یەکێکیان تۆی ناسـی، بە هۆی بارگرانیی ڕابردووییەکەوە کە نامرێت، چ زیانێکم پێ دەکەوێت و پەیوەندییەکەمـان چۆن هـەرەس دەهێنێت.

ئـەو شـەوە لـە تـاو ئـازاری ویژدانـم خـەوم لێنەکـەوت، درۆکردنـم لەگەڵـت و سـوێندخواردنی درۆ زۆر ئـازاری دام. لـە ڕاسـتیدا لـە درۆکـەی خـۆم بێـزار نەبـووم، بەڵکو لە باوەڕکردنەکـەت!

ڕۆژێک لێم پرسـیت، بۆچـی دڵـت لـەو کچانـە پیسـە کە بە ژیانمدا تێپەڕیون؟ لەوانـەی ڕۆیشـتوون و بـەلای منـەوە تـەواو بوون؟

وتت، ئەگەر پیاوێک بە ژیانمدا تێپەڕیبێت، بێزار نابیت؟

- بێگومان بێزار دەبم.

وتت، کاتێک کاردانەوەکانم واقوڕماوت دەکەن و هەستەکانم سەرسووڕماوت دەکەن، خۆت بخەرە شوێنی من، وای دابنێ تۆ بەو بارەدا تێدەپەڕیت، هەست بە چی دەکەیت، بیر لە چی دەکەیتەوە... باوەڕم پێ بکە ئەوساکە لە بیرکردنەوەکانم تێدەگەیت و هەست بە هەستەکانم دەکەیت.

بەڵێنی ئەوەم پێ دایت و کردم! زۆر ڕۆژ وێنای ئەوەم کرد پێش من پەیوەندیت بە کەسێکەوە هەبووە، وێنای ئەوەم کرد لەگەڵ کەسێکی تر چوویتە ناو جێگەوە، یان لە کاتی پەیوەندییەکەماندا پەیوەندیت لەگەڵ پیاوێکی تر هەبووە، زۆر بیرم کردەوە جومانە، زۆر! لە ڕاستیدا ئەو بیرکردنەوانە ئەشکەنجەیان دام، بە ڕادەیەک کە ویژدانم ئازاری چەشت، بەڵام نەمتوانی ڕابردوو بنێمە گۆڕەوە یان بیسڕمەوە، جاربەجار ڕابردوو خۆی بۆ من و تۆ دەخاتە ڕوو، ناتوانم بۆ هەتاهەتایە لە تۆی بشارمەوە!

***

سەربارى گوناهـ و تاوانەکانم، بیری خوا دەکەم!

تۆ پێت وایە بەتەواوەتی خۆم لە ئایین دزیوەتەوە، هەمیشە ئاماژەی ئەوەم بۆ دەکەیت و کەم جاریش ڕای دەگەیەنیت، دووریم لە خوا دەتترسێنێت، دەڵێیت ئەوەی خوا نەپارێزێت، ئەو کەسانەش ناپارێزێت کە خۆشی دەوێن. ڕۆژێک پێم وتیت، کێ دەڵێت لە خوا ناترسم؟

- ڕوونە کە لێی ناترسیت.

- ئایا چوویتە ناو دڵمەوە و ئاشنا بوویت بە نیازەکانم؟

لە وەڵامدا وتت، ئەگەر لێی بترسایتایە، سەرپێچیت نەدەکرد. ترس لە خوا، کۆتایی بە کاری خراپ و قێزەون دەهێنێت.

- تۆش سەرپێچی دەکەیت جومان، بۆ نموونە لەچک ناکەیت و باڵاپۆش نیت، لە خوا ناترسیت؟

بە هەڵچوونەوە وتت، من گوناهی گەورە ناکەم، ئەنجامدەری گوناهی گەورە نەفرەتلێکراوە، جیاوازی لەنێوان سەپێچی و گوناهی گەورەدا هەیە.

- تۆ پاساو بۆ سەرپێچیەکانت دێنیتەوە، منیش دەتوانم بیانوو بۆ سەرپێچی و گوناهەکانم بهێنمەوە.

- گوناهە گەورەکان پاساویان بۆ ناهێنرێتەوە.

- خوا بۆ خۆی ئاگای لە دەروونەکانە و دەزانێت چیان تێدایە جومان، پێویستم بەوە نییە دەربارەی هیچ شتێک پاساو بۆ کەس بهێنمەوە.

بەبڕوانەبوونەوە ڕووت لێ وەرگێڕام، لە کاتێکدا بیرم لەوە دەکردەوە، ئەو بوێرییەت لەکوێوە هێناوە دڵنیا بیت لەوەی لە خوا ناترسم؟ چۆن ئەوەت لێ دەوەشێتەوە؟

باوەڕم پێ بکە جومانە، زۆر لەوە زیاتر کە وێنای دەکەیت و بە خەیاڵی ئەوانی دیکەدا دێت هۆگری خوام. هەموان پێیان وایە لەبەر سەرپێچییەکانم لە ئایین داماڵراوم، بەڵام دەزانم جومانە سەرباری سەرپێچییەکانم خوا لە ناخمدایە، دەشزانم هەموو خەڵک گوناه دەکەن و هیچکەس لە سەرپێچیکردن بەدوور نییە. باوەڕم بەوەیە کە ڕێگەکەم لە کۆتاییدا بەرەو لای خوا دەچێت، چونکە نامەوێت بگەمە ڕێگەیەک جگە لە

ڕێگەی خوا، بەڵام دەترسم پێش ئەوە بمرم، دەترسم خوا دەرفەتی تۆبەکردنم نەداتێ و پێش پاکبوونەوە بمرم.

هەمیشە هانا بۆ مردنی کتوپڕ دەبەم، جاربەجار بە دەروونی شکاوەوە، ئەنجامی بارگرانیی گوناهەکانم، داوای کۆتاییەکی باش لە خوا دەکەم، زۆر داوا لە خوا دەکەم بە هۆی تۆوە سزام نەدات، هەر گوناهێکم کرد و هەر کەموکووڕی و سەرپێچییەکم هەبوو لە تۆم بێبەش نەکات.

من بە شێوەیەکی ئایینی پەروەردە نەبووم جومان، باوکم بە حەوت فرمانی پابەندبوونی پێ نەکردووم، بە دەش لەسەر پابەندبوون لێی نەداوم، ڕۆژێک لەگەڵ خۆی نەیبردووم بۆ مزگەوت و لێی نەپرسیوم ئاخۆ نوێژەکەم کردووە، کاتێکیش ڕازی نەدەبووم لەگەڵ کەسوکارم بچم بۆ ئەنجامدانی ڕێوشوێنەکانی عەمرە لە مانگی ڕەمەزانی هەموو ساڵێکدا، هیچ کامێکیان زۆری لێ نەدەکردم لەگەڵیان بچم، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کامێکیان لە من ناچێت، هەموو تاکەکانی خێزانەکەم، لە کوڕ و کچیان، پابەندی پەرستکارییەکانن، وەک ئەوەی ڕیشەکانی پەرستکاری خۆڕسکانە تێیاندا چێنرابێت، بێ ئەوەی یەکێک بیسەپێنێت بەسەریاندا.

منیش خۆڕسکانە خوام خۆش دەوێت و لێی دەترسم، بەڵام ئەهریمەن بە هۆی زۆر کارەوە دەرەقەتم دێت، دەزانم جاربەجار چاوەکانی ئەهریمەنم بەسەرەوەیە، دەزانم بەردەوام دەستی خوام بۆ درێژ کراوە و پێشوازیم لێ کراوە بۆ تۆبەکردن، خوا شایەتە چەند دەستم بۆ درێژ کردووە و داوای لێبوردن و لێخۆشبوونم لێ کردووە، کەچی سەرلەنوێ ئەهریمەن هەڵی خەڵەتاندووم و جارێکی تر ڕێگەم ون



Scanned with CamScanner

کردووە.

هەرجارێک هەڵت دەخەڵەتێنم، بیر لەوە دەکەمەوە خوا تۆڵەی تۆم لێ دەکاتەوە! هەندێک جار ئەنجامی گەورەیی تاوانەکانم و لاوازبوونی خۆم لە بەردەمی تاواندا دەرشێمەوە، بیر دەکەمەوە ئاخۆ خوا لە پیاوێکی سەرپێچیکەر خۆش دەبێت، گەمە بە پاکییەک دەکات کە هەوڵ دەدات بیگەیەنێتە سەر ڕێگەی خوا! سەرەنجام بیرۆکەکە دەمتۆقێنێت و ترس دەخاتە ناخمەوە.

باوەڕم پێ بکە جومانە، نامەوێت لەسەر ئەو بارە بەردەوام بم، نامەوێت خوا لەبەر سەرپێچییەکانم لەمنت دابڕێت، لە خوا دەترسم جومانە و هیچ کەسێک وەک من خۆشی ناوێت، خۆشم دەوێت و داوای لێ دەکەم خۆشەویستەکەم بپارێزێت و بتپارێزێت، تۆیەک کە خوا بۆ منی ناردووە، تا بە مەبەست یان بێمەبەست، وەبیرمی بهێنێتەوە کە دەرگاکانی خوا هەمیشە کراوەن و خوا لە کەسێک خۆش دەبێت پەشیمان بێتەوە و تۆبە بکات.

زۆر لە خوا دەپاڕێمەوە کە بەگوناهباری نەمباتەوە، بەڵکو تۆبەکردوو و خواناس و ڕاستگۆ لە تۆبەکردنەکەدا بمباتەوە، بەڵام هیچ کامێکمان نازانێت کەی دەمرێت، چۆن دەمرێت و لەکوێ دەمرێت، بۆیە لێی دەپاڕێمەوە لە هەر جێیەک مردم و هەر چۆنێک مردم بەگوناهباری نەمباتەوە، خوایە بەگوناهباری نەمبەیتەوە، بەگوناهباری نەمبیتەوە!

***



Scanned with CamScanner

نەفرەت لە بیرچوونەوە!

نەفرەت لـە بیرچوونەوەیـەک کـە یەکەمیـن دیـدارم لەبیـر بباتـەوە، هـەوڵ دەدەم یەکەمیـن دیـدارم لەگـەڵ زیـاد بیـر بکەوێتـەوە. ئەگەرچی هەمیشـە یەکەمین دیدار لە یادی مرۆڤدا هەڵدەکۆڵرێت، کەچی ناتوانـم وردەکارییەکانیم بیر بکەوێتـەوە.

ئێمـە هەمیشـە یەکەمیـن دیدارمـان بیـر دێتـەوە: دیمەنـی گشـتی، شـێوازی داهێنانـی قژ، ئـەو جلوبەرگـەی پۆشـیبوومان، تەنانـەت یەکەمیـن گفتوگۆکانمـان بیـر دێتـەوە، کەچـی هیچـم لـە یەکەمیـن دیـدارم لەگـەڵ زیـاد بیـر نایەتـەوە، وەک ئـەوەی لەگەڵـم لەدایـک بووبێـت و بـەردەوام ناسـیبێتم.

نازانـم چـۆن سـەرباری جیاوازییـە گەورەکانمـان بووینەتـە هـاوڕێ، چـۆن بـەردەوام یەکتـر دەبینیـن، بـۆ ئـەوەی بیروڕاکانمـان پێـک بگـەن و خولیـا و خـەون و کۆششـەکانمان لێـک بچـن.

پێم وا نییـە جگـە لـە تـۆ تاقـە شـتێکی هاوبەشـمان ویسـتبێت جومانـە، تـۆ تاقـە خـاڵ بوویـت کـە کـۆت دەکردینـەوە، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ یەکتـری یـان خۆمـان دانـی پێـدا بنێیـن.

زۆر جـار لـە ناخمـدا نکۆڵیـم کـردووە لـە هەسـتی زیـاد بەرامبـەرت، ئەگەرچی بەئاگاییی خۆگێلکردوو و نائاگایانە لێی دڵنیـا بـووم.

دەمزانـی جوامێریـی ئەخلاقـی زیـاد مەترسـیم بـۆ دروسـت ناکات، دەمزانـی ڕۆژێـک لەبـەر پیاوچاکـی و جوامێـری لێـت نزیک نابێتـەوە، زیاد پیاوێکی خۆڕسکانە بە ئەخلاقە، پیاوێکی بەوەفایـە.

جومانـە، دڵنیام لـەوەی لەدەسـتدانی زیاد، پاش لەدەسـتدانت،



Scanned with CamScanner

گەورەترین لەدەستدانەکانمە. هاوڕێیەکی وەک زیاد هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە، هەرچەند هاوڕێم زۆر بێت، هیچ کامێکیان وەک زیاد نییە، هیچ کامێکیان!

دێتەوە بیرم، کاتی نۆژەنکردنەوەی هەندێک بەشی خانووەکەی باتی و ڕۆبێرت بۆ ماوەی دوو هەفتە لای ئەو مامەوە. لەو دوو هەفتەیەدا ئەوەندە شت فێر بووم، کە بە درێژاییی ژیانم فێر نەبووبووم. دێتەوە یادم پێکەوە سەیری فیلممان دەکرد، کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنەکەی ڕادەست کردم و وتی، فیلمەکە ڕامەگرە، بەردەوام بە لەسەر بینینی، تۆزێکی تر دەگەڕێمەوە.

ئاورم لە ژوورەکەی تەنیشت دایەوە کە ڕووی تێ کرد، بینیم بەرماڵەکەی دادەخات تا بە بێدەنگی و ملکەچییەکی ڕاستگۆیانەوە نوێژ بکات، پاش نوێژکردن گەڕایەوە و پێکەوە فیلمەکەمان تەواو کرد. لە ماوەی مانەوەمدا بەردەوام ئەوەی دەکرد، کاتی نوێژکردن هەڵدەستا بۆ ڕاییکردنی فەریزەتەکەی و دواتر دەگەڕایەوە، بێ ئەوەی داوای نوێژکردنم لێ بکات، یان لێم بپرسێت بۆچی نوێژ ناکەم، تەنیا شتێک لە یەکەمین شەوی مانەوەمدا کردی، لە دەرگاکەی دا و بەرماڵێکی هێنا و خستییە سەر کورسییەکە و وتی ئەوە بەرماڵە و بە دەستی ئاماژەی بۆ گۆشەی قیبلەی ژوورەکە کرد: قیبلە بەو ئاراستەیەیە.

سوپاسم کرد، ئەویش دەم بە زەردەخەنەوە چووە دەرەوە، دوای چەند ڕۆژێک باسی ئەخلاق و جوامێریی عەرەبمان کرد، ئەو هەوڵی دەدا باوەڕم پێ بهێنێت کە عەرەبە ڕاستەقینەکان لە ڕووی ئەخلاقەوە پێشکەوتووترین



Scanned with CamScanner

میللەتی سەر زەوین: موتەعەم کوڕی عودەی و بوختەری کوڕی هشام دەناسیت؟

- ئەوانە لە شاعیرەکانی عەرەب بوون؟

- بەڵکو لە کافرەکان و سەردارەکانی قورەیش بوون، یەکێکیان ئەگەرچی کافر بوو، کەچی بووە دراوسێی پێغەمبەر (سڵاوی خوای لێ بێت) پاش گەڕانەوەی لە تائیف. ئەویتر ئەگەرچی کافر بوو، کەچی پەیمانی گەمارۆدانی پێغەمبەری خوای شکاند و بووە هاوڕێی.

- ئەگەر ئەوان کافر بووبن، بۆچی ئەوەیان کردووە؟

- لە خۆشەیستیی پێغەمبەری خوادا، یان بۆ سەرخستنی ئیسلام ئەوەیان نەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەخلاقی ڕەسەنی عەرەب بوون.

- نەمدەزانی لەناو کافرەکانی قورەیشدا کەسانی وا هەبوون.

بە جۆشوخرۆشەوە بەردەوام بوو: بڕوانە ئەخلاقی عەرەب چەند مەزنە و ئەخلاقی ئیسلام چەند مەزنتر. کاتێک مسوڵمانەکان لە (بەدر)دا سەر کەوتن و زۆریان لە هۆزی قورەیش بەدیل گرت، پێغەمبەر سڵاوی خوای لێ بێت وتی، ئەگەر موتەعەم کوڕی عودەی لە ژیاندا بووایە و دەربارەی ئەو بۆگەنانە قسەی لەگەڵ بکردمایە بۆ بەردانیان، لەبەر خاتری ئەو بەرم دەدان. واتە ئەگەر ئەو تکای لێخۆشبوونی بۆ بکردنایە، ئەوا سەرباری کافربوونی موتەعەم، لێیان خۆش دەبوو، وەک وەفایەکی پێغەمبەر (سڵاوی خوای لێ بێت) بۆ ئەو.

کتوپڕ هەردوو چاوم پڕ بوون لە فرمێسک و لە مەزنیی

خوای لێ بێت) بەسەر ئەخلاقی پێغەمبەردا (سڵاوی خوای لێ بێت) بەسەر ئەخلاقی پێغەمبەردا فرمێسک هاتە خوارەوە. هەستم کرد هەردوو ڕوومەتمدا فرمێسک هاتە خوارەوە. هەستم کرد دڵم تەنگ دەبێت و لە بەوەفابوونی ئەو ڕۆحم ڕادەبێت. زیاد هەستی بەوە کرد کە پێیدا دەڕۆیشتم، بەردەوام بوو لەسەر قسەکردن: هەروەها پێغەمبەر داوای لە هاوەڵان و لایەنگرانی کرد، ئەوانەی لە شەڕی بەدردا بەشدار بوون، کە هیچ کامیان بوختەری کوڕی هشام و عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب نەکوژێت، ئەگەرچی کافر بوون و هاتبوون بۆ شەڕکردن، چونکە بەرگرییان لە پێغەمبەری خوا (سڵاوی خوای لێ بێت) کردبوو.

کاتێک فرمێسکی چاوم بە دەستم دەسڕی، پێم وت، بەدوای ئەم چیرۆکەدا دەچم، زۆر هەژاندمی.

زیاد دەستی کێشا بەسەر ئەژنۆمدا و وتی، لەگەڵ من سەربوردی پێغەمبەر (باشترین سڵاوی خوای لێ بێت) بخوێنەرەوە. ئەخلاقی عەرەب، سەرباری نەزانیان، سەرسامت دەکات... ئەخلاقی ئیسلامیش سەرسامترت دەکات. ئەی پێغەمبەر بۆ ئەوە نەنێردرا، تا باشترین ئەخلاقەکان بەگەیەنێت؟

- بێگومان.

زەنگی دەرگاکە لێدرا، ئەو ڕۆژە محەمەد هات و ئەو گفتوگۆیەی پێ بڕین. کاتی پێکەوە قسەکردنی زیاد و محەمەد، بیرم لەوە دەکردەوە تۆ و زیاد چەند لەیەک دەچن، چەند بە شەیدابوونەوە باسی عەرەبایەتی و ئایین دەکەن، چەند تووڕە دەبن کاتێک یەکێک دەست بۆ شتێک دەبات کە پەیوەندیی بەوانەوە هەبێت، تەنانەت ئەگەر بەگاڵتەش بێت.



Scanned with CamScanner

جاربەجار بیر دەکەمەوە تۆ و زیاد چەند لە زۆر مەسەلەدا یەک دەگرنەوە، بێ ئەوەی تۆ یان ئەو پێی بزانێت.

هەمیشە ئەگەر ئەوە نەیترساندبم، ئەوا بێزاری کردووم، هەردووکتان ئەخلاقی عەرەب و ئەخلاقی مسوڵمانەکان شکۆدار دەکەن، هەردووکتان ناتوانن ناپاکی بکەن و لە پشتەوە خەنجەر بوەشێنن و درۆ بکەن.

من لە تۆ ناچم جومانە، لە زیادیش ناچم، بەڵام ناتوانم دەستبەرداری هیچ کامێکتان بم، ئەی بۆچی قەدەر ناچارم دەکات ئەوە بکەم!

***

نازانم ئاخۆ شتێک هەبێت رۆژێک باسی بکەم، چونکە ئەگەرچی زۆر حیکایەت و یادەوەریم لایە، سەرباری دەیان سەرچڵی و ئەزموون، کەچی هەست دەکەم توانای گێڕانەوەی شتێک یان باسکردنی حیکایەتێکم نییە.

جاربەجار لەگەڵ خۆم دادەنیشم و بیر لەو بارە دەکەمەوە کە تێیدام و لەوەی پێی گەیشتووم، سەرەنجام بارودۆخەکە و پێگەم لە ژیانمدا دڵشکاوم دەکەن.

چەند مەترسیدارە لە ناوەڕاستی سییەکانی تەمەنتدا وریا بیتەوە کە هێشتا هیچت ئەنجام نەداوە. چەند تۆقێنەرە بگەیتە ئەو حەقیقەتەی تۆ بە کردەوە کۆشش ناکەیت لەم ژیانەدا شتێک ئەنجام بدەیت!

ئەم رۆژانە هەست دەکەم کتوپڕ پیر بووم، وەک ئەوەی دوێنێ شەو لە تەمەنی بیست ساڵیدا خەوتبم و ئەمرۆ لە

ناوەڕاستی سی ساڵیدا بێدار بووبمەوە. هەست دەکەم لە ماوەی شەوێکدا دە ساڵ گەورە بووم.

نازانم چۆن ئەم تەمەنە لە چاوترووکاندنێکدا تێپەڕی! چۆن ئەو ساڵانەم لە چاوترووکاندنێکدا گوزەراند، چۆن ئەو هەموو کاتە ژیام، بێ ئەوەی هەست بکەم تەمەن لەدەستم دەر دەچێت.

کاتی ڕیشتاشین لە ئاوێنەکەدا لە دەموچاوم ڕادەمێنم، تاڵە سپییە بچووکەکانی ڕیشم تووشی سەرسووڕمانم دەکەن، سەرم سووڕ ماوە چۆن ڕۆژێک وریا نەبووم بەرامبەریان، وەک ئەوەی نابینا بووبم. بە ترسەوە دەموچاوی خۆم دەپشکنم، دوو هێڵی بچووک و ناسک لە ناوچەوانمدا دەبینمەوە، دوو هێڵ کە لەوەوبەر لەئارادا نەبوون!

لەو بڕوایەدام پیربوون و هەندێک چرچبوون، کە بە دەرزییەکی باریک ئاسەواریان جێ هێشتبوو، قۆزتریان کردووم، بەڵام لە هەنگوین و مەیی لاوێتی بێداریان کردمەوە کە هەمیشە هەستم کردووە هەرگیز لە سەرخۆشییان بەئاگا نایەمەوە.

ئەمڕۆ دەزانم دە ساڵی تەمەنی خۆم بەخۆڕایی بەفیڕۆ دا، دە ساڵی تەواوم بەسەر برد، بێ ئەوەی شتێک جگە لە ڕابواردن ئەنجام بدەم. بەڕاستی ئەو ڕۆژگارە خۆش بوو، چەندین شەوی حەزبزوێنم بەسەر برد و کاتی دڵبەرم گوزەراند، بەڵام ئێستا جگە لە یادەوەری هیچم لەوانە بۆ نەماوەتەوە، ئەو یادەوەرییەی پشتگیریی داهاتووی بێ بڕوانامە و خێزان و کارم ناکات.

ئەمڕۆ هەست دەکەم چەکێکی بێبەلانسم بە بڕی دە



Scanned with CamScanner

ساڵ نووسیوە و دووچاری کێشە بووم، دەبێت قەرزی ئەو ساڵانە بدەمەوە، تا قەرەبووی ئەوە بکەمەوە کە لەکیسم چووە، پێش ئەوەی لەگەڵ تەمەن و ژیان تووشی کێشەی زیاتر و زیاتر بم.

پلانێکی کورتخایانم دانا و چەند ئامانجێکم بۆ دوو ساڵی داهاتوو دیاری کرد، لیستەکەم تەنیا دوو ئامانجیان لەخۆ دەگرت: ماجستێر تەواو بکەم و پێش هەرشتێک و هەموو شتێک تۆ بەدەست بهێنم!

تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و نامەیەکم بۆ ناردیت: ڕۆژەڤی (ئەجینداى) دوو ساڵی داهاتووم، تۆ و ماجستێرە.

بەکورتی وەڵامت دامەوە، چەند شیرینیت!

نامەکەت کورت، دڵخۆشکەر، یارمەتیدەر، دڵداریخواز و نازندە بوو!

کاتی خوێندنەوەی زەردەخەنە گرتمی، بیرم کردەوە چۆن بە دوو وشە بەختەوەرم دەکەیت، چۆن بەبێ کۆششکردن و درێژدادڕی ئەو برە ئەدرینالە دەکەیتە ناومەوە.

دوو وشەکەت بەختەوەریان کردم جومانە، بەڵام "لە کۆتاییدا" بەئاگا هاتمەوە کە لەگەڵ من "پڕبێژیت" لەدەست داوە، لەدەستدانی ئەوەت زۆر منیان ترساند!

***

باپیرەم مرد!

نامەکەی وەلیدی برا بچکۆلەکەم، کە لە ژیانمدا نائامادەی ئامادەیە، بێداری کردمەوە! بۆی نووسیبووم، عەبدولعەزیزی

باپیرە تۆ خۆش، دوێنێ پاش نوێژی خەوتنان مرد و ئەمڕۆ نوێژی لەسەر دەکەین!

نامەکە بەم جۆرە گەیشتە دەستم! لە کاتێکدا لە ناو پێخەفەکەمدا بووم، بە چواردە وشە پێی ڕاگەیاندم کە باپیرەم مردووە! لەناو پێخەفەکەدا دانیشتم، چاوەکانم گلۆفت و سەرلەنوێ نامەکەم خوێندەوە و پرسیارێکی گەورە لە ناخمدا قیژاندی، باپیرەم بەو سادەییە دەمرێت!

چۆن باپیرەم کتوپڕ دەمرێت! چۆن وەلید بەو جۆرە مردنەکەیم پێ ڕادەگەیەنێت؟ بە نامەیەکی ساردوسڕ و دڵڕەق و پڕوپووچ! چۆن عەبدولعەزیزی باپیرەم دەمرێت، منیش لە ئاوارەییم و لێی دوورم!

گەڕامەوە بۆ تۆماری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان، پێش پێنج ڕۆژ پەیوەندیی پێوە کردم و وەڵامم نەدایەوە. ئەو کاتە لەگەڵ هاوڕێکانم سەیری یاریی تۆپی پێمان دەکرد، پێم باشتر بوو دواتر پەیوەندیی پێوە بکەم و لەبیرم چوو، لەبیرم چوو تەلەفۆنی بۆ بکەمەوە. بێ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەم و بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە مرد!

تاقە شتێک کە لەو ساتەوەختەدا بیرم لێ کردەوە، دەستخەڕۆکردنی بوو. بیرم لە ڕادەی پڕوپووچیی خۆم کردەوە کە یارییەکی تۆپی پێم لە باپیرەم پێ باشتر بوو. باپیرەیەک کە لە کاتی نوێژکردندا سواری پشتی دەبووم، پاش تەواوکردنی نوێژەکەش دەیخستمە سەر شانی خۆی و بەناو خانووە گەورەکەیدا دەیگێڕام، ئەگەرچی پشتی چەمابووەوە و ئێسکەکانی هێزیان لێ بڕابوو.

زەردەخەنە گەورەکەی هەر جارێکی گەڕانەوەم لە



Scanned with CamScanner

ڕیاز هاتەوە یاد، کاتێک لە بەردەم ژووری میوانەکەیدا بە زەردەخەنەیەکی ڕۆشەن پێشوازیی لێ دەکردم و هەردوو دەستی بۆ ڕادەوەشاندم، لە کاتێکدا تەزبیحەکە بە دەستی ڕاستییەوە بوو پێی دەوتم، سڵاوی خوا لە ئەمەریکایی، سڵاو باوکەکەم سڵاو!

بە قسەکەی و سووربوونی لەسەر ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمەریکا دەژیم پێدەکەنیم، سەر و دەستیم ماچ دەکرد، ئەویش سەر و دەستی ماچ دەکردم، بەتوندی باوەشی پێدا دەکردم، تا جلوبەرگەکەم تێر لە ڕۆنی بۆنخۆشی عۆدە بخوات. لەتەنیشتی دادەنیشتم، ئەویش بە دەستە لاوازە پیرەکەی دەیکێشا بەسەر شان و پشت و سەرمدا، وەک ئەوەی بیەوێت دڵنیا بێت لە سەلامەتیی هەموو ئەندامەکانی لەشم. لە هەموو پێشوازیکردنێکدا بە دڵخۆشییەکی لەڕادەبەدەر دەیوت، سوپاس بۆ خوا بە ڕوخسارتدا باش دیاریت!

وەک ئەوەی دەستەویەخە بێت لەگەڵ بیرۆکەی باشنەبوونمدا و کاتی بینینم دڵنیا و ئاسوودە بێت.

زۆر جار باپیرەم پاڕاوەتە بۆ ئەوەی کەفتەکار نەبێت، لە خوا دەپاڕایەوە وای لێ بکات لە چاوی خۆیدا بچووک بێت و لە چاوی خەڵکی تردا گەورە. ئەوەتا باپیرەم بە تەندروستی و تەواوی هێزی مێشکەوە دەمرێت و لە چاوی خوادا بچووک بوو و لە چاوی خەڵکدا گەورە.

چەکمەجەی مێزەکەم کردەوە و زەرفێکم دەر هێنا، کە لە دواسەردانمدا بۆ ڕیاز بەدیاری پێشکەشی کردم. بە دەستخەتی جوان لەسەر زەرفەکە نووسرابوو، بۆ عەبدولعەزیزی کوڕی ساڵح، جەژنانەی باپیرەت عەبدولعەزیز. زەرفەکە پێنج هەزار



Scanned with CamScanner

ڕیاڵی تێدا بوو. باپیرەم لەسەر ئەوە ڕای هێنابووم لە هەموو جەژن و سەردانێکدا دیاریم بداتێ.

سەیر ئەوەیە، دوادیارییەکەیم خەرج و دەستکاری نەکردبوو، پارەکە چەند مانگێکە لەناو زەرفەکەدایە، پێچەوانەی خووی هەمیشەییم، یەک ڕیاڵیشم لێ خەرج نەکردبوو.

زەرفەکەم لەسەر مێزەکەم دانا و سەرم خستە ناو هەردوو دەستم، هەواڵەکە خەریک بوو دەیخنکاندم، بەڵام نەمتوانی بگریم، بە ئەندازەی زیانەکەش خەفەتم نەخوارد.

دووریم لە ڕووداوەکە، کەسوکار، مردن و بینینی باپیرەم بە کفنەوە فرێی دامە ناو تەنگژەی تێگەیشتنەوە.

سەخت بوو لەو مردنە و بەو شێوازە تێبگەم، توانام نەبوو لەو زیانە تێبگەم، چۆن لەناکاودا بێدار دەبمەوە بۆ خوێندنەوەی نامەیەک کە بە دێڕ و نیوێک پێم ڕادەگەیەنێت، باپیرەم مرد و ڕۆیشت و جارێکی دیکە ناتوانم بیبینمەوە!

چۆن لەوە تێدەگەم کاتێک دەگەڕێمەوە بۆ ڕیاز ئەو لە بەردەرگای ژووری میوانەکەی پێشوازیم ناکات و باوەش ناکاتەوە و بە هەردوو دەستی سڵاو ناکات، لە کاتێکدا تەزبیحە ڕەشەکە لەنێو پەنجەکانی دەستی ڕاستیەوە شۆڕ دەبێتەوە.

چۆن لە خۆم خۆش بم وەڵامم نەدایەوە و لەوە بێبەشم کرد کە ویستی پێم بڵێت!

ویستم بگریم، چونکە گریان بەشێکە لە خەملاندنی زیان و تێگەیشتن لە بڕەکەی. ویستم زۆر بگریم، بەڵام نەمتوانی تاقە فرمێسکێک بڕێژم!

تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و پەیوەندیم پێوە کردیت، بە دەنگی

خەواڵووەوە وەڵامت دامەوە، باوەڕ ناکەم تا ئەم کاتە بێدار بیت!

- بەیانیت باش.

- بەیانیت باش خۆشەویستەکەم، ئەمەریکا هێرشی کردووەتە سەرمان؟

- بەڵکو مردن هێرشی کردووەتە سەرمان.

بە نیگەرانییەوە وتت، خوایە بمانپارێزیت! بۆ ئەو قسانە دەکەیت؟

- دەتوانیت بێیت بۆ لام؟

بە سەرسووڕمانەوە وتت، ئێستا!

- بەڵێ ئێستا.

- خێرە ئیشەڵا! چیتە؟

- باپیرەم مردووە.

بە ترسەوە قیژاندت، باپیرەت عەبدولعەزیز؟

- ئایا جگە لەو باپیرەیەکی ترم هەیە لە ژیاندا بێت؟

- باشە، باشە، دوا ناکەوم!

هەستام و چوومە گەرماوەکە، لەژێر ئاوی شلەتێندا دانیشتم و دەنگی هاتنەخوارەوەی ئاوەکە سەری پڕ کردبووم. هەمیشە کاتی بێزاربوونم ڕادەکەم بۆ لای ئاو، دادەنیشم و لێ دەگەڕێم بەسەر سەرمدا بێتە خوارەوە، تا خەمبارییەکەم بە هۆی گەرمیی ئاوەکەوە بەهەڵم بێت.

زۆر جار ئەم مەسەلەی ئاوە سەرچاوەی کێشەی نێوان من و باتی و ڕۆبێرت بووە، تا کێشەکە بە دانی پارەی تەواوی ئاوی ماڵەکە کۆتایی هات، جا من ئاوەکەم بەفیڕۆ دابێت، یاخود نا. ئەم بڕیارە ئاسوودەبەخشە پاش دەمەقاڵێی

زۆر لەنێوان من و ئەواندا سەبارەت بە بەشم لە پسووڵەکەدا هات، بۆیە داوام لێ کردن خۆم تەواوی پارەی ئاوەکە بدەم، بەرامبەر بەوەی چێژی ئارامبوونم لەژێر ئاوەکەدا لێ تێک نەدەن. بەو جۆرە لە هەر ئازارێک هەڵدەهاتم بۆ لای ئاوەکە، بێ ئەوەی منەتی کەس هەڵ بگرم، یان چاکەی کەس بکەوێتە ئەستۆم.

پێویستم بەوە بوو چەندین ڕۆژ لەژێر ئاوەکەدا بم، بەڵام دەمزانی بەخێرایی بەڕێوەیت بۆ لام، چەند خولەکێک لەژێر ئاوەکەدا مامەوە بە هیوای ئەوەی تۆزێک ئارام ببمەوە، جلوبەرگەکانم پۆشی و قاوەم ئامادە کرد و چاوەڕوانی هاتنت بووم. ڕۆبێرت و باتی لەگەڵ هاوڕێکانیان و وەک هەمیشە لە دەرەوە وەرزشی پیادەڕۆیشتنیان دەکرد.

لە دەرەوە لەناو جۆلانەکە دانیشتم و چاوەڕوانت بووم، بەیانییەکی سارد بوو و هەور ئاسمانی گرتبوو، بەتەواوی مانای وشەکە ڕۆژێکی خۆڵەمێشیی خەمبار بوو.

ئۆتومبیلەکەتم بینی نزیک دەبووەوە، لە بەردەم ماڵەکە ڕات گرت و بەخێرایی دابەزیت، هەڵنەستام بۆ پێشوازیکردنت، هەستم کرد شەکەتم و پێیەکانم شەتەک دراون، هاتیت و لە تەنیشتمەوە دانیشتیت، سویچی ئۆتومبیلەکەت لەسەر مێزەکەی بەردەممان دانا، ئینجا دەستت خستە سەر سەرم. لە کاتێکدا دەستت بە سەر قژمدا دەهێنا وتت، بۆچی لێرە دانیشتوویت عەزیز؟ سەرمات دەبێت.

– هەتاوەکو ئەهریمەن سێیەممان نەبێت.

– تێنەگەیشتم!

– ڕۆبێرت و باتی لە دەرەوەن.

- هەردوو برۆت بەرز کردەوە: هااا، گاڵتەیە؟

بەناچاری زەردەخەنە گرتمی: گاڵتەیە.

هەردووکمان پێکەنین! هەمیشە ئەم وشەیەمان بەکار دەهێنا، تەنانەت لە کاتی جیدیترین گفتوگۆماندا. هەمیشە پاش دەربڕینی شتێک کە هەراسانت دەکات یان تەنانەت بێزارت دەکات، دەپرسیت ئاخۆ بە گاڵتەمە و بە هەوڵدانم بۆ گاڵتەپێکردنت ڕادەبووێریت.

پاڵت دا بە پشتی جۆلانەکەوە و بە بێدەنگییەکی ناسک لەگەڵم لە شەقامەکە ڕامایت. کوپی قاوەکەم بۆ ڕاگرتیت، وەرت گرت، بێ ئەوەی سەیرم بکەیت وتت، ئێستا هەست بە چی دەکەیت؟

- نازانم.

پاش ساتەوەختێک بێدەنگی و خەیاڵبردنەوە وتم، دەزانی باسی تۆم بۆ کردبوو؟

- بەڕاستی!

بە سەرم ئاماژەم کرد: بەڵێ. ئەوە ڕۆژەت بیر دێتەوە کە لەماڵی مامت لە ڕیاز هاتم بۆ لات؟

پێکەنیت: لە باخچەی ماڵەکە، لە کاتێکدا ئەوان نانی ئێوارەیان دەخوارد.

زەردەخەنە گرتمی: لەو ڕۆژەدا و پاش ئەوەی لە ماڵی مامت جێم هێشتیت چووم بۆ ماڵی باپیرەم، ئەنجامی ئەو دیدارە زۆر شپرزە بووم، بێبەشکردنم لە بینینت و یەکترنەبینینمان لەو پشووەدا خەریک بوو دەیکوشتم، کاتێک چوومە ژوورەوە کەسی لا نەبوو و بەتەنیا لە بەردەمی ئاگرەکە دانیشتبوو. زۆر دڵخۆش بوو بە بینینم و سوێندی

خوارد خۆی قاوەم بۆ تێ دەکات.

پێکەنیم: ئای چەند خۆشەویست بوو.

پاش خواردنەوەی قاوەکە لێی پرسیم کە چیمە. پێی وتم وەک کاتی ئاسایی لەسەر خۆم نیم. لێم پرسی ئاخۆ ڕۆژێک کەسێکی خۆش ویستووە، لە وەڵامدا وتی لە تافی هەرزەکاریدا کچی دراوسێکەی خۆش ویستووە، بەڵام هاوسەرگیریی لەگەڵ نەکردووە، چونکە لە کاتی لەدایکبوونەوە بۆ ئامۆزاکەی نیشانە کراوبوو. هەروەها پێی وتم کە باوکم کچێکی فەڵەستینیی بە ناوی (هەدیل)ەوە خۆش ویستووە، بەڵام باپیرەم ڕێگەی نەداوە بیهێنێت، بۆیە دایکمی هێناوە و خوشکەکەمی ناونـاوە هەدیل، بێ ئەوەی دایکم هیچ دەربارەی ئەو ژنە بزانێت.

- ئاوەها!

- لەوەوبەر ئەم زانیارییەم نەدەزانی، لە بنەڕەتدا بە خەیاڵمدا نەدەهات، وێنای ئەوە ناکەم باوکم بە ڕادەیەک عاشق بووبێت کە ناوی کچێکی بە ناوی خۆشەویستەکەیەوە بنێ، ئەوەی زیاتر لە چل ساڵە لێی دابڕاوە.

- دایکت لەوە ئاگادار کردەوە؟

- بێگومان نا، ئاگادارم نەکردەوە.

- پێویست بوو ئاگاداری بکەیتەوە.

- ڕەچاوی ئەوە ناکەیت ئاژاوە بگێڕێت؟

- پێم خۆش نییە ببینم مێردێک فرسەت لە ژنەکەی بهێنێت.

- گشت پیاوان فرسەت لە ژنەکانیان دەهێنن، لەگەڵ واقیعەکە هەڵبکە.



Scanned with CamScanner

- خەریکە تووڕە دەبم! با بگەڕێینەوە بۆ بابەتە بنچینە ییە کەمان.

- گرنگ ئەوەیە، باپیرەم پێی وتم، ئەگەرچی داپیرەمی خۆش ویستووە، بەڵام هێشتا جاروبار خۆشەویستەکەی بیر دەکەویتەوە و تا ئێستاش ڕوخساری و ئاخاوتنە کورتە ڕاگوزەرەکانیانی بیر دێتەوە، وەک چۆن باوکم بێگومان بەم یان بەو شێوەیە بیری دەکەوێتەوە. دەزانیت بۆچی؟

- بۆچی؟

- چونکە لەوە بێبەشکران هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کەسە بکەن، کە خۆشیان دەویست. دواجار بێبەشکردن حەزبزوێن و خوازراو و ڕیزپەڕ دەمێنێتەوە، هەر چەندە چەندین ساڵیش بەسەریدا تێپەڕیبێت. لەوانەیە هیچ کامێک لەو دوو خۆشەویستییە ڕاستەقینە نەبووبێت، بەڵام شادنەبوونیان بەو دوو ژنە وای لێ کردن خاوەن کاریگەر و دەسەلاتی سۆزداری و یادێک بن کە لەبیر ناکرێت.

- ئەمە لۆژیکییە.

- لەو بڕوایەدام ئەگەر هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئەو دوو ژنە بکردایە، لەوانەیە خۆشەویستییەکەیان زۆر سووکتر و ئاسانتر بووایە لەوەی ئێستا. بێبەشکردن وای کردووە ئەو دوو ژنە بە یادەوە هەڵواسرا بن.

- چیت دەربارەی خۆمان بۆ باپیرەت باس کرد؟

- هەموو شتێکم بۆ باس کرد. پێم وت کە زۆرم خۆش دەوێیت. زۆر دڵخۆش بوو بۆمان و بەڵێنی دا خۆی بێتە خوازبێنیت.

بەچرپە: خوا لێی خۆش بێت.

بە گاڵتەپێکردنەوە وتم، ئێستا ئیتر دەبێت خەو بە داواکردنەوە ببینی. هیچ هیوایەک نەماوە.

سەیرت کردم، پاش بێدەنگی وتت، گاڵتە دەکەیت!

- گاڵتە!

هەردووکمان پێکەنین!

هەست دەکەم پاش هاتنت بیرکردنەوە و هەستەکانم سەقامگیر بوون، بوونت لە تەنیشتمەوە ئاسوودەی کردم جومانە، بێدەنگی باڵی کێشا بەسەرماندا، بۆیە خەیاڵ دوور بردمییەوە، بۆ ڕیاز، ئەو خاکەی شایستەی مردن و زەبروزەنگی مردنە، ڕیاز ئەو شوێنەی حەز دەکەم لێی بمرم و باپیرەم عەبدولعەزیز بۆ هەتاهەتایە لێی نووستووە.

کەوتمە بیرکردنەوە دەربارەی باوکم و مامەکانم، وەلید و ئامۆزاکانم. کەوتمە بیرکردنەوە دەربارەی باپیرەم کە مردووە و هێشتا ئەو قسانەی دەیویست پێم بڵێت لە قورگیدا گیریان خواردووە. پێم وتیت، ئەمشەو یەکەمین شەوە بەتەنیا لە گۆڕەکەیدا دەخەوێت.

هەردوو دەستت گرتم و خستتنە ناو لەپی دەستەکانی خۆتەوە. بەردەوام بووم: گۆڕ وەک شەوەزەنگ تاریکە، دەزانیت ئەو لە تاریکی دەترسا، بەبێ بوونی چرایەکی کز لە تەنیشتیەوە خەوی لێنەدەکەوت؟

چاوەکانت دەدرەوشانەوە و فرمێسکیان تێ زابوو: لە گۆڕەکەدا بەتەنیا جێی دەهێڵن جومانە، لە تاریکیدا جێی دەهێڵن.

وتت، دەوترێت، دانیشتووانی گۆڕستان پێشوازی لە مردووی پیاوچاک دەکەن، نیگەرانی مەبە چووە بۆ لای

ئەوانەی لە من و تۆ میهرەبانترن عەزیز.

- چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پەیوەندیی پێوە کردم، دەیویست شتێکم پێ بڵێت، بەڵام وەڵامم نەدایەوە.

- ئێستا ئەو پێویستی بە دووعاکانتە، کارەکەی لە هەموو شتێک دابڕاوە، جگە لە سێ شت، دووعاکانت یەکێکە لەوانە.

سەرت خستمە سەر شانت و لێ گەڕایت فرمێسک بەبێ بەرگریکردن بێتە خوارەوە، بە پەنجەکانت ناوچەوانت دەسڕیم، لە کاتێک گوێم لە هەنسکهەڵدانت بوو. پاش ئەوەی هەستم کرد ڕۆحم ئارام بووەتەوە، وتم، من بۆ باپیرەم دەگریم، ئەی تۆ بۆ دەگریت؟

بەدەم سڕینی فرمێسکەکانتەوە وەڵامت دامەوە، لەبەر ئەوەی ئیتر نایەیتە خوازبێنیم.

بەگاڵتەوە لێم پرسیت، گاڵتەیە؟

داتە قاقای پێکەنین و لەناو فرمێسکەکانتەوە وتت، گاڵتەیە!

سەرتم خستە سەر شانم و سەری خۆم خستە سەر سەرت، بڕیارم دابوو کاتێک دەگەڕێمەوە بۆ ڕیاز ئەو پارەیە بکەم بە خێر کە باپیرەم پێی بەخشیبووم، بەڵام نازانم کەی دەگەڕێمەوە بۆ ئەوێ! چۆن ڕیاز ڕۆژێک پێشوازیم لێ دەکات، بێ ئەوەی باپیرەم عەبدولعەزیز پێشوازیم بکات. ڕیاز چۆن دەبێت، پاش ئەوەی جوانترین و میهرەبانترین و نەرمونیانترین کەسی ناوخۆی لەدەست داوە!

کەوتمە بیرکردنەوە دەربارەی باری باوکم و چۆنێتیی بەسەربردنی ڕۆژەکانی ماتەمینی. بیرم لەو ڕۆژە سەختانە کردەوە کە زۆر جار لەوێ لەگەڵیدا نەبووم. بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بەبێ بەشداریکردنم و تەنانەت ئامادەبوونم

ڕاهاتـووه خۆشـی و ناخۆشـییەکانی بگوزەرێنێت.

کەوتمـه بیرکردنـەوه دەربـارەی ئـەو نامەیـەی وەلیـد، کـه وەک نامـەی هـەر نەناسـێکی ئـەو و خێزانەکـه پێم گەیشـت، بیرم لـەوه کـردەوه چـۆن دووریـان خسـتوومەتەوه و ناڕاسـتەوخۆ پشـتگوێیان خسـتووم.

زۆر بیـرم لـەوه کـردەوه، ئاخـۆ یەکێکیـان چاوەڕوانـی گەڕانەوەمـه، ئێسـتا کەسـێک پێویسـتی بەوەیـه بگەڕێمـەوه بـۆ لای و تامـەزرۆی گەڕانەوەمـه، کەسـێک جگـه لـه باپیـرەم کـه هەمـوو شـتێکی پـێ بەخشـیم، بـه ناوەکـەی خۆشـیەوه. جومانـه بیـرم لـه زۆر شـت کـردەوه، زۆر شـت، بـەڵام تاقـه پرسـیارێک لـه ویژدانمـدا بـەردەوام دەنـگ دەداتـەوه: چـۆن باپیـرەم دەمرێت و وەڵامـی نادەمـەوه!

بۆچی ئەوەم کرد باپیره!

***

جەژنی قوربانی ساڵی ڕابردوو زۆر سـەخت بوو بۆت، شـەوی جـەژن پەرێشـان بوویت، هەیفا بـۆ سـەردانیکردنی کەسـوکاری لـه کوەیت بـوو، تـۆش وەک هەمیشـه تووشـی پەتـای تەنیایـی بووبوویت.

بەدەسـت ئـازاری گرژیـی قوڵۆنـەوه دەتناڵانـد و توانـای خواردنـی هیـچ شـتێکت نەبـوو، هەرچییەکـت بخواردایـه دەتهێنایـەوه. شـەوی جـەژن برسـێتی و ئـازار ماندوویـان کردبوویـت، بۆیـه هەڵـم گرتیـت و چوویـن بـۆ نەخۆشـخانە. پزیشـکەکان بڕیاریـان دا دوو ڕۆژ لـه نەخۆشـخانه بمێنیتـەوه،



Scanned with CamScanner

تـا تەندروسـتیت بـاش دەبێـت و ئـەو قۆناغـی وشـکبوونەوەیە تێپەڕێنیت کـە خەریـک بـوو لەنـاوی دەبردیـت.

ئەو شـەوە لای تۆ و لەسـەر کورسـی و لـە هەمان ژووردا خەوتـم، ناوبەنـاو بێـدار دەبوومـەوە بـۆ بینینـی ڕوخسـارت لـە کاتـی خەوتنـدا و دڵـم لـە خۆشـیی هاوبەشـیکردندا سـەمای دەکـرد.

ئـەوە یەکەمیـن و دواهەمیـن پێکەوەخەوتنمـان بـوو لـە شـوێنێک، یەکەمیـن جار نەبـوو بـە خەوتوویـی بتبینـم، چونکـە زۆر جـار لـە ئوتومبیلەکـەدا لـە تەنیشـتمەوە دەخەوتیـت، بـەڵام ئـەوە یەکەمیـن جـار بـوو بتبینـم لەنـاو پێخەفـدا بخەویـت، یەکەمیـن جـار بـوو لەژێـر بنمیچێـک و بـە درێژاییـی شـەو پێکـەوە بخەویـن.

نیوەشـەو بێـدار بوومـەوە، خەوتـن لەسـەر کورسـییەکە بێزارکـەر بـوو، سـەرباری ئـەوە تـا ئەنـدازەی چالاکبـوون بەختەوەر بووم. لە تەنیشـتتەوە لەسـەر کورسـییەکە دانیشـتم و لێت ڕامام. لەسـەر لا خـەوت لێکەوتبوو و گۆشـەیەکت لەئامێز گرتبـوو و بۆریـی خـۆراک بـە دەسـتە بچکۆلەکەتـەوە بـوو. مۆبایلەکـەم دەر هێنـا و وێنەیەکـم گرتیـت، فلاشـی کامێراکـە لـە دەموچاوتـی دا و بەبێـزاری چاوەکانـت کـردەوە. پێـم وتیـت، ببـوورە خۆشەویسـتەکەم، بێـزارم کردیـت.

دەستەکانت خستە سەر دەموچاوت: چی دەکەیت؟

- وێنەت دەگرم.

- لەبەر ئەوەی ڕوخسارم جوان نییە، وایە؟

- ڕوخسارت بە چۆلەکە دەچێت.

بەشیرینی زەدەخەنـە گرتتـی، لێـم پرسـیت: هەمیشـە لەسـەر



Scanned with CamScanner

لا دەخەویت؟

- هەمیشە، ئەی تۆ؟

- لەسەر پشت دەخەوم و قاچێک لەسەر قاچەکەی ترم دادەنێم.

- ئای خوایە، تەنانەت لە کاتی خەوتنیشدا فیز لێ دەدەیت!

- بێگومان.

- ئەوە خەوتنی وەزیرانەیە.

پێکەنیم، تۆش زەردەخەنە گرتتی. لە ڕوخسارت ڕامام، تۆ بەڕاستی جوانیت، جوانییەکەت هێمن و ڕاستەقینەیە و دەستکرد نییە، بەڵام شتێک جوانترت دەکات لەوەی لە ڕاستیدا هەیت، شتێک کە نازانم چییە و لێی تێناگەم. لێم پرسیت، بۆچی لە هەموو ئەوانەی سەر گۆی زەوی جوانتر دەتبینم؟

بەگاڵتەوە وتت، چونکە جوانترینم.

- تۆ بەو جۆرە نیت، بەڵام بەڕاستی جوانتر دەتبینم.

دەم بە زەردەخەنەوە: چونکە بە چاوی خۆشەویستی دەمبینی، خۆشەویستی وا دەکات لە چاوەکانتدا جوانتر بم.

- دانایت.

دانیشتنەکەت گۆڕی و لەسەر قەراغی پێخەفەکە دانیشتیت. کاتژمێرەکەت لەسەر مێزەکە هەڵگرت و وتت، ئەمڕۆ جەژنە، بە بڕوای تۆ ئێستا کەسوکارمان چی دەکەن؟

- گۆشت دەخۆن.

لەناکاو دەموچاوت گرژ بوو. بینیم دەموچاو و گوێچکەکانت سوور هەڵگەڕان. هەردوو دەستت خستە سەر دەموچاوت و وەک منداڵ گریایت. لەسەر زەوییەکە لە بەردەمتدا دانیشتم،



Scanned with CamScanner

هەردوو دەستم لە دەموچاوت کردەوە و پێم وتیت، بۆچی دەگریت ئازارەکەم؟ چیتە؟

- لێرە حەزم لە جەژنەکانمان نییە.

- بیری دایکت دەکەیت؟

- بەڵکو بیری هەمووان دەکەم، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ لایان.

- ئەی من؟ بۆ کێم جێ دەهێڵیت؟

- هەندێک کات هەست دەکەم خۆشت ناوێم.

قاچتم بەرز کردەوە و خستمە سەر سنگم، ڕاستەوخۆ لەسەر دڵم، وتم، تۆ دڵنیایت کە خۆشم ناوێیت؟

بە سەرت ئاماژەی دڵنیاییت پیشان دا. پێم وتیت، بڕوانە چاوەکانم.

بە سەرسووڕمانەوە لێت پرسیم، چی؟

- ڕاستەوخۆ بڕوانە چاوەکانم.

تێت ڕوانیم و تێم ڕوانیت. هەوڵم دەدا لە ڕێگەی چاوەکانمەوە قسەت لەگەڵ بکەم، دەمویست بەبێ قسەکردن پێت بڵێم خۆشم دەوێیت. هەستم کرد چاوەکانت ڕام دەکێشن بۆ لای خۆیان، خۆشەویستیی زیاترم لەوە بینی کە لە چاوەکانمدا بینیت. لە نەرمونیانیی ئەوەی ناو چاوتدا گێژ بووم و شڵەژام. هەستم کرد دڵم بە خێراییەکی لەڕادەبەدەر لێ دەدات. بینیم بە سەرسووڕمانەوە برۆکانت بەرز دەکەیتەوە و بنی پێت لەسەر سنگم، لەبەر خێراییی هەناسەدان و شپرزەییی ترپەکانی دڵم، دەلەرزێت. دەم بە زەردەخەنەوە پێم وتیت، بینیت؟

- خۆشم دەوێیت.

قاچم بەرز کردیتەوە و بنی پێتم ماچ کرد. پێت وتم، ماچکردنی بنی پێم لەخۆبایبوونت ناڕووشێنێت؟
بەدەم لێستنەوەی بنی پێتەوە وتم، نەخێر، بەڵام کەسی لێ ئاگادار مەکەرەوە!
پێکەنیت، خۆشی لە دڵمدا کەوتە سەما و دڵم مەست بوو!

***

نامەیەکی تازەی یاسەمینم لە پۆستەکەمدا بینی. سێ دانە نامە لەناو پۆستەکەمدا بوون، سێ نامە کە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا نێررابوون و نەمدەوێرا بیانکەمەوە و بیانخوێنمەوە. ئەوەی سەیرە چیی تر نامە تەلەفۆنییەکانیشم نەدەخوێندەوە. هەرکاتێک نامەیەک بە ناوی ئەوەوە لە خانەی هاتوودا دەبینم، بەبێ خوێندنەوەی دەیسڕمەوە، وەک ئەوەی لە خوێندنەوەی ناوەڕۆکی نامەکان بترسم!
هەندێک نامە خەمبارییە! کاتی خوێندنەوەیان هەست دەکەیت تاوانباریت و چاوەکانی نێرەر کاتی خوێندنەوە بەدزییەوە چاودێریت دەکات. بیرم کردەوە هەرسێ نامەکە بەبێ خوێندنەوە بسڕمەوە، بەڵام بڕیارم دا ئەم جارە ڕووبەڕووی وشەکانی ببمەوە.
لە نامەکانیدا چاوەڕوانی سەرسووڕمان و گلەیی بووم، لەبەر دیارنەمانی کتوپڕ و بێپاساو، لەوانەیە لەبەر ئەم هۆیە نەمویرابێت نامەکان بخوێنمەوە، لەوانەیە حەزم نەکردبێت گلەییەکانی بخوێنمەوە، لەوانەیە حەزم نەکردبێت ئەوەم بیر بهێنێتەوە کە بەهەڵواسراوی لەنێوانماندا ماوەتەوە. وەک

ئەوەی فەرامۆشکردنی کۆتایی بەوەی نێوانمان بهێنێت، وەک ئەوەی هیچ ڕۆژێک ڕووی نەدابێت!

لە نامەکەیدا و بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی:

ئەزیز! نازانم بۆچی وەڵامی نامەکانم نادەیتەوە! ناشزانم بۆچی پاش هاوسەرگیری کتوپڕ دیار نەمایت. ڕوونە لەوە پەشیمانیت کە کردوومانە. لە ڕاستیدا هەردووکمان پەشیمانین لەوەی ڕووی دا، نازانم ئەو ڕۆژە بیرمان لە چی دەکردەوە. گرنگ ئەوەیە تا ئێستا لەوە تێناگەم بۆچی کتوپڕ دیار نەمایت. تەنانەت ئەگەر پەشیمانیت لەوەی ڕووی داوە، نابێت وات لێ بکات بەو شێوەیە ون بیت، بەتایبەتی لە کاتێکدا هیچ داواکارییەکی ئەم هاوسەرگیرییەت لەئەستۆ نییە. پێم وا بوو هیچ کۆتوبەندێک پەیوەندییەکەمان شەتەک نادات، کەچی یەکسەر دوای هاوسەرگیرییەکەمان هەڵهاتیت، وەک ئەوەی داوای شتێکت لێ بکەم. دەمەوێت دڵنیا بیت کە پەیوەندییەکەمان وەک خۆی دەمێنێتەوە و هەرکاتێک حەزت کرد بەخێر بێیت بۆ ماڵەکەم. پەیوەندییەکەمان بەبێ کۆتوبەند دەمێنێتەوە و ئەوەی پێکەوە کۆمان دەکاتەوە زۆر لە گرێبەستی هاوسەرگیری گەورەترە! شایانی باسە، پێویستە بەم زووانە ئەو گرێبەستە هەڵوەشێنینەوە. لە نزیکترین کاتدا پەیوەندیم پێوە بکە، تا ئەوە ئەنجام بدەین. تکایە ئەم جارەش نامەکەم پشتگوێ مەخە.

ڕۆژێکی خۆش

یاسەمین

پاش خوێندنەوەی دوانامە هەستم کرد بارێکی گران لەسەر سنگم نەماوە، ئەگەرچی بڕێک لەو بارە هێشتا لەسەر دڵمە. بیرم کردەوە پەیوەندی بە یاسەمینەوە بکەم، بەڵام ترسام لەوەی پەیوەندیکردنەکەم دەرگایەک بکاتەوە کە نامەوێت بکرێتەوە، بۆیە بڕیارم دا وەڵامێکی کورتی بە پۆستەکەی بۆ بنێرم. نووسیم:

یاسەمینی جوانکیلە، هیوادارم باش بیت. داوای لێبوردن دەکەم بۆ وەڵامنەدانەوەی ئەم ماوەیەی دوایی، بە هەندێک هەلومەرجدا تێپەڕیوم، بەم زووانە پەیوەندیت پێوە دەکەم بۆ دەستکردن بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە. ئەوە شێتیی هەردووکمان بوو، بەڵام بێگومان یادگارییەکی جوانە. چاوەڕوانی پەیوەندیم بە بەم زووانە و هەمیشە باش بیت.

خۆشەویستیم
عەبدولعەزیز

نامەکەم نارد و بیرم دەکردەوە، تا کەی ئەم بابەتە بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە! دەزانم ئەوەی دوچاری زۆر کێشەم دەکات، دواخستنی هەموو شتێکە. من بەو جۆرەم، لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستە سەختەکان هەڵدێم، وەک ئەوەی بە هەڵهاتن لە ڕووبەڕووبوونەوەیان کۆتایی دێن و دەسڕێنەوە، بەڵام ئەوەی لە ڕاستیدا ڕوو دەدات



Scanned with CamScanner

تەواو پێچەوانەکەیە، مەسەلەکان ئەنجامی دواخستن زۆر ئاڵۆزتر دەبن و دەئاڵۆسکێن و لقوپۆپیان لێ دەبێتەوە، لە کۆتاییشدا خۆم بەتەنیا لە دواخستنیان پەشیمان دەبمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ مەسەلەکەی یاسەمین، نامەوێت ڕووبەڕووی ببمەوە، دەمەوێت بەبێ ڕووبەڕووبوونەوە کۆتایی بێت و دیار نەمێنێت، ئەگەرچی دەزانم دیارنەمان ئەستەمە.

شانازی بەوەوە ناکەم کە کردوومە، هەر مەسەلەکەی تایبەت بە یاسەمین نا، بەڵکو زۆر شت کە لە ژیانمدا بەبێ بیرکردنەوە ئەنجامم داون. جاربەجار بیر لەوە دەکەمەوە کە لە ژیانمدا کردوومە، هەموو ئەوانەی بەفیڕۆم داون و لەدەستم داون، بیر لەو وێنەیە دەکەمەوە کە دەربارەی خۆم لە مێشکی ئەوانی دیکەدا نەخشاندوومە، ئەو وێنەیەی هیچ ڕۆژێک بێزاری نەکردووم، تەنانەت وام لێ هاتووە لە چاوەکانتدا دەیبینم.

دەزانیت چەند دەمخنکێنیت کە لە کاتی ڕاستگۆبوونمدا باوەڕم پێ ناکەیت! نیگای بەدرۆخستنەوە لە چاوەکانتدا، ئەگەر بە قسە دەریشی نەبڕیت، دەمکوژێت. گومانپێکردنم ئازارم دەدات. لە ڕاستیدا لە ڕابردوودا ئازاری نەدەدام، بەڵام کاتێک ڕاستگۆم لەگەڵتدا ئازارم دەدات.

خۆزگە باوەڕم پێ دەکەیت جومانە، خۆزگە ئەوە دەکەیت، خۆزگە یاسەمینیش دیار نامێنێت!

***



Scanned with CamScanner

ساڵی خوێندن تەواو بوو، ساڵێک کەمتر ماوە بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەت و گەڕانەوەی یەکجارەکیت بۆ ڕیاز، پاش دوو هەفتە گەشت دەکەیت بۆ ڕیاز و هاوینەکە لەوێ بەسەر دەبەیت، پێش ئەوەی دواساڵ لێرە بەسەر بەریت و بۆ هەتاهەتایە بگەڕێیتەوە بۆ لای کەسوکارت.

گەڕانەوەی ئەم جارەت بۆ ڕیاز ترساندمی، ترسام پاشماوەی ئەوەی لەنێوانماندا ڕووی دا کارت تێ بکات و دوور بکەویتەوە و لەدەستت بدەم، بۆیە بڕیارم دا مەسەلەکە یەکلا بکەمەوە.

پەیوەندیم بە باوکمەوە کرد، پاش گفتوگۆیەکی تەقلیدی و باو لێم پرسی، ئەو مەسەلەیەت بیرماوە، کە چەند مانگێک لەمەوبەر بۆم باس کردیت؟

- مەبەستت کام مەسەلەیە؟

- بابەتێک کە پەیوەندیی بە منەوە هەیە و چەند مانگێک لەمەوبەر بۆم باس کردیت.

بەڕەقی وتی، بیرم بخەرەوە!

- مەسەلەی هاوسەرگیرییەکە.

- پێم وا بوو پەشیمان بوویتەتەوە.

- بۆچی پەشیمان ببمەوە؟

- جارێکی تر باسی مەسەلەکەت لەگەڵ من یان دایکت نەکردەوە، بۆیە لەو بڕوایەدا بووین پەشیمان بوویتەتەوە.

- لە ماوەی ڕابردوودا سەرقاڵی خوێندن بووم، سەرباری ئەوەی ناکرێت لێرەوە لە کچەکە بچمە پێشەوە، پێویستە کاتی داخوازییەکەی ئامادە بم.

- هێشتا دڵت بە هەمان کچەوەیە؟



Scanned with CamScanner

- بێگومان.
- کەی دەگەڕێیتەوە بۆ ڕیاز؟
- پاش سێ هەفتە.
- بڵێ، ئیشەڵا پاش سێ هەفتە.

وەک منداڵێکی بچکۆلە و لە کاتێکدا ئارەقەم دەڕشت دووبارەم کردەوە: ئیشەڵا پاش سێ هەفتە.

- خوا بیکات، کاتێک هاتیتەوە لەسەر مەسەلەکە ڕێک دەکەوین، وەک لەوەوبەر پێم وتیت، بەگشتی ناڕازی نیم، گرنگ ئەوەیە سوور بیت لەسەر مەسەلەکە و لەگەڵ خەڵکدا شەرمەزارمان نەکەیت.
- ئیشەڵا... سوورم.

پاش تەواوبوونی پەیوەندییەکە لەگەڵ باوکم، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. ئای خوایە، چەند سەختە قسەی لەگەڵ بکەم! هەر جارێک قسەی لەگەڵ دەکەم، هەست دەکەم بچووک دەبمەوە، ساڵەکان خێرا دەگەڕێنەوە بۆ دواوە و جارێکی دیکە دەبمەوە بە منداڵێکی بچکۆلە.

نازانم کەی لەم گرێیەی "باوکم" ڕزگارم دەبێت، کەی ئەو قەیرانەی نێوانمان کۆتایی دێت کە چەندین ساڵە لەنێوانماندا سەری هەڵداوە و وەک چۆن دەستی پێ کردووە وەها ماوەتەوە، بە هەمان قەبارە و ئەندازە و توندوتیژییەوە.

چەند ئاواتەخواز بووم ساڵانی دووری ئەوەی نێوانمان بسڕێتەوە، ئاواتەخواز بووم ڕۆژێک ببمەوە بە کوڕەکەی باوکم! ببمەوە بە کوڕە گەورەکەی باوکم، پشتی باوکم و ئەو کوڕەی لە بەردەم خێزان و خەڵکدا شانازیی پێوە دەکات، بەڵام دووری تەنیا ڕقەبەرایەتی و ساردی و دەستبەرداربوونی

زیاتر کرد، دووری وای کرد شانازیکردن بە وەلیدەوە بێت و لە هەموو شتێکی تایبەت بە باوکمدا، تەنانەت هەستوسۆزی لە پێشەوە بێت. لەوانەیە ئەمە هۆکارێکی ساردیی پەیوەندیی نێوان من و وەلید بێت، ئەگەرچی ئەو تاقە برامە.

جاربەجار بە خەیاڵمدا دێت، لە ڕێگەی تۆوە پەیوەندییەکەم لەگەڵ باوکم وەک خۆی لێ دێتەوە، هەست دەکەم هاوسەرگیریم لەگەڵ تۆ پەیوەندییە نەخۆشەکەمان ڕزگار دەکات و چارەسەری دەکات.

هەست دەکەم بە هۆی تۆوە جومان سەرلەنوێ خێزانەکەم بەدەست دێنمەوە. تۆ بەتەنیا دەتوانیت سەرلەنوێ پەیوەندییەکانمان بگێڕیتەوە.

زۆر پشت بە هاوسەرگیرییەکەمان دەبەستم، خۆزگە دەتزانی چەند پشتی پێ دەبەستم.

***

دوای کۆتاییهاتنی ساڵی خوێندن، بە بۆنەی "نزیکبوونەوە"ی تەواوکردنی خوێندنەوە بانگهێشتم کردیت، دەمویست ئەم جارە بە جیددی و تەواوەتی بابەتی هاوسەرگیرییەکەت لەگەڵ بکەمەوە. بیرم کردەوە بانگهێشتت بکەم بۆ شوێنێکی زۆر تایبەت، بەڵام بینیم ئەو قاوەخانەیەی چوار ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەمین جار یەکترمان لێ بینی باشترین شوێنە بۆ بابەتەکە.

تۆ کچێکی ڕۆمانسیت، زۆر بیر لە سمبۆلیبوونی شتەکان دەکەیتەوە، وردەکارییە بچکۆلەکانت بەلاوە گرنگە، ئەو



Scanned with CamScanner

وردەکارییانەی کەسێکی تر نایانبینێت و بەلای کەسێکی ترەوە گرنگ نین. بۆیە بەلای منەوە قاوەخانەکە باشترین بژاردە بوو، ئەگەرچی شوێنێکی بێفیز و سادە بوو، بەڵام پشتم بە سمبۆلیبوونی بەلای هەردووکمانەوە بەست.

جیاواز لە کاتی ئاسایی پێش تۆ کەوتم، هەمیشە تۆ چاوەڕوانم دەبوویت، تەنانەت ئەگەر لە کاتی ژووانەکەشدا بگەمە جێ، بەردەوام لە ژووانەکاندا پێش من دەکەوتیت، تەنانەت جارێکیان لێم پرسیت ئاخۆ هەموو ڕۆژێک لە قاوەخانەکە دەخەویت!

کاتژمێرێکی تەواو پێش تۆ هاتم، کەوتمە بیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی دەبێت پێت بڵێم و چۆن باسەکەت لەگەڵ بکەمەوە. دەمزانی ئەم بابەتە چەندین بابەتی کۆن دەورووژێنێت و داواکارییەکەم زۆر دوا کەوتووە و لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بەها و جوانیم لە بەرچاوت شێواندووە. جومانە، ئەم جارە گومانم هەیە بەرامبەر بە وەڵامەکەت!

کوپێک قاوەم بۆ خۆم بانگ کرد و قاوە تایبەتییەکەت و پارچە کێکێکی زەنجەفیلیش، کە حەزت لێیەتی بۆ تۆم داوا کرد. بینیم لەسەرخۆ و بە دەموچاوێکی بێزارەوە دێیتە ناو قاوەخانەکە. هەستامە سەرپێ و وتم، زۆر دواکەوتیت!

بەبێزاری، لە کاتێکدا کورسییەکەت ڕاکێشا بۆ ئەوەی دابنیشیت، وتت، خۆ چاوەڕوانی زیانت پێ ناگەیەنێت!

ڕوون بوو لەبەر هۆیەک بێزاریت، بۆیە ئەم جارە مشتومڕم لەگەڵ نەکردیت. خۆم بە لاپتۆپەکەمەوە خەریک کرد، هەستم کرد تۆش لاپتۆپەکەت دادەگیرسێنیت. کاتێک زانیم لەسەر بەرنامەی ماسنجەریت، نامەیەکم بۆ ناردیت:

قاوەیەک و کێکێکی زەنجەفیلم بۆ داوا کردوویت.

نووسیت، کەی واز لەم خووە دەهێنیت؟

چاوەکانم بەرز کردەوە بینیم بە دەموچاوی گرژەوە چاوت بڕیوەتە مۆنیتەری لاپتۆپەکە، بە ماسنجەر وەڵامم دایەوە، چ خوویەک؟

- لەبری من هەموو بڕیارێک دەدەیت.

- تۆ چوار ساڵە هەمان قاوە دەخۆیتەوە و هەمان کێک دەخۆیت، چی لە مەسەلەکە گۆڕاوە؟

- وای دابنێ حەزم لە شتێکی ترە.

- وای دادەنێم کە ئەمڕۆ هۆرمۆنەکانت شپرزەن و لە توندوتیژییەکەت خۆش دەبم.

بە گاڵتەپێکردنێکی تووڕەوە: ڕوونە تۆ زیاتر لە من ئاشنای مەزاجی ژنانیت!

ڕوون بووەوە لە خراپترین دۆخدایت، بیرم کردەوە باسکردنی بابەتەکە ڕۆژێکی تر دوا بخەم، زۆر دوودڵ بووم، بەڵام ترسام قەدەر زەفەرمان پێ بەرێت و سەرلەنوێ ئاستەنگ بۆ حیکایەتەکەمان دروست بکات. هەستم کرد چیی تر متمانەم بە قەدەر نەماوە و دڵنیا نیم لە ژیان و وەرچەرخانەکانی.

چاپەزەکە کوپێک قاوەی بۆ هێنایت، سڵاوت لێ کرد و سوپاست کرد، چاودێریم کردیت کاتێک بێ ئەوەی سەیرم بکەیت قومت لە قاوەکە دەدا، وەک ئەوەی بەتەنیا دانیشتبیت. پێگەی بەناوبانگی Hallmarkم کردەوە و بەدوای کارتی ئەلکترۆنیی داواکاریی هاوسەرگیریدا گەڕام، کارتێکی ڕەش و سپی هەبوو گوریسێکی جلشۆری بوو و جلوبەرگی ژێرەوەی

ژنان و پیاوانی پێدا هەڵواسرابوو. سمبۆلیبوونی وێنەکە سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە هەڵم بژارد و لەسەرم نووسی، پێویستم بەوەیە هەموو شتێکت لەگەڵ هاوبەش بکەم: ژیانم، بیروڕاکانم، هەستەکانم، داهاتووم، ماڵەکەم، منداڵەکان و تەنانەت جلوبەرگی ژێرەوەش، خانمە تووڕەکە شووم پێ دەکەیت. ناوونیشانی پۆستی ئەلکترۆنیی تۆم تۆمار کرد و نامەکەم بۆ نارد.

دەنگی گەیشتنی نامەکەم لە لاپتۆپەکەتەوە بیست، بینیم ئەنجامی وردبوونەوە ناوچەوانت گرژ کردووە، ئینجا سەرسووڕماوانە برۆکانت بەرز کردەوە، بێ ئەوەی چاوەکانت بەرز بکەیتەوە و سەیرم بکەیت. تۆزێک کشایتە دواوە، قژبەستەکەت لە مەچەکت کردەوە و قژت لەسەر شێوەی ئەسپ بەرز کردەوە. دەموچاوت بەڕاستی پەمەیی بوو!

بەسەر لاپتۆپەکەدا چەمایتەوە و بە ماسنجەر بۆت نووسیم، برا؟

بۆم نووسیت، بەڵێ خوشکێ!

نووسیت ئاخۆ جیددیم دەربارەی ئەوەی نووسیومە، پێم وتیت هەرگیز وەک ئەمڕۆ جیددی نەبووم و دەمەوێت بە ئەزموونی ئەو هاوسەرگیرییەدا بڕۆم کە سوکراتی کردە فەیلەسووف. پرسیت کەی دەچمە داخوازی، وتم پاش چوارده ڕۆژ، کاتێک لە ڕیاز دەنیشیتەوە!

بینیم سەیرم دەکەیت، بە لەخۆباییبوونێکی بەتامەوە برۆیەکت بەرز کردەوە، دەم بە زەردەخەنەوە جارێکی تر بەسەر لاپتۆپەکەتدا چەمایتەوە. پاش چەند خولەکێک دەنگی



Scanned with CamScanner

گەیشتنی نامەیەکی ئەلکترۆنی بەرز بووەوە کە ناوونیشانی پۆستەکەتی لەسەر بوو. کردمەوە، بینیم هەمان کارتی ئەلکترۆنییە و بە ئینگلیزی لەسەر نووسراوە، با ئەوە بکەین!

***

پێش من گەڕایتەوە بۆ ڕیاز، ویستت سەرەتا بابەتی پەیوەندییەکەمان بۆ کەسوکارەکەت دەر ببڕیت. لە دوارۆژەکانی پێش گەشتەکەتدا جیاواز بوویت، هەر جارێک گفتوگۆمان دەربارەی بابەتەکە دەکرد، هەورێک لە دوودڵی لە چاوەکانتدا دەبریسکایەوە، چەند ساتەوەختێکی پاشەکشێی شاراوەت بۆ دەهات و ڕووی تێ دەکردیت، ئەگەرچی هەوڵت دەدا بەربەرەکانێیان بکەیت.

داوات لێ کردم وریا بم بەرامبەر بە مەسەلەی هاوسەرگیریکردن لەگەڵ یاسەمین و نەچم بەلای ئەوەی ڕووی داوە. وتت خێزانەکەت ڕێگە نادات بە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکدا کە لەوەوبەر پەیوەندیی هەبوو بێت، جا پەیوەندییەکە هەر جۆرێک بووبێت و هۆکارەکانی هەرچییەک بووبن.

لە ئاخاوتنەکەتدا ناوی یاسەمین و پەیوەندییەکەت نەهێنا، بەکورتی وتت، پێویست ناکات کەسوکارم بزانن چیت کردووە عەزیز.

لێم پرسیت، کام کارە؟

بەدەم ئاماژەکردنەوە بە دەست و بێ ئۆقرە و بە بێزکردنەوەوە وتت، "حیکایەتەکەی مۆنتریال".



Scanned with CamScanner

ڕوون بوو کە ناتەوێت بابەتەکەم لەگەڵ باس بکەیت و ناوی کردارەکان و کەسەکان و ئەو شتانە بهێنیت کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوەیە. لە ڕاستیدا، لەو کاتەوەی پەیوەندییەکەمان گێڕاوەتەوە، تۆ باسی ئەو مەسەلەیەت لەگەڵ نەکردووم، پرسیارێکت دەربارەی شتێک نەکردووە پەیوەندیی پێوەی هەبێت، ئەگەرچی تۆ ژنیت/پرسیاریت! ژنێکی زانینخواز کە پرسیار دەربارەی وردترین وردەکاری و بێبایەخترین شت دەکات.

دەمزانی ئەو وردەکارییانە زۆر ئازارت دەدەن، بۆیە ئارەزوومەندانە بڕیارت دا پرسیار دەربارەیان نەکەیت و بەلاتەوە بەنادیاری بمێنێتەوە، چونکە حەقیقەت زۆر جار ناشرینە، تۆش چیی تر حەز ناکەیت جگە لە جوانی شتێکی تر لە پەیوەندییەکەماندا ببینیت.

وتم بێگومان بۆیان باس ناکەم، هەروەها بۆ کەسوکاری خۆیشمی ناگێڕمەوە. وتم، بە هەرحاڵ ئەوە مەسەلەیەکی بێبایەخە، بەسەر چوو و کۆتایی هات و شایستەی باسکردن نییە.

بە ڕەقێکەوە تەماشات کردم کە لە تۆ ناوەشێتەوە، هەمیشە بە چاوی گلەییەوە سەیرت کردووم، هەر جارێک بەرامبەرت دڵڕەق بووبم، گلەییم لە چاوەکانتدا بینیوە، بەلام ئەم جارە ڕق لە چاوەکانتدا ڕوون بوو، ئەگەرچی بە قسە دەرت نەبڕی.

زۆر جیاواز بوویت جومانە، شتێک تێتدا وەک جاران نەبوو! دەزانم پاش هەموو ئەوەی ڕووی دا "ڕق" سادەترین مافەکانتە، بەلام بە خەیاڵمدا نەهاتووە ڕۆژێک بەباشی

پیادەی دەکەیت. ژنێکی وەک تۆ ئاشنا نییە بە ئەلف و بای رق، کەواتە چۆن بەو راستەوخۆیییە ئاراستەی دەکەیت، تەنانەت ئەگەر لە رێگەی سەیرکردنیشەوە بێت!

تۆم گەیاندە فرۆکەخانە، کاتی نزیکبوونەوەی فرینی فرۆکەکە دەستت گرت بە چاکەتەکەمەوە و بە گومان و ترسەوە وتت، پێت وایە کارەکان باش بچنە رێوە؟

– پێم وایە.

– بەڵێن؟

دڵنیاکەرەوانە وتم، بەڵێنت پێ دەدەم جومان، بەڵێنت پێ دەدەم!

لێگەرام بە دڵنیابوونەوە لە بەڵێنەکەم برۆیت، کەوتمە چاودێریکردنت لەناو قەرەباڵغییەکەدا دوور دەکەوتیتەوە، جاربەجار ئاورێکت دەدایەوە، وەک ئەوەی بوونم لە پشتتەوە بەوەفابوون بۆ بەڵێنەکە مسۆگەر بکات. هەر جارێک ئاورت دەدایەوە دەستم بۆ رادەوەشاندیت و بیرم دەکردەوە، ئاخۆ لە رۆژەکانی داهاتوودا و لەو شوێنە دوورە قەدەر چیی بۆ شاردووینەتەوە! بیرم دەکردەوە، ئاخۆ گەرانەوەکەت بۆ ئەوێ چۆن دەبێت و بەتەنیا دەگەرێیتەوە، یان بە فرۆکەیەک پێکەوە دەگەرێینەوە؟ ئینجا بە چ سیفەتێک دەگەرێینەوە؟

لەناو ئوتومبیلەکەمدا بەدوای سیدییەکی گۆرانیدا گەرام کە دوو ساڵ لەوەوبەر بە دەنگی خۆم گۆرانییەکی تەلال مەداحم: "بەڵێنت پێ نادەم،" لەسەر تۆمار کردبوو. پاش گەران سیدییەکەم دۆزییەوە و لە رێگەی گەرانەوە خستمە سەری. بەدەم گوێگرتنەوە کەوتمە بیرکردنەوەوە. لەوەوبەر پێم وا بوو دەنگی تەلال مەداح لە کاتی چرینی ئەم گۆرانییەدا

خەمبار و ڕەشبینانەیە، کەچی ئەمڕۆ درک بەوە دەکەم دەنگم لە کاتی چڕینی گۆرانییەکەدا خەمبارتر و ڕەشبینانەترە، دەنگێکە گوزارشت لە بێهیوایی دەکات:

بەڵێنت پێ نادەم کێ هەلومەرجی ڕۆژگار مسۆگەر دەکات
بڕوا بەو کەسە مەکە کە پێی وتوویت دنیا دڵنیایە
کاتی دیاریکراومان بدەرە دەست هەلومەرجەکان
بە کات و شوێن بەگیرم مەهێنە

لەبەر خۆمەوە دووبارەم دەکردەوە: کێ هەلومەرجی ڕۆژگار مسۆگەر دەکات جومانە؟ کێ هەلومەرجی ڕۆژگار مسۆگەر دەکات!

***

کە گەیشتیتە لەندەن، لە کاتێکدا چاوەڕوانی گەشتەکەت بوویت بۆ ڕیاز، پەیوەندیت پێوە کردم، پێت وتم کە بە جیددی بیر لە هەڵهاتن دەکەیتەوە. بە گاڵتەپێکردنەوە وتم، بووکی هەڵهاتوو!

تۆ حەزت لە فیلمی ژولیا ڕۆبێرتس بوو، پێکەنیت: زۆر دەترسم!

- هیچ شتێک ترسناک نییە، گرنگ ئەوەیە کاتی گونجاو بۆ باسکردنی بابەتەکە هەڵبژێریت، باوەڕم پێ بکە هەموو شتێک باش دەبێت.

بەچرپە وتت، خوا بیکات.

- دەربارەی هەڵهاتن، ڕەچاوی ئەوەت کردووە ماوەیەکە خواستی هەڵهاتن دەوروخولی داویت؟



Scanned with CamScanner

- بێگومـان، هەڵهاتـن بەهـۆ و بێهـۆ خەونـی هـەر کچێکی سـعودییە.

پێکەنیـم: ئـەوە خەونـی سـەرکوتکراوەکانە، خەونـی لـەو جـۆرە شاییسـتەی تـۆ نییـە.

بەدڵشـکاوی وتـت، خۆزگـە لەدەسـت چارەنووسـمان هەڵدەهاتیـن.

ئـەو وشـە دەسـتخەڕۆکراوەتم خسـتە نـاو دڵمـەوە، تـۆش سـواری فڕۆکەکـەت بوویت بـۆ ڕیـاز. چەنـد کاتژمێرێک دوای گەیشـتنت پەیوەندیت پێـوە کـردم، لـە فڕکەخانـە خێزانەکـەت کتوپـڕ دایـان بەسـەرتدا و نەتتوانـی چەنـد سـاتەوەختێک بدزیتـەوە بـۆ پەیوەندیپێوەکردنـم. پەیوەندییەکـەت زۆر کـورت بـوو و وەک گشـت پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکانـی نیشـتمان بـە چرپـە و دزییـەوە بـوو. بەڵێنـت دا دوای یـەک دوو کاتژمێـر پەیوەندیم پێوە بکەیتـەوە، کەچی نەتکـردەوە، زۆر دوا کەوتیت، بۆیـە پەیوەندیـم پێـوە کردیـت.

بـە دەنگێکـی تاسـاو، کـە گریـان گـڕ و مانـدووی کردبـوو، وەڵامـت دامـەوە. لێم پرسـیت، چـی ڕووی داوە؟ بۆچی دەگریت؟

بـە دەنگێکـی لـەرزۆک و بـەدەم گریانـەوە وتـت، هیـچ ڕووی نـەداوە، دواتـر پەیوەندیت پێـوە دەکـەم.

قیژانـدم بەسـەرتدا، تەلەفۆنەکـە داناخەمـەوە، قسـەم لەگـەڵ بکـە، پێـم بڵـێ چـی ڕووی داوە؟

بەدەم هەنسکدانەوە وتت، هیچ ڕووی نەداوە، ئێستا لەگەڵ دایکم دانیشـتووم.

بـەوە ویسـتت بـە شـێوازێکی ناڕاسـتەوخۆ پێم ڕابگەیەنیت کـە دەربـارەم قسـەت لەگـەڵ دایکـت کـردووە. زۆر دڵشـکاوم

بووم بەو پەلەیە، بێ ئەوەی زەمینەسازی بۆ مەسەلەکە بکەیت قسەت لەگەڵ کردووە. لە ڕاستیدا لەگەڵ دایکت کەوتمە بارێکی ناخۆشەوە، کۆتاییهێنان بە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە، پاش ئەوەی زانیم لە تەنیشتتەوە دانیشتووە، وێنەکەم لە بەرچاوی وەک هەرزەکارێک دەچەسپێنێت، بۆیە بڕیارم دا وەک پیاوێکی متمانەدار و پێگەیشتوو ڕووبەڕووی بارەکە ببمەوە.

لێم پرسیت، ئەو لە تەنیشتەوەیە؟

- بەڵێ.

- تەلەفۆنەکەی بدەرە دەست، دەمەوێت قسەی لەگەڵ بکەم.

بە سەرسووڕمانەوە وتت، بۆچی؟

- قسەی لەگەڵ دەکەم.

بەچرپە وتت، پێویست ناکات.

پێم وتیت، مەترسە جومان، مەسەلەکەی لەگەڵ چارەسەر دەکەم، نیگەران مەبە.

گوێم لە دەنگت بوو پێت وت، دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات!

دایکت بە دەنگی ئاغری وتی، سڵاو.

- ئێوارەت باش پووری، چۆنیت؟

- باشم، تۆ چۆنیت؟

- پەنا بە خوا باشم. پووری، ماوەیەکە دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم. ئەمڕۆ ڕۆژێکی پیرۆزە کە توانیم قسەت لەگەڵ بکەم.

وتی، تکایە عەبدولعەزیز پاش پێنج خولەک بە تەلەفۆنەکەی

خۆم پەیوەندیم پێوە بکە. وا بزانم ژمارەکەمت لایە.

دواڕستەی خۆی بە تەوسەوە وت، ڕوون بوو نایەوێت گوێت لە قسەکانی نێوانمان بێت، یان دەیەوێت ئەوەم پێ بڵێت کە نایەوێت بیبیستێت. پێم وت باشە پووری فرمانتە، پاش پێنج خولەک پەیوەندیت پێوە دەکەم!

ئەوە درێژترین پێنج خولەکی تەواوی ژیانم بوو! هەوڵم دا تێیدا بیروڕاکانم ڕێک بخەم و بزانم چی بە دایکت دەڵێم، بەڵام نەمدەزانی چیی پێ بڵێم! بیرم لەوە کردەوە ئەگەر لەسەر پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی پێش چەند مانگێک سەرزەنشتی کردم چۆن وەڵامی بدەمەوە و لە بەردەمیدا بەرگری لە خۆم بکەم. بیرم کردەوە چی بکەم ئەگەر وتی بەکەڵکی ئەوە نایەم هاوسەری تۆ بم و داوای لێ کردم دوور بکەومەوە لێت، ئەگەر جنێوی پێ دام، یان هەڕەشەی لێ کردم، یاخود لە ئاخاوتنەکەیدا هەڵەی دەرهەقم کرد!. بیرم لە زۆر پرسیار کردەوە، ترسام لە پەیوەندیکردن درەنگ بکەوم و تووڕەتر بێت، بۆیە بێ پلان و هیچ بیرۆکەیەک پەیوەندیم پێوە کرد.

پاش سڵاوکردن لێی پرسیم، دایک و باوکت چۆنن؟

وەڵامم دایەوە، سوپاس بۆ خوا باشن، ئیشەڵا بەم زووانە بە دیدارتان زۆر شادمان دەبن.

دەستوبرد تۆپەکەم فڕێ دایە یاریگەی دایکتەوە، حەزم نەکرد بە پێچوپەنا بم و مێشکی خۆم بە مەسەلەیەکی وەهاوە وێران بکەم. پێدەچێت ئەوە زۆر ئاسوودەی کرد و ماندووبوونی بەخۆشدوانی لەکۆڵ کردەوە.

ئەو وتی، ئیشەڵا، بەڵام کاروباری هاوسەرگیری بەو خێرایییە یەکلا نابێتەوە عەبدولعەزیز، پێویستە مرۆڤ، پێش



Scanned with CamScanner

هەنگاونان بەرەو مەسەلەیەکی هەتاهەتاییی وەها، هەزار و یەک جار بیر بکاتەوە.

- بێگومان پووری، پێت وا نەبێت پیاوێک لە تەمەنی مندا پێش هەنگاوێکی وەها باش بیری نەکردبێتەوە.

- عەبدولعەزیز، تۆ لە ناوەڕاستی سییەکاندایت، کوڕی خێزانێکی ناوداریت، لە ڕووی داراییەوە ئاسوودەیت و خوێنەواریت، بۆچی تا ئێستا هاوسەرگیریت نەکردووە؟

دایکت زۆر ڕاستەوخۆ بوو، دانایی نەبوو فریو بدرێت یان لەخشتە ببرێت، بۆیە لە وەڵامدا وتم، چونکە لەوەو بەر بە دیداری جومانە شاد نەبووبووم، کاتێک بینیمەوە بڕیارم دا هاوسەرگیریی لەگەڵ بکەم.

- بە ڕای تۆ چ شتێک لە جومانەدا هەیە و لە یەکێکی دیکەدا نییە؟

- ئەوە بەس نییە کە چەند ساڵێکە خۆشم دەوێت؟

- لەو بڕوایەدایت خۆشەویستی هەموو شتێکە؟ خۆشەویستی بەتەنیا هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو مسۆگەر ناکات.

- هەرگیز سەرکەوتنی هاوسەرگیری مسۆگەر ناکات، بەڵام یەکێکە لە کۆڵەکەکانی، کۆڵەکەکانی دیکە لە پەیوەندییەکەماندایە، ئێمە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و زانستی و ڕووناکبیرییەوە هاوتاین، لەسەر گرنگترین شتەکان ڕێک کەوتووین، بایەخدانی هاوبەش و وێناکردنی هاوبەشمان دەربارەی ژیانی دوای هاوسەرگیری هەیە، کەواتە بۆچی هاوسەرگیرییەکەمان سەرکەوتوو نابێت؟

- ببوورە عەبدولعەزیز، بەڵام زۆر مەسەلە دەربارەی



Scanned with CamScanner

ئـەم هاوسـەرگیرییە هـەن نیگەرانـم دەکـەن، جیاوازیـی تەمـەن لەنێوانتانـدا کـەم نییـە، دە سـاڵی تـەواو لەنێوانتاندایـە، دوورکەوتنـەوەت لـە هاوسـەرگیری بـە درێژاییـی ئـەو تەمەنـە، سـەرباری چەندین سـاڵ ژیانت لـە ئاوارەیی، مایەی نیگەرانییە. گرنگتریـن هـۆ، ڕەفتارەکەتـە کـە دەرهـەق بـە جومانـە کردت، تەلەفۆنەکـەت سـەرەڕۆییەک بـوو لـە کەسـێک ناوەشـێتەوە لە تەمەنـی تـۆدا بێـت و لـە ئاسـتی خوێندنـی تـۆدا بێـت، لەگـەڵ ئەخلاقـی خێزانەکەشـتدا نایەتـەوە، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی ڕەفتارەکـەت هیـچ جوامێری و پیاوەتییەکی تێدا نەبوو. ئەگـەر ژیریـی خـۆم نەبووایـە و بـاش کچەکـەم نەناسـیبایە، بـەو تەلەفۆنـەت خەریـک بـوو داهاتـووی کچەکـە بفەوتێنیت.

نەمزانی چۆن وەڵامـی دایکت بدەمـەوە، نازانـم چۆن کاتێک چەنـد مانگێک لەمەوبـەر تەلەفۆنـم بـۆ کـرد بیـرم لـە ڕۆژێکـی وەک ئەمـڕۆ نەکـردەوە! پێـم وایـە ئـەو کاتـە ئیرەیـی ئەقڵـی لەدەسـت دابـووم، کاتێـک لـە کۆتاییهاتنـی پەیوەندیمـان لەگـەڵ خۆشەویسـتەکەمان نزیک دەبینـەوە هەرگیز بیر لە ئاکامـەکان ناکەینـەوە، لـە ئیرەیـی و تووڕەبووندا ڕێـی ڕاسـت ون دەکەین و هەمـوو پەیوەندییەکەمـان پێوەی دەشـێوێنین، بێ ئـەوەی بیر لـە ئاکامەکانـی ئەو تووڕەبوونـە بکەینـەوە. کاتێک تووڕە دەبین هەسـت دەکەیـن کۆتاییەکـە نزیک بووەتـەوە، بۆیـە هاوسـەنگی لەدەسـت دەدەیـن و هەمـوو شـتەکان لامـان یەکسـان دەبـن و بیر لـەوە ناکەینـەوە کـە دەیکەیـن و دواتر لـە دەسـتی دەدەین، بـێ ئـەوەی بـۆ سـاتەوەختێکیش ئەگـەری بەردەوامبـوون و ڕۆژێـک گەڕانـەوە بـە مێشـکماندا بێـت.

بیـرم لە ڕۆژێکـی وەک ئەمڕۆ نەکردبووەوە و چاوەڕوانی



Scanned with CamScanner

ئەوە نەبووم دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە، بۆیە نەمتوانی لە بەردەمی دایکتدا هەڵە کوشندەکەم بشارمەوە، لای ئەو هیچ پاساوێک نەبوو بۆ کارەکەم و لووتبەرزیش بێسوود بوو، بۆیە دانم پێدا نا و وتم، ڕاست دەکەیت پووریێ، تاوانێکی گەورە بوو و نازانم چۆن ئەنجامم دا.

- ئەوەی توورەبوون بەم شێوەیە کوێری بکات، کەسێکە دانایی و لەسەرخۆبوون لەدەست دەدات، ئەمەش هەندێک جار دەربارەی کەسێکی شپرزە و توورە و لەوانەیە توندوتیژ پێشبینیمان دەداتێ و شتێکە قبوڵی ناکەم و ڕازی نیم کچەکەم دوچاری بێت.

- لە ترسەکەت تێدەگەم، ئەگەر ئەو کچی من بووایە بە هەمان شێوە بیرم دەکردەوە، هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی کردوومە، بەڵام بەو شێوە نیم کە بۆی دەچیت، ئەوە سروشتی من نییە، ئەوەی کردوومە خوو نییە، چوار ساڵە جومانە دەناسم، ڕۆژێک دەستم بۆ نەبردووە و ئازارم نەداوە، دەتوانیت لێی بپرسیت.

چاوی خۆشەویستی کوێرە عەبدولعەزیز.

- جومانە کوێر نییە پووریێ، جومانە لە ڕووی بینین و چاوکراوەییەوە هەستیارە، باوەڕم پێ بکە دەتوانێت باش و خراپ لێک جیا بکاتەوە، ئەگەر خوێڕی بوومایە پەیوەندییەکەم لەگەڵیدا چوار ساڵ بەردەوام نەدەبوو.

- بۆچی لەوەوبەر نەهاتیتە خوازبێنیی؟ بۆچی پاش چوار ساڵ؟

ئەم جارە پرسیارەکەی دایکت قورس بوو، دەمزانی سەرکەوتوو نابم لە وەڵامدانەوەیدا، بیرم لە پرسیارێکی وەها

نەکردبووەوە، چاوەڕوانی نەبووم و لە ئەرشیفی وەڵامەکانمدا وەڵامێکی پڕاوپڕی تێدا نەبوو. تۆزێک بێدەنگ بووم و لە کاتێکدا تفم قووت دەدا وتم، لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووم بۆ هاوسەرگیری.

- بۆچی ئامادە نەبوویت؟ ڕوونە کە تۆ لە ڕووی دارایی و کۆمەڵایەتی و تەمەنەوە ئامادە بوویت، لە چیت کەم بوو، لە کاتێکدا چەند ساڵێکە جومانەت خۆش دەوێت؟

هەستم کرد چیی تر توانای زۆرانبازیم لەگەڵ دایکت نەماوە، بیرم کردەوە هەموو چەکەکانی خۆمی ڕادەست بکەم و ڕوو بکەمە دانوستان لەگەڵیدا، وتم، لە ڕووی دەروونی و سۆزدارییەوە ئامادە نەبووم بۆ هاوسەرگیری، پێویستم بەوە بوو دڵنیا بم لە هەستی خۆم، چونکە هەرکاتێک هاوسەرگیریی گەنج دوا کەوت، بڕیارلێدانی سەخت دەبێت.

- ئایا دڵنیابوون لە هەستەکان پێویستی بە چوار ساڵی تەواو هەبوو؟

- بەپەلە نەبووم و جومانەش پەلەی نەبوو.

- کەسوکارت ئەم هاوسەرگیرییەیان پێ چۆنە؟

- بێگومان ئەوان پیرۆزبایی لێ دەکەن، ئەگەر نا نەدەهاتمە خوازبێنی؟

- ئەوان بە پەیوەندییەکەتان دەزانن؟

بیرم کردەوە پێی بڵێم باوکم ئاگادارە، بەڵام ترسام مەسەلەکە بێزاری بکات: نەخێر، هیچ کەسێک نازانێت. ئەوان وا دەزانن جومانە تەنیا هاوەڵی زانکۆمە.

- تۆ لەوە دڵنیایت؟ ئەگەر کەسوکارت بە حیکایەتی خۆشەویستیی نێوانتان بزانن مامەڵەیەکی شایستە لەگەڵ



Scanned with CamScanner

ڕۆڵی جڵەوکاری مەسەلەکانی پێ ببەخشم و بەدووری بگرم لەوەی بە ناچاری و بێویستی خۆی بکەوێتە ناو بارێکی نەخوازراوەوە.

پاش نیو کاتژمێر چاوەڕوانی گوێم لە دەنگت بوو، دەنگێکی خەمباری پڕ لە نیگەرانی و ترس. لێت پرسیم ئاخۆ لەو ماوە درێژەدا باسی چیمان کردووە، ئاخاوتنەکەی نێوان خۆم و دایکتم بۆ گێڕایتەوە و پێم وتی چۆن هەندێک هەڕەشەی لێ کردووم. دەم بە گریانەوە وتت، ئەوە دادپەروەری نییە! بەتایبەتی پاش ئەو هەموو شتەی پێیاندا تێپەڕیوین.

لەو چارەنووسە تووڕە بوویت کە ڕوون بوو زۆر ئاسانکار نابێت بۆ هاوسەرگیرییەکەمان. داوام لێ کردیت متمانەت پێم هەبێت و ڕێگە نەدەیت مەسەلەکان لەو ڕێگەیە دەر بچن کە بۆیان دیاری کراوە. لە کاتێکدا وەک چۆلەکەیەک لە گیانەڵادا هەڵدەلەرزیت، لێگەڕام بخەویت. ئاواتەخواز بووم لە تەنیشتتەوە بوومایە. ئای چەند ڕقم لەو ڕۆژانەیە کە لێم دوور دەکەویتەوە!

***

مردنی باپیرەم دڵتەنگییەکانی ڕیازی زیاتر کردم!

کاتێک دەرگاکانی چوونەدەرەوە لە فڕۆکەخانە بە ڕوومدا کرانەوە، لە یەکەمین هەنگاوەکانمدا بەرەو ڕیاز لەبەر خۆمەوە وتم، خوایە چیت دەوێت ئەوەمان بۆ بکە! ئەوەم بە دڵتەنگی و ڕۆحێکەوە وت کە ترسی دەکردە دەرەوە.

هەر جارێک دەگەڕێمەوە بۆ ڕیاز هەست دەکەم گوریسێکی

گوش دەوری ملم دەدات و هەموو ڕۆژێک شەتەکی دەدات، وەک ئەوەی لە فڕۆکەخانە بیسەپێنن بەسەر سەردانیکەراندا گوریسێک لە مل بکەن کە تا کاتی ڕۆیشتنەوە لێیان نابێتەوە.

نازانم حەقیقەتی ڕقبوونەوەم بەو ئەندازەیە لەم شارە چییە! باش دەزانم بە بێزاری و کەمتەرخەمییەوە جێم هێشت، بەڵام هەر ڕۆژێک دوور لەو بەسەر بەرم هەستەکانم بەرامبەری خراپتر دەبێت.

ئەم شارە دایکێکی خەمبارە، بێویستی خۆی و بێمەبەست خەمباری دەخاتە دڵی نەوەکانییەوە. ژنێکە گیرۆدەی دەستی خەمۆکییە و ڤایرۆسی خەمۆکییەکەی گواستووەتەوە بۆ کەسوکارەکەی، تا بە ڕۆحی شەکەت و خەونی تەقلیدیی سادە و بێفیزەوە ژیان بەسەر بەرن.

ئەم جارە کاتی گەشتەکەم بە خێزانەکەم ڕانەگەیاند، بڕیارم دا کتوپڕ بێم، بەڵکو سوپرایز شادمانم بکات، پێش ئەوەی ئەوان شادمان بکات!

جاربەجار هەست دەکەم سوپرایز بۆ ئەوانە خوڵقاوە کە ئەنجامی دەدەن، نەک ئەوانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە. هەندێک جار ئەنجامدەران بۆ خۆیانی ئامادە دەکەن، تا بە کاردانەوەی ئەوانە مەست بن کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. تەنانەت لە سوپرایزدا بڕێکی سادە لە خۆپەرستی و ئارەزووی خۆشادمانکردن هەیە. جا لەبەر ئەوەی بە خۆڕسک خۆپەرستم، ویستم بە سوپرایزکردنیان بۆ یەکەمین جار خۆم شادمان بکەم.

تاکسییەک منی لە فڕۆکەخانەوە برد بۆماڵەوە. کاتژمێر نزیک نۆ و نیوی شەو بوو... ئەگەر گۆڕان بەسەر نەریتی

کچەکەم ناکەن. تۆ دەزانیت کۆمەڵگەکەمان موحافەزەکارە و وەک تۆ و جومانە و من ناڕواننە خۆشەویستی!

هەستم کرد دەمارەکانم پاش دوارستەی دایکت ئاهێکیان پێدا هات، هەستم کرد دەیەوێت لە ڕێگەیەوە پیرۆزبایی لە خۆشەویستی بکات، بەڵام لە تێڕوانینی پەککەوتەی ئەوانی دیکە بەرامبەرمان دەترسێت.

وتم، پووری نیگەران مەبە، ڕێگە نادەم هیچ شتێک بەر جومانە بکەوێت، یان یەکێک برینداری بکات. ئەمە بەڵێنە.

- وریا بە عەبدولعەزیز، ڕێگە نادەم هیچ کەسێک بێڕێزی بەرامبەر بە کچەکەم بکات یان لە پێگەی کەم بکاتەوە، هەروەها باش دەزانم باوکی ڕازی نابێت بەم شێوەیە هاوسەرگیری بکات. تۆ نازانیت پێگەی جومانە لای باوکی چەندە و چەند خۆشی دەوێت. باوکی بە پیاوێک ڕازی نابێت ماوەی چوار ساڵ داخوازیی دواخستووە، تا لە هەستی خۆی بەرامبەری دڵنیا بیت، براکانیشی ڕازی نابن.

- لەمە تێدەگەم و بەرز دەینرخێنم.

- تۆ گەنجیت، دەزانیت گەنجان چەند بەپەرۆشن بۆ خوشکەکانیان، دەزانیت چی ڕوو دەدات ئەگەر یەکێکیان زانی کەسێک بەمەبەست، یان بێمەبەست زیانی پێ دەگەیەنێت.

- ڕوونە، ڕوونە.

تۆزێک بێدەنگ بوو و لەسەرخۆ وتی، خوا ئەوە بکات کە باشە، ئیشەڵا کاتێک دێیتە داخوازیی قسەی زۆرمان دەبێت.

- ئیشەڵا.

دایکت بێدەنگ بوو، بەردەوام بووم، پووری، هیوادارم ئەوەی ڕوو دەدات کاریگەریی نەبێت لەسەر پەیوەندیی تۆ و

جومانە، جومانـە تۆی زۆر خـۆش دەویـت و توورەبوونت لێی فرێی دەداتـە نـاو گێژاویکـەوە کـە پێم وا نییە شایستەی بێت. ئـەو شـادمانە بـە گەڕانـەوەی بـۆ لاتـان و شـایانی ئەوەیە چێژ لـەو گەڕانەوەیـە وەر بگرێـت و خۆشـی لـە هـەر ساتەوەختێک ببینێـت کـە لەگەڵتـان بەسـەری دەبـات. دڵنیـام تـۆ زۆر بیری ئـەوت کردووە، هەریەکێکتان شایستەی ئەوەیە شادمان بێت بە بوونـی ئـەوی دیکە لەگەڵیدا یـان لـە دووری.

دایکت بەکورتی و وەک هەوڵدانێکی ڕوون بۆ کۆتاییهێنان بـە گفتوگۆکـە وتـی، بێگومـان ئـەو کچـی منـە و تەنیا مـردن لێکمـان جیا دەکاتـەوە.

– تەمـەن درێـژ بیـت پـووری، ئەگـەر ڕێگـە بدەیت داواکارییەکـم هەیـە.

– فەرموو.

– دەتوانم ئێستا پەیوەندی بە جومانەوە بکەم؟

– سـەرەتا مـن قسـەی لەگـەڵ دەکـەم، دواتـر لـێ دەگەڕێم پەیوەندیت پێـوە بـکات.

ڕوون بـوو کـە دایکـت دەزانێـت، بیەوێـت یـان نەیەوێت، ئێمـە پەیوەنـدی بـە یەکـەوە دەکەیـن! بۆیـە ڕازی بـوو بـە تەلەفـۆن قسـەت لەگـەڵ بکـەم، حـەزی نەکـرد پێگـەی خـۆی وەک جڵەوکارێـک و ئـاگادار لـەوەی ڕوو دەدات لەدەست بدات، ویستی مەسـەلەکان بە چاودێری و ئاگاداریـی ئـەو ڕوو بدەن، نـەک بەنهێنی و لەپشـت سـەری ئەوەوە. بێگومـان ئـەوە نیشـانەی ژیریـی دایکتـە، دەمزانـی ژنێکـی زیـرەک و دانـای وەک ئـەو ژیرانـە و لەسـەرخۆ ئـەو هەڵوێسـتەی دەبێت، بۆیـە داوای ئەوەم لـێ کـرد ڕێگەم بدات تەلەفۆنـت بـۆ بکـەم، ویستم



Scanned with CamScanner

خێزانەکەمدا نەهاتبێت، ئەوا ئێستا کاتژمێرێک پێش نانی شەوانە و هەموو پێکەوە دانیشتوون. هەمیشە ئەو کەسەی لە کاتی نانخواردنی شەوان دوا بکەوتبایە دوچاری سزا دەبوو، بۆیە هیچ کەسێک جگە لە وەلید دوا نەدەکەوت، بەو پێیەی لە نیشتمانەکەم پێشێلکردنی جاربەجاری یاساکانی ناو ماڵی لە گەنجان قبوڵ دەکرد.

لە فرۆکەخانە کلیلی ماڵەوەم لە جانتا گەورەکەم دەر هێنا، بە درێژاییی ڕێگا و بەدەم بیرکردنەوەوە بە دەستمەوە بوو. بۆچی لە نیشتمانەکەم و لە کاتێکدا بەرەو ماڵەکەمان دەڕۆم، کە دایک و باوکم و خوشکەکانم و براکەمی لێیە و زیاتر لە ساڵێکە نەمدیون، هەست بەو هەموو دڵتەنگییە دەکەم! چۆن مرۆڤ تامەزرۆی بینینی کەسوکاری نابێت؟ لە ڕاستیدا تامەزرۆی بینینی ئەوانم، بەڵام بەو شێوەیە نا کە پێویستە و دەبێت تامەزرۆ بم!

لە ڕێگە بەرەو ماڵەوە لە ڕیاز ڕامابووم، پێدەچوو دوێنێ جێم هێشتبێت. کاتێک دەگەڕێیتەوە بۆ ئەم شارە، دەبینیت وەک خۆیەتی، بە هەمان ڕوخسار و بۆن و ڕازاندنەوەوە.

لە ڕیاز هەموو شتێک گۆڕاوە و هیچ شتێکیش نەگۆڕاوە، کاتێک بۆ یەکەمین جار چووم بۆ کەنەدا، هیچ کام لە خوشکەکانم شووی نەکردبوو، جگە لە خوشکە گەورەکەم عهود، کە چەند مانگێک پێش ڕۆیشتنەکەم هاوسەرگیریی کردبوو و مەها کە نیشانە کرابوو، کەچی ئەمڕۆ پاش دە ساڵ دەبینم عهود و مەها و مەشاعل دایکی کۆمەڵێک منداڵن "دە منداڵ"، واتە بە تێکڕای منداڵێک بۆ هەر ساڵێکی دووریم لێیان، وەک ئەوەی بیانەوێت دیارنەمانم بە منداڵخستنەوە

قەرەبوو بکەنەوە!

ئەمڕۆ دەگەڕێمەوە بۆماڵەوە و دەبینم هەردوو خوشکە بچکۆلەکەم هەدیل و لینا، کە بەمنداڵی جێم هێشتن، دوو گەنجی تازەپێگەیشتوون و لە زانکۆ دەخوێنن. ئەم دوو کچە، کە ساڵانە و جاربەجاریش دوو ساڵ جارێک سەردانم دەکردن، گەورەبوونی خێرا و گۆڕانیان ساڵ لەدوای ساڵ سەرسامی کردووم. هەموو سەردانیکردنێکم، کاتێک لەگەڵیان دادەنیشم، هەست دەکەم لەگەڵ ناسیاودا دانیشتووم، بەرامبەریان هەست بە برایەتیی گیانی بە گیانی ناکەم، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت لێم دوور بووبن، چونکە وەک ناسینی خوشک لە لایەن براوە نایانناسم.

کاتێک لە بەردەمی ماڵەکەماندا ڕاوەستام، هەستم بە دڵتێکهەڵاتن کرد. کاتێک شڵەژانم زیاتر دەبێت، دەگەمە قۆناغی دڵتێکهەڵهاتن. دڵم وەک ئەسپێک لێی دەدا کە سەرکێشانە ڕا دەکات، دڵنیا نەبووم لەوەی ئاخۆ کەسوکارەکەم کیلونی دەروازەکەیان گۆڕیوە یاخود نا، بەڵام کاتێک کیلونەکەم بادا دەروازەکە کرایەوە، چونکە ئەوە ئەو ڕیازەیە کە هیچ شتێک تێیدا ناگۆڕێت!

گڵۆپەکانی ڤێلاکە داگیرسابوون، دەنگی هەواڵگەیەنی دەنگوباس، کە هەواڵەکانی دەخوێندەوە، زۆر بەرز بوو. بەهەناسەسواری بەسەر پێپلیکانەکاندا سەر کەوتم، بینیم دایکم و باوکم و هەدیل و لینا لەسەر مێزی نانخواردنن خواردنی ئێوارە دەخۆن. بێگومان ئەوان پێیان وا بوو دەنگی پێم هیی یەکێک لە خزمەتکارەکان یان هیی وەلیدە. وتم، سڵاوتان لێ بێت!

دایکم هاواری کرد و هەدیل و لیناش قیژاندیان، بەڵام لەو کاتەدا چاوەکانم تەنیا ڕوخساری باوکمیان دەبینی، بەسەری ڕووت و ڕوخسارێکەوە کە خەریک بوو پیر دەبوو. هەستم کرد لینا و هەدیل دەستیان کردووەتە ملم و دایکم باوەشی پێدا کردووم و دەگری و زۆر سوپاسی خوا دەکات. باوکم بە دوو چاوی جیاوازەوە ڕاوەستا، کە تێیاندا چاوەکانی باپیرەم بەدی کرد!

هەموو جارێک باوکم لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم دەهاتە پێشوازیکردنم لە فڕۆکەخانە، سەر و دەستیم ماچ دەکرد و ئەویش سڵاوی لێ دەکردم، وەک ئەوەی تەنیا چەند ڕۆژێک لێیان دوور بووبم. هەموو ساڵێک بەو جۆرە پێشوازی و بەڕێکردنمان ئەنجام دەدا، بەڵام ئەم جارە بێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم بەرەو ڕووی چووم و باوەشم کرد بە باڵابەرز و باریکەکەیدا، پیری بە شێوەیەکی نوێ جەستەی تەنیبووەوە کە لەوەوبەر پێی ڕانەهاتبووم.

بیری باپیرەم دەکرد! پێم وا نەبوو دەگەڕێمەوە بۆ ڕیاز، بێ ئەوەی پاش دەرچوونم لە فڕۆکەخانە بەلایدا تێنەپەڕم. پێویستم بە بۆنی ڕۆنی عۆدە بوو، کە بەلای منەوە "بۆنی ڕیاز" بوو.

نازانم چۆن باپیرەم مرد، بەبێ ئامادەبوونم لەگەڵ باوکم و پشتگیریکردنی لە بەڕێکردنی تەرمی باوکی و باوکمدا، بێ ئەوەی دڵنەواییی بکەم و سەرەخۆشیی لێ بکەم و باری کۆستکەوتنەکەی سووک بکەم، ئەویش بارگرانیی کارەساتەکەم لێ کەم بکاتەوە.

بە ئەندازەی داخخواردن و ئازەرچەشتن و برینداربوون

و تامەزرۆبوون بۆ باپیرەم باوەشم بە باوکمدا کرد، بە ئەندازەی قیرچسمەبوونی ماوەی ڕابردوو باوەشم پێدا کرد، ناوچەوانم خستە سەر شانی و وەک منداڵێکی بچکۆلە باوەشم پێدا کرد، بۆ هەموو ئەو شتانە گریام کە لەدەستم چووبوون.

بە دەنگە قووڵەکەی و لە کاتێکدا دەستی بە سەرمدا دەهێنا وتی، سوپاس بۆ خوا بەسەلامەتی گەیشتیت، بەخێر بێیتەوە کوڕەکەم!

ئەوساکە سەرم لەسەر شانی بەرز کردەوە، هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسکێک بوو، کە چاوەکانی جێ نەهێشت: خوا بتپارێزێت باوکە!

دایکم و هەدیل و لینا دەوریان دابووم، چاوەکانی هەموومان فرمێسکیان تێ زابوو، ئەوان لە خۆشی و لەژێر کاریگەریی گریانی من و باوکمدا، من و ئەویش لەبەر چەند هۆیەک کە ناتوانین دەریان ببڕین!

باوکم داوای لێ کردم نانی ئێوارەیان لەگەڵ بخۆم، کە پاش گەیشتنم هیچیان لێی نەخواردبوو. لەتەنیشت دایکمەوە دانیشتم کە سوپاسی خوای دەکرد بەسەلامەتی گەیشتووم و چاوی پێم کەوتووەتەوە. باوکم لێی پرسیم، بۆچی لە کاتی گەیشتنم ئاگادارم نەکردوونەتەوە، پێی وتم سوپرایزێکی جوان بووە و هیچ کامێکیان چاوەروانی نەبووە. هەردوو کچەکان باسی ئەوەیان کرد، کە سیمام لە ماوەی ساڵێکدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. وتیان قەڵەوتر بووم، ئەوەش وای کردووە قۆزتر بم. ئینجا بەردەوام بوون لەسەر ئاخاوتنی مێینەی درێژخایان.

قسەکانی پێ بڕین: با ئێستا بڕوات و بخەوێت...
باوکم بەردەوام بیت لەسەر بێگومان ماندووی گەشتەکەیت، ئەگەر ناخەویت، ئاخاوتنەکانیان قسەکردن لەگەڵیان ئەوا هەرگیز بێکۆتایین.
بە گاڵتەپێکردنەوە و بۆ گاڵتەکردن لەگەڵ لینا و هەدیل وتم، ڕوونە، دوو کاتژمێرە و تووشی سەرئێشەیان کردم.
باوکم بەگاڵتەوە وتی، من بە دایکتم وتووە، ئەگەر واز لە زۆربێژی نەهێنن، ئەوا بەشوویان دەدەین و ڕزگارمان دەبێت لەدەستیان.
هەدیل و لینا دەنگی ناڕەزاییان بەرامبەر بە بیرۆکەی هاوسەرگیری بەرز کردەوە، بەڵام مۆڵەتم وەر گرت تا پشوو بدەم. ژوورەکەم داخراوە و پڕتەپوتۆزە، چونکە دایکم چاوەڕوانی هاتنەوەی کتوپڕی نەکردووم.
بۆیە بۆ خەوتن چوومە ژووری میوان. کاتێک سەرم خستە سەر سەرینەکە زەردەخەنە کەوتە سەر لێوەکانم، چونکە دواجار باوکم دانی پێدا نام.
زیاتر لە دە ساڵە باوکم بە "کوڕەکەم" بانگی نەکردووم، منیش بە درێژایی هەمان ماوە پێم نەوتووە "باوکە." ئەو بە عەبدولعەزیز بانگی کردووم، منیش بە "تەمەندرێژ" یان "تەمەندرێژ بیت" جاربەجاریش "باوکی عەبدولعەزیز" بانگم کردووە!

ئەمڕۆ باوکم بە کوڕەکەم بانگی کردم، منیش بە باوکە وەڵامم دایەوە. ئەمڕۆ باوکم دانی بە باوکایەتیی خۆیدا نایەوە، منیش دانم بەوەدا نایەوە کە کوڕی ئەوم!
بەڕاستی سوپرایز زیاتر ئەنجامدەرەکەی شادمان دەکات،

تاوەکو ئەوانـەی ڕووبـەڕووی دەبنـەوە. ئـای چەنـد ڕاسـت بـووم لـە خۆپەرسـتیمدا.

***

پێم وایە هـەر دایکێک بۆنێکی تایبەتیی هەیە کە هیـچ بۆنێک هاوشـیوەی نییە. بۆنی دایکەکانمـان لـە کاتی لەدایکبوونمانـەوە تـا کاتـی مردنـی ئێمـە، یـان ئـەوان گۆڕانـی بەسـەردا نایـەت. ئەوەتـا دایکـم خـۆی دەخزێنێتـە ژوورەکـەم و بۆنەکـەی پێشـی دەکەوێـت، تـا بەمیهرەبانیـی دایـک، کـە لـە دنیـادا هیـچ میهرەبانییـەک هاوشـانی نییـە، دەسـت بـە سـەر و پشـتمدا بهێنێـت و گەمـە بـە ڕوخسـارم بـکات.

هەستم کرد لێم نزیک دەبێتەوە، دەستی خستە سەر شانم و بەنەرمونیانی ڕای وەشاند: عەبدولعەزیز، عەبدولعەزیز.

چاوێکـم کـردەوە دەموچـاوی حیکایـەت و ڕۆژگار و قوربانیـدان و دەسـتبەرداربوونەکانی ڕاگەیانـد، ڕۆحـم پێـش چاوەکانـم بـە ڕوخسـاری پـڕ بـوون.

وتـی، بەیانیت باش کوڕی دایکی، هەسـتە نانی بەیانیمـان لەگـەڵ بخـۆ.

سەرم بۆ لەقاند و وتم، بە خۆشحاڵییەوە.

- ئەگەر دەتەوێت خۆت بشۆیت، باشترە بچیتە ژوورەکەی خۆت، بۆمـان ئامادە کردوویت.

زەردەخەنـە گرتمـی! مـادام لەژێـر باڵەکانـی ئەودایـن، بەو شـێوەیە هەمـوو شـتێکی ژیانمـان ڕێـک دەخرێـت، لـە سـایەی ئـەودا هەمـوو شـتێک ئاسـانە و بەبـێ داواکردنـی هیـچ شـتێک

هەموو شتێکمان بۆ دەستەبەر دەکات.

سەر کەوتمە سەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆم، چوومە گەرماوەکە بۆ خۆشتن، کاتێک هاتمە دەرەوە جانتاکانم لە ژووری میوانەوە گوێزرا بوونەوە بۆ ژوورەکەم. جانتاکەم کردەوە تا جلوبەرگەکەم بپۆشم، بە مێشکمدا هات پاش ئامادەنەبوونێکی درێژخایان دزداشەیەک بپۆشم. دزداشەیەکی کۆنم لە کەنتۆرەکە دەر هێنا، بینیم تەسک بووەتەوە. دەمزانی لەم ماوەیەی دواییدا قەڵەو بووم، بەڵام بە خەیاڵمدا نەدەهات بەو ڕادەیە قەڵەو بووبم. ساڵێک لەمەوبەر دزداشەکە بەو ڕادەیە تەسک نەبوو کە جووڵەم لێ ببڕێت، بەڵکو فش بوو. دزداشەکەم دانەکەند و چوومە خوارەوە بۆ نانخواردنی بەیانی.

دایکم و باوکم و هەدیل و لینا لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانیشتبوون، سەری دایکم و باوکمم ماچ کرد، وەک هەمیشەش کە ئامادە دەبم لەسەر یەکەمین کورسیی دەستەڕاستی باوکم دانیشتم.

هەدیل ئاماژەی بۆ قۆڵم کرد: ئەوە ماسولکەیە؟

بە گاڵتەپێکردنەوە: نەخێر، میزەڵانە!

بە سەرسووڕمانەوە: بەجیددیمە، چۆن؟

- ڕواوە!

وتی، چۆن ڕوواوە؟

- حەبێکم خواردووە و هەموو سەرلەبەیانییەک ئاو دەخۆمەوە، گەورە دەبێت و گەورە دەبێت.

لینا وتی، پێدەچێت هێشتا بە کچی بچکۆلەمان دەزانیت و کڵاو دەکەیتە سەرمان.

زەردەخەنە گرتمی و لێیان ڕامام، بەڕاستی گەورە بوون، نازانم چۆن کتوپڕ گەیشتنە زانکۆ، ئازاربەخشە دەرفەتی بینینی گەورەبوونیانم لەدەست چووە. نەمدەزانی چی دەخوێنن، بۆیە لێم پرسین، ڕاستە کتوپڕ گەورە بوون و بوونەتە دوو پیرەژن، چی دەخوێنن؟

هەدیل وتی، بە مەزەندەی تۆ چی دەخوێنم؟

- چێشتلێنان؟

- چێشتلێنان!

- مەبەستم ئابووریی خێزانە.

بە نارەزاییدەربڕینەوە: بێگومان نا!

- چی دەخوێنیت؟

بە شانازی و جۆشوخرۆشەوە: فەرەنسی؟

پێکەنیم: بەڕاستی چاوەڕوانی ئەوە نەبووم، شێوەت ئەوەی لێ ناوەشێتەوە. ئەی تۆ لینا چی دەخوێنیت؟

بە دەربەستنەهاتنەوە وتی، یاسا.

- یاسا! یاسای پارێزەری!

سەری ڕازیبوونی ڕاوەشاند، ئاوڕم لە باوکم دایەوە: ئایا بەشی یاسایان بۆ کچان دامەزراندووە؟

لەسەرخۆ وتی، یاسا و ڕاگەیاندن.

بە هەردوو کچەکەم وت، بەڕاستی سەرسامتان کردم، ڕاشکاوانە بیڵێم چاوەڕوانی ئەوەم لێ نەدەکردن، چاوەڕوانی ئەوە بووم یەکێکتان خواردنگە بخوێنێت و ئەویترتان جلوبەرگدرووین.

دایکم کوپێک چای بۆ ڕاگرتم: وازیان لێ بهێنە و ناوی خوای لێ بهێنە.



Scanned with CamScanner

دەم بە زەردەخەنەوە دەستم بۆ درێژ کرد. ئەوەتا دایکم وەک منداڵێک ناوی خوام تەلقین دادەدات، ئەو منداڵەی دەشێت ناوی خوڵقێنەر لەبیر بکات. کاتی نانخواردن لە دایکم و باوکم و خوشکەکانم ورد دەبوومەوە، لە هێماکانی دەموچاویان، زمانی جەستەیان، وشەکانیان، دەنگیان (بەرز و نزمی و توونـدی) ورد دەبوومەوە.

کاتێک پیاو دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی دایک و باوکی، لە بەرچاویان و لای ئەوان دەبێتەوە منداڵەکەی جاران، تەنانەت ئەگەر چووبێتە تەمەنیشەوە. هەستم دەکرد لە بەردەمی ئەواندا بچووکم، وەک ئەوەی دەیان ساڵ گەڕابێتمەوە بۆ دواوە.

کاتێک لە نانخواردنی بەیانی بووینەوە، هەدیل و لینا ڕۆیشتن، لەگەڵ دایکم و باوکم بۆ ماوەی کاتژمێر و نیوێک لەسەر مێزی نانخواردنەکە ماینەوە.

کەوتنە باسکردنی ئەو شتانەی لە ماوەی دواساڵی دووربوونمدا ڕوویان دابوو... مردنی باپیرەم، ڕێوڕەسمی ماتەمینییەکە، ڕۆژگارە سەختەکانی دوای کۆچکردنی و لەناکاو مردنی. باوکم کەوتەوە بەکارهێنانی زمانە ڕەقەکەی، وەک ئەوەی شەوی ڕابردوو هیچ شتێکی لە ناخی ئەودا جێ نەهێشتبێت.

لە ڕاستیدا زۆر لەو ئەزموونی سوپڕایزە فێر بووم. فێری ئەوە بووم کە سوپڕایز هەستە ڕاستەقینەکانمان ئاشکرا دەکات. ئەمڕۆ دەزانم کە باوکم، سەرباری چەندین ساڵ ڕقەبەرایەتی و ساردی و توندوتیژی، هێشتا خۆشی دەوێم و بۆم بەپەرۆشە.



Scanned with CamScanner

لەوانەیە زۆر شادمان نەبم بە بەردەوامبوونی مامەڵەی ساردوسڕی باوکم، بەڵام فرمێسکەکانی ساتەوەختی چوونەژوورەوەم بە باشترین دڵنەواییکردنی دڵم دادەنێم، کە دڵنیام دەکاتەوە شتێک لە خۆشەویستی و تامەزرۆبوون و بیرکردن بەرامبەرم لە سنگیدایە.

پاش تەواوبوونی دایکم لە گێڕانەوەی هەواڵەکان، باوکم لێی پرسیم، کەی سەری ئەوان بدەین؟

- مەبەستت کێیە؟

- کەسوکاری بووکێ، پەشیمان بوویتەتەوە؟

- نەخێر، پەشیمان نەبوومەتەوە، لەبەر ئەوە هاتوومەتەوە.

دایکم بە گلەییەوە: ئەی کەسوکارەکەت؟ نەهاتوویتەتەوە بۆ بینینی کەسوکارەکەت؟

- بێگومان بۆ بینینی ئێوە و مەسەلەی هاوسەرگیرییەکەش هاتوومەتەوە. ئەرێ وەلید لەکوێیە؟

باوکم وتی، وەلیدەکە گەشتی کردووە بۆ هۆڵەندا، دوو ڕۆژە ڕۆیشتووە.

باوکم هەمیشە بە دەمارگیرییەکی توندەوە ناوی وەلید ڕاست دەکاتەوە. هەمیشە کاتێک دەپرسم، وەلید لەکوێیە؟ وەلید چۆنە، باوکم وەڵامم دەداتەوە: وەلیدەکە لە گەشتە، وەلیدەکە باشە، وەک ئەوەی (کە)ی ناساندن شتێک دەبەخشێتە وەلید، یان شتێکی تێدا دەگۆڕێت!

باوکم حەزی لە کورتەناو و نازناو نییە، لە ماڵەوە هەریەکەمان ئەوی دیکە بە ناوی خۆیەوە، وەک ئەوەی لە پاسپۆرت و کارتی باری شارستانیدایە، بانگ دەکات. تەنانەت من کە خاوەنی ناوێکی قورسی درێژم لە ماڵەوە بە ناوی



Scanned with CamScanner

تەواوەتیمەوە و بەبێ پیتێک زیاد و کەم: عەبدولعەزیز، بانگ دەکرێم!

جومانە، نازانم چی لە باوکم دەکەیت، کاتێک گوێی لێ دەبێت بە عەزیز، بە پیتە نازدار و نازهەڵگرتووەکانیەوە، بانگم دەکەیت. تۆ تەنیا ئەو کاتە تەواوی ناوەکەم دەکەوێتە سەر زارت کە تاوانێک دەرهەقت دەکەم، وەک ئەوەی بە وتنی تەواوی ناوەکەم سزام بدەیت.

کۆمێنتم لەسەر گەشتەکەی وەلید دا: ئیشەڵا بەسەلامەتی دەگات.

باوکم لە شوێنی خۆی هەستایە سەرپێ و وتی، ژمارەی دایکی کچەکە بدەرە دایکت تا ئەمڕۆ پەیوەندیی پێوە بکات.

من دەچم دەستنوێژ دەشۆم.

کاتێک دایکم لە ڕۆیشتنی باوکم دڵنیا بوو وتی، ئێستا پێم بڵێ، چۆن کچەکەت ناسی؟

وتم، جومانە، ناوی جومانەیە.

بە جۆرێک تووڕەییەوە بە دەست ئاماژەی کرد: ئەمە چ ناوێکە! جوان نییە. گرنگ ئەوەیە پێم بڵێیت چۆن ناسیت.

- لەوەوبەر پێم وتیت هاوەڵمە لە زانکۆ.

- پێت وایە دەتوانین بڕوام پێ بهێنی کە تەنیا هاوەڵە؟

دەمزانی گفتوگۆکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات و بێگومان دایکم ئەم جۆرە پرسیارانە دەکات، بەڵام چاوەڕوان نەبووم بەو دەستوبردە باسەکەم لەگەڵ بکاتەوە.

وتم، تا مەسەلەکەت بۆ پوخت بکەمەوە و کات و وزە بەفیڕۆ نەدەین، ئەو هاوەڵمە لە زانکۆ و دە ساڵ لە خۆم بچووکترە و چوار ساڵە خۆشم دەوێت.

دایکم هاواری کرد، کچێک دەهێنیت کە چوار ساڵە پەیوەندیت لەگەڵیدا هەیە؟

- پەیوەندییەکی خۆشەویستیی شەرەفمەندانە.

- ئەوە چ پەیوەندییەکی شەرەفمەندانەیە کچێک بۆ ماوەی چوار ساڵ بە پیاوێکی بێگانەوە دەبەستێتەوە؟

بە تووڕەبوونەوە وتم، ئەوەی گوێی لە ئاخاوتنەکەت بێت، وا دەزانێت لەگەڵیدا خەوتووم!

بەشپرزەیی وتی، بە ڕای تۆ کچ ئەو کاتە داوێنپیس دەبێت کە لەگەڵت دەخەوێت؟

- کچەکە باش دەناسم و ئاشنای ئەخلاقیم، دوێنێ نەمناسیوە، تا خێرا حوکمی بەسەردا بدەم.

- ڕوونە کە مێشکی شتویتەتەوە، هەڵی خەڵەتاندوویت!

- خوا چاکت بۆ بکات، نە گەمژەم و نە ساویلکە، پیاوێکم لە ناوەڕاستی سییەکاندا، شتێک نییە لە ژیاندا بەسەرم نەهاتبێت و ئاشنای نەبم. کچی داوێنپاک و کچی داوێنپیس دەناسمەوە و دەتوانم لێکیان جیا بکەمەوە، تۆش ئەوە باش دەزانیت.

- عەبدولعەزیز ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە داهاتوویان نییە و بەردەوام نابن، لێ مەگەڕێ هەستەکانت لەخشتەت بەرن. باوەڕم پێ بکە، هاوسەرگیری ئەنجامی پەیوەندیی شکستخواردووە و داهاتووی نییە.

- سوپاس دایکە بۆ ئامۆژگارییەکەت، ئەوەی لەسەرت بوو کردت، ئێستا ئیتر نۆبەی منە بەرپرسیارێتیی هەڵبژاردن و بڕیارەکەم بگرمە ئەستۆ.

- بۆچی سەرچڵی بە ئەزموونی هاوسەرگیرییەکەوە



Scanned with CamScanner

دەکەیت، کە ئەنجامەکەی لە سەددا سەد شکستخواردنە؟

- دایکە، واز لە ئاماری خودی بهێنە، تەنیا خوا بۆ خۆی دەزانێت چارەنووسی ئەم هاوسەرگیرییە و ئەوانی دیکە چییە، دەشێت لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتوو بم و دەشێت لە هەڵبژاردنەکەی ئێوەدا شکستخواردوو بم، ئەم مەسەلانە هیچ کەسێک جگە لە خوا نایزانێت.

- ئەی ئەگەر بە هاوسەرگیرییەکە ڕازی نەبم؟

- ئیشەڵا ڕازی دەبیت، چونکە باش دەزانیت کە تەنیا لەپێناو ئەوەدا هاتوومەتەوە. ئەگەر یارمەتیم نەدەیت ئەنجامی بدەم، ئەوا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووم و بە نزیکترین فڕۆکە، چونکە هیچ شتێکە لێرە نییە بۆی بمێنمەوە.

- لەبەر کچێک دەستبەرداری کەسوکارەکەت دەبیت عەبدولعەزیز؟

- ئەوە تۆیت کە لەبەر هەندێک پاشماوەی کۆمەڵایەتیی گەمژانە دەستبەرداری کوڕەکەت دەبیت. ئەگەر لە خەونەکەم بێبەشم بکەیت، چاوەڕوان مەبە بۆ بێبەشکردنەکەم دەستخۆشیت لێ بکەم. لانی کەمی مافەکانم ئەوەیە، لەوانە دوور بکەومەوە کە بە بێبەشکردن سزام دەدەن، لەبەر ئەوەی هاوبەشی ژیانم هەڵدەبژێرم و ئەوان هەڵی نابژێرن!

دایکم تۆزێک بێدەنگ بوو، ئینجا وتی، عەبدولعەزیز، زۆر لەم بڕیارەت پەشیمان دەبیتەوە، ئەم هاوسەرگیرییە داهاتووی نییە.

نامەیەکم بۆ مۆبایلەکەم هات، خوێندمەوە و بە دایکم وت: ئیشەڵا کەس پەشیمان نابێتەوە.

نامەکە لە تۆوە بوو، دەپرسیت بۆچی پەیوەندیکردنم پێتەوە

دوا کەوتووە و دەڵێیت نیگەرانیت بۆم. لە کاتی گەڕانەوەمەوە بۆ ڕیاز هیچ پەیوەندییەکم پێوە نەکردوویت، دواپەیوەندیی تەلەفۆنیم لە فڕۆکەخانە بوو، لە کاتی گەڕانەوەتدا.

داوای ژمارەی تەلەفۆنەکەتم لێ کردیت، لە کاتێکدا دایکم باسی ئەو هاوسەرگرییە شکستخواردووانەی بۆ دەکردم کە ئاگادارییانە و لەسەر بنەمای خۆشەویستی بوون. تەلەفۆنم بۆ کردیت، بە دەنگێکی دڵخۆشەوە وەڵامت دامەوە: خوا ئەم دەنگەمان بۆ بهێڵێت!

بەبێ سڵاوکردن لێم پرسیت، ڕیازم ڕۆشن کردووەتەوە؟

وتت، بەس ڕۆشن! داواکارییەکی کارەباییمان لە ڕووناکیی تۆوە بۆ هاتووە!

لە کاتی قسەکردنمدا دایکم بە چاوی واقوڕماوەوە سەیری دەکردم، ویستم بارگرانیی واقوڕمانەکەی سووک بکەم و تۆزێک نێوانتان نەرم بکەم، پێم وتیت، دایکم قسەت لەگەڵ دەکات.

تەلەفۆنەکەم بۆ دایکم ڕاگرت و پێم وت، دایکە، جومانە دەیەوێت سڵاوت لێ بکات.

دایکم پاڵی بە تەلەفۆنەکەوە نا و لە شوێنی خۆی هەڵسا: نامەوێت قسەی لەگەڵ بکەم.

تەلەفۆنەکە بە گوێمەوە نا، بێدەنگ بوویت. بەڵگەنەویست بوو کە گوێت لە قسەکانی دایکم بووە. پێم وتیت، جومانە، چاوەڕوانم بە، پاش چەند خولەکێک پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە.

بە دەنگێکی نزیک لە چرپە وتت، باشە، چاوەڕوانت دەبم.
ئاسەواری دڵشکاوی و سەرسووڕمان بە دەنگتەوە



Scanned with CamScanner

دیار بوو، دوای دایکم کەوتم کە بەسەر پیپلیکانەکاندا سەر دەکەوت، دەستم خستە سەر شانی: خوا ڕێی ڕاستت پیشان بدات دایە، بەو جۆرە لای کچەکە شەرمەزارم دەکەیت؟

دایکم قیژاندی، بەلاتەوە گرنگە کچەکە زوویر نەبێت، بەڵام گرنگ نییە دایکت زوویر بێت؟

سەری و هەردوو دەستیم ماچ کرد: زوویربوونت لە هەموو شتێکی تر بەلامەوە گرنگترە، تکایە لەو تاقە شتەم بێبەش مەکە کە لە ژیاندا دەمەوێت، تۆ و ژیان لە دژم ڕامەوەستن.

پێدەچوو دایکم ئارام بووبێتەوە، وتی، یان دەبێت تۆ لەگەڵ ئەو کچەدا بەتایبەتی هاوسەرگیری بکەیت، یان لەگەڵ ژیان دژی تۆ دەبم؟

- بە ژیانی خۆم شتێکم لێ داوا نەکردوویت، من وەک برا و خوشکەکانم نیم، لەگەڵ تۆ ناژیم و هیچت لێ داوا ناکەم. ئەو تاقە شتەم ڕەت مەکەرەوە کە داوام لێ کردوویت.

- داوای هەموو شتێک بکە، جگە لەم داواکارییە!

- منیش لە دنیادا هەر ئەم شتەم دەوێت. ئەگەر سبەینێ لە ئاوارەیی شتێکم بەسەر هات، پەشیمان دەبیتەوە لەوەی لێ گەڕایت لە ئاوارەیی بەتەنیا بژیم.

- بۆچی بەتەنیایی؟ ئەم دنیایە تەنیا ئەو کچەی تێدایە؟ هەزار کچ ئاواتت پێ دەخوازن.

- ئاخر دایکە من تەنیا ئەوم دەوێت، ئەگەر نەیهێنم، ئەوا کەسێکی تر ناهێنم.

- ئەوە قسەی هەرزەکارانە عەبدولعەزیز.

- ئەوە قسەی منە و نایگۆڕم دایکی عەبدولعەزیز، تۆ و

ویژدانی خۆت.

لێگەڕام دایکم بچێت بۆ ژوورەکەی نوێژ بکات، چوومە ژوورەکەی خۆم، لەسەر پێخەفەکەم ڕاکشام و کەوتمە بیرکردنەوە. چی دەبێت ئەگەر دایکم دەستخەڕۆی کردم و بە بێبەشکردنم لە تۆ ناپاکیی دەرهەق کردم.

بیر لەوە دەکەمە، ئەی ئەگەر لەپێناو تۆدا دایکم لەدەست دا، وەک چۆن لەوەوبەر لەبەر ڕیما باوکم لەدەست دا. بیرم کردەوە، ئەگەر دەرەقەتی لەدەستدانی دووەمین سێ یەکی خۆم هاتم، ئەوا دەتوانم وەک تاقە سێ یەکێک بەرەنگاری ژیان ببمەوە.

زۆر جار باوەڕم بەوە هەبووە، کە مرۆڤ بە سێ یەک لەسەر سێ لەدایک دەبێت، ئەو و دایکی و باوکی. کاتێک مرۆڤ دایکی یان باوکی لەدەست دەدات یەک لەسەر سێیەک دەدۆڕێنێت، کاتێک ئەوی دیکە لە دەست دەدات یەک لەسەر سێیەکێکی تر دەدۆڕێنێت، تا بە درێژاییی تەمەن وەک یەک لەسەر سێیەک هەتیو و بێ دایک و باوک ژیان بەسەر بەرێت.

ئەم تێڕوانینە بێبایەخەی پشت بە ژمارەکان دەبەستێت، تیۆریی پیاوێک نییە کە لە خوێندنی زانستی کارگێڕیدا مامەڵە لەگەڵ ژمارەکان دەکات، پەراوێزخستنی دایک و باوک و پۆلێنکردنیان نییە وەک وێنە، بەڵکو پرۆسەیەکی سادەیە، بەسادەیی بڕی زیانکردن ڕوون دەکاتەوە.

دەمەوێت پشتئەستوور بە دوو یەک لەسەر سێ درێژە بە ژیانم بدەم، توانای لەدەستدانی یەک لەسەر سێیەکی ترم نییە.



Scanned with CamScanner

جومانە، دایکم و تۆم دەوێت، بۆیە دڵڕەق مەبن بەرامبەرم!

***

پەیوەندیم بە عەبدوڵڵاوە کرد، تاقە هاوڕێی سەردەمی هەرزەکاری کە لە کاتی ڕۆیشتنمەوە تا ئەمڕۆ پەیوەنیم لەگەڵیدا بەردەوام بووە. هەموو ساڵێک یا دوو ساڵێک سەردانی دەکەم و لە پاشەکی ماڵەکەیدا ئەو ڕۆژانە بەسەر دەبەم کە ناچارم لە ڕیاز بمێنمەوە.

عەبدوڵڵا یەکێک لە ڕووەکانی ڕیازە کە ناگۆڕێت، هەر ساڵێک بگەڕێمەوە دەبینم بەو جۆرەیە کە جێم هێشتووە، هیچ شتێک تێیدا ناگۆڕێت و گەشە ناکات.

ڕۆژێک باسی جێگیریی عەبدوڵڵا و نەگۆڕانیم بۆ کردیت، تۆش وتت، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە هێشتا ژنی نەهێناوە.

لێم پرسیت، ژننەهێنان چ پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە؟

- هاوسەرگیری مرۆڤ دەگۆڕێت، نیشانەکردن و چوونە ناو خێزانێکەوە و باوکایەتی قۆناغەکانی هاوسەرگیرین کە پیاو دەگۆڕن، جا هەر جۆرە پیاوێک بێت. بە هەرحاڵ، من ئەو هاوڕێیەتم خۆش ناوێت.

- ئایا دەیناسیت، تا خۆشت بووێت، یان ڕقت لێی بێت؟

- بۆ وێناکردنی پێویستم بەوە نییە بیناسم، ئەوەندە بەسە نزیک تەمەنی چل ساڵی بووەتەوە و تا ئێستا هاوسەرگیریی نەکردووە.

- ئەگەر واش بێت؟

- بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ بەدئەخلاقیی ئەو.

- ئایا من بەدئەخلاقم!

- عەزیز! من باسی هاوڕێکەت دەکەم.

- لەو بڕوایەدایت لەبەر ئەوەی تا ئێستا هاوسەرگیریی نەکردووە بەدئەخلاقە، منیش لە تەمەنی ئەودام و تا ئێستا ژنم نەهێناوە، ئایا مانای ئەوەیە بەدئەخلاقم؟

تۆزێک بێدەنگ بوویت و بە دەنگێکی نزیک لە چرپە وتت، لەوانەیە!

دێتەوە بیرم بەبێ خواحافیزی تەلەفۆنەکەم داخستەوە، هەر کە وشە گومانکارەکەت دەر بڕی تەلەفۆنەکەم داخستەوە، خەریک بوو بە هۆی پەیوەندییەکانت و نامە لێبوردنخوازەکانتەوە تەلەفۆنەکە بتەقێنێتەوە، بەڵام داوای لێبوردنەکەتم قبوڵ نەکرد، تا نرخەکەیت بە چەندین ڕۆژی درێژخایان، لە پۆزشهێنانەوە و گەڕان و چاوەڕوانی، نەدا.

لە ڕاستیدا تۆ بە قسەکەت نیشانت پێکا، زۆر جار عەبدوڵلا گەنجێکی داوێنپیس بووە و شانازیی بە سەرشێتبوونی بە ژنان و داوێنپیسیی خۆیەوە کردووە، لە شارێکدا کە ڕێزی پاکترین و شەرەفمەندانەترین جۆری خۆشەویستی ناگیرێت، چ جای مێبازێکی شانازیکەر بە داوێنپیسیی خۆیەوە!

لەگەڵ ئەوەشدا حەزم نەکرد تیۆرییە تایبەتییەکەت دەربارەی تەمەن و ئەخلاق و هاوسەرگیری دووپات بکەمەوە، بۆیە لێت تووڕە بووم، یان تووڕەبوونم دروست کرد!

تۆ کچێکی لە گومانەکانت دڵنیا دەبێت، ئەگەر بە گاڵتەپێکردن، یان ڕازیبوون، یاخود دڵڕاگرتن ڕووبەڕووی بیمەوە! گومانەکانت ئارام نابێتەوە و دانامرکێتەوە، لەو کاتەدا نەبێت کە تووڕە دەبم و هەڵدەچم و لەسەر گومانکردنەکەت

بە ساردی و دوورکەوتنەوە سزات دەدەم.

زۆر سەرسام دەبم، کاتێک کچێکی زیرەکی وەک تۆ، هەندێک جار بەو ساویلکەییە سۆزدارییە بێت! سەرسام دەبم کاتێک بەردەوام دەبێت لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ توورەبوونی ئەوانی دیکە، وەک نیشانەیەکی حەقیقەت کە نە شتێک دەخوڵقێنێت و دروست دەکات، نە شتێک بەدرۆ دەخاتەوە!

دووەمین شەوی مانەوەم لە ڕیاز لە پاشەکی ماڵەکەی عەبدوڵڵا بەسەر برد، بە دیارنەمان سزای دایکم دا، ماڵەکەم جێ هێشت تا دوورکەوتنەوەم داخ بکاتە دڵیەوە. باش دەزانم هەندێک جار دوورکەوتنەوەی نزیک زۆر لە دوورکەوتنەوەی دوور بەسوێترە.

دەمزانی کاتێک لە ڕیاز دەبم، دایکم بەرگەی دووریم ناگرێت، کاتێکیش هەزاران کیلۆمەتر لەوەوە دوور دەبم، دەتوانێت لەگەڵ ئەو دووربوونەدا هەڵبکات، بەڵام کاتێک تەنیا چەند گەڕەکێک لێکمان جیا دەکاتەوە، بەرگەی دووربوونم ناگرێت.

کاتێک پەیوەندیی پێوە کردم و لێی پرسیم کەی دەگەڕێمەوە، پێم وت، چاوەڕوانم مەبن، لای هاوڕێکەم دەمێنمەوە.

- کام هاوڕێ و بۆچی لای ئەو دەمێنیتەوە؟
- هاوڕێیەکی ڕابردوومە.
- بۆچی لای ئێمە نامێنیتەوە؟

وتم، بۆچی لای ئەو نەمێنمەوە!

پەیامێکم دا بە دایکم، دڵنیام بەباشی پێشوازیی لە پەیامەکە

کرد. دەمزانی دایکم بەو ڕستەیەم تێدەگات کە ویستوومە چی بڵێم. دایکم تۆزێک بێدەنگ بوو، ئینجا وتی، پەند لە ئەهریمەنی بەردەبارانکراو وەر بگرە و بگەڕێرەوە بۆ ماڵەوە.

وتم، با تۆ پەندی لێ وەر بگریت ئازیز!

- خوا ڕێگەی ڕاستت پیشان بدات.

لێگەڕام ئەو شەوە دایکم لەگەڵ بیرکردنەوەکانیدا بکەوێتە ململانێوە و شەوەکەم لای عەبدوڵڵا بەسەر برد. بەیانی زوو بەسەر سێ زەنگی تەلەفۆندا بێدار بوومەوە، کاتێک وەڵامم دایەوە دایکم وتی، وەرە نانی بەیانیمان لەگەڵ بخۆ، باوکت هەواڵت دەپرسێت.

وتم، ئێستا ناتوانم بێم، شەو درەنگ خەوتووم، دواتر سەرتان لێ دەدەم.

بەڕەقی وتی، ئێستا وەرە، پێش ئەوەی باوکت توورە بێت، چاوەڕوانین لە ماوەی کاتژمێرێکدا بێیت.

عەبدوڵڵا لەسەر کار بوو، جلوبەرگی خۆم گۆڕی، لە کاتێکدا بەڕێوە بووم بۆ ماڵی کەسوکارەکەم نامەیەکم نارد بۆ عەبدوڵڵا و پێم ڕاگەیاند ماڵەکەم جێ هێشتووە. دایک و باوکم لەسەر مێزی نانخواردن بوون و دەستیان بە خواردنی نانی بەیانی کردبوو، سڵاوم لێ کردن و دانیشتم، بێ ئەوەی باوکم لێم بپرسێت لەکوێ بووم و لەکوێوە هاتووم، وەک ئەوەی گوێ بەوە نەدات.

ئاخاوتنەکانیان سروشتی و ڕۆتینی و ئاسایی بوون، دەربارەی سیاسەت و کەسوکار و دراوسێ و ژیان بوون. باوکم ڕۆیشت بۆ ڕاییکردنی کارێکی تایبەت بە دامودەزگایەکی حکومی، منیش ڕووبەڕوو لەگەڵ دایکم مامەوە!



Scanned with CamScanner

جارێکی تر دەربارەی ئەو شوێنە لێی پرسیم کە دوێنێ شەو لێی مابوومەوە، پێم وت لای عەبدوڵڵای هاوڕێی منداڵی بووم. دەربارەی بارودۆخی و کەسوکارەکەی پرسیاری لێ کردم و ئاخۆ ژنی هێناوە. بێگومان دەربارەی هۆکانی هاوسەرگیرینەکردنی پرسیاری لێ کردم!

مۆڵەتم لێ وەر گرت بۆ خۆشتن، ڕای گرتم و مۆبایلەکەی ڕادەست کردم: ژمارەی تەلەفۆنەکەی دایکی کچەکەم بۆ تۆمار بکە.

دەم بە زەردەخەنە پێم وت، کام کچە؟

بە تووڕەییەوە: چەند کچ دەناسیت؟

- مەبەستت جومانەیە، ناوی جومانەیە.

- ناوەکەی گرنگ نییە!

- بەڵکو گرنگە، تا بەهەڵە داخوازیی یەکێک لە خوشکەکانیم بۆ نەکەیت.

تەلەفۆنەکەم دایەوە دەستی و وتم، ژمارەکەیم بە ناوی دایکی خالیدەوە تۆمار کردووە. کەی پەیوەندیی پێوە دەکەیت؟

بەئارامڵێبڕانەوە وتی، دەتەوێت ئێستا پەیوەندی بکەم؟

بە گاڵتەوە وتم، ئەمڕۆ نەچۆتە قوتابخانە تا ئێستا پەیوەندی بکەیت؟ کەسێک هەیە سەرلەبەیانی خوازبێنی بکات؟

- باشە، تا شەو چاوەڕوان دەبین، مەترسە نافرێت، سوپاسی خوا دەکات کە دەیهێنیت.

سەریم ماچ کرد و پێم وت، سوپاسی خوا دەکات، کە تۆ خەسووی ئەویت.

- باشە بە دوو وشە لەخشتەم بەرە.

بەدەم پێکەنینەوە چوومە سەرەوە، پەنجەرەی ژوورەکەم کردەوە، خۆر بە گەرمییە گەزندەکەی هاتە ژوورەوە، ئەگەرچی ڕۆژێک حەزم لە گەرمای ڕیاز نەبووە، بەڵام ئەو ڕۆژە بەلامەوە لە نەرمونیانترین باریدا بوو، وەک ئەوەی سەرباری تەقلیدیبوون و گەرماکەی خۆشەویستییەکەمان پیرۆز بکات!

***

خەریک بوو دایکم پەیوەندی بە دایکتەوە بکات، لەوانەشە ئێستا پەیوەندیی پێوە کردبێت، بۆیە پاشنیوەڕۆ بێدارم کردیتەوە. شەوی پێشوو تا درەنگانێک پێکەوە بە تەلەفۆن قسەمان کردبوو و درەنگ خەوتبوویت.

پێم وتیت شەڕ دەستی پێ کرد، بە گاڵتەوە لێت پرسیم ئاخۆ دەتوانیت پاشەکشە بکەیت، پێم وتیت، تاقیی بکەرەوە و پاشەکشێ بکە! پێکەنیت و جێت هێشتم تا دوای هەواڵ و ڕووداوەکانی ناو ماڵی خۆتان بکەویت.

هەوڵم دا کات بەسەر بەرم، کەوتمە گەڕان بەناو کتێبخانە کۆنەکەمدا، کتێبەکانی زانکۆم بینی کە زیاتر لە دە ساڵە لە ڕەفەکاندان و چاوەڕوانن بگەڕێمەوە بۆ ڕزگارکردنی ئەو بارە نائاساییەی بەبێ هیچ تاوانێکی من تێی کەوتوون.

دایکم لە دەرگاکەی دا، هەڵسام و کردمەوە، دەموچاوی عهودی خوشکە گەورەم کەوتە بەرچاوم، کە باوەشی کردبووەوە بۆ باوەشپێداکردنم. عهود بە تامەزرۆبوونەوە

- تەواو خۆم دەدەم بەدەستەوە.

دەستی ڕاکێشام: وەرە با دانیشین و بۆم باس بکەیت کێیە و چۆن و کەی؟

بەکورتی باسی تۆم بۆ عهود کرد، بە شادمانییەکەوە باسم بۆ دەکرد کە چاوەڕوانم نەدەکرد و بە خەیاڵمدا نەدەهات. لە چاوەکانیدا بەختەوەری و هاوکاری و لایەنگیریم خوێندەوە، ئەوەش شادمان تر و بە جۆشوخرۆشتری کردم.

دایکم بە دەنگێکی بێزارکار وتی، چوار ساڵە دەیناسێت!

عهود وتی، چیی تێدایە ئەگەر بیناسێت دایکە؟ باشترە بیناسێت، نەک هەر نەیناسێت.

- ئەوە چ کچێکە چوار ساڵە قسە لەگەڵ یەکێکدا دەکات؟

- مادام چوار ساڵە دەیناسێت، دەزانێت ئەخلاق و پەروەردەکردنی چۆنە، ئەگەر نا، نەیدەوێرا داخوازیی بکات.

دایکم بەتووڕەیی وتی، بەرامبەر بەم هاوسەرگیرییە ئاسوودە نیم و حەزم لەم شێوازە نییە، ئامۆژگاریم کردووە و ئەوەی لەسەرمان بوو کردوومانە، لەسەر ویستی خۆی ئەمڕۆ داخوازیی کچەکەمان بۆ کرد.

لە کاتێکدا عهود دەستی کێشا بەسەر ئەژنۆمدا وتی، خێری پێوە بێت، ئەمڕۆ شادمان و دڵخۆش بە، ئەی خێرمان نەدەکرد بۆ خوا تا جێگیر بێت و ژن بهێنێت. پیاوان لای ئێمە ئاسان نین.

زەردەخەنەی پێزانین بۆ عهود کەوتە سەر لێوەکانم، بێ ئەوەی کۆمێنت لەسەر قسەکانی دایکم بدەم، دەمزانی هیچ شتێک باوەڕەکانی سەبارەت بە پەیوەندییەکەمان ناگۆڕێت، هەر پاساوێک یان هەوڵدانێکیش بۆ باوەڕپێهێنانی ئاکامەکەی

لەئامێزی گرتم، کاتی لەئامێزگرتنەکە هەستم بە دایکایەتیی بەرامبەرم کرد، ئەگەرچی تەنیا چەند ساڵێک تەمەن لێکی جیا دەکردینەوە. لە کاتێکدا بەتوندی باوەشی پێدا کرد بووم وتی، سڵاو لە ئازیزەکەم، سڵاو لە خۆشەویستەکەم، ڕیازت ڕووناک کردەوە ئازیزەکەم.

سەری و دەستەکانیم ماچ کرد، کەوتمە سەیرکردنی، زۆر سەرم لەوە سوورِ ما ئاسەوارەکانی ڕۆژگار زوو بە دەموچاویەوە دیار بوو، وەک ئەوەی دە ساڵ لە من گەورەتر بێت. پێم وت، ڕووناکییەکە هیی تۆیە عهود، چ سوپرایزێکی جوانە؟

- من دەبێت پێت بڵێم چ سوپرایزێکی جوانە؟ بۆچی لە گەڕانەوەت بۆ ڕیاز ئاگادارت نەکردینەوە، تا هەموومان لە دوێنێوە کۆبووینایتەوە و بە دیدارت شادبووینایە.

- جگە لە خێر هیچی تر ڕووی نەداوە، ئیشەڵا دواتر یەک دەبینین.

- نەوەڵا ئازیزەکەم، مەها و مەشاعل لەگەڵ منداڵەکانیان گەشتیان کردووە. تۆ دەزانیت کە هاوینان خەڵک گەشت دەکەن. بەخوا ئەگەر بزانن لێرەیت شێت دەبن.

دایکم، کە لە پشتیەوە ڕاوەستابوو، وتی، ئیشەڵا فریای شاییەکەی دەکەون.

عهود زەردەخەنە گرتی، چ هەواڵێکی خۆشە؟

بە گاڵتەوە پێم وت، وا دەزانن لەبەر ئێوە هاتوومەتەوە؟

دەم بە پێکەنینەوە وتی، خوا ئاگادارە چاوەڕوانی ئەوە بووم کە شتێکت بەدەستەوەیە. دواجار عەبدولعەزیز درێغیت نەکردووە!

شکستخواردنە. بۆیە بێدەنگیم هەڵبژارد، تا لەگەڵیدا نەکەومە مشتومڕێکەوە کە ئەویش و منیش بێزار بکات.

دایکم ئێمەی جێ هێشت و چوو بۆ ئەوەی هەدیل بێدار بکاتەوە. عهود بەچرپە پێی وتم، خوا ڕێگەی ڕاستت پیشان بدات، بۆچی پێت وتووە کچەکە دەناسیت؟

- دەتویست چییان پێ بڵێم؟

- بتوتایە ژنی هاوڕێکەت دەیناسێت و ستاییشی کردووە، هەزار شتی تر، وەک ئەوەی لەم دنیایەدا هەیە.

- بۆچی دەربارەی بابەتێکی بێمانا درۆ بکەم کە دواتر ئاشکرا دەبێت؟

- بۆچی ئاشکرا دەبێت؟ نیوەی دنیا بەم شێوازە هاوسەرگیرییان کردووە، کەسیش پێی نەزانیوە.

بە زەردەخەنەوە لێم پرسی، وەکو کێ؟

پێکەنی: وەکو من کە کەس پێی نازانێت.

- توو خوا! بە تەمەنم بە خەیاڵمدا نەهاتووە، خۆزگە ئەوساکە بمزانیبایە، تا باوکی محەمەدم سەربڕیبایە.

- باشە، لەسەر ڕێگەی خۆت باوکی سعودیش سەر ببڕە.

- کام باوکی سعود؟

- مێردەکەی مەشاعل!

- ئاخ!

- لە منی وەر بگرە عەبدولعەزیز، وریا بە کەس خەونەکەت لەناو نەبات، پێغەمبەر سڵاوی خوای لێ بێت فەرموویەتی، "نهێنییەکانتان بشارنەوە، هەموو ساماندارێک چاوچڵەیەکی هەیە."

- ڕاست دەکەیت.



Scanned with CamScanner

- بە هەرحاڵ، هیچ شتێک جگە لە باش ڕووی نەداوە، دایکیشم پاش چەند ڕۆژێک ڕازی دەبێت، زۆر خۆت نارەحەت مەکە.

- ئەگەر خوا بیکات.

فنجانی قاوەکەم هەڵگرت و قومێکم خواردەوە و بە گاڵتەوە بە عهودم وت، کەواتە دایکی محەمەد، باوکی محەمەد لە ڕێگەی هاوسەری دەستەخوشکەکەتەوە هاتووە؟

پێکەنی: بینیت بۆچی پێت دەڵێم وریا بە کەس خەونەکەت لەناو نەبات، تا هیچ کەسێک بە هۆی مەسەلەکەوە ڕسوات نەکات، وەک چۆن تۆ دەتەوێت بە هۆی مەسەلەیەکەوە ڕسوام بکەیت کە یانزە ساڵ بەسەریدا تێپەڕیوە.

دەم بە پێکەنینەوە پێم وت، گاڵتەت لەگەڵ دەکەم حەلالزادە.

- دەزانم ئازیزەکەم، دەزانم. دەزانیت عەبدولعەزیز پێغەمبەر سڵاوی خوای لێ بێت وتوویەتی، چارەنووسی هەموو خۆشەویستییەک هاوسەرگیرییە. واتە پێغەمبەر خۆشەویستەکان ڕادەسپێرێت شوو بە یەک بکەن، کەواتە بۆچی ئێمە حەرامی بکەین؟ ئەوەی کەسێکی خۆش بوێت، هاوسەرگیریی لەگەڵ دەکات، ئەگەر نا، ئەوە بێئابڕووییە.

لۆژیکی عهود خۆڕسک و پاک و ڕوون بوو، نەریتەکان پێیان لێ نەنابوو و دابەکانیش نەیانشێواندبوو. ئەگەرچی عهود ژنێکی دیندار و موحافەزەکار بوو، بەڵام لایەنگری خۆشەویستی بوو، داوای ئەوەی دەکرد بەو شێوەیە خۆڕسک بین کە خوا خوڵقاندوونی. پاش ئاخاوتنەکەم لەگەڵ عهود هەستم کرد لەو ژیانە ڕاوەستاو و هەڵواسراوەی ڕیاز چەندین شت و کەسانی زۆر پاک و سپی و جوان هەن.

هەستم کرد ئاخاوتنەکەی وەک ئاوێکی سازگار و بەتام و چارەسەرکار چووە ناو سکمەوە.

ئەوساکە ئاواتەخواز بووم لەگەڵ من و ئەو دانیشتبایت، ئەو کاتە زۆر حەزت لە ئاخاوتنەکەی و ئەو لۆژیکەی دەکرد کە زۆر لەگەڵ لۆژیکی تۆدا هاوتا و تەبایە، وای لێ دەکردیت خۆشت بووێت، وەک چۆن وای لەو دەکرد خۆشی بووێیت.

بیرم کردەوە بچمە لای دایکم، تا لێی بپرسم چی لەنێوان ئەو و دایکتدا گوزەراوە، هەروەها بیرم کردەوە چاوەڕوانی تەلەفۆنی تۆ بم و بزانم لای تۆوە چی ڕووی داوە. واقوڕماو بووم و نەمدەزانی چی بکەم. لە کۆتاییدا بڕیارم دا چاوەڕوان بم.

***

ماوەی بیست ڕۆژ تێپەڕیوە بەسەر پەیوەندیکردنی دایکم بە دایکتەوە، کەچی لەو کاتەوە هیچ شتێکی نوێ ڕووی نەداوە. کاتەکە بۆ من لەسەرخۆ و سارد و قورس بوو، چاوەڕوانی قورس و بە ڕادەیەک نیگەرانیبەخش بووم کە دەرەقەتی نەدەهاتم.

زیاتر لە جارێک دەربارەی دواکەوتنی وەڵامی دایکت لێم پرسیت، لە شڵەژان و منجەمنجکردنت ئەو هۆیانەم بەدی دەکرد کە دەتویست بیانشاریتەوە و بەربەرەکانێیان بکەیت. ڕوون بوو کە باوکت یان خێزانەکەت بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکەمان ڕەت دەکەنەوە، وەک چۆن دایکم هاوسەرگیرم لەگەڵ تۆ ڕەت دەکاتەوە، هەروەها وەک چۆن

بـە تێپەڕبوونـی کات پیرۆزکردنـی ئـەم هاوسـەرگیرییەم لـە لایـەن باوکمـەوە لەدەسـت دەدا.

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر باوکم دەربارەی هۆکانی تا ئێستا پەیوەندینەکردنی دایکت بە دایکمەوە پرسیاری لێ کردم.

وتـم، پـرۆژەی داخـوازی و هاوسـەرگیری چەندیـن مانگی پێدەچێـت، تـۆش بـاش ئـەوە دەزانیـت.

وتـی، ڕاسـتە، بـەڵام کچەکـە دەتناسـێت و بێگومـان بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان لای کەسـوکاری زەمینەسـازیی کـردووە. کەواتـە بۆچـی وەڵامدانەوەکەیـان دوا کەوتـووە؟

- هەموو دواکەوتنێک باشەیەکی بەدواوەیە.

باوکم تۆزێک بێدەنگ بـوو، ئینجا وتـی، ڕاستە. بە هەرحاڵ بـا بـاوەڕ بـە قسـەکەت بکـەم، هەسـت ناکـەم دڵخۆشـم بـەم هاوسـەرگیرییە.

- بۆچی؟ چی گۆڕاوە؟

- هیـچ نەگـۆڕاوە، پـاش پرسـیارکردنم دەربـارەی باوکـی کچەکـە، بـۆم دەر کەوتـووە کەسـێکی ناسـراو و خاوەنپێگـە و ڕێـزدارە، بۆیـە حـەز ناکـەم شـتێک لـە تـۆ بووەشـێتەوە، یـان لەنێـوان تـۆ و کچەکـەدا ڕوو بـدات کـە ببێتـە مایـەی لەڕوودامانمـان.

- کەواتە دەترسیت تووشی لەڕوودامانتان بکەم!

بەڕەقی وتی، بەڵێ لەوە دەترسـم. کچەکە کچێکی "سـەنگین" و نـەوەی خێزانێکی ڕێزدارە، نامەوێت لەگەڵ کەسوکارەکەیدا تووشـی لەڕوودامانمـان بکەیـت، ئێمـە خێزانێکی ناسـراوین و پێگـەی خۆمـان هەیـە، نامانەوێت هیچ جۆرە ئابڕووچوونێکمان بۆ بهێنیت.



Scanned with CamScanner

دەمزانی باوکم مەبەستی حیکایەتەکەی (ڕیما)یە کە پێدەچێت هەرگیز لەبیری ناکات، بۆیە بێدەنگ بووم و لەسەرخۆ وتم، دڵنیا بە جگە لە باشە هیچی تر دەربارەم نابیستێت.

بە دەنگێک، کە پەشیمانیی پێوە دیار بوو، وتی، پشت بە خوا.

باوکم کەوتە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە، منیش بێدەنگ وەک منداڵێک لە تەنیشتیەوە دانیشتبووم، هەستم دەکرد هەناسەدانم لەبەر شکۆی باوکم و ئامادەبوونی دەنگێکی دەر بەکرد. دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەی بەرز بووەوە، لە کاتێکدا لە سکرینی مۆبایلەکەی ورد دەبووەوە، گوێم لێ بوو منگەمنگی دەکرد و دەیوت، ئەوە کێیە!

لە کاتێکدا هێدفۆنەکەی کردە گوێچکەی وتی، سڵاو.

- سڵاو و بەزەییی خوات لێ بێت، خوا تەمەندرێژت بکات.

بینیم ئاوڕ لە من دەداتەوە، لە سەیرکردنەکانی تێگەیشتم کە باوکتە. باوکم بەردەوام بوو: سڵاو باوکی خالید، خوا تەمەندرێژت بکات، ئەمە کاتێکی پیرۆزە کە تێیدا گوێمان لە دەنگت دەبێت و دەتناسین.

گوێم لە باوکم بوو دڵنەواییی باوکتی دەکرد و ناوی ئەو کەسانەی خێزانەکەت و کەسوکارتی بۆ دەهێنا کە دەیانناسێت. ڕوون بوو کە باوکم چەند تاکێکی خێزانەکەت دەناسێت، باوکیشت چەند کەسێکی خێزانەکەمان دەناسێت.

ئینجا باوکم کەوتە ناوهێنانی مێردی خوشکەکانم و خاڵەکانم و باسی کارەکەی خۆی و وەلیدی بۆ کرد، تۆزێکیش دەربارەی من قسەی کرد!

لـه کۆتاییی پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکـەدا باوکـم بـە باوکتـی وت، خـوا بیـکات، خێری تێدا بێت، خـوا لەسـەر باشـە و دڵخۆشـی کۆمـان بکاتـەوە. خـوا بیـکات لـە کاتـی دیاریکراودا یـەک دەبینیـن.

پـاس تەواوبوونـی پەیوەندییەکـە باوکـم وتـی، ئـەوە باوکی جومانـە بـوو.

لێم پرسی، کاتی بۆ بینینمان دیاری کرد؟

– سبەینێ پاش نوێژی خەوتنان.

بەناچـاری زەردەخەنـە گرتمـی، جومانـە سـبەینێ لـە دەروازەی سـەرکی و بـە بەرچـاوی هەمووانـەوە دێمـە نـاو ماڵەکەتـەوە، کـێ ئەمـەی بـە خەیاڵـدا دەهـات!

باوکـم وتـی، سـبەینێ مـن و تـۆ سـەردانیان دەکەیـن بـۆ یەکترناسـین، ئیشـەڵا پـاش ڕازیبوونیـان لەگـەڵ مامەکانت سـەردانیان دەکەیـن.

– ئیشەڵا.

– بڕۆ سەر بتاشە و جلوبەرگی نوێ بکڕە.

وتم، بە خوشحاڵییەوە!

بـە ڕۆحێکـەوە سـواری ئوتومبیلەکـە بووم کـە لـە خۆشیدا هەڵدەپـەڕی، ئوتومبیلەکـەم خسـتە گـەڕ و پەیوەندیـم پێـوە کردیـت. هـەر کـە وەڵامـت دامـەوە وتـم، دواجـار!

ڕوون بـوو هیـچ شـتێک دەربـارەی تەلەفۆنەکـەی باوکت نازانیـت، لێـت پرسـیم، دواجـار چـی!

– ماوەیەکـی کـورت لەمەوبـەر باوکـت پەیوەندیی بـە باوکمـەوە کـرد!

قیژاندت، بەڕاستی!

- باوکت پاش سێ هەفتە چاوەڕوانی پێشوازیمان لێ دەکات! ئەگەر بچوومایەتە داخوازیی شازادە دایانە، پاش جیابوونەوەی لە چارڵز، سێ هەفتەی پێنەدەچوو بۆ وەڵامدانەوەم بە ڕازیبوونی.

- کەی پێشوازیتان لێ دەکات؟

- سبەینێ.

- پێم ڕادەبوێریت؟

- ئەگەر باوەڕم پێ ناکەیت، دەتوانیت لە باوکت بپرسیت!

- سەیرە! ئەو ڕازی نەبوو پێشوازیت لێ بکات.

- پێدەچێت دایکت دەسەڵاتی خۆی بەکار هێنابێت و دەستی خستبێتە کارەکەوە.

- داوام لێ کرد باوکم ڕازی بکات، بەڵام نازانم ئەوەی کردووە، یاخود نا.

- قەیناکە، باوکیشم خەریک بوو ترسی لێ دەنیشت جومانە، بۆیە پێویستە پەلە بکەین، پێش ئەوەی یەکێک کارەکەمان لێ تێک بدات.

- ئێستا بۆ کوێ دەچیت؟

- دەچم جلوبەرگێک دەکڕم شایستەی بۆنەکە بێت، دەڵێی چی، چەفتە و عەگال؟

پێکەنیت: دەتوانیت بە پێی پەتیش بێیت، گرنگ ئەوەیە بێیت!

نازانم بە گاڵتەوە ئەوەت وت، یان بەڕاستی گومانت هەبوو پاشەکشە بکەم. ئەو ڕۆژە وام دەزانی گاڵتە دەکەیت، بەڵام ئەمڕۆ پێم وایە بە شێوەیەک لە شێوەکان مەبەستت بوو.



Scanned with CamScanner

کاتێک گەیشتمە ناو بازاڕ تەلەفۆنەکەم داخستەوە، سەرمەستانە چوومە ناو بازاڕ، هەنگاوێک لە تۆوە دوورم جومانە، بەڵکو لە هەنگاوێک کەمتریش!

***

لە ڕۆژانی نائاساییدا بێدار دەبینەوە و باش دەزانین ئەو ڕۆژرانە بە وانی دیکە ناچن، ڕۆژانێکن دەشێت بۆ هەتاهەتایە ژیانمان بگۆڕن.

دوێنێ شەو لە ترسی ئەم ڕۆژە و پەرۆشم بۆی دەیان جار بێدار بوومەوە. ئەمڕۆ لە هیچ ڕۆژێکی ژیانم ناچێت جومانە، ئەمڕۆ ئەو کەسە دەبینم کە ئەگەر ئەو نەبووایە نەدەهاتیتە ژیانەوە.

زۆر جار وێنای ئەوەم کردووە یەکەمین دیدارم لەگەڵ باوکت چۆن دەبێت، چۆن بە دیداری ئەو کەسە شاد دەبم کە پێش ناوەکەی جینەکانیت هەڵگرتووە.

دەبێت ئەمڕۆ چی بە باوکت بڵێم جومان! سەرەتا سوپاسی بکەم کە تۆی هێناوەتە دنیاوە! یان سوپاسی بکەم ناوێکی ناسکی بۆ هەڵبژاردوویت کە نەرمونیانی و جوانی پوخت دەکاتەوە؟

یان لەبەر ئەوە سوپاسی بکەم کە لە یەکەمین باوکە سعودییەکانە ڕازی بووە، لە سەرەتای شۆڕشی ناردنەدەرەوە بۆ خوێندن لە هەزارەی سێیەمدا، کچەکەی بنێرێت بۆ خوێندن، یاخود سوپاسی بکەم، چونکە کەنەدای بۆ هەڵبژاردیت و بێمەبەست و پلان دەرفەتی یەکترناسینی



Scanned with CamScanner

بۆ ڕەخساندین؟

ئەگەر باوکت نەبووایە جومانە ڕۆژێک یەکتریمان نەدەبینی، ئەگەر ئەو نەبووایە خۆشم نەدەویستیت! بۆیە باوکتم زۆر خۆش دەوێت، زۆرم خۆش دەوێت و ئیرەییی پێ دەبەم، چونکە تاقە پیاوە لەسەر بەدەستهێنانی دڵت پێشبڕکێم لەگەڵ دەکات.

ئەو پشووەت دێتەوە یاد کە بەتەنیا و بێ من لە ڕیاز بەسەرت برد!

سوور بووم لەسەر داواکردنی وێنەکانت، دەمویست لەوێ زستانت لەگەڵ بەسەر بەرم، دەمویست ڕۆژەکان و گەشتەکان و گشت کاتەکانت لەگەڵ بەسەر بەرم، داوام لێ دەکردیت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە چەند وێنەیەکم بۆ بنێریت، ئەوەم بۆ پوخت بکەیتەوە کە دەیکەیت. بەردەوام "وێنەکانی خۆم، وێنەکانی خۆم" بۆ دەناردیت! تۆش هەرکاتێک لەسەر کۆمپیوتەرەکەت بوویت وێنەت بۆ دەناردم.

ڕۆژێکیان وێنەیەکی خۆت بۆ ناردم کە لەگەڵ خێزانەکەت لە کێڵگەکەتان گرتبووت. باوکت دانیشتووە و عەبایەکی زستانەی فراوانی پۆشیوە، تۆش لە باوەشیدا لەناو عەباکە دانیشتوویت و تەنیا سەرت دیارە کە بە سەری باوکتەوە نووساوە.

بە مۆبایلەکەم نامەیەکت بۆ ناردم، تێیدا نووسیبووت، وێنەیەکم بە پۆستەکەت بۆ ناردوویت.

بە جۆش و خرۆشەوە کۆمپیوتەرەکەم داگیرساند و لە کاتێکدا وێنەکەم داونلۆد دەکرد، بۆم نووسیت، چاوەڕوانی داونلۆدەکەیم!

کاتێک سەرم بەرز کردەوە وێنەی تۆ لە باوەشی باوکتدا کەوتە بەرچاوەکانم. لەڕادەبەدەر جوان بوویت، باوکت سەرباری پەنجا ساڵیی تەمەنی قۆز بوو، بە خۆشەویستی و شادمانی و دڵنیاییەکی ئاشکرا دەستت لە ملی کردبوو، ئەو گیانی بە گیانبوونەوەی لە وێنەکەدا پێکەوەی کۆ کردبوونەوە زۆر بێزاری کردم.

بەو پەڕی توڕەبوون یان "ئیرەییەوە" مۆنیتەری کۆمپیوتەرەکەم داخست! چەندین جار پەیوەندیم پێوە کردیت وەڵامت نەدامەوە، نامەیەکم بۆ ناردی "وەڵامم بدەرەوە!" وەڵامت دامەوە و بە دەنگێکی نزم وتت، دواتر پەیوەندیت پێوە دەکەم.

بەتووڕەیی وتم، ئێستا دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم.

لە کاتێکدا دەنگی زۆر لە دەورت بەرز دەبووەوە وتت، ئێستا سەرقاڵم.

قیژاندم، بەلامەوە گرنگ نییە کێ لە چواردەورتە، لێیان دوور بکەوەرەوە، یان لای ئەوانەوە قسەم لەگەڵ بکە، بەلامەوە گرنگ نییە.

بێدەنگ بووم، لە تەلەفۆنەکەدا گوێم لە دەنگی پێکانت بووم دوور دەکەوتیتەوە، دەنگەکانی دەوروبەریشت وردەوردە کەم دەبوونەوە. بە سەرسوورمانەوە وتت، ئەوا دوورکەوتمەوە، چی ڕووی داوە عەزیز، بۆچی دەقیژێنیت؟

– دەبێت بە درێژاییی ڕۆژەکە چاوەڕوان بم تا وەڵامی تەلەفۆنەکەم بدەیتەوە؟

– خۆشەویستەکەم، تۆ دەزانیت لە کۆبوونەوەیەکی خیزانیدام و خەڵکی زۆر لە چواردەورمن، هەروەها دەزانیت

کە ناتوانم لە بەرچاوی ئەوان وەڵامت بدەمەوە، کەواتە نووڕەبوونەکەت لە پای چی!

- من ئەو مێگەلەم بەلاوە گرنگ نییە کە لەناویاندا دانیشتوویت، هەرکاتێک پەیوەندیم پێوە کردیت، پێویستە وەڵامم بدەیتەوە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ باوکت، یان خوشک و براکانت بوویت.

- لە کەیەوە!

قیژاندم بەسەرتدا، لە ئێستاوە.

بە ترسەوە وتت، چیتە عەزیز؟ سەرلەنوێ جنۆکە دەستی لێ وەشاندوویت؟

- ئەگەر هۆزێکی تەواوی جنۆکەش دەستی لێ وەشاندبم پەیوەندیی بە تۆوە نییە.

قیژاندت، چیتە، بۆچی بێهۆ دەقیژێنیت؟

- چونکە ڕقم لە بێئابڕووییە.

- چ بێئابڕووییەک؟

- وێنەکەت لەگەڵ باوکتدا ئەو پەڕی بێئابڕووییە، بەڵکو لووتکەی ناوازەبوونە.

- چ بێئابڕوویی و ناوازەبوونێک! ئەو باوکمە، تۆ نەخۆشیت؟

- بەڵکو هەردووکتان نەخۆشن.

- ڕێگەت نادەم بەو شێوازە باسی من و باوکم بکەیت، ئەگەر پێوانەکانی باوکایەتی و کچێتی و خۆشەویستی لای ئێوە جیاوازن، ئەوە کێشەی تۆیە نەک من.

- دەمەقاڵێشم لەگەڵ دەکەیت؟! دەزانیت، لە ڕاستیدا نازانم بۆچی گفتوگۆ لەگەڵ کچێکی وەک تۆ دەکەم. تۆ لە هەموو



Scanned with CamScanner

شتێکدا ناوازەیت.

لە کاتێکدا قسەت دەکرد تەلەفۆنەکەم داخستەوە، ئامێری ڕاکردنەکەم داگیرساند و وەک پڵنگێکی تووڕە بەو پەڕی خێراییم دەستم کرد بە ڕاکردن. ڕام کرد و ڕام کرد و ڕام کرد، تا ماسولکەکانی قاچم خەریک بوو لەکار بکەون. گوێم لە ئاوازی زەنگی تەلەفۆنەکەم بوو کە تایبەتە بە تۆ. لە ئامێرەکە دابەزیم و وەڵامم نەدایەوە و چوومە گەرماو بۆ خۆشتن. لەژێر ئاوەکەدا دانیشتم و بیرم لەوە کردەوە کە وتم و ڕووی دا. لەو ساتەوەختەدا درکم بەوە کرد ئەوەم وتووە کە نەدەبووایە بیڵێم و لە کاردانەوەکەمدا زیادەڕەو بووم. بینینت لە باوەشی پیاوێکی تردا، تەنانەت ئەگەر باوکیشت بێت، بێزاری کردم. دەزانم هەستەکانم دروست نەبوون و ئەوەی وتم ئاسایی نەبوو، بەڵام کاتێک تووڕە دەبم دەسەڵاتم بەسەر هەستەکان و بیروڕاکان و زمانمدا نامێنێت، تۆش بەباشی ئەوە دەزانیت.

پاش دەرچوون لە گەرماو پەیوەندییەکی تەلەفۆنی و نامەیەکی تۆ هەبوو، تێیدا نووسیووتە، مەسەلەکە ئەوەی دەهێنا ئەو قسانە بکەیت؟

نەمزانی بە چی وەڵامت بدەمەوە، بەتایبەتی کاتێک هەڵەم دەرهەق بە باوکت کرد، کە بەلاتەوە پیرۆزە. زۆر دەستپێکم نووسی و کوژاندەوە، واقوڕماو بووم و نەمدەزانی چۆن پاساو بۆ قسەکانم بهێنمەوە. نەمتوانی ڕاستەوخۆ پۆزشت بۆ بهێنمەوە، چونکە بەسادەیی پۆزش ناهێنمەوە و شارەزای پۆزشهێنانەوە نیم.

پاش ماوەیەکی درێژ بیرکردنەوە نووسیم، دڵپیس بووم.



Scanned with CamScanner

وەڵامت دامەوە، بەڵام باوکمە!

نووسیم، بەڵام دڵپیس بووم.

نووسیت، خوا ڕێگەی ڕاستت پیشان بدات.

لە دوانامەتدا ڕوون بوو کە لێم خۆش بوویت، ئەگەرچی شتێک لە گلەییەت لا مابوو. دواتر ویستم هۆکانی تووڕەبوونەکەت بۆ لێک بدەمەوە و پێم وتیت کە دەسەڵاتم بەسەر خۆمدا نەمابوو و مەبەستم نەبوو لەوەی وتم، تۆش وەک هەمیشە تێگەیشتنت هەبوو و لێبوردە بوویت و بەخێرایی لێم خۆش بوویت.

ئەو ڕۆژە لەوە خۆش بوویت کە دەرهەق بە باوکت وتم، بەڵام لە خۆم خۆش نەبووم. شتێک دەربارەی باوکت سەرسامم دەکات، هەمیشە هەست دەکەم دەمەوێت ڕۆژێک وەک ئەو بم، باوکێک بم کە منداڵەکانی خۆش دەوێت، وەک چۆن باوکت خۆشی دەوێیت، منداڵەکانیشم خۆشیان بووێم، وەک چۆن تۆ خوشک و براکان و باوکت خۆش دەوێت.

ڕۆژی دیدارەکەم لەگەڵ باوکت زۆر خێرا بوو، لە چاوتروکانێکدا تێپەڕی. من و تۆ بە درێژاییی ڕۆژەکە بە نامە پەیوەندیمان پێکەوە هەبوو، لە هەموو ئەو شتانە ئاگادارم دەکردیتەوە کە دەمکردن، کاتێک جلوبەرگی خۆم دەگۆڕی کامێرای لاپتۆپەکەم بۆ کردیتەوە تا لە ڕۆژی داخوازیتدا "قۆزی"م ببینیت.

کاتێک هاتمە خوارەوە دایکم بە بۆنەی گەڕانەوەمەوە بوخوردی سووتاند، باوکم پێی وتم ماوەیەکی کورت لەمەوبەر پەیوەندیی بە باوکتەوە کردووە و ناوونیشانی ماڵەکەتانی وەر گرتووە، کە بەباشی شارەزای بووم.

باوکم دەستی کرد بە باسکردنی لیستی ئاخاوتن و حیکایەتە قەدەغەکان. ئەو دەترسا شتێک لە دەمم دەر بچێت کاریگەریی هەبێت لەسەر وێنەکەم لای کەسوکارەکەت. ئەو بەپەرۆش بوو بە دیمەنێکی شایستە بکەومە ڕوو. لە ڕاستیدا نازانم لەبەر من ئەوەی کرد، یان لەبەر تەواوی خێزانەکەم، چونکە لە وڵاتەکانماندا تاک هاوسەرگیری ناکات، بەڵکو خێزانەکان ئەوە دەکەن و وەچە دەخەنەوە.

کاتێک گەیشتینەماڵی ئێوە باوکم خەریک بوو لیستی قەدەغەکراوەکانی تەواو دەکرد. کاتێک پشتێنی دڵنیاییی دەکردەوە، بێ ئەوەی سەیرم بکات، وتی، ئەمە ماڵی ئەوانە؟

وتم، بەڵێ.

کاتێک دابەزی، وتی، خۆ من ناوونیشانی ماڵەکەیانم نەدابوویتێ!

تەواو ئەوەم لەبیر چووبوو کە ناوونیشانی ماڵەکەتان لە باوکم وەر بگرم، گوێم لە قسەکانی ئەو ڕاگرتبوو و هەستم بە خۆم نەکرد، تا ئوتومبیلەکەم لە بەردەم ماڵی ئێوە ڕاگرت. هەڵوێستەکەم لە بەردەمی باوکمدا زۆر هەراسانکار بوو، بەڵام خێراییی ڕووداوەکان و ترسم لە دیدارەکەی باوکت تۆزێک هەراسانبوونەوەکەی کەم کردمەوە. نامەیەکی خێرام بۆ نووسیت، "لە دامێنی تۆدام." ناردم و دوای باوکم کەوتم.

دەروازەی ماڵەکەتان کراوە بوو، باوکت و خالید و سعودی براتم بینی لە خەیوەتی بەرامبەر بە دەروازەکە دانیشتوون. کاتێک هاتینە ژوورەوە، باوکت و هەردوو براکەت هەستانە سەرپێ. باوکت نزیک بووەوە و بەخێرهاتنی کردین: بەخێرهاتن، خوا کارەکان ئاسان بکات، سڵاوی خواتان لێ

بێت، فەرمـوون.

باوکت سـڵاوی لـە مـن و باوکـم کرد، سـەریم مـاچ کـرد و چەمامەوە بۆ ماچکردنی دەستی، بێفیزانە دەستی ڕاکێشـایەوە. لە کاتێکدا باوکت دەستی دەدا بە شانی باوکمدا، بە میهرەبانی و گاڵتـەوە وتـی، یـا خـوا بەخێـر بێن، بەرەکەتتـان بـۆ هێنایـن، کامتان زاوان؟

هەموو پێکەنین، باوکم وتـی، بـا دایکـی عەبدولعەزیز گوێی لێ نەبێت و زوویر نەبێت لێمـان.

باوکـت بـە میهرەبانیـی خـۆی کۆتاییی بـە شـڵەژان و ڕەسمیبوونی دیدارەکـە هێنـا. ئـەو لـە یەکەمین ساتەوەختەوە ژیر بـوو و توانیـی بـە ژیـری و داناییـی خـۆی وا بـکات دیدارەکەمـان لـە سـەرەتاوە ئاسـوودەبەخش و خۆڕسک بێت.

لە سـەرەتای دیدارەکـەدا گفتوگۆیەکی درێژ لەنێوان باوکم و باوکتـدا دەربـارەی خزمەکانیـان ڕووی دا، ئـەوان ناسـیاوی هاوبەشـیان هەبـوو و هەواڵیـان دەگۆڕییـەوە و باسـی ژیـان و کۆمەڵگـە و هاوسـەرگیری و زۆر شـتی گشـتیی تریـان دەکـرد.

لـە باوکـت ڕامابـووم، کاتێـک بـە خۆڕسـکییەکی پێشـکەتوو و میهرەبانییەکـی زۆر و ڕووناکبیرییەکـی شـانازیپێکراوەوە قسـەی دەکـرد، دڵـی منیـش لەژێر کاریگەریی ئامادەییی ئـەودا ترپەترپی بوو. ئەوەتـا جومـان باوکت لـە بەردەممدایە، بە پێی خـۆم لەبـەر تـۆ هاتـووم بـۆ لای، بەڕاسـتی لـە دامێنـی تـۆدا بووم.

لـە بـرا گەنجەکانـت ڕامـام، کـە لەوەوبـەر بـە زۆر شـێواز دەمناسین، بێ ئـەوەی بمناسـن. ئای جومـان چەند بە براکانت ئاشنا بووم، دەزانـم حەزیـان لە چییە و ڕقیان لـە چی دەبێتەوە،



Scanned with CamScanner

دەزانم حەزت لە چیی ئەوانە و ڕقت لە چیی ئەوان دەبێتەوە، هەروەها جومانە زۆر زیاتر لەوان دەربارەت دەزانم.

پاش نیو کاتژمێر ئاوڕم لە باوکت دایەوە، دەستی خستە سەر ئەژنۆم و وتی، خوا تەمەندرێژت بکات عەبدولعەزیز، مژدەمان بدەرێ، خوێندنەکەت چۆنە؟

باوکت وەک هاوڕێیەک قسەی لەگەڵ دەکردم، دەم بە زەردەخەنەوە وتم، مژدەت دەدەمێ کە هەموو کاروبارەکان باشن.

باوکت دەستی کرد بە پرسیارکردن دەربارەی نیشتەجێبوونەکەم، لە کەیەوە لە کەنەدام، چی دەخوێنم، چەندم ماوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێرەکەم، لەکوێ دەژیم، لەگەڵ کێ و چۆن دەژیم؟ دەربارەی خولیاکان و خەونەکان و پلانەکان و وێناکردنی تایبەتیم بۆ پرۆژەی هاوسەرگیری پرسیاری لێ کردم! هەروەها سەبارەت بە چاوەڕوانیم لە ژن و ئەوەی دەتوانم بۆی دەستەبەر بکەم.

زۆر بەوردی گوێی بۆ شل کردبووم، بە تێگەیشتنەوە سەری دەلەقاند، هەندێک جاریش بە سەرسووڕمانەوە برۆکانی بەرز دەکردەوە. باوکت خاوەنی کولتووری گوێگرتن و زمانێکی جەستەی وەها بوو لە پیاوێکی هاوتەمەنی ئەو و لە کۆمەڵگەیەکدا چاوەڕوانکراو نەبوو، کە باوەڕی بە کولتووری لەو جۆرە نییە.

باوکت پێی ڕاگەیاندم، کە خالیدی برات خەریکی تەواوکردنی کاروبارەکانی خوێندنی ماجستێرە لە بەریتانیا. دەربارەی چەند شتێک ئاخاوتنمان کرد، لەوانە: پرۆژەی ناردنەدەرەوە بۆ خوێندن، ئەو بەرنامەیەی بەشداریی تێدا دەکات، ڕشتە

دیاریکراوەکان، ئەو وڵاتانەی خوێندکاریان بۆ دەنێردرێت و باشترینی ئەو بژاردانەی لە بەردەمی خوێندکاردان، کاتێک بیر دەکاتەوە لە دەرەوەی وڵات بخوێنێت.

باوکت هەوڵی دەدا لە گفتوگۆکاندا بەشداری بە من و براکانت بکات، بۆیە تەوەرەی گفتوگۆکەی ئاراستەی خالید کرد. بە هەموو هەست و هۆشمەوە گوێم لە براکەت دەگرت، کاتێک قسەی دەکرد تێگەیشتم بۆچی هەمیشە لەگەڵیدا ناکۆکیت.

تۆ نازانیت خالید چەند لە تۆ دەچوو، ئەو لە زۆر شتدا لە تۆ دەچوو. وەک تۆ هێمن و هاوسەنگ و شەرمن بوو، خاوەنی تێڕوانینێکی جیددی بوو دەربارەی زانست و داهاتوو و ژیان. لە کاتێکدا سعود میهرەبان و سادە و ڕۆحسووک بوو، هەستم کرد ئەو برا بچووکەمە کە لە کاتی لەدایکبوونەوە دەیناسم.

لە گفتوگۆکەدا شتێک نەبوو تایبەت بێت بە تۆ، باوکت زۆر بابەتی خستە ڕوو بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام لە هیچیاندا شتی تایبەت بە تۆ نەبوو. دەمزانی دەیویست بیروڕا دەربارەی هەندێک مەسەلەی تایبەت بە ژیان لە منەوە ببیستێت. بۆیە ڕای خۆم لەسەر هەموو ئەو بابەتانە دەر بڕی کە باسکران. لە کۆتاییی دیدارەکەدا باوکم داوای مۆڵەتی کرد بۆ ئەوەی دایکم و خوشکەکانم سەردانیتان بکەن، باوکت پێشوازیی لەوە کرد لە ماوەی هەفتەیەکدا سەردانییەکە بکرێت و ڕێکخستنی ئەوەشی بۆ "ژنان" جێ هێشت!

لە کاتی دەرچووندا تۆقەی ماڵئاواییم لەگەڵ براکانت کرد، کاتێکیش ویستم ماڵئاوایی لە باوکت بکەم، بە دەستی چەپی

قۆڵی گرتم و بەتووندی دەستی گوشیم، ئینجا وتی، خوا بیکات بەم زوانە دەتبینینەوە عەبدولعەزیز.

وتم، چاوەڕوانی پەیوەندییەکەتم مامە، خوا بیکات بە زووترین کاتی گونجاو بە دیدارت شاد دەبم.

زەردەخەیەک گرتی کە بەلامەوە واتادار بوو: خوا بیکات، بەم زووانە پەیوەندیت پێوە دەکەم.

هەر کە سواری ئۆتومبیلەکەم بووم نامەیەکم بۆ ناردیت: خوا باوکت بپارێزێت و کچەکەشیم بۆ بپارێزێت. بۆ ئاگاداریتماڵەکەتانم جێ هێشت، باوکم لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ ماڵەوە زۆر ئاسوودە بوو، بەپێچەوانەی کاتی هاتنمانەوە. ئەو زۆر سەرسام بوو بە باوکت و براکانت و هۆشداریی دامێ سەبارەت بە هەر ڕەفتارێک کە ببێتە مایەی لەڕوودامانی لە بەردەمیاندا.

دیدارەکەمان لەگەڵ باوکت زۆر خێرا تەواو بوو، بەڵکو تەواوی ڕۆژەکە وەک خەوێکی خێرا تێپەڕی. کاتێک گەڕاینەوە بینیم عهودی خوشکم و مێردەکەی و منداڵەکانیان چاوەڕوانم دەکەن. دایکم عهودی لەوە ئاگادار کردبووەوە کە دیدارمان لەگەڵ باوکت هەیە، بە گەشبینییەوە هاتبوو و تامەزرۆی هەواڵێک بوو کە دڵی خۆش بکات.

باوکم دەستی کرد بە گێڕانەوەی ئەوەی لە دیدارەکەدا ڕووی دابوو، لە کاتێکدا من هەوڵم دەدا ڕایەڵەکانی خۆشەویستی لەنێوان خۆم و کوڕەکانیدا بەهێز بکەم. باوکم داوای مۆڵەتی لە مێردەکەی عهود کرد، بۆ ئەوەی کارێکی سادە لە دەرەوەی ماڵەوە ئەنجام بدات، منیش بوومە دیلی لێپرسینەوەکانیان. یوسفی مێردی عهود بە گاڵتەوە پێی

وتم، هەڵەشە بوویت عەبدولعەزیز، دواجار ژێریت ناپاکیی دەرهەق کردیت.

وتم، چۆن؟

- ئامۆژگارییەک لە برایەکەوە بۆ براکەی، خۆت ڕزگار بکە و ژن مەهێنە، لە ژیانتدا بەردەوام بە لەسەر ئازادی.

- پێدەچێت عهود هاوسەرگیریی لە بەرچاو ڕەش کردبێت.

- حەز دەکەیت ببینی دوای هاوسەرگیری چۆن پیری هەڵمەتی بۆ هێناوم؟

عهود بێباکانە وتی، عەبدولعەزیز گوێی لێ مەگرە، ئەوە قسەی بێمانای باوی پیاوانە، لەو بڕوایەدان کاتێک ئەو قسانە دەکەن پیاوەتییان زیاتر دەبێت. گرنگ ئەوەیە پێم بڵێیت، ئێستا هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت؟

زەردەخەنە گرتمی: سوپاس بۆ خوا.

- کەی سەردانی بووکێ دەکەین؟

- ئەوە لەگەڵ دایکم ڕێک بخەن.

بە جۆشوخرۆشەوە وتی، زۆر تامەزرۆی بینینی ئەوەم کە دڵی بردوویت، ئەوە چ کچێکە دەرەقەتت هاتووە؟

بە گاڵتەوە وتم، ئاواتەخوازم بەدڵت بێت و خۆشت بووێت، چونکە ئەگەر بەدڵت نەبێت، هاوسەرگیریی لەگەڵ ناکەم.

یوسف وتی، خوا بیکات، هاوسەرگیری دەکەیت و بە منداڵەکانت دڵخۆش دەبین. هاوبەشیکردنی کەسێک لە ژیاندا جوانترین شتی ژیانە.

عهود کێشای بە دەستیدا: دواجار دانی پێدا نا!

کاتێک پەیوەندیت پێوە کردم، یوسف گاڵتەی لەگەڵ عهود دەکرد و هەندێک لەو ڕووداوە سەیرانەی وەبیر دەهێنایەوە

کە لە مانگی هەنگویندا بەسەریان هاتبوو. مۆڵەتم لێ وەر گرتن و چوومە سەرەوە بۆ ژوورەکەم. کاتێک وەڵامم دایتەوە، دەستوبرد پرسیت، باسی وردترین وردەکارییەکانم بۆ بکە!

ئاگادارم کردیتەوە، کە لەبیرم چووبوو ناوونیشانی ماڵەکەتان لە باوکم وەر بگرم و هەستم بە خۆم نەکرد تا لە بەردەمی ماڵەکەتان ڕاوەستام. بۆم باسکردیت باوکم چەند ئاسوودە بوو لەگەڵ باوک و براکانت و چەند هان درا بۆ هاوسەرگیرییەکەمان. بەکورتی باسی ئەو قسانەم بۆ کردیت کە لە دیدارەکەدا کران و داوام لێ کردیت خۆت ئامادە بکەیت بۆ دیداری دایک و خوشکەکانم لە هەفتەی داهاتوودا.

زۆر بەجۆشوخرۆش بوویت بۆ بینینی دایکم، کاتێک ڕۆژی دیدارەکە هات، ترسی هەموو دنیات لێ نیشت، منیش چاوەڕوانیی دنیا ڕووی تێ کردم.

دایکم و عهود و هەدیل و لینام گەیاندە ماڵەکەتان، ڕێگەکە پڕ بوو لە پرسیارەکانی لینا و هەدیل: لەکوێوە دەیناسیت، چۆن، ناوی چییە، شێوەی چۆنە؟

لینا لێی پرسیم، جوانە؟

– تۆزێکی تر دەیبینیت.

– ئەمە مانای ئەوەیە کە جوانە؟

– پێم وتیت، تۆزێکی تر دەیبینیت.

– ئەی بۆ تۆ ئێستا پێم ناڵێیت؟

– بۆچی پێنج خولەک چاوەڕوان نابیت و بە چاوی خۆت بیبینیت؟

– دەمەوێت ڕای تۆ بزانم!

Scanned with CamScanner

- خوایە یارمەتیم بدە! سوپاس بۆ خوا کە لەگەڵتان ناژیم، بەڵێ جوانە.

هەدیل پرسی، وەک کێ جوانە عەبدولعەزیز؟

بەنائارامی وتم، جوانە وەک خۆی.

وتی، لێم نەگەیشتیت! مەبەستم ئەوەیە وەک کێ جوانە، وەک بینوبلی کروز، چارلز سیرۆن، جۆلیا ڕۆبێرتس... وەک کێ؟

ئاوڕم لە دایکم دایەوە، کە لەسەر کوشنەکەی تەنیشتم دانیشتبوو: توو خوا چۆن لەگەڵ ئەمانە دەژیت؟

عهود بە گاڵتەپێکردنەوە وتی، ئەو بەستەزمانە چی بکات، ناچارە!

دایکم بە دەنگێکی فرماندەرکەرانە وتی، تۆ و ئەو بێدەنگ بن، نامەوێت لە ماڵی خەڵک هەناسەتان لێوە بێت.

لینا وتی، دەتانەوێت بمرین؟

هەدیل هاواری کرد، ئەگەر بە منداڵمان دەزانن، بۆچی لەگەڵ خۆتان دەمانبەن؟

گەیشتینە ماڵەکەتان، بە دایکم وت سەردانی هاوڕێیەک دەکەم کە لە نزیک ماڵی ئێوە دەژی، داوام لێ کرد کاتێک تەواو بوون نامەیەکم بۆ بنێرێت، تا بێمەوە بەشوێنیاندا.

هەدیل دواکەس بوو لە ئۆتومبیلەکە دابەزی، کاتی دابەزین پێی وتم، هەستت چۆنە عەبدولعەزیز؟

وتم، هەستی شکستخواردوو، بەخوا لە ڕوودا داماوم ئێوە خوشکی منن.

دەم بە پێکەنینەوە وتی، نزیک تەلەفۆنەکەت بە، بە نامە یەک بە یەکی پێشهاتەکانت بۆ دەنێرم.

کاتێک لە بەردەمی ماڵەکەتاندا ڕاوەستا بووم نامەیەکم بۆ ناردیت: چەند دیوارێک لێکمان جیا دەکاتەوە، ئێستا ڕووناکیی ژوورەکەت دەبینم. دایکم چاوەڕوانتە، بڕۆرە خوارەوە بۆ لای...

وەک چاوەڕوان بووم، وەڵامت نەدامەوە. چووم بۆ قاوەخانەیەکی نزیک ماڵەکەتان و بەتەنیا دانیشتم و چاوەڕوان بووم. نازانم بۆچی حەزم کرد تەنیا دابنیشم، لەوانەیە حەزم نەکردبێت کەس لە چاوەڕوانیدا هاوبەشم بێت، دەمویست بەتەنیا، بێ ئەوەی کەسێک بارگرانیی چاوەڕوانیم لێ کەم بکاتەوە، ئەو ساتەوەختانە بەسەر بەرم.

هەدیل نامەیەکی بۆ ناردم: جوانە، بەڵام شەرمنە!

جوانە! تۆ تەنیا جوان نیت، تۆ هاوکات شیرین و سوێریت، هەموو تامەکانت تێدا کۆ بووەتەوە، گشت ڕوخسار و ڕەنگ و وەرزەکانت تێدایە.

تۆ هاوینە و زستانەیت، بەهارە و پاییزەیت، گشت ڕەنگەکان و پێگەیشتنی بەهار، هێمنی و بێدەنگیی پاییز، دڵخۆشیی هاوین و گڤەبای زستانت تێدایە. لە هەر ڕەنگێک شەبەنگێکت تێدایە، لە هەر وەرزێک ڕوویەک، لە هەر شارێک ڕوخسارێک، کەچی هەدیل بە "جوانە!" وەسفت دەکات.

دایکم وەک خووی هەمیشەیی نامەیەکی کورتی نارد: وەرە!

قاوەکەم، کە لێم نەخواردبووەوە، جێ هێشت و ڕووم کردە ماڵی ئێوە. پەیوەندیم بە دایکمەوە کرد، تا پێی بڵێم نزیکەی پانزە خولەکە لە بەردەمی ماڵەکەتان چاوەڕوانم... لە شوفێرەکەت ڕامام کە بە ئیرەیییەکی زۆرەوە لەسەر کورسیی

بەردەمی دەرگاکە دانیشتبوو، هەتاوەکو نەهاتمە ڕیاز و پێکەوەبوونمان ئەستەم و دژ بە یاسا نەبوو، نەمزانی تا چ ئەندازەیەک بەختەوەرم بە هاوبەشیکردنت لەناو ئوتومبیلدا.

دایکم و خوشکەکانم بەدەم سواربوونی ئوتومبیلەکەوە گفتوگۆیان دەکرد، ئەگەرچی دووریی ئوتومبیلەکە لە دەرگاکەوە پێنج مەتری تێنەدەپەڕاند! بە گاڵتەوە بە دایکم وت، وس، وس! وس س!

عهود وتی، ماشەڵا چەند بووکێکی جوانە عەبدولعەزیز!

لینا وتی، جوانە، بەڵام کورتەباڵایە.

عهود وتی، براکەت باڵابەرزە، واتە هەر کچێک لە چاویدا کورتەباڵایە.

دەستی دایکم گرت و وتم، ئەی تۆ ئازیزەکەم، ڕای تۆ چییە؟

لەسەرخۆ وتی، جوان و سەنگینە! ماشەڵا خوشکەکانیشی چەند سەلارن.

- واتە بەدڵتە؟

- گرنگترین شت ئەوەیە بەدڵی تۆ بێت!

عهود بە گاڵتەوە وتی، بەدڵیەتی ئازیزەکەم، بەس دانی پێدا نانێت ئیرەییت پێ دەبات.

لە دایکم پرسی، ئاخ دایکی عەبدولعەزیز، بەدڵت نەبوو!

- بەخوا بەدڵمە، جوانە، سەنگینە، شەرمنە و خانەدانە، خوا بەباشی بۆتانی ڕێک بخات.

لە قووڵاییی ناخمدا ئاهێکم پێدا هات، چونکە ڕازیبوونی دایکم ئەو کاتە هەموو شتێک بوو بۆم! گوێم لێ بوو خوشکەکانم لە پشتەوە گفتوگۆ دەکەن، پرسیاریان ئاراستە

دەکردم، گاڵتەیان پێ دەکردم، بێ ئەوەی بە کردەوە ئەوە لێک جیا بکەمەوە کە دەیانوت. بە ڕادەیەک ئاسوودە و شادمان و دڵنیا بووم کە هەستم بەوە کرد ڕۆحم هەناسەی دڵنیایی دەدات.

کەسوکارەکەم گەیاندە ماڵەوە، بە دایکم وت شەوەکەم لای هاوڕێیەک بەسەر دەبەم، بە درێژاییی شەو بە تەلەفۆن لەگەڵ تۆ بووم، وەک سوڵکەرێکی بێ ماڵ و پەناگە بە ڕێگەکانی ڕیازدا دەسووڕامەوە.

پێم وتیت دایکم لەبەر سەنگینبوونت تۆی بەدڵ بووە! چۆن توانیی لە ماوەی کاتژمێر و نیوێکدا حوکمی سەنگینبوون بدات بەسەرتدا!

وتت، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە بە درێژاییی کاتەکە تاقە پیتێکم لێ نەهاتە دەرەوە!

زۆر پێکەنیم، چونکە لەوە زیاتر چاوەڕوانی هیچی ترم نەدەکرد، تۆ بەو جۆرەیت، پێم وایە بەو جۆرەش دەمێنیتەوە. باوەڕم بەوەیە کە شەرمکردنەکەت خۆڕسکە نەک دەستکرد، تۆ لە شەرمی ڕووت و پاک خوڵقاویت، ئەگەرچی متمانە و باوەڕت بە خۆت هەیە، بەڵام شەرم خەسڵەت و سیفەت و سیمای تۆیە و ناگۆڕێت.

پاش داخوازیکردنت بە شێوەیەکی "ڕەسمی" تەنیا ئەوە مابوو بە شێوەیەکی "ڕەسمی" بتبینم! پێم وتیت کە دایکم پەیوەندیی بە دایکتەوە دەکات، تا کاتێک دابنێت بێمە سەردانیتان و بتبینم. لێت پرسیم بۆچی دەمەوێت بتبینم، لە کاتێکدا لە ماوەی چوار ساڵدا هەزاران جار تۆم بینیوە؟ بە گاڵتەوە پێم وتیت، دەمەوێت شەرعییانە بتبینم و بزانم

خەوشییەکت تێدا نییە، پێش ئەوەی لە هاوسەرگیرییەوە بگلێین، پێویستە بە شێوەیەکی شەرعی یەکتری ببینین.

زۆر سەرسام بوویت بە سووربوونم لەسەر یەکتربینین بەو شێوازە، نازانم بۆچی پێم نەوتیت، پاش چەند هەفتەیەک دابڕان تامەزرۆی بینینت بووم، پێم نەوتیت بیری گەرمیی ڕوخسارت دەکەم، زەردەخەنە شەرمنانەکەت، بینینت لە کاتی هەناسەداندا! دەمویست لە ماڵی خۆتان و بە ئامادەبوونی باوکت بتبینم، بتبینم بە بەرچاومەوە دێیتە ژوورەوە، لە کاتێکدا باوکت لە تەنیشتمەوەیە و ئامادەبوونت و کۆششکردنم بۆ بەدەستهێنانت پیرۆز دەکات، ئەم چێژەم بەفیڕۆ نەدا جومان، هەرگیز خۆم لەو ساتەوەختە بێبەش نەکرد.

ڕۆژی دواتر دایکم پەیوەندیی بە دایکتەوە کرد، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن بێم بۆ بینینت. پەیوەندیم بە باوکتەوە کرد و مۆڵەتم لێ وەر گرت بۆ هاتنم، ئەویش داوای لێ کردم زوو بێم، تا زیاتر ئاشنای یەکتر بین.

لەسەر داواکارییەکەی ئەو زوو هاتم، لە کاتی پێشوازیکردندا تەنیا خۆی لەوێ بوو، لە ژووری میوانەکە لەگەڵم دانیشت و کەوتە باسکردنت. ئەو وتی پیاو کاتێک هەست دەکات بەڕاستی بووەتە باوک کە کچێکی دەبێت. وتی، زۆر شادمان بووم کاتێک خوا خالید و دواتر سعودی پێ بەخشیم، بەڵام شادمانیم بە جومانە لە دنیادا هاوتای نەبوو، هەمیشە جومانە دڵخۆشییە گەورەکە بووە عەبدولعەزیز، بۆیە بە درێژاییی ژیان دەیسپێرم بە تۆ، لە ڕۆژی هاوسەرگیریدا کچەکەمت ڕادەست ناکەم عەبدولعەزیز، لەو ڕۆژەدا ئەمانەتێکت ڕادەست دەکەم و خوا و بەندەکانی

دەکەمە شایەتی ڕادەستکردنی، دواڕۆژ داوای ئەمانەتەکەت لێ دەکەمەوە، ئەگەر ڕۆژێک خراپ بوویت لەگەڵیدا یان زوڵمت لێ کرد، ئەوا حسابەکەی تەنیا قورس نابێت، بەڵکو خوا دادوەری نێوانمان دەبێت، هیچ کەسێکیش لە ڕووی دادوەری و ناوبژیوانییەوە لە خوا باشتر نییە.

بە هەموو هەست و هۆشەوە گوێم لە باوکت دەگرت، لە ناخمدا گوێم لە دانگدانەوەی وشەکانی بوو. بەردەوام بوو: ئەگەر ناتوانیت ئەو ئەمانەتە لەئەستۆ بگریت و بیپارێزیت، ئەوا لەئەستۆی مەگرە عەبدولعەزیز.

وتم، لەئەستۆی دەگرم مامە، بەڵێنت دەدەمێ و خوا دەکەمە شایەتی بەڵێنەکەم.

وتی، خوا باشترین شایەتە.

گوێم لە دەنگی پێیەکانت بوو نزیک دەبووەوە، هیچ کەسێک هێندەی من دەنگی پاژنەی پێیەکانت ناناسێتەوە! هیچ کەسێک بە ئەندازەی من نازانێت ئەوە تۆیت نزیک دەبیتەوە، هەر من لەناو هەزاران کەسدا دەنگی نزیکبوونەوەت دەناسمەوە. ئەوەتا گوێم لێیە نزیک دەبیتەوە، هەنگاو بە هەنگاو، لەرینەوە بە لەرینەوە پێ بە دڵمدا دەنێیت، ئەویش لە ئازاری خۆشەویستی و چاوەڕوانی و خۆشیدا گرژ دەبێت.

باوکت قسەی بۆ دەکردم، منیش ڕاستەخۆ سەیرم دەکرد، لە کاتێکدا گوێم لە دەنگی پێیەکانت دەگرت. گوێم لە دەنگت بوو وتت، ئێوارەتان باش!

ئاورم لێ دایتەوە، چاوەکانم کەوتنە سەر چاوەکانت، لە خۆشەویستیدا زەردەخەنە گرتمی و تۆش زەردەخەنە کەوتە سەر لێوت. بێ ئەوەی باوکت پێت بڵێت لە دووریی



Scanned with CamScanner

کورسییەکەوە دانیشتیت، ئەو کورسییەی بەتەنیشت کورسییەکەمەوە بوو، باوکت بە دەست ئاماژەی بۆ کردیت و وتی، نزیک بەرەوە باوکەکەم!

هەڵسایت و بە چەند هەنگاوێکی شەرمنانە بەرەو رووم هاتیت، لای دەستەڕاستمەوە دانیشتیت. باوکت وتی، عەبدولعەزیز ئەمە جومانەیە، خۆشەویستترین کچم و نزیکترین منداڵە لە دڵمەوە.

ئاورم لێ دایتەوە و بۆم پێکەنیت، نازانم بۆچی بێویستی خۆم فرمێسک چاوەکانی تەڕ کردم. پێم وتیت، چۆنیت جومانە؟

چاوەکانت بە فرمێسک دەدرەوشانەوە و وەڵامت نەدامەوە، بە بەختەوەریی حیکایەتەکە سەرمەست بووین و سەیری یەکتریمان دەکرد. لە جوانترین باری خۆتدا بوویت، بەڵکو جوانترین لە هەموو ئەوانەی سەر رووی زەوی، جوانترینی بێڕکابەر!

باوکت هەستی بەوەی ناو چاومان کرد و بە دەنگێکی ئارام وتی، جومانە قاوە.

دەمزانی نازانیت قاوە هەڵبگریت و ناشزانیت تێی بکەیت، ترسام قاوەکە بە خۆتدا بڕێژیت، بۆیە هەستامە سەرپێ بۆ تێکردنی قاوەکە، باوکت هەستایە سەرپێ و سوێندی خوارد کە ئەو قاوەکە تێ دەکات، منیش سوێندم خوارد کە جگە لە من کەسێکی تر تێی ناکات. باوکت لە شوێنی خۆی دانیشتەوە، منیش فنجانێک قاوەم ڕادەست کرد. کاتێک خەریکی دانیشتن بووم، باوکت بە گاڵتەوە پێی وتم، پێویست بوو سەرەتا بۆ بووکەکەتی تێ بکەیت.

بەشپرزەیی وتم، نەمدەزانی قاوە دەخواتەوە!

باوکت فنجانی قاوەکەی لە لێوەکانی دوور خستەوە و بە سەرسوڕمانەوە وتی، وایە، ئەو قاوەی عەرەبی ناخواتەوە.

ڕوون بوو کە باوکت لەوە تێگەیشت یان دڵنیا بوو باش یەکتری دەناسین، ئەوەش پاش ئاماژەکردنم بۆ ئەوەی حەزت لە قاوە نییە.

باوکت دەستی کرد بە قسەکردن دەربارەی منداڵیت و خێزانەکەت، سەبارەت بە منداڵیی خۆم و خێزانەکەشم پرسیاری لێ کردم، باسی ژیان و کار و داهاتوومان کرد، پێی وتم، شایانی باسە، بۆ ئەوەی هەڵت نەخەڵەتێنین یان فێڵت لێ نەکەین، جومانە هیچ شتێک دەربارەی کاری ناوماڵ نازانێت.

وتم، کچانی ئەم ڕۆژگارە پێش شووکردن شارەزای هیچ نین مامە، بەڵام من یارمەتیی جومانە دەدەم و فێری هەموو شتێکی دەکەم. دەڵێی چی جومانە؟

بە دەنگێکی نزم وتت، لەوانەیە!

ڕوون بوو، ئامادەبوونی باوکت هەستی لەڕووداامانت پێ دەبەخشێت، باوکت هەستی بەوە کرد، بۆیە مۆڵەتی لێ وەر گرتم تا داوای شتێک لە شۆفێرەکە بکات و وتی، وا بزانە لە ماڵی خۆتانی عەبدولعەزیز، تۆزێکی تر دەگەڕێمەوە.

ئاورم لێ دایەوە، چاودێریی باوکت دەکرد لە کاتێکدا دوور دەکەوتەوە، وتم، دەڵێیت چی جێم بهێڵێت و لەگەڵ ئەو بڕۆیت؟

بە دەنگێکی نزم پێکەنیت، منیش لە خۆشیی پێکەنینەکەتدا پێکەنیم. لێت ڕامام، لە پرچە قاوەییە لوولەکەت، گەنمڕەنگییە

چێژبەخشەکەت، لە چاوە گەورەکانت ڕامام، لە زەردەخەنەکەت کە بە دوو ڕیز مرواریی بێگەرد دەچوو. بە بێدەنگ لێوەکانم جوولاند: خۆشم دەوێیت!

هەردوو دەستت تا دواسنوور کردەوە و ئاماژەت بۆ شادمانیی دەورمان کرد: عەزیزا! تۆ لە ماڵی ئێمەیت!

سەیری دەرگاکەم کرد، تا دڵنیابم باوکت دوور کەوتووەتەوە، بەخێرایی هەستامە سەرپێ و دەستم خستە سەر ڕوومەتی چەپت و ڕوومەتی ڕاستم ماچ کردیت کە بەردەوام خەوم پێوە دەبینی، تاقە ماچێکی درێژ کە بە هۆیەوە باسی سوێی دڵ و خەونی ساڵانی ڕابردووم بۆ کردیت. دەستوبرد گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم و وتم، بۆ ئەوەی مێژووی یەکەمین ماچ لەبیر نەکەیت، هەمیشە لەیادت بێت کە یەکەمین ماچ لە ماڵی خۆتان بوو!

باوکت هاتە ژوورەوە و داوای مۆڵەتی ڕۆیشتنی کرد، باسی ئەو شۆفێرەی بۆ کردم کە یانزە ساڵە لە ماڵی ئێوە دەژی و وەک یەکێک لە کوڕەکانی تەماشای دەکات. تۆزێک باسی خزمەتکارەکان و چاکە و خراپییەکانیانی کرد، ئینجا مۆڵەتی ڕۆیشتنم لێ وەر گرت و ڕێک کەوتین لەسەر ئەوەی "خانمان" زەمینەسازی بۆ هەنگاوی دواتر بکەن.

هەر کە سواری ئوتومبیلەکە بووم لە سەر ماچەکە گلەییت لێ کردم و پرسیت، باوکت چیی دەکرد ئەگەر لە ساتەوەختی ماچکردنەکەدا خۆی بکردایە بە ژووردا. پێم وتیت ئەوساکە هەر ئەمشەو لێکی مارە دەکردین. لەو سەرەوە بەختەوەر بوویت، لە شادمانیدا دەنگت سەمای دەکرد. لای ترافیک لایتێک ڕاوەستابووم، کاتێک ئاوڕم لە ئوتومبیلەکەی

تەنیشتم دایەوە کە کەشخە بوو، کچێکی جوانی سەر ڕووت لە پشتەوە دانیشتبوو بە تەلەفۆن قسەی دەکرد. کچەکە بێباکانە سەرپۆشەکەی لەسەر شانی دانابوو، وەک ئەوەی لە شارێکدا بێت جیاواز لەو شارەی لێی ڕاوەستاوین!

فیکەیەکم لێ دا: چ مانگێکە!

بە سەرسوڕمانەوە وتت، چیت وت!

ویستم وەک هەمیشە هەراسانت بکەم، وتم، کچێک لە تەنیشتمەوەیە دڵ ئازار دەدات!

قیژاندت بەسەرمدا، لەڕادەبەدەر بێئابڕوویت، تۆزێک لەمەوبەر پێکەوە بووین.

- دۆخی شووڵێهەڵکێشان دەستی پێ کردەوە! ئێستا تەلەفۆنەکە دادەخەمەوە.

- قسەم لەگەڵ بکە، وەک چۆن قسەت لەگەڵ دەکەم.

- ئێستا نامەوێت قسەت لەگەڵ بکەم!

تەلەفۆنەکەم داخستەوە و خستمە باری بێدەنگەوە و فڕێم دایە تەنیشت خۆم. نەمدەویست لەبەر گاڵتەکردنێک گوێم لە شیوەن بێت. لە کاتێکدا تۆ دەتقیژاند بەسەرمدا، چونکە ڕای خۆم دەربارەی کچێک دەر بڕی لەناو ئوتومبیلێکی تەنیشت ئوتومبیلەکەمدا بوو، کچەکە گەیشتبووە ماڵی خۆیان!

لە ڕاستیدا دەمویست چێژ لە هەراسانکردنت وەر بگرم، دەمویست دڵپیسیت بورووژێنم، کەچی زوو کەوتیتەوە ناو بارە دراماتیکییە هەمیشەییەکەتەوە، بۆیە ویستم پێش ئاڵۆزبوونی مەسەلەکە، کۆتاییی پێ بهێنم.

بە درێژاییی ڕێگەکە مۆنیتەری تەلەفۆنەکەم بە ناوی تۆوە دەدرەوشایەوە، پەیوەندیکردنە زۆرەکانت بێزاریان کردم،



Scanned with CamScanner

خەریک بوو تەلەفۆنەکە بکوژێنمەوە. عەبدوڵڵای هاورێم پەیوەندیی پێوە کردم، وتی دەچێت بۆ خەیوەتگەیەکی لاوان لە دەرەوەی شار و لێی پرسیم ئاخۆ حەز دەکەم لەگەڵیدا بڕۆم. وا ڕێک کەوتین بێت بۆ ماڵەوە بە شوێنمدا و پاش خۆگۆڕین و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی خەوتن لە بیابان لەگەڵ خۆی بمبات.

لەسەر ڕێگەی ڕۆیشتن بۆ بیابان نامەیەکم بۆ ناردیت، تێیدا نووسیبووم ئەمشەو لەگەڵ هاورێکانم لە بیابان دەمێنمەوە و داوام لێ کردیت پەیوەندیم پێوە نەکەیت، چونکە وەڵامت نادەمەوە، تا تەمییە بێت.

عەبدوڵڵا بە درێژاییی ڕێگەکە باسی ئەو هاورێیانەی بۆ کردم کە دەچووین بۆ لایان، بەڵام من بیرم لە ڕووداوەکانی ڕۆژەکە دەکردەوە. نازانم بۆچی کتوپڕ خرۆشانم بۆ هاوسەرگیرییەکەمان کوژایەوە و هەستم کرد بارێکی قورس لەسەر دڵمە، وەک ئەوەی پیاوێکی تر بم، جیاواز لەو پیاوەی دوێنێ شەو تامەزرۆی بینینت بوو. نازانم بۆچی لەناکاو سارد بوومەوە. لەوانەیە قسەکانی باوکت زۆریان ترساندبم، شتێک لەناو وشەکانیدا هەژاندمی و بە شێوەیەک دڵی تەنگ کردم کە لێی تێناگەم. لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت چاوەڕان بووم ئاستەنگیی زۆر بێتە پێش هاوسەرگیرییەکەمان و چاوەڕواننەکراو بووبێت وا بەئاسانی و بەو خێرایییە بچێتە ڕێوە و سەرەنجام تۆزێک هاوسەنگیم لەدەست دابێت.

لە ڕاستیدا نەمدەزانی چیم بەسەر هاتووە، بەڵام لەو کاتەوەی ماڵی ئێوەم جێ هێشتووە، ترس لە هاوسەرگیری سەرتاپامی داگیر کردووە. نازانم ئاخۆ دەتوانین بۆ هەتاهەتایە

لەگەڵ یەک بژین، نازانم ئاخۆ لە بنچینەدا وەک دوو هاوسەر بەکەڵکی یەکتری دێین!

زۆرم خۆش دەوێیت و پێم وا نییە بتوانم ژنێکی ترم هێندەی خۆشویستنی تۆ خۆش بووێت، بەڵام ناشزانم ئاخۆ بەڕاستی ئێستا ئامادەم بۆ هاوسەرگیری. لە ڕاستیدا نازانم ئاخۆ ئەگەر ئەوەی ساڵی ڕابردوو لەنێوانماندا ڕووی نەدابایە و بە زوویی و یەکجارەکی نەگەڕابایتەوە بۆ نیشتمان، ئێستا بیرم لە هاوسەرگیری دەکردەوە.

ئەو درزەی کەوتبووە ناو پەیوەندییەکەمانەوە و نزیکبوونەوەی گەڕانەوەت و جێ هێشتنم بەتەنیا لە ئاوارەیی هۆکاری فشاربوون و وایان لێ کردم بە هەرشێوەیەک بێت بتپارێزم.

بە ڕادەی بەختەوەربوون و پەلەکردنم لە مەسەلەی هاوسەرگیرییەکەدا، هەستم بە گیرۆدەبوون کرد جومانە. دەترسم گیرۆدەی قەفەسێک بم کە بۆی ئامادە نیم. دەترسم گیرۆدەی دەستی پیاوێکت بکەم کە هێشتا ئامادە نییە بۆ هاوسەرگیری.

لەوانەیە پەلەمان کردبێت جومانە، لەوانەیە زۆر پەلەمان کردبێت!

***

سێ ڕۆژ تێپەڕی بەسەر سەردانەکەمدا بۆ ماڵی کەسوکارت، داوام لە دایکم کرد لەگەڵ دایکت پەلە نەکەن بۆ ئامادەکارییەکان، وتم پێویستمان بە هەندێ کات هەیە بۆ

ڕێکخستنی بار و نەخشەکانمان، پێش ئەوەی باسی مەسەلەی هاوسەرگیرییەکە بکەین.

زۆر شپرزە بووم، شتێک لەناومدا لە هەڵبەزودابەزدا بوو، لە ڕاستیی ئەو شتە تێناگەم کە بۆم هاتووە، تەنیا دەزانم پێویستم بەوەیە تەنیا بم و لێت دوور بکەومەوە، تا بە تەنیا و بێ هیچ فشارێکی دەروونی لە لایەن تۆوە بیر بکەمەوە.

نەمتوانی باسی ئەمەت بۆ بکەم، تۆش لەوە تێنەگەیشتیت کە پێویستم بە هەندێک کاتە بۆ ڕێکخستنەوەی بیرکردنەوە و کارە لە پێشینەکان و هەستەکانم. تۆ بەردەوام بە پەیوەندی و نامەکانت زۆرت بۆ دەهێنام، بە ڕادەیەک وڕکن بوویت کە ئارامگرتن و لەسەرخۆبوون و میهرەبانیم لەدەست دابوو!

لە ڕۆژی سێیەمدا و کاتێک لێت پرسیم، هەنگاوی داهاتوو چییە؟

- سەرەتا، لە خوا پاڕاویتەتەوە؟

بە سەرسوڕماوییەوە پرسیت، دەربارەی چی لە خوا بپاڕێمەوە؟

- هاوسەرگیرییەکەمان.

- ئێستا و پاش ئەوەی هەموو شتێک مەیسەر بووە داوای پاڕانەوەم لێ دەکەیت!

- چیی تێدایە؟ تکایە پێش هەرشتێک بپاڕێرەوە.

سەرت لە داواکارییەکەم سووڕ مابوو، وەک چۆن سەرم لە خۆم سووڕ مابوو!

لەوانەیە داواکاریم دەربارەی نوێژی پاڕانەوە ئەوە بووبێت کە لە ناخەوە ئاواتەخواز بووبم هاوسەرگیرییەکە دوا بخەیت یان پاشەکشەی لێ بکەیت، دەمویست ئەوەم لێ

داوا بکەیت، حەزم نەدەکرد من داوای بکەم.

دەمزانی کچێکی زۆر هەستیاری وەکو تۆ شتێکی وەهای بەسادەیی بەسەردا تێ ناپەڕێت و هەرگیز لەم مەسەلەیە چاک نەبێتەوە. دەمزانی پاشەکشەکردن لە هاوسەرگیری کوتان لەسەر دڵت دروست دەکات و بە درێژاییی تەمەن بە هۆیەوە ئازار دەچێژیت، تەنیا لەبەر ئەوە نا کە هەستیاریت، بەڵکو چونکە سەرباری دەستبەرداربوونەکان کچێکیت بە خۆتەوە دەنازیت.

چەند کاتژمێرێک دوای داواکارییەکەم دەمەقاڵێم بوو لەگەڵت، دوای داواکارییەکەم سەبارەت بە پارانەوەت لێت پرسیم ئاخۆ شتێک یان کەسێکی تازە هاتۆتە ژیانمەوە، تاوانبارکردنەکەت زۆر بێزاری کردم، زۆر تووڕە بووم، شەڕم لەگەڵ کردیت، لێگەڕام بەتەنیا لە گێژاوی بیرکردنەوەکانتدا نقوم بیت.

پاش تەواوبوونی پەیوەندیکردنەکەم زۆر بێزار بووم، نەمدەزانی چی بکەم و چیم لەدەست دێت بیکەم. لەنێوان خۆشەویستیم بۆت و بێتوانایيم لەئاست پابەندبوونی ئێستادا ون بووم، گومانەکەشت بێزاری کردم، چونکە هیچم نەکردبوو.

لاپتۆپەکەم کردەوە و دەستم کرد بە گەڕان بەدوای هەندێک فیلمی ڕووتدا، تا بە هۆیانەوە تۆڵەت لێ بکەمەوە! ئەوە بیانووی هەمیشەییم بووە تا بە هۆیانەوە لەناو خۆمدا تۆڵەت لێ بکەمەوە. هەر جارێک زاڵمانە گومانم پێ دەکەیت، بەدوای چەند وێنەیەکدا دەگەڕێم، تا بە هۆیانەوە تۆڵەت لێ بکەمەوە. دەمزانی زۆر پێیان بێزار دەبیت و لە نەریتی



Scanned with CamScanner

درامیی پڕوپووچی خۆتدا بە ناپاکیی مەزنی دادەنێیت، بۆیە بە سەیرکردنی ئەو وێنانەی سەیرکردنیان بە ناپاکی دەزانیت تۆڵەت لێ دەکەمەوە!

نەمتوانی هیچ شتێک بەدەست بهێنم، چونکە پێگە ئابڕووبەرەکان لە کۆمپیوتەرەکەمدا لەلایەن شاری زانستی و تەکنۆلۆژیاوە بلۆک کرابوون. کتوپڕ ناوی "ڕیما" لە سەرمدا درەوشایەوە، زۆر جار بیرم لەوە کردووەتەوە ڕۆژگار چیی بەسەر ڕیما هێناوە.

ژمارەی تەلەفۆنەکەیم لا نەبوو، لە ڕاستیشدا نازانم ئاخۆ گەڕاوەتە بۆ ڕیاز یان هێشتا خوێندکاری دەرەوەی وڵاتە. ماوەی نۆ ساڵ بەسەر دواپەیوەندیماندا تێپەڕیوە، نزیکەی دە ساڵە لێی دابڕاوم و لێم دابڕاوە.

پێم وانییە شووی کرد بێت، پێشم وا نییە گەڕابێتەوە، بەڵام نزیکەی دە ساڵ بەسە بۆ گۆڕینی هەموو شتێکی بیروباوەڕ و تێڕوانین و هەست و چارەنووسەکانمان.

پێگەی فەیسبوکم کردەوە و ناویم لە خانەی گەڕاندا نووسی و خۆم ئامادە کرد بۆ شەوێکی درێژی گەڕان بەدوایدا، کەچی هاتنی ناو و وێنەکەی وەک یەکەمین کەسی لیستی ناوەکان سەرسامی کردم. سەرسووڕماو لە مۆنیتەرەکە ورد بوومەوە، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووم بەو دەستوبردییە بیدۆزمەوە!

پەیجەکەی تایبەت و پارێزراو بوو، داتا بەرچاوەکانی بریتی بوون لە ناوەکەی، ڕۆژی لەدایکبوونی، شوێنی نیشتەجێبوونی و باری کۆمەڵایەتی، کە نە سەڵت بوو، نە نیشانەکراو و شووکردوو، بەڵکو وەک لە پەیجەکەدا دای ناوە

"ئاڵۆز"ە!

گەلێک لە وێنەکەی ڕامام، زۆر نەگۆڕابوو، جوانتر کەوتە بەرچاوم، هەروەها زۆر بچووکتر لە تەمەنی ڕاستەقینەی. کاتێک وێنەکەی ڕیمام بینی زەردەخەنە گرتمی، شێتی و سەرەڕۆیی و ئەو شەوەم بیر کەوتەوە کە هەموو شتێکی لە ژیانمدا گۆڕی.

بیرم لە بارە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکەی کردەوە! مانای چییە؟ ئایا لە هاوسەرگیرییەکدا گیری خواردووە کە تێیدا نە هاوسەرە و نە تەڵاقدراو؟ یان پەیوەندیی لەگەڵ پیاوێکدا هەیە ناتوانێت شووی پێ بکات! لەوانەیە پیاوێکی ژندار بێت یان پیاوێکی نامسوڵمان و ناسعودی، یاخود لەوانەیە پەیوەندیی لەگەڵ ژنێکی تر هەبێت! چونکە سنوورەکانی ڕیما فراوانن بۆ لەخۆگرتنی بیرۆکەی وەها.

ئەگەر و بیرۆکەی زۆر بە مێشکمدا هات، زانینخوازیی زۆر هانی دام بزانم چی بەسەر ڕیما هاتووە و ئێستا چۆن ژیان بەسەر دەبات، زۆر بیرم کردەوە و دوودڵ بووم، دەمزانی پەیوەندیکردن بە هەر ژنێکەوە زۆر بێزارت دەکات، جا جۆری پەیوەندییەکە هەر چییەک بێت و لایەنەکانی هەر کەسانێک بن، بەڵام دەزانم تۆ هیچ نازانیت و ناگەیتە هیچ شتێک، هەروەها چاوەڕوانی پەیوەندی و سۆزی ڕیما نەبووم.

زۆر دوودڵ بووم، بەڵام خۆم یەکلا کردەوە. ئایکۆنی نامەناردنم کردەوە، نووسیم سڵاو ڕیما، هیوادارم هێشتا لەیادت نەچووبم، کاتێک بەڕێکەوت چاوم پێت کەوت، باوەڕم بە چاوەکانم نەکرد، هیوادارم باش و شادمان بیت. تامەزرۆی زانینی هەواڵەکانتم، لە باری خۆت دڵنیام بکەرەوە،

عەبدولعەزیز.

لە پێگەکەدا بەدوای هاورێی کۆندا گەڕام، بەشکم یەکێک بدۆزمە، وەک چۆن ڕیمام بە کەمتر لە پێنج خولەک دۆزییەوە. پاش چەند خولەکێک گەڕان بینیم ئایکۆنی نامەکان هێمای سووری پیشان دا، وەک ئاماژەیەک بۆ هاتنی نامە، باوەڕم نەدەکرد ڕیما بەو خێراییە وەڵامم بداتەوە، ڕیما نووسیبووی، لەکوێوە هاتوویت، پەیوەندیم پێوە بکە. بە ژمارە ئەمریکییە درێژەکەی کۆتاییی بە نامە کورتەکەی هێنابوو!

تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و بەورتەورت، ئەمە چ شەوێکە!

***

وەک ڕابردوو و دەنگی کڵپەسەندوو بوو، ناڵێم کاتێک گوێم لێی بوو دەنگیم بیر هاتەوە، چونکە دەنگیم لەبیر نەچووبووەوە. ئەگەرچی پەیوەندیی تەلەفۆنیی زۆر و درێژخایانم هەبووە و دەنگی هەموو ئەوانەم بیر ناکەوێتەوە کە ناسیومن، بەڵام دەنگی ڕیما بەلامەوە گرێدراوی زۆر شت بوو، کە لەبیر ناچنەوە، دەنگی ئەو یەکەمین دەنگ بوو کە وای کرد دڵم ترپەترپ بکات.

پێم وت، دەنگت هەرگیز نەگۆڕاوە!

وتی، هێشتا دەنگی منت لەبیرە؟

- بێگومان، دەنگی یەکەمین ژن لەبیر ناچێتەوە.

- هەروەها دەنگی یەکەمین پیاویش.

پێکەنیم: بەڵام من یەکەمین پیاو نەبووم.

ئەویش پێکەنی: بۆیە دەنگتم لەبیر چووەتەوە!

بەکورتـی پێـی وتـم، نزیکـەی سـاڵێکە بـۆ بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی دکتـۆرا لـە یاسـای نێودەوڵەتیـدا لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا دەژی، منیـش ئـاگادارم کـردەوە کـە هێشـتا کۆشـش دەکـەم بـۆ بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی ماجسـتێر لـە بەڕێوەردنـی کاروبـاردا و لـە کەنـەدا دەژیـم. سەرسـووڕماو بـووم بـەوەی، بـێ ئـەوەی بیزانین، بـەو ئەندازەیە هاوسنوورین. ئـەو پێـی وا بـوو گەڕاومەتـەوە بـۆ ڕیـاز، یـان پـاش تەواوکردنـی خوێنـدن چوومەتـە وڵاتێکـی تـر.

لێم پرسی، حیکایەتی ئەو Complicatedـە چییە؟

- تێناگەم!

- بۆچی باری کۆمەڵایەتیت لە فەیسبووکدا "ئاڵۆز"ە؟

- ئەوە حیکایەتێکی دوورودرێژە، دواتر بۆتـی دەگێڕمـەوە. ئـەی بـاری کۆمەڵایەتیی تـۆ چۆنـە؟

بەبێ بیرکردنەوە وتم، Single!

بە سەرسـووڕمانەوە وتـی، سـەڵتی تـەواو؟ هیـچ کەسـێک لە ژیانتدا نییـە؟

- لە ئێستادا هیچ پەیوەندییەکی جیددی لە ژیانمدا نییە.

ئـەوەم وت و گـەدەم لەبـەر ئـازاری ویـژدان و درۆکـردن گـرژ بـووا!

نازانـم بۆچـی ئـەوەم بـە ڕیمـا وت، خـۆ چاوەڕاونیی هیچم لـێ نەدەکـرد، تەنانـەت گفتوگۆکەمـان ئەقڵانییانـەی ڕووت بـوو، لـە بیسـتنی دەنگـی ڕانەچڵەکیـم، هەستیشـم بـە هیـچ جـۆرە وورووژانێـک نەکـرد.

شـادمان بـووم بـە زانینـی دەنگوباسـی، تەنیا مەیلێکـی توندی



Scanned with CamScanner

زانینخوازیم بۆ ژیانی ئێستای هەبوو و هیچی تر. ئەگەرچی ڕیما لەو جۆرە کەسانە نەبوو خۆی بەدوور بگرێت لەو پیاوانەی پەیوەندییان هەیە، بەڵام کاتی ئاخاوتنم لەگەڵیدا بەتەواوەتی نکۆڵیم لە بوونی تۆ کرد، وەک نائاگاییم ڕێگە نەدات بە هیچ شێوەیەک لە ئاخاوتنەکەماندا دەر بکەویت. هەستم کرد دەمەوێت لەو کاتەدا بەتەواوەتی لە ژیانی خۆمت بکەمە دەرەوە، لەوانەیە ئەوە هەڵهاتن بێت لە هەر ئازارێک کە پێم بگات، کاتێک هەست دەکەم بە قسەکردنم لەگەڵیدا ئازارت دەدەم.

نزیکەی دوو کاتژمێر قسەمان کرد، دڵنیا بووم ڕیما هێشتا وەک خۆیەتی، خاوەنی هەمان پرنسیپ و خەون و بەرزەخواست و بەهاکانی جارانە.

ڕوون بوو دە ساڵی دوای سەرکەشتر و ئازادتری کردووە و زیاتر وای لێ کردووە نکۆڵی لە هەرشتێک بکات کە بە نیشتمانەوەی دەبەستێت. بەشێکی خۆم لە بیروڕاکانیدا دەبینییەوە. من و ئەو لە بیروڕاکانماندا لێک دەچین، وەک چۆن تۆ و زیاد لە بیروڕاکانتاندا هاو شێوەن. وەک چۆن ئەم لێکچوونەی ئێمە دەتترسێنێت، هاوشێوەبوونی تۆ و زیادیش منی ترساند.

لێگەڕام ڕۆژەکەی تەواو بکات و منیش کۆتایی بە ڕۆژەکەم بهێنم. ڕێک کەوتین دواتر ئاخاوتنەکەمان تەواو بکەین. چوومە ناو پێخەفەکەمەوە و بە هۆی بیرکردنەوە و هەستەکانمەوە شپرزە بووم، لە هەمان کاتدا شادمان و بێزار بووم. شادمان بووم لەبەر ئەوەی بە شێوەیەک لە شێوەکان

پەیوەندیم بە ڕابردووی خۆمەوە کردبوو، بێزاریش بووم لەبەر ئەوەی لە کاتێکی نەگونجاودا هاتبووەوە. بێزار بووم لەوەی ئەم دەرگایەم بە ڕووی خۆمدا کردەوە، درۆم لەگەڵ ئەودا کرد و لە تۆشی دەشارمەوە.

نامەیەکم لە تۆوە بۆ هات: زیاتر لە کاتژمێریکە قسە لەگەڵ کێ دەکەیت؟ زیاتر لە کاتژمێریکە مۆبایلەکەت پەیوەندیی لەگەڵدایە!

دەستکاریی تەلەفۆنەکەم کرد و خستمە سەر تایبەتمەندیی چاوەڕوانکردنی پەیوەندییەکان، بۆ وریابوون بەرامبەر بە پەیوەندییەکانی داهاتووت. نامەیەکم بۆ ناردیت: قسەم لەگەڵ عەبدوڵلای هاوڕێم دەکرد، تۆزێکە تەواو بووم. سەرم زۆر ئێشێت و ئەمشەو ناتوانم قسەت لەگەڵ بکەم. شەو شاد.

وەڵامت دامەوە: سەلامەتیت! شەو شاد.

لە شێوازی نووسینەکەت و هەڵبژاردنی وشەکانتەوە زانیم مەبەستت چییە و هەست بە چی دەکەیت، تۆ باوەڕت پێ نەکردم!

کاتێک پێت دەڵێم نەخۆشم یان ماندووم، پێم دەڵێیت "خوا نەکات،" ئەگەر باوەڕ بە قسەکانم نەکەیت یان لەبەر هۆیە تووڕە بیت دەڵێیت "سەلامەتیت،" هەر جارێک دەڵێم "شەوشاد،" دەڵێیت "تۆ هەموو شادییەکیت،" ئەگەر دەمەقاڵێشمان بووبێت یان گومانت هەبێت بەرامبەر بەوەی دەخەوم، "شەوشاد" دووبارە دەکەیتەوە!

ڕوون بوو، کە خەریکە گومانم پێ دەکەیت. ئەمەش بێزارتری کردم. مۆبایلەکەم لەتەنیشت خۆم دانا و بە

درێژاییی شەوەکە ئەم دیو و ئەو دیوم کرد و بیرم کردەوە. بۆچی هەمیشە خۆم لەو مەسەلانەوە دەگلێنم کە نازانم بەرەو کوێم دەبەن!

***

چەند ڕقم لە وڕکگرتنە!

لەو باوەڕەدام زۆربەی پەیوەندییەکانی خۆشەویستی کاتێک کۆتایی دێن کە خەسڵەتی وڕکگرتن زاڵ دەبێت بەسەر یەکێک لە لایەنەکانیدا. زۆر جار ئەوە کچانن کە وڕک دەگرن، وەک ئەوەی یەکێک بێت لە جینەکانیان. بۆیە هەمیشە پیاوان ژنان جێ دەهێڵن، زۆر جار پیاوان زیاتر لە ژنان کۆتایی بە پەیوەندی دەهێنن.

کتوپڕ بوویتە کەسێکی وڕکن! لە هەموو شتێکدا وڕک دەگریت "بۆچی پەیوەندیت نەکرد، بۆچی هەواڵت نەپرسیم، لەکوێ بوویت، کەی پەیوەندی دەکەیت، کەی دەگەڕێیتەوە، قسە لەگەڵ کێ دەکەیت. بۆچی گۆڕاویت، بۆچی، لەکوێ، چۆن، بۆچی، بۆچی، بۆچی، بۆچی!"

وات لێ هاتووە بەردەوام پرسیار دەکەیت و چاوەڕوانی وەڵامێکیت کە ڕازیت بکات. وەڵامی کورتت بەدڵ نییە، دواخستن یان بێدەنگبوون یاخود خۆپاراستن قبوڵ ناکەیت، وەڵامی تەواو، وردەکار، ڕاستگۆیانە و بریندارنەکەرت دەوێت!

دەزانم ئەنجامی هەڵپەساردنی بێهۆی هاوسەرگیرییەکەمان وات لێ هاتووە، دەزانم دوورکەوتنەوەی ئەم ماوەیەی دواییم شایانی گومانپێکردن و سەرسوورمان و ناڕازیبوونە،

دەزانم وڕکگرتنەکەت هۆکاری خۆی هەیە. ئەوە دەزانم، چونکە تۆ لەوە تێناگەیت پێویستم بەوەیە ماوەیەک لێم دوور بکەویتەوە و پانتاییەکی زیاترم بدەیتێ، تا بەتەنیا و دوور لە تۆ بیر بکەمەوە و نەخشە دابنێم و ئەزموون بکەم، چاو بە دەستکەوت و زیان و چاکە و خراپەکاندا بخشێنمەوە.

دەزانم هیچ هەڵەیەکت نەکردووە و گوناهەکە هیی تۆ نییە، بەڵام پێویستم بەوەیە تۆزێک ئازادم بکەیت، پێویستم بەوەیە بۆ ماوەیەک بەرم بدەیت، تا بە دڵنیایی و باوەڕەوە بگەڕێمەوە، نەک بە گومانەوە و ڕیاکار بم لەگەڵتدا.

وڕکنیت زیاتر لە تۆی دوور خستمەوە جومانە، لە ئاخاوتنم لەگەڵ ڕیما شتێکم بینییەوە کە ئەوساکە پێویستم پێی بوو. لەگەڵ ئەو باسی بیروباوەڕ و هەستەکانی خۆم دەکرد، بێ ئەوەی نارەزایی بەرامبەر بە بیروباوەڕێک دەر ببڕێت، یان بێزاری بەرامبەر بە ئارەزوویەک پیشان بدات. لەگەڵ ئەو سروشتی بووم، بە خەوشی و هەڵەکانمەوە. لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە لە هەموو شتێکدا لە من دەچێت، یان لە بنەڕەتدا بەلایەوە گرنگ نەبووبم.

باوکم لێی پرسیم، ئەوان پەیوەندییان پێوە نەکردین، تۆش وات نەکردووە دایکت پەیوەندییان پێوە بکات، چی بووە؟

وتم، هیچ نەبووە، پێش ڕاگەیاندنی کاتی نیشانەکردن خشتەی کاروبارەکانمان ڕێک دەخەین. خێزانی جومانە ڕازی نین بە نیشانەکردنی درێژخایان، ئەوان کاتی نیشانەکردنەکە دیاری ناکەن، ئەگەر کاتی هاوسەرگیرییەکە دیاری نەکەین، ئەمەش بەم زوانە ڕوو نادات.

– بۆچی بەم زوانە ڕوو نادات؟



Scanned with CamScanner

- ئەو نۆ مانگی ماوە بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی و پێی وایە شووکردن لە دواساڵی خوێندنیدا ئاستەنگ بۆ خوێندنەکەی دروست دەکات، بۆیە پێی باشە سەرەتا خوێندنەکەی تەواو بکات.

- کەواتە بۆچی ئێستا چویتە داخوازی، بۆچی دوات نەخست بۆ پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی؟

- تا ئێوە و کەسوکارەکەی بزانن ئەوم دەوێت، ئەوە بەسە کە ئەوان ئاگاداری داخوازییەکەمان بن. بۆ دیارکردنی کاتی هاوسەرگیری پێویست بەوە ناکات خێزانە گەورەکەی ئەو و خێزانەکەمان ئاگاداری مەسەلەکە بن.

باوکم بە پەنجەی هەڕەشەی کرد: عەبدولعەزیز لای خەڵک ڕووڕەشمان مەکە، لەگەڵ کەسوکاری تووشی لەڕووداوامانمان مەکە، کچی خەڵک گەمە نییە!

- ترست نەبێت باوکە، دڵنیا بە و باوەڕم پێ بکە!

زۆر لە باوکم ترسام! وێنای ئەوەم کرد، کاردانەوەی چۆن دەبێت، ئەگەر دڵنیا بوو لەوەی لانی کەم "ئێستا" لە پرۆژەی هاوسەرگیرییەکە پاشگەز بوومەتەوە! گومانم لە چاوەکانیدا خوێندەوە و لە بەردەمیدا منداڵەکەی ناو ناخم کەوتە هەڵلەرزین.

دەزانم لەگەڵ تۆ خۆم خسووەتە ناو گێژاوێکەوە کە دەمتوانی تۆ و خۆیشمی لێ بەدوور بگرم، بەڵام من چارەنووسی خۆم هەڵنەبژاردووە جومانە، نەمدەزانی ترسنۆک دەبم. باوەڕم پێ بکە، لام ئاسان نییە بریندارت بکەم و سەرلەنوێ دەستخەڕۆت بکەم، بەڵام دەستخەڕۆکردنی ئێستات هەزار و یەک جار باشترە لەوەی دوای هاوسەرگیری

دەستخەڕۆت بکەم.

بەرەبەیان بوو، کاتێک لەگەڵ ڕیما قسەم دەکرد پەیوەندیت کرد، ناوتم لەسەر مۆنیتەری مۆبایلەکە بینی و لە وڕکگرتنی سەیرت تووڕە بووم. داوای چەند خولەکێک مۆڵەتم لە ڕیما کرد، پەیوەندیم پێوە کردیت، دەنگە تووڕەکەت وەڵامی دامەوە: لەم کاتەدا قسە لەگەڵ کێ دەکەیت؟

وتم، قسە لەگەڵ عەبدوڵلا دەکەم.

– عەبدوڵای بەستەزمان، ناتوانێت ئەو هەموو کاتژمێرە قسەت لەگەڵ بکات، چونکە بەردەوام بە تەلەفوون قسە لەگەڵ هەدیلی خوشکت دەکەیت!

– مەبەستت چییە جومانە؟

– پێت وایە بەو ئەندازەیە ساویلکەم؟

– قسەم لەگەڵ جنۆکەی شین دەکرد، چ پەیوەندییەکی بە تۆوەیە؟

قیژاندت، بەڵێنت پێ دام کە دەگۆڕێیت، لەناکاو چیت بەسەر هاتووە، بەڵێنەکانت چیان بەسەر هات؟

وتم، بیانکەرە ناو ئاوەوە و ئاوەکە بخۆرەوە، ئینجا تەلەفۆنەکەم بەسەرتدا داخستەوە!

نەمدەزانی چی بکەم، نەمدەزانی چیم دەوێت! وای لێ هاتووە تەلەفۆنەکەت زۆر بێزارم دەکات، هەروەها وڕکنی و گومانەکان و ئازاری ویژدان.

بڕیارم دا مەسەلەکە یەکلا بکەمەوە، بلیتی گەڕانەوەم بۆ کەنەدا بەدەست خست و پەیوەندیم پێوە کردیت، پێم وتیت چیی تر بەرگەی گومانەکانت ناگرم و بە درێژاییی ژیان گومانم پێ دەکەیت، ئەوەش پەیوەندییەکەمان وێران دەکات. پێم



Scanned with CamScanner

ڕاگەیاندیت، هەموو پیاوێک ئاواتەخوازە تۆ ببیتە ژنی، بەڵام هاوسەرگیرییەکەمان بڕیارێکی ڕاست نییە و جیابوونەوەی ئێستامان زۆر لە جیابوونەوەی دوای هاوسەرگیری باشترە. وتم، بە خۆشەویستی لێک جیا ببینەوە، زۆر لەوە باشترە دوایی بەڕقلێکبوونەوە جیا ببینەوە.

لە ڕاستیدا تۆ کارە سەختەکەت بۆ ئاسان نەکردم، بەربەرەکانێی وشەکانت دەکردم، سەرزەنشتت دەکردم و خۆشەویستییەکەت و قوربانیدان و دەستبەرداربوونەکانت لەپێناومدا وەبیر دەهێنامەوە. هەرەسهێنان و گلەییەکەت تا ئەندازەی ئازاربەخشین هرووژمهێن و دڵڕەقانە بوو!

پێم وتیت، من دەگەڕێمەوە بۆ تۆرنتۆ، بۆ پاراستنی شکۆی خۆت و منیش، دەبێت بە کەسوکارەکەت بڵێیت تۆ لە هاوسەرگیرییەکە پاشگەز بوویتەتەوە.

کەسوکارم ئاگادار کردەوە کە کێشەیەک لە خشتەی زانکۆمدا سەری هەڵداوە و دەبێت دەستوبرد بگەڕێمەوە. باوکم داوای لێ کردم گەڕانەوەکەم تا کاتی هاتنەوەی وەلید دوا بخەم، کە پاش دوو ڕۆژ دەگەڕایەوە، بەڵام پێم وت مەسەلەکە شایانی دواخستن نییە.

کەسوکارەکەم جێ هێشت و ڕیازم جێ هێشت، ڕقم لە هەموو ئەو یادەوەرییانە بووەوە کە بەویانەوە گرێ دەدام. بە ئەندازەیەک ڕقم لە ڕیاز بوو کە بە درێژاییی ژیانم ئەوەندە ڕقم لێی نەبووە!

***



Scanned with CamScanner

ئاڵۆز!

بەڕاستی باری ڕیما ئاڵۆز بوو، تەنیا پەیوەندیی لەگەڵ پیاوێکی ژنداردا نەبوو، کێشەکە پیاوێک نەبوو کە زیاتر لە بیست ساڵ لەو گەورەتر بێت، کێشەکە ئەوە بوو هاوڕێیەکی باوکی خۆش دەویست!

ڕیما لە سەرەتای نیشتەجێبوونیدا لە نیویۆرک مام یوسفی ناسی بوو، کاتێک باوکی بەسەردان هاتبووە لای. باوکی داوای لێ کردبوو لەگەڵیدا بچێت بۆ سەردانی هاوڕێیەکی کە لە شارەکەدا دەژیا، ئەویش لەگەڵیدا چووە و چارەنووسی بەر چارەنووسی ئەو کەوتووە. هاوڕێکەی باوکی زیاتر لە دوو ساڵە بە هۆی باری تەندروستیی ژنەکەیەوە، کە لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشییە کوشندەکان چارەسەر وەر دەگرێت، لە نیویۆرک دەژی.

ڕیما لە یەکەمین دیدارەوە لەگەڵ یوسف کەوتووەتە داوی دڵدارییەوە. ئەو پیاوێکی ڕووناکبیر و دانا و قۆزە، ئەگەرچی تەمەنی لە شەست ساڵی نزیک بووەتەوە. ڕیما لەوەوە زانیویەتی هەمان ئەو زانکۆیەی تەواو کردووە کە پێش سی ساڵ تێیدا خوێندوویەتی و داوای لێ کردووە پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵیدا هەبێت و لە ئاوارەیی لە شوێنی باوکی دای بنێت.

پاش ڕۆیشتنەوەی باوکی، پەیوەندی ڕیما لەگەڵ یوسف بەهێز بووە، هەموو ڕۆژێک بینیویەتی و زانیویەتی لەبەر بینینی ئەو ژنە نەخۆشەکەی لە نەخۆشخانە بەتەنیا جێ دەهێڵێت. یوسف لەگەڵ ئەودا هەستی کردووە گەنجە و شان بە شانی ئەو گەورە بووە. ئەو حەزی لە ژیری و دانایی

یوسف بووە، یوسفیش گەنجی و سەرکەشی و یاخیبوونی ئەوی بەدڵ بووە.

بەلای منەوە ڕوون بوو، بەردەوامبوونی پەیوەندییەکەیان زۆر ئەستەمە، باوکی ڕێگەی نەدەدا شوو بە یەکێک لە هاوڕێکانی بکات، تەنانەت ئەگەر ئازادترین پیاوی نەوەکەشی بێت، بەڵام ڕیما باوەڕی بەوە بوو ڕێگەچارەیەک بۆ گەیشتن بە یوسف دەدۆزێتەوە و دەتوانێت ئاڵۆزییەکان خاو بکاتەوە و هەر کێشەیەک لە دنیادا چارەسەرێکی بۆ خوڵقاوە، چارەسەرێک کە لەئارادایە، بەڵام نازانین چۆن پێی بگەین. ڕیما سوور بوو لە سەر دۆزینەوەی چارەسەرێک!

تەنیا باری ڕیما ئاڵۆز نەبوو، بەڵکو باری من لەوەی ئەو ئاڵۆزتر بوو، وڵاتم جێ هێشت بۆ هەڵهاتن لەو کۆتوبەندەی هەردوو دەستی من و تۆیان شەتەک دابوو، تا کاتێک پێیەکانم خستە سەر زەویی فڕۆکەخانەکە ژەهری لەدەستدانت زەفەرم پێ بەرێت.

لە ڕێگەی گەڕانەوەم بۆ ماڵەکەم، لە شەقام و باڵاخانەکان ڕامابووم. چۆن دەتوانم ڕۆژانە پێیاندا تێپەڕم و تۆ لە ئۆتومبیلەکەدا لە تەنیشتمەوە نەبیت، یان بە تەلەفۆن قسەت لەگەڵ نەکەم! چۆن هەریەکێکمان پێیاندا تێ دەپەڕێت، لە کاتێکدا ئەوی دیکە لە ژیانیدا نییە! چۆن دەتوانم بێ تۆ ژیانی غەریبایەتی بەسەر بەرم؟ چۆن تۆ نزیک یان دوور لە من ژیان بەسەر دەبەیت!

کاتێک گەیشتمە ماڵەوە ڕۆبێرت لەوێ نەبوو، باتی بە دەموچاوێکی گەشاوەوە، ئەنجامی خرۆشانی زۆر و چاوەڕوانی و زانینخوازی، پێشوازیی لێ کردم. کاتێک

لەسەرخۆ چوومە ماڵەوە، یارمەتیی دام بۆ بردنەژوورەوەی جانتا بچکۆلەکەم و پێی وتم: کاروبارەکان چوون بەڕێوە چوون ئازیزەکەم؟

- هەموو شتێک باش بوو باتی.

- ئایا خێزانەکەت و خێزانی جومانە ڕازی بوون بە هاوسەرگیرییەکەتان؟

- بەڵێ، بەڵام کاروبارەکان بەو شێوەیە نەچوونە ڕێوە کە ویستمان.

باتی ڕووی گرژ بوو و چرچەکانی دەموچاوی زۆر بوون: ئای خوایە! چی ڕووی دا؟

بەدەم دانیشتنەوە وتم، نازانم باتی، بڕوام پێ بکە نازانم.

- چۆن نازانیت؟ جومانە لەکوێیە؟ لەگەڵ تۆ نەهاتەوە؟

- جومانە هێشتا لە سعودییەیە، پێم وایە کۆتاییی هاوین دەگەڕێتەوە.

- زۆر دڵتەنگت کردم، پێم وا بوو مەسەلەکان باش دەچنە ڕێوە. من و ڕۆبێرت زۆر بەپەرۆش بووین بۆ هاوسەرگیرییەکەتان.

- منیش ئاواتی ئەوەم دەخواست.

- تۆ باشیت؟

- پێم وایە.

- باری جومانە چۆنە؟

- چاک دەبێت، نیگەران مەبە.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، هیوادارم باش بێت، بەڕاستی جومانە کچێکی شیرینە، ئاواتەخوازم پەیوەندیی نێوانتان چاک بێتەوە.

- کێ دەزانێت باتی، لەوانەیە ڕۆژێک پەیوەندییەکە وەک خۆی لێ بێتەوە.

- ڕاستە، کێ دەزانێت!

بەدەم بۆڵەبۆڵەوە چوو بۆ جێشتخانەکە: بە هەرحاڵ، تۆ بێ ئەو ناژیت!

جانتاکانم هەڵگرت و چوومە ژوورەکەم، تا پاش گەشتێکی درێژی ماندووکار بخەوم، وێنەکانمان پێکەوە، کە دیوارەکانی ژوورەکەیان داپۆشیبوو، لە پێشوازیمدا بوون. جلەکانم داکەند و یەک لەدوای یەک لە وێنەکان ڕامام، هەر وێنەیەک تەمەن و مێژوو و حیکایەتێکی هەبوو. پێگەیینی پەیوەندییەکەمان ڕای چڵەکاندم، گۆڕانی لە وێنەیەکەوە بۆ ئەویتر و لە ماوەی چوار ساڵدا، وەک ئەوەی سەرباری گەنجیمان دەیان ساڵ پەیوەندیمان هەبوو بێت. دەم بە زەردەخەنە سەیری وێنەکانم دەکرد و بیرم دەکردەوە، چۆن ئەو چوار ساڵەی ڕابردووم، بەبێ بەخشینی ئەو هەموو ڕەنگە، ژیانم بەسەر دەبرد!

لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا بیرم کردیت، بە ئەندازەی ئازاردانت، دەستخەڕۆکردنت و ترسنۆکبوونت بیرم کردیت.

هەستم دەکرد لە ڕێگەی وێنەکانەوە چاوت تێ بڕیوم، سەرباری زەردەخەنە نەرمونیانەکەت و بریسکەی چاوەکانت لە هەر وێنەیەکدا، بە دڵشکاوی و دڵڕەقی و ڕق و گلەییەوە سەیرم دەکەیت.

پەیوەندیی نێوانمان تێک چووە، بەڵکو ژیانم بۆ هەتاهەتایە تێک چووە. ئێستا دەزانم هیچ شتێک ناتوانێت پەیوەندیی نێوانمان چاک بکاتەوە. هیچ شتێک پاشەکشێکردن و

دەستخەڕۆکردنی ئەم جارەت ڕاست ناکاتەوە، هیچ کەسێک ناتوانێت ڕادەکەی خاو بکاتەوە.

پەیوەندیی نێوانمان کۆتایی هات، بەڵکو لەبەر هۆیەک، کە نازانم سەرچاوەکەی چییە، کۆتاییم بە پەیوەندیی نێوانمان هێنا. نازانم بۆچی چاونەترسانە کۆشش دەکەم بۆ بەدەستهێنانت، کەچی کاتێک پێت دەگەم، لە ترسا هەڵدێم، وەک ئەوەی فریشتەی پاسەوانت لە تۆم دوور بخاتەوە، تا لە منت بپارێزێت، یان لە تۆم بێبەش بکات!

هێزێکی خواوەندانەی مەزن لە تۆم جیا دەکاتەوە و لە تۆم دوور دەخاتەوە، لەوانەیە ترس و دوودڵی و تۆقین و بێتوانایی چەند ڕێگرێکی خواوەندانە بن لەبەر هۆیەک، کە جگە لە خوای مەزن کەس نازانێت چییە، من و تۆ لێک جیا بکەنەوە.

گڵۆپەکانم کوژاندەوە، تا لەدەوری خۆم نەتبینم، هێدفۆنی ئای پادەکەم خستە گوێچکەم و گۆرانیی Only time ی Enya ـەم لێدا:

How can say where the road goes
Where the day flows, only time
And who can say if your love grows
As your heart chose,
Only time!

How can Say when the roads meet
That love might be in your heart

And who can say when the day sleeps
If the night keeps all your heart
Night keeps all your heart
Only time!

بەتوندی هەردوو چاوەکانم داخست و بە خۆم دەوتەوە: جومانە تەنیا کات دەتوانێت پێمان بڵێت، تەنیا کات!

***

سێ هەفتە بەسەر گەڕانەوەمدا تێپەڕیوە، جیا لە ڕۆژانی ئاسایی زۆربەیم بەتەنیا بەسەر برد، زۆربەی هاوڕێیانم لە نیشتمان بوون، پشووی هاوینەی خۆیان بەسەر دەبرد کە لە کۆتایی نزیک بووەتەوە. دەمزانی زۆربەیان لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا دەگەڕێنەوە، چونکە دەرگای زانکۆکان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا دەکرێنەوە. وەک چۆن دەمزانی بێگومان کاتی گەڕانەوەکەت نزیکە، بەو جۆرە دەکەومە نێوان چاوەڕوانیی گەڕانەوەت و ترس لە سەرەنجامەکانی گەڕانەوەکەت.

لەو کاتەی هاتوومەتەوە هیچی ئەوتۆم نەکردووە، بەتەنیا چەند فیلمێکم بینی، سێ کتێبم خوێندەوە، ژوورەکەم ڕێک خستەوە، وێنەکانم لە دیوارەکان کردیتەوە، هەموو ئەو شتانەم کۆ کردەوە کە پەیوەندییان بە تۆوە هەبوو، لەگەڵ وێنەکانت خستمنە ناو کارتۆنێکەوە و باش دام خست و لەسەرم نووسی My past و لەژێر پێخەفەکەدا لە "خۆم" شاردەوە!

بەرگەی ئەوەم نەدەگرت لە چواردەورم بیت، هەر جارێک چاوم کەوتبێتە سەر وێنەیەکت، ناڵاندن لە دەرگای دڵمی داوە، بۆیە هەموو ئەو شتە مادییانەم لە خۆم دوور خستەوە کە تۆم وەبیر دێننەوە، بەو هیوایەی لەبیرچوونەوە لەناومدا ڕیشەکێشت بکات.

وەک هەمیشە پەیوەندیم بە یاسەمینەوە کرد، داوای لێبوردنم کرد بۆ دیارنەمانم لە ماوەی ڕابردوودا، پێم وت بە هەندێک هەلومەرجی سەختدا تێپەڕیوم و دواتر ڕۆیشتوومەتەوە بۆ ڕیاز. یاسەمین جیاواز لە جاران لێم بێزار بوو، پێنج مانگ بەسەر دواپەیوەندیی تەلەفۆنیماندا تێپەڕیبوو، هەوڵم دا لەگەڵ تووڕەبوونەکەیدا هەڵبکەم و لێی تێبگەم و بەڵێنم پێ دا لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا سەردانیی بکەم، تا لەسەر ئەوەی نێوانمان ڕێک بکەوین، ئەویش ڕەزامەندانە تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

نازانم لەم ماوەیەی دواییدا چیم بەسەر هاتووە، وەک ئەوەی بەڕاستی نەفرەتلێکردنی تۆ کاری لێ کردبم. لەگەڵ هەموو کەسێکدا هەست بە دڵمران دەکەم و لە هەموو شتێک وەڕسم. لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا هاوڕێیەتی من و ڕیما پاشەکشەی کرد، تینوێتیی زانینخوازی پاش چەند هەفتەیەک شکا و چەند نامەیەک لەنێوانماندا مایەوە کە ناوبەناو دەهاتن و دەچوون، هەندێک جار بۆ دڵڕاگرتن، هەندێک جاریش بۆ لەناوبردنی وەڕسی.

دوێنێ شەو هاتیتە خەومەوە، دەم بە زەردەخەنەوە بێدار بوومەوە و دڵخۆش بووم بە بینینت!

بینیم کارتۆنەکە لەژێر پێخەفەکە ڕادەکێشیت و وێنەکان

دەر دەهێنێت و دەیانگێڕێتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، منیش لەسەر پێخەفەکە ڕاکشابووم و چاودێریم دەکردیت. پێش تەواوبوون لە هەڵواسینی وێنەکان بێدار بوومەوە! کاتی بێداربوونەوە هەستم بە ئاسوودەیی کرد، نازانم ئاخۆ بینینەکەت شادمانی کردم، یان سمبولیبوونی خەوەکە. لەوانەیە خەوەکە یەکێک بوو بێت لە خۆدواندنەکان، بەڵام زۆر حەزم لێی بوو.

بە درێژاییی ڕۆژەکە بیرم لە خەونەکە و ئەو ئاسوودەبوون و هیوایە دەکردەوە کە لە ناخمدا جێی هێشتبوو. دەستم کرد بە بیرلێکردنەوەت، ئەو باڵندەیەی ژیانت پڕ جریوە کردم، منیش هەوڵم دا بێدەنگی بکەم، تا ڕووبەڕووی ڕۆژگاری بێدەنگ و وەڕسکاری بێ جریوە و فڕین و باڵندە ببمەوە.

کاتێک شەو داهات بیرم کردەوە پەیوەندیت پێوە بکەم، نەمدەتوانی بە مۆبایلەکەت پەیوەندیت پێوە بکەم، تا ژمارەکەم لات دەر نەکەوێت، بۆیە بڕیارم دا بە تەلەفۆنیماڵەوە پەیوەندیت پێوە بکەم، بەشکم گوێم لە دەنگت بێت، ئەگەرچی دڵنیا نەبووم لە گەڕانەوەت.

هەناسەدانم شپرزە بوو، دەستم خستە سەر دەمی تەلەفۆنەکە تا گوێت لێ نەبێت، ژمارەکەتم لێدا و چاوەڕوان بووم، پاش پێنج جار زەنگلێدان بێهیوا بووم لە وەڵامدانەوەت، پێم وا بوو هێشتا نەگەڕاویتەتەوە، تەلەفۆنەکەم لە گوێم دوور خستەوە، تا کۆتایی بە پەیوەندییەکە بهێنم، کەچی گوێم لە دەنگت بوو لە دوورەوە بەچپە وتت، Hello!

بڕیارم دابوو گوێم لە دەنگت بێت و تەنیا دڵنیا بم لە گەڕانەوەت، کەچی خۆم لە قسەکردندا بینیەوە: کەواتە

گەڕاویتەتـەوە!

بێدەنـگ بوویـت، هەناسـەدانی خـۆت ڕاگـرت، بۆیـە هیچـم لـە تۆوە پێ نەگەیشت، بەردەوام بوویت لەسـەر بێدەنگی، نە وشـەیەک، نـە پیتێک و نـە هەناسـەیەکت لێوە نەهات. دەمزانی دەدەیتـە پڕمـەی گریـان. وتـم، تکایـە جومـان، مەگری، تووڕە مەبـە و هەڵمەچۆ، تەمەنێکی تـر بـە خەفـەت و گریـان بەسـەر مەبـە.

دەنگەکـەت لەسـەرخۆ و دڵڕەقانـە گەیشـتە مـن: بۆچی پەیوەنـدی دەکەیـت؟

- دەزانیت بۆچی پەیوەندی دەکەم!

- جارێکی دیکە پەیوەندیم پێوە مەکەرەوە.

- دەزانیت ناتوانم بەڵێنی ئەوەت بدەمێ.

- دەزانـم دەتوانیـت هەمـوو شـتێک بکەیـت، جارێکـی تـر پەیوەندیـم پێـوە نەکەیتـەوە.

- باشـە جومانـە، هەرکاتێک پێویسـتت بـە هەرشتێک هەبوو پەیوەندیـم پێـوە بکـە، شـادمان دەبـم لـە کاتـی پێویسـتیدا لـە خزمەتـدا بـم.

بە سەرزەنشتکردنەوە: نا وەڵڵا، چاکەت لێ دەوەشێتەوە!

خواحافیزیـم لـێ کردیـت و کۆتاییـم بـە پەیوەندییەکـە هێنـا، بـەڵام ئـەم جـارە جیـاواز بوویـت، زیاتـر لـە هەرکاتێکـی تـر توندوتیـژ و سـارد و بڕیـاردەر بوویـت. لـە ڕاسـتیدا هیچ ڕۆژێک بـەم جۆرە نەبوویت و بە خەیاڵمدا نەدەهات ڕۆژێک بەم شێوەیە دڵڕەق دەبیت، جا هەرچییەکم دەرهەق و لەگەڵ کردبیـت.

لـە پەیوەندییـە تەلەفۆنییـە کورتەکەمانـەوە دەر کـەوت، کە

کۆتاییت بە من هێناوە و تێت پەڕاندووم، بەڵام دڵم باوەڕ بەوە ناکات جومان! چۆن دەتوانیت کۆتاییم پێ بهێنیت، لە کاتێکدا ناتوانم کۆتاییت پێ بهێنم! چۆن دەتوانیت ئەوە بکەیت جومان!

***

زیادیش هاتەوە، لە ماڵی محەمەد بووم کاتێک هاتە سەردانی، زیاد و محەمەد لە هەمان باڵاخانەدا دەژین، بۆیە بەردەوام بەبێ کاتدانان و مۆڵەتوەرگرتن سەردانی یەکتری دەکەن.

هەریەکێکیان کیلونی ماڵی ئەوی دیکەی لا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زیاد کیلونەکەی بەکار نەهێنا و لە زەنگی دەرگاکەی دا، تا بە بوونم سوپڕایز بێت، وەک چۆن بە هاتنەژوورەوەی ئەو تووشی سوپرایز بووم.

کاتێک زیاد منی بینی شڵەژا، منیش شڵەژام. لەسەر قەنەفەکە دانیشتبووم، دەستی بۆ درێژ کردم: سڵاوت لێ بێت عەبدولعەزیز!

هەستامە سەرپێ، وەک باوەشپێداکردنی دوو هاوڕێ، پاش یەکترنەبینینێکی درێژخایان، باوەشمان بە یەکتردا کرد. دانیشت و دەستی کرد بە باسکردنی دواکەوتن و ئاڵۆزییەکانی گەشتەکەی کرد، کە سەختترین گەشتی بووە و نەفرەتیی لەو هێڵی ئاسمانییانە کە گەشتی لەگەڵ کردبوون و ئامۆژگاریی کردین هەرگیز بەوانە گەشت نەکەین.

دەستمان کرد بە باسکردنی باشترین و خراپترین هێڵە ئاسمانییەکان و ئەو گەشتە سەختانەی تووشمان بووە.

محەمەد بۆ گۆڕینی بابەتەکە لێی پرسیم، با واز لەو بابەتە بهێنین، پێمان بڵێ پیرۆزباییت لێ بکەین؟

بەکورتی: نەخێر.

- ئۆف، چی ڕووی دا؟

- لە هاوسەرگیری پاشەکشەم کرد، ڕەتی کردمەوە.

محەمەد هاواری کرد، بێگومان گاڵتە دەکەیت!

زیاد بەبێدەنگی لێم ڕامابوو، دەستی لەسەر دەمی دانابوو و بیری دەکردەوە، وەک ئەوەی دەمی ناچار بکات بێدەنگ بێت و پیتێکی لێ نەیەتە دەرەوە. وتم، ئەمە ڕووی دا، پێم وایە ترساوە.

- بۆ چرکەیەکیش ئەوەمان بە خەیاڵدا نەهاتووە، هەموومان دەزانین جومانە چەند تۆی خۆش دەوێت.

- لەوانەیە ئەوە بۆ من و ئەویش باش بێت.

لە کاتێکدا زیاد کوپی قاوەکەی لە دەمی نزیک دەکردەوە وتی، هەمیشە خوا باش هەڵدەبژێرێت، پشووەکەت چۆن بوو محەمەد؟

زیاد بەخێرایی کۆتاییی بە بابەتەکە هێنا، نازانم ئاخۆ لەبەر ئەوەی ئارەزووی بیستنی وردەکارییەکانی نەبوو، یان بەڕاستی سەرتاپای بابەتەکە پەیوەندیی بەوەوە نەبوو.

کەوتمە بیرکردنەوە دەربارەی ئەو هۆکارە ڕاستەقینەیەی وای لێ کردم بانگەشەی ئەوە بکەم تۆ لە هاوسەرگیرییەکە پەشیمان بوویتەتەوە. ئایا ئەوە هەوڵدانێکی نائاگایانەمە بۆ پاراستنی شکۆی خۆم، یان ئارەزوویەکی توندە بۆ ئەوەی لە لایەن کەسەوە سەرزەنشت نەکرێم!

لە زیاد ڕامام، کاتێک باسی گەشتەکەی بۆ محەمەد

دەکرد. بیرم کردەوە تۆ بڵێی ئەم جارەش پشتم تێ بکات و سەرلەنوێ هەوڵ بدات پێت بگات! ئایا ئەوەی لەنێوانماندا ڕووی دا ئەم جارە پاڵت پێوە دەنێت بۆ لای زیاد!

دەمزانی ئێستا ئازاد بوویت و بە شێوەیەکی ڕەسمی، کە گومان هەڵناگرێت و نارەزایی بەرامبەر دەر نابڕێت. ئەوەی لەنێوانماندا ڕووی دا تەلاقێکی ئاشکرا بوو بەبێ هاوسەرگیری، بۆیە هیچ کەسێک سەرزەنشتت ناکات، ئەگەر بچیتە پەیوەندییەکی خۆشەویستیی نوێوە، بەڵام جومان تۆ ڕازی نابیت بچیتە ناو سەرکەشیی سۆزدارییەوە و ناوێریت ئەزموونی بکەیت. ئایا دەستبەرداری وریایی و پەرۆشت دەبیت بۆ ئەزموونکردنی پەیوەندییەکی نوێ، ڕێگە بە خۆت دەدەیت کەسێک بناسیت کە لەوانەیە مەسەلەکان لەگەڵیدا بە خۆشەویستییەکی نوێ کۆتایی بێت!

بیرۆکەکە زۆر بێزاری کردم، ئەگەری مەسەلەکە تۆقاندمی. هەستم کرد شوێنەکە جێگەی منی لێ نابێتەوە، لێدانی دڵم زیاتر بوو و هەناسەسوار بووم، تا وام لێهات نەمدەتوانی هەناسە بدەم. هەستم کرد دەست و قاچەکانم گرژ بوون و هەوڵم دەدا هەناسە هەڵمژم. محەمەد و زیاد، کە خەریکی گێڕانەوەی پشووەکەیان بوون، ئاوڕیان لێ دامەوە و دەستوبرد لە جێگەی خۆیان ڕاست بوونە، محەمەد دەستی کرد بە ڕاوەشاندنم: عەبدولعەزیز، عەبدولعەزیز چیتە؟

پیتەکان نەیانتوانی قورگم جێ بهێڵن، وشەکان لە بینم گیران، نە هاتنە دەرەوە و نە ڕێگەیان بە هەوا دا بچێتە ژوورەوە. هەستم کرد لەشم زیاتر گرژ دەبێت، دەستم گرت بە ملمەوە تا تێبگەن کە ناتوانم هەناسە بدەم. محەمەد

هاواری دەکرد و بەتوندی ڕای دەوەشاندم و دەستی دەکێشا بە پشتمدا، وەک ئەوەی بزانێت شتێک لە بینم گیراوە. زیاد پێی وت، نۆبەی ترسە، تەنیا نۆبەیەکی ترسە، عەبدولعەزیز. تۆ دەزانیت نۆبەیەکی ترسە، دەزانیت بەڵات لێ نییە و نامریت. بڕوانە ئێمە لە دەورتین.

محەمەد هاواری کرد، چییە؟ چیی بەسەر هاتووە؟

زیاد وتی، نیگەران مەبە و کاتی بدەرێ هەندێک ئارام بێتەوە.

زیاد دەستێکی گرتم، لە کاتێکدا محەمەد لەسەر دەسکی ئەو قەنەفەیە دانیشت کە من لەسەری دانیشتبووم و دەستی خستە سەر شانم. زیاد وتی، عەبدولعەزیز لەسەرخۆ هەناسە بدە، تۆ باشیت، هەناسە بدە، دەبینم هەناسە دەدەیت، بیر لە شتێکی خۆش و دوور بکەرەوە، وای وێنا بکە ئێستا لە مالدیڤیت، بڕوانە دەریای پیرۆزەیی، لمە سپییەکان و ئەو سەوزییەی درێژ بووەتەوە بۆ ئاسمان.

بەتوندی هەردوو چاوم داخست، هەوڵم دا وێنەی دوور بهێنمە پێشەوە، وردەوردە دەستم بە بینینی درەخت و لمەکان کرد و دەنگی شەپۆلەکانی دەریا بەر گوێچکەکانم کەوت. هەستم کرد هەوا دەچێتە ناو سییەکانم و لێدانی دڵم ئارام دەبێتەوە، دەست و قاچم نەرم و خاو بوونەوە، ئەو ئارەقە ساردە بووەوە کە لە گەرما و ترسدا لێم دەچۆڕایەوە.

بەدەم هەناسەسوارییەوە پێم وتن، باشم، باشتر بووم، نیگەران مەبن.

زیاد وتی: نیگەران نەبووین، دەزانین باشیت.

– داوای لێبوردن دەکەم، ئەگەر ئێوەم ترساندبێت.



Scanned with CamScanner

محەمەد بە گاڵتەوە: دەزانم ئەو کاتە ئاسوودە بوویت کە وێنای ژنە ڕووتەکانی مالدیڤت کرد!

لە کاتێکدا بە دەستم ئارەقەی ساردی ناوچەوانم سڕی، بەدەم زەردەخەنەوە وتم، زۆر داوای لێبوردن دەکەم، ماوەیەکی درێژە ئەم بارە لەناکاو هەڵمەتی بۆ نەهێناوم.

زیاد لە شوێنی خۆی دانیشتەوە: پێدەچێت لەژێر فشاری زۆردا بێت، ئارام بەرەوە، هەموومان تاوناتاو بە هەلومەرجی وەهادا تێدەپەڕین، گرنگ ئەوەیە بەئاسانی وەری بگریت، تا گیرۆدەی دەستی فشارەکان نەبیت.

محەمەد لێی پرسیم، لە کەیەوە ئەو نۆبانەت بۆ دێت؟

- چەند ساڵێکە، بۆ ماوەیەکی درێژ دیار نامێنێت و تاوناتاوێک سەردانیم دەکات.

- دەربارەی ئەوە ڕاوێژت بە کەس نەکردووە؟

- کردوومە، وەک پێم وتن ئەوە چەند نۆبەیەکە دێن و دەڕۆن.

بۆ خۆشکردنی کەشەکە لێی پرسیم، ئایا چارەسەرەکەی هەمیشە کچانی مالدیڤە؟ پێم بڵێ، تا ئەگەر نۆبەکەت بۆ هاتەوە فریات بکەوم.

بە گاڵتەپێکردنەوە وتم، با لەگەڵ هەر نۆبەیەکدا بیرۆکەیەکی تازەت بۆ بێت، با داهێنەر بیت محەمەد. محەمەد و زیاد پێکەنین و هەوڵیان دا بابەتەکە بگۆڕن... هەستم بە هەراسانی و ترسیش کرد، دووبارەبوونەوەی ئەو نۆبانەی ترس دواشت بوو ئاواتەخوازی بم یان چاوەڕوانی بم، هاتنەوەی ئەم شەوی مانای ئەوەیە لە ماوەی داهاتوودا زۆر سەردانیم دەکات.

لـە ئێسـتادا نۆبەکانـی تـرس دواشـتن ئاواتەخوازیـان بـم، هاتنەوەیـان بەنەفـرەت بێـت، ئـەوە بەنەفـرەت بێـت کـە ئەوانـی بـۆ گێڕامـەوە، نەفـرەت لـە زیـاد بێـت، لـە تـۆش جومـان!

***

ئەم جارە بڕیاردەر بووم بەرامبەر بە جیابوونەوەکەمان.

کاتێـک ڕیـازم جـێ هێشـت، بـۆم دەر کـەوت لـە نائاگاییمـدا دڵنیـام لـەوەی مەسـەلەکانی نێوانمـان وەک خۆیـان لـێ دێتـەوە! لەوانەیـە لەبـەر ئـەو بووبێـت کـە زۆر جـار دەمەقاڵێمـان بـووە، دەشـێت لەبـەر ئـەوە بێـت کـە سـاڵی ڕابـردوو لەنێوانماندا ڕووی دا و گەڕایتـەوە و وای لـێ کـردم هەسـت بکـەم هـەر چییەک ڕوو بـدات چارەنووسـمان پێکـەوە گرێـدراوە.

لـە ڕاسـتیدا تـا ئێسـتا هەسـت بـەوە دەکـەم، هێشـتا هەسـت دەکـەم لـە ڕۆژێـک و ژیانێکـی دیارکـراودا ڕێگەکانمـان پێـک دەگـەن.

درۆت لەگـەڵ ناکـەم، ناتترسـێنم، چونکـە سـەرباری ئـەوەی ڕووی دا و وێڕای گەرمیـی تامەزرۆبـوون پەیامبەرێکی شـاراوە لـە ناخمـدا مـژدەی ئـەوەم پـێ دەدات، ئـەوەی لەنێوانماندایـە لـەوە گەورەتـرە کـە ڕووداوێـک وێرانـی بـکات.

ئەمـڕۆ لـە زانکۆ تۆم بینی، سـەرەتای سـاڵی خوێندن بوو، زۆربـەی خوێنـدکارەکان لـە بەسـەربردنی پشـووی نیمچەدرێژ لـە نیشـتمانەکانیان گەڕاونەتـەوە. لـە دوورەوە تـۆم بینـی، دەم بـە زەردەخەنـە دەڕۆیشـتیت و سـڵاوت لـە هەمـوو ئەوانـە دەکرد کـە دەتناسـین و دەهاتنـە سـەر ڕێـت... سـەرباری پاشماوەکانی



Scanned with CamScanner

خەمباری بە ڕوخسارتەوە، پرشنگدار و ڕەنگاوڕەنگ و دەم بە زەردەخەنە بوویت.

لێت نزیک بوومەوە، تەواو بەرامبەرم بوویت، کاتێک منت بینی زەردەخەنەیەکی نەرمونیان و لووتبەرزانە کەوتە سەر لێوت. کتێبەکانی دەستت نا بە سنگتەوە و وتت، بەیانیت باش!

دەستم بۆ درێژکردیت، لە کاتێکدا کتێبەکان بە سنگتەوە بوون، بە دەستی چەپت تۆقەت لەگەڵ کردم. وتم، بەیانیت ڕۆشەن جومان، چۆنیت؟

لە کاتێکدا دەتڕوانییە ملی کراسەکەم، وەڵامت دامەوە، سوپاس بۆ خوا باشم، ئەی تۆ چۆنیت؟

وتم، باش دەبم!

ئەوەت فەرامۆش کرد کە وتم، لە کاتێکدا سەیری دەوروبەرت دەکرد، لێت پرسیم، ڕۆبێرت و باتی چۆنن؟

- باشن، بەردەوام هەواڵت دەپرسن.

- ئازیزی منن! سڵاوی منیان پێ بگەیەنە.

ویستم شتێک بڵێم، بەڵام سەیری کاتژمێرەکەت کرد، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی دوا کەوتوویت، یان هەستت بە وەڕسبوون کرد! دەم بە زەردەخەنەوە وتت، ساڵێکی سەرکەوتوو و بەختەوەر عەبدولعەزیز.

بە بانگکردنم بە تەواوی ناوی خۆمەوە بریندارت کردم، پێم وتیت، بۆ تۆش جومانە!

سەری سوپاسگوزاریت لەقاند و جێت هێشتم، ئاوڕم لێ دایتەوە، کاتێک بە نەرمە هەنگاو دوور دەکەوتیتەوە، چاودێریم کردیت. هەستم کرد دڵی منت لەگەڵ خۆت

بردووە، بینیم دوور دەکەویتەوە، لێت ڕامام، بێ ئەوەی هەنگاوێک لە شوێنی خۆم دوور بکەومەوە. بینیم بەسەر پێپلیکانەی لاوەکیدا سەر دەکەویت، ئینجا ئاوڕت لێ دامەوە، چاوەکانمان پێک گەیشتن، دواجار ڕووت لێ وەر گێڕام و ڕۆیشتیت.

لە کاتی گفتوگۆکەماندا هەرگیز سەیری چاوەکانت نەکردم، دوور دەتڕوانی، ئەگەرچی لە بەردەممدا ڕاوەستا بوویت، بەڵام دوور دەتڕوانی، دەر کەوت ئەوەی لە دڵتدایە دەرهەق بە من لە گلەیی زیاترە. نامەیەکم بۆ ناردیت: زویریت لێم؟

وەڵامت دامەوە، ئاساییە!

هەوڵت دا ئەوەی نێوانمان بێبایەخ بکەیت، هەوڵت دا هەستی فەرامۆشکردنم پێ ببەخشیت، بە ئەندازەیەک کە یەکترناسینەکەمان ئاسایی بوو، ئەوەی لەنێوانماندا ڕووی دا ئاسایی بوو، نامەیەکی گلەییم بۆ ناردیت: ئاساییە! ئای چەند چاوبرسیت!

وەڵامت نەدامەوە! لێگەڕایت بە دڵڕەقییەک، کە لە تۆ ناوەشێتەوە، تاڵیی چاوەڕوانی بنۆشم. پاش یەکتربینینەکەمان زیاتر لە جارێک پەیوەندیم پێوە کردیت، کەچی وەڵام نەدانەوەت ڕای چڵەکاندم و ترس لە دڵمدا زیاتر و زیاتر و زیاتر بوو.

دەمزانی سزام دەدەیت، بەڵام بەردەوامیی فەرامۆشکردن سنووری سزادانی تێپەڕاند و وای لێ هات دابڕان و فەرامۆشکردنەکە دەیترساندم، وام لێ هات هەست بکەم کەتوویتەتە ناو ژیانێکی نوێوە کە منی تێدا نیم، ئەمەش زۆر تۆقاندمی و بووە مایەی دەستپێکردنی هاوسەنگی لەدەستدانم.



Scanned with CamScanner

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر یاسەمین پەیوەندیی پێوە کردم و داوای لێ کردم سەردانیی بکەم، هەستم کرد نە لە ڕووی دەروونییەوە و نە لە ڕووی سۆزدارییەوە ئامادە نیم بۆ ئەو سەردانیکردنە، هەستم کرد هێزم ئیفلیج بووە و توانای جوولە، بەرهەمهێنان، چێژوەرگرتن و ژیانبەسەربردنم نییە، بۆیە داوای لێبوردنم لێ کرد و بەڵێنم پێ دا بەم زووانە و کاتێک کاروبارەکانم باش دەبن، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان جگە لە تۆ هیچی تر نییە، سەردانیی دەکەم.

زیاتر لە جارێک لە زانکۆ پێک گەیشتین، هەندێک جار لە دوورەوە ئاماژەت بۆ دەکردم، هەندێک جاری تریش لەگەڵمدا ڕادەوەستایت بۆ سڵاوکردن، هیچ خۆشەویستییەک لە ئاخاوتنەکانماندا نەبوو! ئاخاوتنی هاوڕێیەتی خوێندکارانەی سارد و دڵڕاگرتن بوو، زیاتر لە جارێک هەوڵم دا درێژەی زیاتر بە ئاخاوتنەکانمان بدەم، کەچی بەتوندی بەرپەرچت دەدامەوە. پاش سەردانینەکردنی قاوەخانەکەشمان، کە شوێنی یەکترناسین و خۆشەویستیمان بوو، زانکۆ بەلامەوە بووە خۆشەویسترین شوێن.

تۆ تەنیا جێت نەهێشتووم، بەڵکو ئەو قاوەخانەیەشت جێ هێشتووە کە چەندین ساڵ پێکەوەی کۆ کردینەوە، بۆیە هەر جارێک سەردانیم کردبێت هەموو کارمەندەکانی هەواڵیان پرسیویت. هەموو ڕۆژێک و لە هەمان کاتی یەکتربینینماندا دەچوومە ئەوێ، بەو هیوایەی ڕۆژێک دەر بکەویتەوە!

خۆلادانت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نەگۆڕتر دەبوو، گشت هەوڵدانەکانم بێهودەتر دەبوون. خۆلادانت متمانەی بەو خۆشەویستییە لاواز دەکردم کە پێکەوەی دەبەستین، وام

لێهات گومان بەوە بکەم ڕۆژێک دەرفەتی گێڕانەوەی حیکایەتەکەمان هەبێت.

سەرباری ئەو هەموو شتەی لە ناخمدا دەستەویەخە بووم لەگەڵیان، بەڵام هەوڵم دا هاوڕێکانمی لێ بەدوور بگرم، هەموو ڕێگەکانی پرسیارکردنم لێ داخستن، خۆم لە هەموو ئاخاوتنێک دەربارەت بەدوور گرت، ئەوانیش درکیان بەوە کرد کە پێویستم پێیەتی، بۆیە هیچ کامێکیان نەیوێرا باسی تۆ و ئەوە بکات کە لەنێوانماندا بوو و هێشتا لەنێوانماندایە.

محەمەد بانگهێشتی کردم بۆماڵەکەی، پێی ڕاگەیاندم کە ئەو و زیاد بەدیار یارییەکانی پاڵاوتنی جامی جیهانییەوە دادەنیشن. بەلای قاوەخانەیەکدا تێپەڕیم، کێکێکی تازە و قاوەم بۆ هەریەکێکمان کڕی و کەوتمە ڕێ بەرەو ماڵی محەمەد.

زیاد لە چێشتخانەکە بوو و خەریکی ئامادەکردنی بریانی بوو، تا پێش دەستپێکردنی یارییەکان بیخۆین، محەمەد باسی ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی کرد کە داوای لێ کرابوو ئامادەی بکات. دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەی زیاد لەسەر مێزەکە بەرز بووەوە، محەمەد بانگی زیادی کرد تا وەڵامی تەلەفۆنەکەی بداتەوە، بە دەنگێکی بەرز وتی دواتر وەڵامی دەداتەوە.

دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە بێزارکەر و کلاسیکی بوو، محەمەد بەجۆشوخرۆش بوو لە ئاخاوتنەکەیدا، بۆیە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت تا بیخاتە باری بێدەنگییەوە و وتی، بێزاری کردین!

کاتێک محەمەد تەماشای تەلەفۆنەکەی کرد، ناوچەوانی گرژ کرد، ئینجا نائاگایانە و سەرسووڕماو هەردوو چاوی



Scanned with CamScanner

بەرز کردەوە، نازانم بۆچی لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا تێگەیشتم ئەوە تۆیت پەیوەندی دەکەیت! بە خێرایی هەستامە سەرپێ تا تەلەفۆنەکە لە محەمەد بسەنم، بەڵام محەمەد بەتوندی لێی وەر گرتم تا ناوت لە تەلەفۆنەکەدا نەبینم. بە هەردوو دەستم تەلەفۆنەکەم لە محەمەد سەند، بینیم ناوی تۆ لە لیستی ئەو کەسانەدایە کە پەیوەندییان کردووە.

هەستم کرد چەندین تەن بەفر بەسەر جەستەمدا دەبارێت، گوێم لە دەنگی محەمەد بوو دەیوت، ئەهریمەن یاری بە ئەقڵت نەکات، لەوانەیە ویستبێتی هەواڵت بپرسێت!

لیستی نامەکانم کردەوە، بینیم لە دوانەمەدا نووسیوتە، "بیری دەکەم!" هەستم کرد لە بەردەمی محەمەددا دەروازەیەکم بۆ شکۆی خۆم دۆزیوەتەوە، تەلەفۆنەکەم خستە بەرچاوی تا نامەکە بخوێنێتەوە، وەک ئەوەی تاقە بەڵگە بێت بۆ قوتارکردنی شکۆی خۆم لە بەردەمی ئەودا!

لە کاتێکدا محەمەد هەناسەسوار بوو، وەک ئەوەی هەڵوێستەکە ئەویش تووشی لەڕووداوامانی کردبێت، وتی، بینیت! وەک پێم وتیت.

- محەمەد، دەتوانیت بەڵێنێکم پێ بدەیت.
- دڵنیا بە، فەرمان دەکەیت.
- نامەوێت زیاد بزانێت مۆبایلەکەیم بینیوە.
- باشە، بەڵام بۆچی؟
- تەنیا نامەوێت ئەوە بزانێت و هیچی تر.

محەمەد بە تێگەیشتنەوە: باشە، باشە.

بۆ دڵنیایی وتم، بەڵێنە محەمەد؟

- بێبەلا بیت، بێگومان.



Scanned with CamScanner

بەناچاری شەوەکەم لەگەڵیان بەسەر برد، هەوڵم دا سروشتی دەر بکەوم، بەڵام نەمتوانی. خۆشبەختانە کاتێک یارییەکە دەستی پێ کرد زیاد لە ئامادەکردنی بریانییەکە بووەوە، سەیرکردنی یارییەکە گفتوگۆکانمانی کورت کردەوە، زۆر جار تەنیا پەیوەندییان بەوەوە هەبوو کە لە یارییەکەدا ڕووی دەدا. کاتێک یارییەکە تەواو بوو مۆڵەتم لێ وەر گرتن و ماڵەکەم جێ هێشت و دڵم بە ئاگری دڵپیسی و تووڕەیی و ڕق قوڵپی دەدا.

***

مانگی یونی (حوزەیران) هات و جەژنی لەدایکبوونت نزیک بووەوە، ناتوانم ڕۆژی لەدایکبوونت لەبیر بکەم، ئەو ڕۆژەی هاتیتە ژیانەوە تا ڕێڕەوی ژیانم بگۆڕیت، هەمیشە وێنای ئەو ڕۆژە دەکەم کە تێیدا لەدایک بوویت، ئاخۆ ساتەوەختی چاوهەڵهێنانت بە ڕۆشنایی من چیم کردبێت...

پێت وتم کاتژمێر دەی سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە لەدایک بوویت، واتە لە ڕۆژێکی خوێندنم لە قوتابخانە. بیر لەو ساتەوەختە دەکەمەوە کە تێیدا هاتیتە دنیاوە، ئایا ئەوساکە دڵم کەوتۆتە ترپەترپ؟ ئایا دڵتەنگ بووم؟ ئایا هەستم بە هیچ گۆڕانکارییەک لە ژیان یان هەستەکانمدا کردووە؟

پێم وا نییە بەلای منەوە ڕۆژێکی ئاسایی بووبێت، ماقوڵ نییە کاتی لەدایکبوونت لە گۆڕەپانی قوتابخانە یاریم کردبێت یان لە وانەی بیرکاریدا باوێشکم دابێت، بێگومان هاتنە دنیات



Scanned with CamScanner

بە ئەندازەیەک ڕای وەشاندووم و بە شێوەیەک دەستی پێدا هێناوم، ئەگەر نەشمناسی بێت.

بیستوچوار ساڵ بەسەر هاتنەدنیاتدا تێپەڕیوە، نزیکەی چارەکە سەدەیەک، هەمیشە دەتوت لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا شوو دەکەیت، لە تەمەنی بیستوحەوت ساڵیشدا منداڵت دەبێت. تۆ لە ژیانتدا نەخشە بۆ هەموو شتێک دادەنێیت، ژمارە و ڕۆژەکان دەژمێریت، لە ڕووی دەروونی و مەعنەوییەوە خۆتیان بۆ ئامادە دەکەیت، وەک ئەوەی حەقیقەتێکی نەگۆڕ بن.

بەڕاستی ساڵی داهاتوو شوو دەکەیت جومانە؟ شوو بە کێ دەکەیت؟ ژنی من دەبیت یان ژنی کەسێکی تر، کە نە ئاشنایە بە ڕۆژەکانت و نە بە ئامادەکارییەکانت بۆ هاوسەرگیری و دایکایەتی و ژیان!

ئەمڕۆ گشت زەنگەکانی هۆشداری لێیاندا! هەموو شتێک وریام دەکەنەوە کە ڕۆژەکەت نزیک بووەتەوە! مۆبایلەکەم، لاپتۆپەکەم، ڕۆژژمێرە کاغەزییەکەم، هەموو شتەکان کەوتنە چریکاندن: یونی هات، جومان هات!

تۆ زۆر حەزت لە یونییە، هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەیت کە تۆ و مانگەکەت لە زۆر پیتدا هاوبەشن، هەرکاتێک باسی یونی هاتبێتە پێشەوە، بەجۆشوخرۆشی منداڵییەوە وتووتە، من لە Juneدا لەدایک بووم و ناوم Jumanیە، من و مانگەکەم لە زۆربەی پیتەکاندا هاوبەشین، تا ڕادەیەکیش لە جوانجەکردندا لێک دەچن. هەمیشە بەجۆشوخرۆشی یەکەمین جارەوە ئەوەم پێ دەڵێیت، منیش لە ناخەوە و بە یادی ئەو ماسییە پێ دەکەنم کە سەری بچکۆلەی قاڵ کردوویت.



Scanned with CamScanner

هەمیشە هەفتەیەک پێش ڕۆژی لەدایکبوونت وریاکردنەوەم دادەنا، تا ئامادە بم بۆ سوپرایزەکەت. وریاکردنەوەکەت وەک هەمیشە پێشوەخت هات، تا ماوەی ئازارم لە سەرەتای یونییەوە تا ڕۆژی لەدایکبوونت درێژە بکێشێت.

ئەم جارە توانای ئەوەم نییە خۆم بسەپێنم بەسەرتدا، گشت ئاماژەکانت هێما بۆ ئەوە دەکەن نزیک نەبمەوە، بەڵام چۆن دەتوانم یونیی بێ ژیان لەگەڵ تۆ بەسەر بەرم، وەک تۆ بەردەوام پێم دەڵێیت ئەو Juneیە و تۆش Juman!

دوو ڕۆژ پێش یادی لەدایکبوونت چوومە دەرەوە بۆ گەڕان بە شارەکەدا، دەبێت تۆ و یونیش لە سەرم دەر بکەم، بەلای چەندین دوکاندا تێپەڕیم، تا گەیشتمە دوکانێکی فرۆشتنی ئاژەڵی ماڵی. چوومە ژوورەوە بۆ سەیرکردن، پشیلەیەکی سپیی بچکۆلەی بەرەڵاکراوم بینی کە تەمەنی دوو هەفتەی تێنەدەپەڕاند، فرۆشیارەکە پیشانی منداڵێک و باوکی دەدا. پشیلەکە قاچی گرتم وەک ئەوەی هانام بۆ بهێنێت، سەیرم کرد، دەموچاوی خۆی بە پێم دەسڕی و دەپاڕایەوە کە بیبەم.

پشیلەکەم کردە باوەشم، بچووک و بە ڕادەیەکی نائاسایی سپی بوو! دەستوبرد حەزم لێ کرد. باوکی منداڵەکە پێی وتم، پێ دەچێت خۆشی ویستوویت!

زەردەخەنە گرتمی: پێ دەچێت خۆشەویستی بێت لە یەکەم نیگاوە، منیش زۆرم خۆش ویست.

دەم بە پێکەنینەوە وتی، نامانەوێت خۆشەویستییەکەتان وێران بکەین، ئەگەر دەتەوێت بیبە، ئێمە پشیلەیەکی دیکە دەکڕین. بە هەرحاڵ منداڵەکەم پشیلەیەکی خۆڵەمێشیی



Scanned with CamScanner

دەوێت.

زۆر سوپاسی ئەو و منداڵەکەشم کرد، پشیلەکە و هەندێ پێداویستیی ئەوم کڕی و لەگەڵ خۆم بردمەوە بۆ ماڵەوە. بە درێژاییی شەو بیرم لە ناوێک کردەوە، واقوڕماو بووم لەنێوان "June وPure"دا. بە June بانگم کرد ئاوڕی لێ نەدامەوە، کەچی سەیر ئەوەیە کاتێک بە Pure بانگم کرد، یەکسەر ئاوڕی لێ دامەوە. بەو جۆرە پشیلەکە بە ویستی خۆی و من بووە "Pure".

دوو ڕۆژی تەواو بایەخم بە پشیلەکە دا و ڕۆژی سێیەم، کە هەمان ڕۆژی لەدایکبوونت بوو، بردم بۆ ئەو دوکانەی لێم کڕی بوو، تا پاکی بکەنەوە و قەفەزێکی جوانم کڕی و خستمە ناوی. کارتێکم پێوە کرد کە قەسیدەیەکم لەسەر نووسیبوو، ئینجا ڕووم کردە ماڵەکەت.

بە درێژاییی ڕێگەکە بیرم کردەوە، چیت پێ بڵێم ئەگەر لە بەردەرگا یان ناو باڵاخانەکە ڕووم بە ڕووتەوە بوو، لە خوا پاڕامەوە ئەم جارە ڕووم بە ڕووتەوە نەبێت، بەوریایی هاتمە ناو باڵاخانەکە، سندوقەکەم لە بەردەمی دەرگاکەدا دانا و دەستوبرد هاتمە خوارەوە. لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە نامەیەکم بە تەلەفۆن بۆ ناردیت: هەموو ساڵێک پیرۆز ئازاری دڵم، دیارییەکەت لە بەردەرگایە!

چەندین خولەک تێپەڕین و وەڵامت نەبوو، لە بەردەم ترافیک لایتێکدا ڕاوەستا بووم نامەکەتم پێ گەیشت، تێیدا نووسیبووت، پشیلەکە ناوی چییە؟

وەڵامم دایەوە، Pure، وەک تۆ!

ـ خۆشم ویست.

- چەند ئیرەییی پێ دەبەم!

- هەمیشە خۆشم ویستوویت!

نامەکەت گلەیی بوو، منیش بە گلەیییەوە نووسیم، بەڵام ئێستا وازت هێناوە.

- بەڕاستی وام کردووە؟

دەم بە زەردەخەنە بۆم نووسیت، وات کردووە؟

پاش چەند خولەکێک دوانامەتم بەدەست گەیشت و پرسیارەکەمت فەرامۆش کردبوو: سوپاس بۆ دیارییەکەت.

دوای هاتنی نامەکانت، کە سەرباری گلەیی نەرمونیان بوون، زۆر ئاسوودە بووم، هەستم کرد لە ڕێگەیانەوە سەرلەنوێ دەرگات بۆ کردوومەتەوە، بە شەرم و وریایییەوە کردووتەتەوە، گرنگ ئەوەیە دواجار کردتەوە، بەلامەوە گرنگ نەبوو بە چ شێوازێک، بەڵکو ئەنجامەکەم بەلاوە گرنگ بوو، ئەنجامەکە و هیچی تر.

پاش چەند خولەکێک بیرکردنەوە تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و پەیوەندیم پێوە کردیت، لە وەڵامدانەوەکانت دڵنیا نەبووم، بەڵام نامەکانت هانیان دام هەوڵ بدەم. پاش چەند زەنگێک وەڵامت دامەوە، پێم وتیت دوودڵ بووم لە پەیوەندیپێوەکردنت، بەڵام نامەکانت هیوابەخش بوون بۆ ئەوەی بانگهێشتکردنەکەم بۆ نانخواردنی ئێوارە قبوڵ دەکەیت.

بەدوودڵی وتت، پێم وا نییە بیرۆکەیەکی دروست بێت، پێویست ناکات دەرگایەک بکەینەوە کە ماوەیەکە دامان خستووە.

بە پاڕانەوەوە وتم، تکایە جومان، تەنیا ئەمشەو، با گشت ناکۆکییەکانمان لەبیر بکەین.



Scanned with CamScanner

لێت پرسیم، بۆچی خۆمان هەڵخەڵەتێنین؟

- چونکە شەوی جەژنی لەدایکبوونتە، تکایە جومان با پێکەوە وەک جاران ئەمشەو بەسەر بەرین، تەنیا ئەمشەو جومانە.

بە دەنگێکی دوودڵ لێت پرسیم، لەکوێ یەک ببینین؟

- حەز دەکەیت لە قاوەخانەکە یەکتری ببینین؟

- نا نا نا، قاوەخانەکە نا، نامەوێت کەسێکی ناسیاو بمانبینێت.

- باشە، دێم بەشوێنتدا و دەچینە خواردنگەیەکی جوان، کەی ئامادە دەبیت؟

- کاتژمێر حەوت.

- کاتژمێر حەوتی تەواو لە بەردەمماڵەکەتاندا دەبم.

هەناسەم هەڵکێشا و لەگەڵ تۆ تەلەفۆنەکەم داخستەوە، ئای یونی چەند بەخشندەیە!

***

وەک جاران هاتیت، بە هەمان ناسکیت، هەروەها نەرمونیانی و گەشانەوەی چۆکپێدادەرت... وەک جاران هاتیت، بە دڵێکی گەورە و خۆشەویست و بێگەردەوە.

زۆر پێکەنین، گاڵتەی زۆرمان کرد و قسەی زۆرمان کرد، بێ ئەوەی باسی هاوینی ڕیاز و ئەوە بکەین کە ڕووی دابوو. تامەزرۆی داوای لێبوردن بوویت، وەک چون من تامەزرۆی بووم، پێویستت بەوە بوو خۆش بیت، چونکە تەنیا لە لێخۆشبووندا چاکیت، منیش پێویستم بەوە بوو لێم

ببوریت، چونکە ناتوانم لێت دابڕێم.

چاوەکانت خۆشەویستییان لێ دەدرەوشایەوە، وەک چۆن لە سالانی ڕابردوودا دەدرەوشانەوە... ئەو درەوشانەوەیە گەڕایەوە کە دڵم لە بەردەمیدا هەڵدەلەرزێت، گەڕایەوە بۆ چاوەکانت و بە هۆیەوە ڕۆحم ڕۆشەن بووەوە.

کاتی قسەکردن لێت ڕامابووم، تۆ چارەنووسی منیت! هەر چەند لێت هەڵبێم هەر چارەنووسی من دەبیت، (تۆ ئەو کچە بچووکەیت،) هەر چەندە گەورە و پیر بین، خۆشم دەوێت و خۆشی دەوێم. ڕۆژگار و سالان هەرچییەکمان پێ بکەن، تۆ ئەو وێستگەیەیت کە ژیانم لێی ڕادەوەستێت، وەک چۆن ئەو وێستگەیە بوویت کە ژیانی ڕاستەقینەم لەوێ دەستی پێ کرد.

کاتی نانخواردنی ئێوارە بە تەلەفۆنەکەم پێنج نامەم بۆ هات، یەکێکیان لە ڕیماوە بوو، ئەویتریان لە یاسەمینەوە، وەک ئەوەی کۆشش بکەن بۆ تێکدانی گەڕانەوەمان، ڕیما لە نامەکەیدا نووسیویەتی، عەزوزی، من لە بارێکی دەروونیی خراپدام، مەسەلەکان لەگەڵ یوسف ئاڵۆزتر بوون، نازانم چی بکەم. کەی توانیت پەیوەندیم پێوە بکە... نامەکەیم سڕییەوە، نامەکەی یاسەمین دەر کەوت: زیزو، لەکوێیت؟

نامەکەم سڕییەوە و لێت ڕامام، خەریکی خوێندنەوەی لیستی شیرینییەکان و خواردنەوەکان بوویت، دەم بە زەردەخەنەوە سەرت بەرز کردەوە: ئایا ئەو کچەی جەژنی لەدایکبوونیەتی دەتوانێت داوای کێکێکی گوێزەر و دارچینی بکات؟

زەردەخەنە گرتمی و وتم، ژمارەی تەلەفۆنەکەم دەگۆڕم!

بە سەرسوورمانەوە برۆیەکت بەرز کردەوە: بەڕاستی؟ بۆچی؟

- چونکە ئەوەم پێ خۆشە.

- ئایا گۆڕینی ژمارەکەت کێشەکانت چارەسەر دەکات؟

- بەشێکی چارەسەر دەکات.

- سەرکەوتنت بۆ دەخوازم!

ئەوەت وت و زەردەخەنەیەکی واتادار هاتە سەر لێوت، دەمزانی چی لە مێشکتدایە، لە سەرلەنوێ سەرچڵیکردن لەگەڵم دەترسیت، ئەگەرچی هێشتا خۆشت دەوێم، بەڵام لەوانەیە بە هەمان ئەندازە خۆشت نەویمەوە، کەچی هێشتا خۆشت دەوێم.

ئەگەرچی نانخواردنەکەمان سێ کاتژمێری پێچوو، بەڵام خێرا تێپەڕی. ئاواتەخواز بووم هەموو شەوەکە پێکەوەباین، هیوادار بووم شەوەکە کۆتایی نەیەت، چونکە بەلای منەوە (جوانترین و گرانبەهاترین شەوەکانی تەمەنم بوو.

هەندێک جار پێم وایە یەکەمین ڕۆژی گەڕانەوەی پاش لێکدابڕان خۆشترە لە ڕۆژی یەکترناسین، چونکە گەڕانەوەی پاش لێکدابڕان مانای ئەوەیە خۆشەویستی حاشاهەڵنەگرانە ڕووی داوە و ژیان بەبێ لایەنەکەی تر ئەستەمە.)

خواردنگەکەمان جێ هێشت، بێ ئەوەی ئارەزووی ڕۆیشتنم هەبوو بێت، ڕێگەکە بۆ ماڵەکەت زۆر کورت بوو، ئەگەرچی خواردنگەکە لە ماڵەکەتەوە نزیک نەبوو. لە بەردەمی بالاخانەکەدا ڕاوەستام و بیرم لەوە کردەوە کە ئەمشەو چۆن جێت دەهێڵم، لە شوێنی خۆت نەجووڵایت و



Scanned with CamScanner

ئاوڕت لێ نەدامەوە. بە دەنگێکی نزم کە پڕاوپڕی دۆشدامان بوو وتت، بۆچی ئەوەت پێ کردم!

پرسیارەکەت سەخت بوو، زۆر سەخت بوو، بۆ خۆم وەڵامێکی ڕوونم دەربارەی نەبوو، نەمزانی بەچی وەڵامت بدەمەوە، زۆر دوودڵ بووم، ئینجا وتم، نازانم! پێم وایە ترسابووم.

لێت پرسیم، لە چی ترسابوویت؟

- نازانم!

هەوری بێدەنگی بەسەر سەرمانەوە بوو، جگەرەیەکم داگیرساند و لە شەقامەکە ڕامام کە بە بێدەنگییەکەی چۆڵەوانی بوو... بە دەنگێکی نزیک چرپە وتت، ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆشت ویستووم؟

پرسیارەکەتم پێ ڕاستگۆیانە و واقوڕمێن بوو، گومانکردنت بە هەموو ساڵ و ڕۆژگار و هەست و هەڵوێست و حیکایەتەکانمان زۆر برینداری کردم، هەستم کرد فرمێسک بە ڕوومەتمدا دێتە خوارەوە، ڕۆحم لە ناخمدا زەرد هەڵدەگەڕا، وتم، ئەگەر دەزانیت ئەم پرسیارەت چەند ئازار بەخشە!

- بۆچی وەڵامم نادەیتەوە؟

- خۆشەویستی و نیشتمانەکەمان لە هەمان ڕۆژدا لەدایک بوون، تۆ و ئەو چارەنووسی منن، هەر چەندە هەوڵ بدەم خۆمتان لێ بدزمەوە، هەر بە چارەنووسم دەمێننەوە. هەر چەندە چارەنووسمان بەدبەخت بێت پێکەوە دەمێنینەوە، تۆ خۆشەویستم دەبیت و نیشتمانەکەشم دەمێنێتەوە. بۆیە پێویستم بەوەیە وازم لێ نەهێنیت جومانە، خۆتم لێ



Scanned with CamScanner

مەدزەرەوە، لە خۆشویستنم مەکەوە، کێ دەزانێت ژیان بەرەو کوێمان دەبات جومانە! دەشێت دواجار لە ماڵێک، نیشتمانێک، خێزانێک و داهاتوویەکدا پێکەوە کۆمان بکاتەوە.

گوێت لە من گرتبوو و لە جامی ئۆتومبیلەکەوە دوور دەتڕوانی و سەیری منت نەدەکرد، هەستم کرد ناتوانم لەم کاتەدا جێت بهێڵم، وشەکان لە ناخمدا گریان گرتبوو، لە ناخمدا ئاخاوتنی درێژخایان هەبوو، ئەگەر بۆت باس نەکەم و ئاگادارت نەکەمەوە، ئەوا لەوانەیە بتەقن. پێم وتیت، هێشتا کات زووە، دەڵێی چی لە قاوەخانەیەک قسەکانمان تەواو بکەین؟

وەڵامت نەدامەوە، لەسەر کوشنەکەت خاو بووبوویتەوە و ئەو ئەڵقەیەت بە دەستەوە گرتبوو، کە لە پلاتین دروست کرابوو و بە زنجیرە ئاڵتوونییەکەی ملتدا هەڵواسرابوو و وەک ئەستێرەیەکی گەش لەسەر گەردنی ناسکت خەوتبوو، ئینجا خەیاڵڕۆیشتووانە کەوتیتە یارییپێکردنی، وەک ئەوەی لە شوێنێکی دوور بێت، شوێنێک کە ڕێگەکەیم ون کردووە و دەترسم پاش ئەمڕۆ پەی بە دەروازەکانی نەبەم.

تۆ لەناو نائومێدیدا نوقووم بوویت، منیش نوقوومی تاوانی خۆم بووم، بەڵام جومانە خۆشم دەوێیت، با لێبوردە بێت!

ئەسیر عەبدوڵڵا

ئەپریل/نیسانی ٢٠١١



Scanned with CamScanner

ئەو ڕۆژە زۆر هەراسانم کردیت، دوای هەر
وشە و ڕستەیەک ئارەزووی هەراسانکردن لام
زیاتر دەبوو. تووڕەبوونەکەت بەتام بوو،
سوورهەڵگەڕانی گوێچکەکانت وروووژێنەر بوو.
بەکورتی، ئاواتەکەی دڵم بوویت، نەدەکرا پاش
دۆزینەوەت دەستبەردارت بم.
جومانە، کاتێک قاوەخانەکەت جێ هێشت،
بڕیارم دا هیی من بیت، هەرگیز ڕێگە نادەم بۆ
هیچ کەسێکی تر بیت!



ENDESE

٧٠٠٠ دینار

Scanned with CamScanner